# ئۆرێستێیا

سێ بەش

سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی جیهانی
دانا ڕەئووف

ئێسخیلۆس

# ئۆرێستێیا

سێ بەش

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە
خەبات عارف

زنجیرەی شانۆی بیانی
ژمارە 61

شانۆنامەی: ئۆرێستێیا
نووسینی: ئێسخیلۆس
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: خەبات عارف
وەرگێرانی لە یۆنانی کۆنەوە بۆ سوێدی ئێمیل زیلیاکوس
پێشەکی: دانا ڕەئووف
کتێبی ئاراس، ژمارە:
چاپی یەکەم:
تیرێژ:
چاپخانەی ئاراس ـ هەولێر
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازانەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان

## ئۆرێستێیا و سەرەتاکانی شانۆی ئەوروپایی

دانا ڕەووف

**دەستپێکی پێویست!**

لەم ژمارەیەماندا لە پرنسیپە گرنگەکەی ئەم زنجیرەیە لا دەدەین و ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە کارمان نەکردووە.

ئەمەش لەبەر دوو هۆکاری گەلێک گرنگ.

- لەبەر ئەوەی ئەو شاکارەی کردوومانە بە کوردی یەکجار مەزنە، پێویستە، گرنگە و دادەنرێت بە بەردی بناغەی شانۆی کلاسیکی ئەوروپایی. ئەم سێینەیە یەکێکە لە دراما زۆر گرنگەکانی ئێسخیلۆس و بەر لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ نووسراوە.
- لەبەر ئەوەی هیچ کوردێک زمانی یەکەمی نووسەر، کە گرێکیی کۆنە، نازانێت و لەو بڕوایەشدام کە لەم چەند ساڵەی داهاتووشدا هیچ کوردێک فێری ئەم زمانە نابێت.

ئێمە ئەم شاکارەمان لە سوێدییەوە کردووە بە کوردی کە ئەوان ڕاستەوخۆ لە گرێکیی کۆنەوە کردوویانە بە سوێدی و جێگای متمانەیە و ئەم دەست و ئەو دەست و ئەم زمان و ئەو زمانی نەکردووە.

## گەڕانەوە بۆ ڕیتواڵە دینییەکان

شانۆ و درامای ئەوروپایی نەژادێکی دینی و ڕیتوالی لە خۆ دەگرێت و هەر لەو ڕیتوالانەشەوە سەرچاوەی گرتووە. دراما و شانۆنامە گەورەکان، ڕاستەوخۆ، لە ئامێزی خوداوەندەکانەوە لە دایک بوون. هەر ئەو خوداوەندانەش وزەیەکی گەورەیان بەخشیوە بە هەموو بنەماکانی تری ژیان، لەدایکبوون، خولْقاندنی گەردوون و تەنانەت

سووڕانەوەی سیستەمی شەو و ڕۆژ و بارودۆخی کۆمەڵایەتیش.

سەرەتاکانی دراما و شانۆش لە کولتووری ڕۆژئاوادا دەگەڕێنەوە بۆ ساڵەکانی 2500ی بەر لە لەدایکبوونی مەسیح. مێژووی یەکەم درامای تەواوەتی و یەکەم نەمایشی شانۆیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 490ی بەر لە لەدایکبوون. هەر لەم ساڵەشدا کۆمەڵێ ڕووداوی گرنگ لە مێژووی یۆنانستاندا ڕوویان داوە، ئەم ڕووداوانەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان بەسەر پرۆسەی بەرەوپێشەوەچوونی شانۆ و درامای گرێکەوە هەبووە. بۆ نموونە لەم ساڵەدا گرێکەکان بەسەر فارسەکاندا سەر دەکەون و لەشکرەکەیان تێک دەشکێنن، لە هەمان کاتیشدا خەڵکی ئەسینا بناغەی بنەما ڕامیاری و ئابوورییەکانی دەوڵەت و پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵەکەیان دادەنێن.

هەر لەم ساڵەشدا ئێسخیلۆس[1] یەکێک لە شانۆنامە گەورەکانی نەمایش دەکات. ئێسخیلۆس بەرهەمی یەکجار زۆر بووە، هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژەی ئەوە دەکەن

---

[1] ئێسخیلۆس دادەنرێت بە خوڵقێنەری تراژیدیای یۆنانی. یەکەم پییەسە شانۆییەکانی نووسیوە و هەر خۆشی نەمایشەکانی ئامادە کردووە و بەرهەمی هێناون. ئێسخیلۆس لە ساڵی 525ی پ.ز.دا و لە شارۆچکەی ئێلێوسیس لە دایک بووە. ئەم نووسەرە گەورەیەی تراژیدیای گرێکی لە ساڵی 456ی پ.ز.دا لە سیسیلیای ئیتالیایی کۆچی دوایی کردووە.

که زیاتر له نەوەد شانۆنامەی نووسیوە، بەڵام تەنها حەوتیان بە تەواوەتی بە دەست ئێمە گەیشتوون.[2]
ئێسخیلۆس جگە لە شانۆنامەنووسێکی دینی، کۆمەڵایەتی و بنەماکانی ئاکار، شانۆنامەنووسێکی ڕامیاریش بووە. شانۆنامەی "فارسەکان" کە لە ساڵی 472ی پ.ز.دا نووسراوە، سەرەتایەکی گرنگی شانۆی ڕامیارییە.
ئێسخیلۆس لەم شانۆنامەیەدا باسی جەنگی نێوان گرێکەکان و فارسەکان دەکات و وێنەیەکی ڕاستگۆ و ڕوونی فارسەکانمان بۆ دەخاتە ڕوو.[3]
شانۆ، لە یۆنانستانی کۆن، ناوەندێکی گرنگی گفتوگۆ و تاووتوێکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ژیانی مرۆڤایەتی بووە: مرۆڤ لە بەرانبەر دەوڵەت، خێڵ، خێزان و خوداوەندەکاندا ڕووبەڕووی لێپرسینەوە بووە. بەم شێوەیە هاوکێشەگەلی دەوڵەت، وەک مەسەلە سیاسییەکان، خێزان و خێڵ، وەک مەسەلە کۆمەڵایەتی و خوداوەندەکانیش وەک مەسەلە دینییەکان، ناوەندێکی گرنگ و بەبەهای بەرجەستە و گفتوگۆکردنی شانۆ بووە، بەتایبەتی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا.

---

[2] ئەو شانۆنامانەی ئێسخیلۆس کە بە دەستمان گەیشتوون بریتین لە ئۆرێستێیا (سێ بەش)، فارسەکان، حەوت دژی تێبێ، ئەوانەی بە دوای بەرگریدا دەگەڕێن،ماڵی پرۆمێت و بەستراوەکە.
[3] ئێسخیلۆس خۆی بەشداری لەو جەنگەدا کردووە و لە نزیکەوە ئاگای لە هێرش و تێکشکانی لەشکری فارسەکان بووە.

تراژیدیای "ئۆرێستێیا"ش نموونەیەکی گرنگی درامایەکی بەرزی شانۆی گریکییە. لەم شانۆنامەیەدا پادشا، خوداوەندەکان و مرۆڤ ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە. یاساکانی تاوان و سزا بنەما ئاکاری و شارستانییەکانی خۆی دەستنیشان دەکات و کۆمەڵی مرۆڤایەتیش یەکەم بەردی بناغەی پرۆسەی دیمۆکراسیی خۆی دادەنێت.[4]
سێینەی ئۆرێستێیا وەک سەرگوزشتەیەکی درێژ چیرۆکی چەندین نەوەی جیاواز لە قوربانی، ناپاکی، دوژمنایەتی لەنێوان خێزان، خوێنڕشتن و تۆڵەسەندنەوە لە خۆ دەگرێت.

**سێینەی ئۆرێستێیا**

بەشی یەکەمی ئۆرێستێیا، شانۆنامەی "ئاگامێمنون"ـە و باسی ڕووداوەکانی دوای گەڕانەوەی ئاگامێمنون دەکات لە جەنگێکی درێژخایەن لە ترۆیا: لەگەڵ دوورکەوتنەوەی ئاگامێمنون و هەڵگیرسانی ئەو جەنگە خوێناوییەدا، کلیۆتایمێسترای ژنی لەگەڵ ئامۆزایەکی ئاگامێمنون؛ ئایگیستۆس، دەست تێکەڵاو دەکات.
کلیۆتایمێسترا دەیەوێت تۆڵەی "ئیفگینێیا"ی کچیان بکاتەوە.

[4] شانۆنامەی ئۆرێستیا بۆ یەکەمجار لە ساڵی 408ی پ.ز.دا لە ئەسینا نەمایشکراوە.

ئاگامێمنون بەر لە دە ساڵ و لەگەڵ هەڵگیرسانی ئەو جەنگە لە ترۆیا، کچەکەی خۆی دەکاتە قوربانی، بەمەش نەک تەنها کلیۆتایمێسترای ژنی، بەڵکو خوداوەندەکانیش لە خۆی زویر دەکات.

کە ئاگامێمنون دوای جەنگەکە بە سەرکەوتوویی دەگەڕێتەوە، ڕێک و ڕاست کلیۆتایمێسترا و ئایگیستۆسی دۆستی دەیکوژن.

کوشتنی ئاگامێمنون جۆرێکە لە سزای تاوانەکانی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کوشتنی ئەویش تاوانە و دەبێت تاوانبار سزای خۆی وەربگرێت.

لە بەشی دووەمدا "خواردنەوەی قوربانی" منداڵەکانی ئاگامێمنون؛ ئۆرێستێس و ئێلێکترا، لە چەقی ڕووداوەکاندان. ئێلێکترا دوای دابڕانێکی درێژخایەن لەو بڕوایەدایە کە ئۆرێستێسی برای مردووە. بەڵام ئۆرێستێس نەمردووە و لەپڕ دەگەڕێتەوە و پێکەوە بە نهێنی دەکەونە دانانی نەخشە و پلانی تۆڵەسەندنەوەی باوکیان. ئەم بەشەش بەوە تەواو دەبێت کە ئۆرێستێس کلیۆتایمێسترای دایکی و ئایگیستۆسی دۆستی دەکوژێت.

لە بەشی سێیەمیشدا؛ ئیۆمێندینەکان، خوداوەندانی تۆڵەسەندنەوە ئۆرێستێس ڕاو دەنێن و دەیانەوێت تۆڵەی لێ بکەنەوە: کوشتنی دایک گوناهێکی گەورەیە و بە هیچ شێوەیەک خوداوەندەکان لەو گوناهە خۆش نابن.

له بەرئەنجامیشدا خەڵکی ئەسینا بۆ یەکەمجار و له ڕوانگەی پرۆسەیەکی دەنگدان و کردەی دیمۆکراسییەوه به هاوکاری و ڕەزامەندی و سەرپەرشتیی دادگای "ئەتێنا"ی خوداوەندەوه له ئۆرێستێس خۆش دەبن و سزای تۆڵەسەندنەوه دەگۆڕن به دەسەڵاتی گەل و یاسا و خوداوەندی بەخشندە و میهرەبانی.[5]

---

[5] شەیکسپیر سوودێکی زۆری لەم سێینه تراژیدیاییه وەرگرتووه و شانۆنامەی "هاملێت"ی لەژێر ئەو کاریگەرییەدا نووسیوه. پسپۆرانی بواری دراما و شانۆی گرێکی دووپاتی لێکچوونێکی گەوره لەنێوان هەردوو کارەکتەری ئۆرێستێس و کارەکتەری "هاملێت"دا دەکەن.

# پێشەکی

## ئێمیل زیلیاکوس

ئۆرێستێیا، بەرهەمی سەردەمی پیریی ئێسخیلۆس و "سێیانە"ی تاکانەی تراژیدیایی ئەو و تاکە زنجیرەی یەک بە دوای یەکدا هاتووی ئەوە کە لە سێ نواندنی تراژیدیایی پێکهاتووە و بۆ ئێمە ماوەتەوە. ئۆرێستێیا، ساڵی 458ی زایین، دوو ساڵ بەر لە مەرگی نووسەر، پێشان دراوە و کەرەستەی سەرەکیی خۆی لە بەسەرهاتی بنەماڵەیی ناخۆشی "ئەتریدەکان"ەوە وەرگرتووە؛ یەکێک لەو ئەفسانە بنەماڵەییانەی کە بە خوێن نووسراوەتەوە و سەرلەبەر سەرنجی نووسەرانی کۆنی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە و لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر بیر و کردەی نووسین هەبووە و هەیە.

لە بنەڕەتدا، نێوەڕۆکی چیرۆکی ڕووداوەکانی ئەم بنەماڵەیە، کەم تا زۆر، بەم شێوەیە بووە. ئارتێوس؛ پاشای ئارگۆس، "تییێستێس"ی برای خۆی، لە کاتێکدا تییێستێس خەریکی لەخشتەبردن و فریودانی ژنەکەی ئەو بووە و داوای تەختی پاشایەتی کردووە، لە ئارگۆس دەرکردووە. دواتر بەتەواوی لەگەڵ یەکتر ئاشت بوونەتەوە و تییێستێس گەڕاوەتەوە بۆ ئارگۆس. بەڵام ئارتێوس هێشتا کۆنەقینی لە دڵدا بووە، دەستی لە برای خۆی هەڵنەگرتووە و لە هەوڵی تۆڵەسەندنەوەدا بووە. ئیتر دوای ئەوەی کە بە پەنهانی هەموو کوڕەکانی براکەی خۆی کوشتووە؛ بێجگە لە یەکێکیان-، براکەی خۆی بۆ میوانداریییەک بانگ کردووە و لە گۆشتی مناڵەکانی خۆی دەرخوارد داوە. کە "تییێستێس"یش بەم ڕاستییەی زانیوە، نەفرەتی لە بنەماڵەی خۆیان کردووە و دیسان سەری خۆی هەڵگرتووە و زێدی باووباپیرانی خۆی بە جێ هێشتووە. دواتریش ئەنجامەکانی ئەم نەفرەتکردنە لەنێو نەوەی دواتری ئەم بنەماڵەیەدا دەرکەوتوونەتەوە. کوڕەکانی ئارتێوس؛ ئاگامێمنون و مێنێلاووس، دوو خوشک؛ هێلێنا و کلیۆتایمێسترا، دوو ژنی جوان بەڵام ناپاک، مارە دەکەن و دەهێنن. دواتر، هێلێنای ژنی مێنێلاووس دەبێت بە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی ترۆیا و ئەنجامەکانی نەفرەتلێکردنیش، هەر زوو، لە خێزانی "ئاگامێمنون"دا دەردەکەون. ئاگامێمنون بە ڕێگاوە بەرەو ترۆیا، لە

ئایولیس، بۆ دڵنەرمکردنی ئارتێمیس و بۆ ئەوەی بایەک هەڵبکات و یارمەتیی خۆشڕێکردنی کەشتیگەلەکەی بدات، "ئیفیگێنێیا"ی کچی خۆی دەکات بە قوربانی و گۆشاوگۆش سەری دەبڕێت. لە ماڵەوەش، دیسان، کلیۆتایمێسترا دەکەوێتە نێو پێوەندییەکی تاوانکارانەوە لەگەڵ "ئایگیستۆس"ی ئامۆزای "ئاگامێمنون"دا، کە تاکەکوڕی تییێستێس بووە و ئاگامێمنون پێشتر بەخشیویەتی و نەیکوشتووە. پاشان، کە ئاگامێمنون وەک سەرکەوتوویەکی جەنگ دەگەڕێتەوە، لە لایەن "ئایگیستۆس"ەوە دەکوژرێت. تۆڵەسەندنەوەی ئەم تاوانە لەنێو نەوەی سێیەمیشدا بەردەوام دەبێت و دواتر "ئۆرێستێس"ی کوڕی ئاگامێمنون تۆڵەی مەرگی باوکی دەکاتەوە و ئایگیستۆس دەکوژێت.

بە گشتی یەکێک لە گێڕانەوەکانی ئەم داستانی بنەماڵەیە ئەمە بووە و بەپێی یەکێکی تر لە گێڕانەوەکان کلیۆتایمێسترا پلاندارێژی ئەو کوشتنە بووە، یا هەر نەبێت بە هاوتاوانبار دەژمێردرێت. بەڵام ئێسخیلۆس نێوەڕۆکی بابەتەکەی گۆڕیوە و شێوازێکی قووڵتر و زیاتر تراژیدیایی پێ بەخشیوە. ئەم ڕێ دەدات بە کلیۆتایمێسرا بە دەستی خۆی مێردەکەی خۆی بکوژێت و هەر بەو هۆیەشەوە تۆڵەسەندنەوە ڕوو لە کلیۆتایمێسرا خۆیشی دەکات. لە داستانە ناوازە و بەرفراوانەکە خۆیدا ئۆرێستێس شێوە و شێوازێکی تراژیدیایی نییە و کاتێک کە بکوژی باوکی دەکوژێت، تەنیا بە ئەنجامدانی تۆڵەسەندنەوەیەکی

دادوەرانە هەڵدەستێت و هیچی تر. بەڵام ئێسخیلۆس تاریکترین تراژیدیای ژیانی کەسانێک بەسەر ئەودا دەدات. کە ئۆرێستێس پەیامی تۆڵەسەندنەوەی خوێنی باوک بە جێ دەگەیەنێت، خۆی بە تاوانێک گوناهبار دەکات کە، لە هەموو سەردەمێکدا، بە ترسناکترین تاوان دادەنرێت؛ ئەویش تاوانی دایککوژییە.

ئاگامێمنون، کە بەشی یەکەمی زنجیرەکەیە، ڕووداوی بۆ ماڵ گەڕانەوەی پادشا و کوشتنی ئەو دەگێڕێتەوە و بەشی دووەمی زنجیرەکەش؛ "خواردنەوەی قوربانیی بۆ مردووان"، باسی تۆڵەسەندنەوەی ئۆرێستێس دەکات کە چۆن تۆڵەی باوکی دەکاتەوە و ئایگیستۆس و کلیۆتایمێسترا دەکوژێت، بەشی سێیەمیش؛ ئێومێنیدەکان، باس لە کۆتایی و ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوە دەکات.
ئاگامێمنون؛ بە مۆنۆلۆگێک دەست پێ دەکات و پاشان دیمەنێک پێشان دەدات: پاسەوانێک لە سەربانی کۆشک و قەڵای "ئەتریدەکان"ەوە چاوەچاوی پەیامی ئاگرینی شەوەکییە سەبارەت بە ژێرکەوتنی ترۆیا. نەختێک دواتر، لە بەرزاییەکی نزیکەوە، ئاگرێک کڵپە دەکات و پاسەوانەکە بەپەلە، بۆ گەیاندنی پەیامی شادی، دەڕواتە نێو قەڵاوە. کۆرس، کە لە پیرەمێردانی ئارگۆس پێکهاتووە، هاوکات لەگەڵ ئاگردانی قوربانیگەکانی شاردا، دەردەکەوێت. ئەمجا لەڕێی گۆرانییەوە پێشچیرۆکی

دراماكە دەست پێ دەكات و باسی سەرەكیش هێرشكردنە سەر ترۆیا و بەتایبەتیش ڕووناكی خستنە سەر ئەو تاوانی خوێنەیە كە بەهۆی بەقوربانیكردنی "ئیفیگێنێیا"ەوە تووشی ئاگامێمنون بووە.
كلیۆتایمێسترا لە قەڵا دێتە دەرەوە و خەڵك لە دەنگوباسی داگیركردنی ترۆیا ئاگادار دەكات. كۆرس بە گۆرانییەك دەنگ هەڵدەبڕێت، كە دەبێت بە دەستپێكی گۆرانییەك بۆ سەركەوتن و وەك سزایەكی دادوەرانە بەوەدا هەڵدەدات كە ڕووی داوە. بەڵام ئەم پەسن و پێداهەڵدانە بەرەبەرە دەگۆڕدرێن و دەبن بە هەڵوەستەكردن لەسەر بابەتەكانی تاوان و بەرپرسی و گۆرانییەكە بە دوودڵی و گومان كۆتایی دێت. دوودڵی و گومانیش ئەمانەن: ئایا ئەوە ڕاست بووە كە لەبەر چاوی كاڵی ژنێكی گومڕا نەهامەتیی جەنگ دووچاری هەموو هێلاس بكرێت؟ ئایا لەشكری هێلێنییەكان خۆی بە هەمان نابەرپرسیی تاوانكارانە گوناهبار نەكردووە كە تووڕەیی خوداوەندەكانی بەسەر "ترۆیا"دا باراندووە؟ هەر چۆنێك بێت، ئەم گۆرانییەی كۆرس گوزارە لە دابڕانێكی درێژ لە ڕەوتی ڕووداوەكاندا دەكات. بێگومان، بە هیچ جۆرێك، ئەوە بە بیری كەسدا نایەت و نەگونجاوە كە ڕۆژی دوای ئەو شەوەی "ترۆیا"ی تێدا سووتێنراوە، بتوانێت ببێت بە بەڵگە بۆ گەڕانەوەی "ئاگامێمنون"ی براوەی جەنگ. بەڵام كاتێك كە هەمان كۆرس لە هەمان جێگادا ڕاوەستاوە، گۆرانیی دەڵێت و سات لە دوای سات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژی

ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو، کات هێند بەسەر دەچێت کە بتوانرێت چاوەڕێی گەڕانەوەی پادشا بۆ ماڵەوە بکرێت. ڕووکەشی ڕووداوەکان بە جێی خۆی و لەم ڕووەوە چۆنێتیی بەرێوەچوونی کات پێشان دەدات. سروشتیشە کە یەک ساتی دوای بیستنی قیژە و هاواری شادمانی و دوای ئەو ماوە دوورودرێژەی چاوەڕوانی، بەرەبەرە، بگۆڕدرێت بە نادڵنیایی و دوودڵی و تاڵی و گرژی بەرانبەر بە سەرووەرەکانی جەنگ و ترس لە پەیدابوونی ڕووداوی ناخۆش و ترسناک.

هەر لەم کاتەشدایە کە پەیامهێنێک دەگاتە جێ، جەخت لەسەر ڕاستیی دەنگوباسەکە دەکات، خەڵک لە نزیکبوونەوەی ئاگامێمنون ئاگادار دەکاتەوە و باسی تێکوپێکشکانی "ترۆیا"یان بۆ دەکات، بەڵام خۆی لە باسکردنی ناخۆشی و ئێش و ئازارەکانی جەنگیش نابوێرێت. ئەمجا بینەران گۆرانیی کۆرس دەبیستن و کۆرس گۆرانی بەسەر توانای ڕووخێنەرانە و ترسناکی "هێلێنا"دا دەچڕێت، بەڵام گۆرانییەکە بەزوویی لەوێوە بەرەو پرسەکانی تاوان و سزا دەڕوات و دەبێت بە باسی مەترسیی بە نارەوا بەدەستهێنان و بەکارهێنانی دەسەڵات و هەر ئەمەش وەک دەستپێک لە زۆربەی گۆرانییەکانی کۆرسدا دووپات دەبێتەوە، بەڵام لە هیچ جێیەکی شانۆنامەکەدا هێندەی ئێرە قورس و ترسناک نا.

هاوکات کە کۆرس دواوشە پڕ لە نێوەڕۆکەکانی خۆی دەڵێت، ئاگامێمنون؛ پادشای پادشایانی یۆنانی کۆن و براوەی جەنگی ترۆیا، دەردەکەوێت و "کاساندرا"ی جوانترین کچی "پریامۆس"ی لەگەڵدایە و ئیتر لە زمانی ئەووەوە دیسان گوێمان لێ دەبێت کە تۆڵەسەندنەوەکە چ کارێکی پڕ لە توندوتیژی و بێبەزەییانە بووە. بەدەم ئەم قسانەی "ئاگامێمنون"ەوە، کلیۆتایمێسترا ڕووخۆش و بەدەم قسەی خۆشەوە پەیدا دەبێت و پێشوازی لە ئاگامێمنون دەکات، بەڵام ئەم بە قسەکانی کلیۆتایمێسترا فریو ناخوات و بە گومانەوە گوێیان لێ دەگرێت. چاو لە هەڵسوکەوتی کلیۆتایمێسترا دەبڕێت و سەرەتا پێ ناخاتە سەر ئەو فەرشە ئەرخەوانییەی کلیۆتایمێسترا فەرمانی داوە بۆی ڕابخرێت، بەڵام دواتر مل دەدات و بەسەر ئەو ڕەنگە ئەرخەوانییەدا، کە ڕەنگی تایبەت بە خوداوەندان بووە، دەڕواتە نێو قەڵاوە. ڕێک بە دوای ئەمەدا، ڕووداوی کاساندرا؛ یەکێک لە ناخۆشترین و کاریگەرترین دیمەنە شانۆییەکانی شانۆی یۆنانیی کۆن، دەست پێ دەکات. کاساندرا خەڵکی "ترۆیا"یە: هەرچی گریە و نەهامەتیی "ترۆیا"یە لە دەمی ئەمەوە دەردەپەڕێن، هەرچی ئێشوئازاری گوناهـ و بێگوناهییەکانە لە کەسێتیی ئەمدا بەرجەستە بوون و ئەمیش یەکێک لە پێشبینیکەرانە و کۆرس بۆ کردەی خوێنڕشتن جۆش دەدات و بەر لە هەر شتێکی دیکەش، لەڕێی توانستی تایبەتی خۆیەوە کە هەم

دەتوانێت ڕابوردوو ببینێت و هەم داهاتوو، ئەو کردەوەیەی کە هێندە نابات و ڕوو دەدات، لە پێوەندییەکی بێچارەسەردا، بەو نەفرەتەوە دەبەستێتەوە کە لە ڕۆژگاری ئەنجامدانی تاوانە تۆقێنەرەکەی "ئارتێوس"ەوە باڵی بەسەر قەڵای پادشایەتی لە "ئارگۆس"دا کێشاوە. سەرلەبەری یادەوەرییە ترسناک و خوێناوییەکان لەنێو وشە تاریکەکانی پێشبینییەکانی ئەمدا شێوە و شێوازی خۆیان وەردەگرن و ئەوەش کە دەمێنێتەوە لەنێو ڕوانگەی دووربینی و پڕ لە گەشکەی ئەمدا ئاشکرا دەبێت و ئەم پێشبینی هەم مەرگی ئاگامێمنون، هەم مەرگی خۆی و هەم مەرگی کلیۆتایمێستراش دەکات و لە کۆتاییدا ئەمیش، دوا بە دوای ئەوانی تر، دەڕواتە نێو قەڵاوە.
پاش نەختێک لە گرژی و ئاڵۆزی لەرادەبەدەر گوێمان لە دواهاوار و قیژەی ئاگامێمنون دەبێت. دەرگاکان دەکرێنەوە، لاشەی پادشا و کاساندرا دەبینرێن و کلیۆتایمێسترا خۆی دێتە دەرەوە و ڕووبەڕووی کۆرس، کە خەریکە بەرەو قەڵا هێرش دەبات، دەبێتەوە و بەدەم شادمانییەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە ڕووی داوە و زۆر خوێنساردانە و شاگەشکە بە مەزنیی تاوانێک کە ئەنجام دراوە، باسی چۆنێتیی بەرێوەچوونی کوشتنەکەیان بۆ دەکات. ئەمجا، پێیان ڕادەگەیەنێت کە هەرچییەک ڕوویداوە لە تۆڵەی بەقوربانیکردنی "ئیفێگێنێیا"دا بووە! بەڵام دوای قسەوباسێکی پڕ لە گرژی و ترسناک شێوەی قسەکردن و

ڕەفتاری دەگۆڕدرێت. باری ئەو تاوانەی ئەنجامی داوە لەسەر شانی قورس دەبێت و ڕایدەگەیەنێت کە هێندە دووچاری خوێنڕێژی بووە کە چیی تر نەتوانێت بەرگەی خوێنڕێژیی زیاتر بگرێت. هەروەها ڕایدەگەیەنێت کە ئیتر تاسە و ئارەزووی هێمنی دەکات و ئامادەیشە بۆ ئاشتبوونەوە هەموو ماڵ و سامانی قەڵا بخاتە بەردەمی گیانی تۆڵەستێنی خوێن. بەڵام کە ئایگیستۆس دەردەکەوێت و خەریکە شەڕ لەنێوان پاسەوانەکانی ئەم و کۆرسدا دەست پێ بکات، کلیۆتایمێسترا بۆ ناوبژی دێتە نێوانیانەوە و ناهێڵێت شەڕ ڕوو بدات. پاشان بەخۆوەناز و لە ڕووکەشدا تێکشکاو بە تەنیشت دۆستەکەیەوە دەڕواتەوە نێو قەڵاوە. بەڵام تراژیدیای بنەماڵە لێرەدا تەواو نەبووە، ئەمیان تەنیا نواندنێکی نێوانەکیی سەرجەمی دراماکەیە.

ئاگامێمنون باڵاترین کاری "ئێسخیلۆس"ە. ئەو هەرگیز لە هونەری خۆیدا هێندەی ئێرە گەورە نەبووە، هەرگیز لە بیر و خەیاڵی خۆیدا مینا ئێرە لە باری ڕوحییەوە باڵا و هەرگیز لە هیچ درامایەکیدا وەک ئەمیان هێند چڕوپڕ کات و شوێنی پێکەوە نەبەستووەتەوە؛ هەرگیزیش بەم ئاستەی ئێرە کەسایەتیی ئەوەندە بەهێز و زیندووی وەک ئەم دوو کەسایەتییە سەرەکییەی نێو ئەم دراما تراژیدیاییەی نەخوڵقاندووە. هەروەها، ئەم بەشەی دراماکەی، لە ڕوانگەی لیریکیشەوە لە هەموو کارەکانی تری باڵاترە.

دیمەنی نواندنی نێوەڕاستی ڕووداوی کاساندرا لە سەرجەمی کاری شیعریی پارێزراوی ئەودا بە دەگمەنترین دیمەن دەناسێنرێت و هەمان شتیش دەتوانرێت سەبارەت بە زۆربەی گۆرانییەکانی کۆرس بوترێت. ئەم تراژیدیایە لەسەر دوو لەو بیرە سەرەکییانە دامەزرێنراوە کە بەسەر سەرجەمی کار و بەرهەمە دراماییەکانی "ئێسخیلۆس"دا زاڵ بوون. یەکەمیان میراتی نەفرەتی بنەماڵە و مەیلی تاوانکارانەیە کە لە نەوەیەکی بنەماڵەوە بۆ نەوەیەکی تر دەمێنێتەوە و دووەمیشیان، توانستی تاوانە بۆ خستنەوەی تاوانی نوێ لە دوای خۆی. بە واتایەکی تر، کاتێک تاوانێکی گەورە ڕوو دەدات، ڕوحی تۆڵەسەندنەوە و نەفرەت دێنە ئاراوە و باڵ بەسەر ڕوحی تاوانبار، بەسەر تەواوی ئەندامانی نەوەیەک و بەسەر ئەو جێیەدا دەکێشن کە تاوانەکە تێیدا ڕووی داوە.

بەڵام نەفرەتی بنەماڵە بە تەنیا هەر یەکێک لە هەلومەرجە هاوکارەکانی نێو سەرجەمی ئەو هەلومەرجانەیە کە کاریگەرییان لەسەر پێکهاتەی کارەکەی ئێسخیلۆس داناوە و ئەوەی بەر لە هەر شتێکی تر حوکمی سزا بەسەر "ئاگامێمنون"دا دەسەپێنێت بەخۆدانازین و خۆبەزلزانینی ئەوە، زیادەڕۆیی لەخودانەترسانەی ئەوە، بێشەرمیی تاوانکارانەی ئەوە، کە درەنگ یا زوو، دووچاری تۆڵەسەندنەوە دەکرێن. یەکێک لە بیروباوەڕە کەوناراکانی یۆنانی کۆن ئەوە بووە کە هەر

زێدەڕۆییەک لە دەسەڵات یا ماڵ و سامان یا لە بەختەوەری لە ژیاندا ترسناکە و ئەمانە هەر بە تەنیا ئێرەیی خەڵکیان بە ئاگا نەهێناوەتەوە، بەڵکو لە دژایەتیی خوداوەندانیشیان زیاد کردووە. بەڵام ئێسخیلۆس، پڕاوپڕی وشە، خۆی دوورەپەرێز لەم پێشاندانی دیمەنە، لەڕێی گۆرانییەکی کۆرسەوە لە نێوەڕاستی دراماکەدا، ڕادەگرێت و ڕادەگەیەنێت کە: "من بیروباوەڕی تایبەت بە خۆمم هەن و ئەوانی تریش هیی تایبەت بە خۆیان." ئەگەر بەختیاری بە تەنیا بەرەو لەخۆباییبوون بڕوات، ئەگەر دەستی دەسەڵاتدار خوێناوی بکات، ئەگەر خۆشبەختی و پێشڤەرۆیی ببن بە مەترسی و نەفرەت، ئەوا تۆوی تاوانێک دەچێنرێت کە بەرهەمەکەی تەنیا هەر تاوانی نوێ دەبێت. ئاگامێمنون لە پێناوی ژیانێکی گومڕادا گەلی خۆی دووچاری شەڕوشۆڕێکی درێژخایەن و خوێناوی کردووە. بۆ ئەوەی بە ئامانجی ئەو شەڕوشۆڕەش بگات، کچەکەی خۆی بۆ کردووە بە قوربانی. تەنانەت دەستی لە شوێنە پیرۆزەکانی خوداوەندان و بێگوناهانیش نەپاراستووە و دووچاری تۆڵەسەندنەوەیەکی پڕ لە توندوتیژی کردوون و لەمانەش زیاتر کچێکی لە شەڕدا بەدیلگیراویشی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە بۆ ماڵ و زێدی خۆی. کاتێکیش، سەرباری هەموو دوودڵییەک، پێ دەنێتە نێو ئەو تەڵەیەوە کە کلیۆتایمێسترا بۆی ناوەتەوە، کە ڕازی دەبێت پێ بنێتە سەر ئەو ڕەنگە ئەرخەوانییەی ڕەنگی تایبەت بە

خوداوەندان بووە، ئەمە دەبێت بە هێمایەک بۆ لەخۆباییبوون و بەخۆدانازینی ئەو، هێمایەکی جوان و قووڵی پڕ مانا کە ئەم دیمەنە دەکات بە یەکێک لە پڕماناترین دیمەنەکانی ئەم تراژیدیایە و ڕوانگەیەکیش دەبەخشێت کە مانای سەرەکیی دراماکەی لێوە دەبینرێت.

کۆرس، لە دوادیمەنی "ئاگامێمنون"دا، ناوی ئۆرێستێس، ئەو کەسەی کە دەبێت بە تۆڵەستێنی داهاتوو، دەهێنێت کە دایکی لە سەروبەندی گەڕانەوەی باوکیدا بەرەو جێیەکی تری ڕەوانە کردووە و لە زێدی خۆی دووری خستووەتەوە.
ئێستا لەنێوان بەشی یەکەم و بەشی دووەمی زنجیرەکەدا چەند ساڵێک تێپەڕ بوون و ئۆرێستێس گەورە بووە و بووە بە کوڕێکی گەنج. لە دیمەنی دەستپێکی ئەم بەشەدا کە ناوی "خواردنەوەی قوربانی بۆ مردووان" یا "ئەو ژنانەی کە خواردنەوەی قوربانییان هەڵگرتووە"یە، ئۆرێستێس لە پاڵ گڵکۆی باوکیدا وەستاوە، پرچێکی خۆی بڕیوە و وەک قوربانی، لەسەر گڵکۆی باوکی دایدەنێت و لەگەڵ "پێلادێس"ی هاوڕێیدا بە دزییەوە گەڕاونەتەوە بۆ ئارگۆس. پاشان، کە ڕیزێک ژنانی ڕەشپۆش، بە پێشڕەویی "ئێلکترا"ی خوشکی ئۆرێستێس، نزیک دەبنەوە، کوڕە گەنجەکان دەکشێنەوە و خۆیان دەشارنەوە. ئەو گۆرانییەی کۆرس دەیچڕێت هەم بینەران و هەم "ئۆرێستێس"یش کە گوێی ڕادێراوە، بەرەو ئەو پێوەندییانەی لەو کاتەدا باڵیان

بەسەر "ئارگۆس"دا کێشاوە، بە کێش دەکەن. بە ئاشکرا بە خەڵکەوە دیارە، کە بە ناچاری، گوێڕایەڵی کلیۆتایمێسترا و "ئایگستۆس"ن، بەڵام ڕێزیان لێ ناگرن، بەڵکو لێیان دەترسێن و ڕقیان لێیان دەبێتەوە. شاژن، لێرەدا، ڕاچڵەکەیو و دڵلەرزیو بە خەونێک، دوای چاوەڕوانییەکی دووروودرێژ، قوربانییەکی بۆ ئاشتبوونەوە بۆ سەر گۆڕی مێردە کوژراوەکەی ناردووە. بەڵام کۆرس، هاوکات، خۆی کردووە بە دەنگ و نوێنەری ئەو بیروڕایەی کە بیروڕای سەرەکیی ئەم تراژیدیایەیە: یاسای تۆڵەسەندنەوەی خوێن، داوای خوێن لەبریی خوێن و ژیان لەباتیی ژیان دەکات.
لە کاتێکدا کە ئێلێکترا دوودڵە لە ئەنجامدانی ئەو کارەی دایکی پێی سپاردووە، کۆرس داوای لێ دەکات و هانی دەدات بۆ ئەوەی بە مەبەستێکی تر، نەک ئەوەی دایکی، قوربانییەکە ئەنجام بدات. "ئێلێکترا"ش بە داوای ئەوان دەکات و داوای کۆمەک لە باوکە مردووەکەی و دابارینی تۆڵە و نەفرەت بەسەر بکوژەکانی باوکیدا دەکات. ئەمجا ئۆرێستێس لە پەناگەکەی دێتە دەرەوە، خۆی ئاشکرا دەکات و خوشک و برا بە یەکتر شاد دەبنەوە. ئۆرێستێس، بە فەرمانی سروش و پێشبینیکردنی ئۆپۆڵۆن لە دێلفی، بۆ ئەوە هاتووە تۆڵەی مەرگی باوکی بکاتەوە.
لێرەوە جۆرێک لە نواندنی نێوانەکی دەست پێ دەکات و بریتییە لە گۆرانییەکی دووروودرێژ و بە نۆرە هەر یەک لە کۆرس و ئۆرێستێس و ئێلێکترا بەشداری تێدا دەکەن. هەر

ئەم گۆرانییەش، بە جۆرێک لە جۆرەکان، کرۆکی تراژیدیاکەیە و تراژیدیاکە ناوی خۆی لەمەوە وەرگرتووە، هەروەها بە بەرفراوانترین بەشی شیعری لە سەرلەبەری درامای کۆندا دادەنرێت و دوو ئەرک بە جێ دەهێنێت. لە جێیەک ئێلکترا و کۆرس کە هێشتا دوودڵن و خۆیان یەکلا نەکردووەتەوە تیژ دەکات و لە جێیەکی تریش پشتگیری لە ئۆرێستێس دەکات، کە تۆڵەسەندنەوە باری سەر شانی گرانتر کردووە. ئەمان ئەوە دەگێڕنەوە کە ئاگامێمنون چۆن بەوپەڕی سووکایەتییەوە لە گۆڕ نراوە و چەند بێشەرمانە لەتوپەت کراوە و دەست و قاچی بڕدراونەتەوە- کە لە ڕوانگەیەکی سەرەتاییەوە کە ئەوسا لەنێو خەڵکدا زۆر باو و بڵاو بووە، ئەمە وەک بەربەست لە بەردەم تۆڵەسەندنەوەی مردوودا چاوی لێ کراوە. دواتریش گۆرانییەکە ئاوێزانی دیمەنێکی ڕاستەقینەی سکاڵا و نەفرەتکردن دەبێت و ئەم سکاڵای مەرگە لە شێوەی ڕێورەسمێکی ئایینی ڕاستەقینەدا نمایش دەکرێت و گوایا بەبێ ئەمە ئەوەی کە مردووە هیچ دەسەڵاتێکی نییە و "ئاگامێمنون"یش لە کاتی لەگۆڕنانیدا بەو شێوە پڕ لە سووکایەتییە هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریدا نەبووە، بەڵام ئێستا لە لایەن مناڵ و کۆیلەکانیەوە ئەو دەسەڵاتەی پێ دەبەخشرێتەوە و داوای لێ دەکرێت لە گۆڕ ڕاست بێتەوە و بەشداریی شەڕوشۆڕێک کە لە ئارادایە بکات و لەڕێی بەبیرداهێنانەوەی یادەوەرییەکانەوە هان دەدرێت بۆ

توندوتیژی نواندن بەرانبەر بەو سووکایەتییانەی پێشتر تووشیان بووە. هەر لە سەرەتای دراماکەوە و لە سەرلەبەری ئەو دیمەنانەدا کە لە پاڵ گڵکۆکەیەوە دەنوێنرێن، هەست بە ئامادەیی مردووەکە دەکرێت و ئەو کەسی سەرەکییە و کەسی سەرەکی بووە و هەموو وشە و کردەکان لە دەوری ئەو دەسووڕێنەوە. ئێستا ئیتر وا دێتە پێش چاو کە ئەو لە خەونی شیرینی خۆی بە ئاگا هاتووەتەوە و ئامادەیە کۆمەکی خزموخوێش و کەسوکاری خۆی بکات. هەروەها وا دێتە پێش چاو کە ئەو خواردنەوەی قوربانییەی کچەکەی بەسەر گۆڕەکەیدا ڕشتووە، ئەو فرمێسکانەی هەڵیڕشتوون و ئەو هەموو نزا و پاڕانەوە ئاگرینانەی ئەو، بە گۆڕەکەی ئەمدا ڕۆچوون و لاشەی ڕەقوتەقی مردووی ئەمیان نەرم کردووە و ئامادەیان کردووە بۆ هەڵسانەوە.

ئۆرێستێس، لێرەدا، پلانی کوشتن و تۆڵەسەندەوەکەی ئاشکرا دەکات و ڕۆڵی هەر یەکێکیش دیاری دەکات. کاتێک کە ئەم لەگەڵ "پیلادێس"ی هاوڕێیدا، بۆ دواخۆئامادەکردن، خۆی لەوانی تر دادەبڕێت، تاکە پشووی کورت و کەمخایەنی نێو ئەم دراما پڕ لە تووڕەیی و ڕووداوە دەست پێ دەکات و ئەم پشووە، بە نیازی هێشتنەوە و بەردەوامبوونی قێزهاتنەوەی بینەران لەو تاوانەی کلیۆتایمێسترا پێی هەڵساوە و ڕاکێشانی هاوسۆزیی ئەوان بە لای ڕووداوەکاندا، بە گۆرانییەک پڕ دەکرێتەوە. کۆرس گۆرانی بۆ ئەو

ماڵویرانییە دەچرێت کە ژنێکی بێشەرم و سووک تووشی دەوروبەری خۆی کردووە و هەر لەوێشەوە ناوی چەند ژنێکی تاوانباری تری نێو داستانەکانی ئەو ڕۆژگارە دەهێنرێتە نێو ناوانەوە. "ئالتایا"ی دایکی مێلێئاگرۆس، کە لەگەڵ لەدایکبوونی کوڕەکەیدا، لەوە ئاگادار کراوەتەوە ژیانی کوڕەکەی پەیوەستە بە ئاگرێکەوە کە لەو کاتەدا لە ئاگردانی ماڵەوە هەڵساوە، بۆیە ئاگرەکە دەگرێت و لای خۆی دەیهێڵێتەوە. بەڵام پاشان کە مێلێئاگرۆس بە هۆی کێشەیەکەوە دوو خاڵی خۆی دەکوژێت، ئەم ئاگرەکە، لە هەقی براکانیدا، دەهاوێژێتەوە نێو ئاگردانەکە و بەو جۆرە کوڕەکەی خۆی دەکوژێت. سکیولا؛ کچی "نیسۆس"ی پادشای مێگراییەکان، کە گوایا پرچێکی سووری زەردباوی هەبووە و ژیانی بەو پرچەوە بەند بووە و کاتێک "مینۆس"ی فەرمانڕەوای کرێتا، "مێگارا"ی ئابڵووقە داوە، سکیولا فریوی خواردووە و کەوتووەتە دوی مینۆس و لەڕێی بڕینی پرچی باوکیەوە ناپاکیی هەم لەگەڵ باوکی و هەم لەگەڵ وڵاتەکەی کردووە. بەڵام ناخۆشترین گوناهی ژنانەی سەردەمی یۆنانی کۆن ئەو گوناهە بووە کە ژنانی "لێمنۆس"ی پێی هەڵساون، کاتێک هاوکات هەموویان مێردەکانی خۆیان کوشتووە. لەڕاستیشدا ئەو تاوانەی لەنێو دیوارەکانی قەڵای ئەتریدەکان ڕووی داوە، بە هەموو مانایەک بە یەکێک لە تاوانە "لێمنۆس"ییەکان دادەنرێت. بەڵام، لەمیاندا بە بەراورد لەگەڵ گوناهی ژنانی لێمنۆس،

چارەنووسە کە شمشێری تیژ کردووە و تۆڵەسەندنەوەیە کە خەریکە نزیک دەبێتەوە.
ڕووداوەکان، لێرەوە، یەک بە دوای یەکدا دێن. دەمەوبەیان، ئۆرێستێس و پیلادێس، دوای ئەوەی جلوبەرگی خۆیان گۆڕیوە، لە دەروازەی قەڵا دەدەن و داوای بینینی فەرمانڕەوای کۆشک و قەڵا دەکەن. کلیۆتایمێسترا لە ئاسانەی دەرگاوە دەردەکەوێت و ئۆرێستێس پەیامی مەرگی خۆی پێ ڕادەگەیەنێت. شاژنیش، دەمودەست، دەست بە گلەیی و سکاڵای خۆی دەکات. ئاخۆ ئەمە کامیان بێت؟ پیشاندانی خەمگینییەکی ڕاستەقینە، یا خۆ خەمگین پیشاندان؟ لەوانەیە، هەر نەبێت لە سەرەتادا، هەردووکیان بێت. بەڵام ئەمە بە زوویی دەگوزەرێت، شاژن هێند بەئاسانی دان بە خۆیدا دەگرێت کە تەنانەت ناتوانێت سەیرکردنی پڕ ملۆمۆی کوڕەکەشی بە هەڵەدا ببات. پاشان، میوانەکان لە دەروازەوە ڕێنوێنی دەکرێن و کلیۆتایمێستراش لە ڕێڕەوێکی تەنیشتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ژووری تایبەتی ژنانی کۆشک. دوای نەختێک، دایەنەکەی ئۆرێستێس، بە پەیامێکەوە بۆ ئایگیستۆس، بەدەم گریانەوە، لە دەرگاوە دەردەپەڕێت. ئەمجا ئایگیستۆس لە دەرگای سەرەکییەوە پەیدا دەبێت، هەر نەختێک دوای ئەمە دەنگی هاوار و قیژەی ئایگیستۆس دەبیسترێت. پاشان پاسەوانێکی تۆقیو بەرەو دەرگای ژووری ژنان ڕادەکات، بە توندی دەست بە لێدانی دەرگا دەکات و هاوار لە کلیۆتایمێسترا دەکات.

کلیۆتایمێسترا دەردەکەوێت و ڕووبەڕووی کوڕەکەی دەبێتەوە، کە "پیلادێس"ی بە دواوەیە و شمشێرێکی خوێناویشی بە دەستەوەیە و هەوڵ دەدات دڵی کوڕەکەی نەرم بکات و هێمنی بکاتەوە. ئۆرێستێس، بۆ ماوەیەک، دوودڵ دەبێت، بەڵام "پیلادێس"ی هاوڕێی فەرمانی "ئەپۆڵۆن"ی بە بیردا دەهێنێتەوە و ئەمەش یەکەم جار و دوایین جارە کە پیلادێس قسە بکات و ئەم جارەش دەنگ، دەنگی پیلادێس خۆی نییە و دەنگی "ئەپۆڵۆن"ە کە لەڕێی ئەوەوە دەدوێت. ئۆرێستێس پەلی دایکی دەگرێت و دەیباتە نێو ماڵەکەوە. ئەمجا، دەروازەی قەڵا، دیسان، دەکەوێتە سەر پشت و بۆ جارێکی تریش قەڵای پادشایەتی ئەو ڕووداوە ناخۆشە پێشان دەدات کە لەنێو دیوارەکانیدا ڕووی داوە.

کۆرس، چەند پێشتریش هەوڵی ئەوەی داوە یاسای جێگیر و سەختگیری تۆڵەسەندنەوەی خوێن بە بیر "ئۆرێستێس"دا بهێنێتەوە و بەسەریدا بسەپێنێت، بەڵام بەردەوامیش جەختی لەسەر ئامۆژگاریی خۆی کردووەتەوە کە ئەنجامی تۆڵەسەندنەوە هەر دەبێت بە مایەی ڕوودانی تاوانێکی تر و ترسناکتریش. ئۆرێستێس خۆی، لە پێوەند لەگەڵ دایکیدا، کەمترین قسە لە بارەی وشەی تۆڵەسەندنەوە دەکات، تەنانەت وا دێتە پێش چاو کە نایەوێت بیریشی لێ بکاتەوە. بەڵام کاتێک کلیۆتایمێسترا بە دوای خۆیدا ڕادەکێشێتە نێو قەڵاوە، ئەوەش ئاشکرا دەکات و دەڵێت کە

سزاكە هاوتا لەگەڵ ئەو كارەی كلیۆتایمێسترا پێی هەڵساوە دەبێت بە تاوانێک، بە گوناهێك.
ئیتر دوای ئەنجامدانی ئەم كارەی، لەو دیمەنە بێهاوتایەدا كە كۆتایی بەم بەشەی تراژیدیایەكە دەهێنێت و لە سەرلەبەری ئەدەبیاتی جیهاندا لە وێنەی كەمە، بە تەواوی لەوە تێدەگات كە لەڕاستیدا كردەی تۆڵەسەندنەوەكەی چ مانا و نێوەڕۆكێكی لەنێو خۆیدا هەڵگرتووە كە وەک بەشێكی هاوتا و بەرانبەر لەگەڵ دیمەنی دوای كوشتنی "ئاگامێمنون"دا، لە بەشی پێشووی تراژیدیاكەدا، دەوەستێتەوە. وەک چۆن لەوێدا كلیۆتایمێسترا لە پاڵ لاشەی مردووی مێردەكەی و كاساندراوە وەستاوە، "ئۆرێستێس"یش لێرەدا لە پاڵ لاشەی دایكی و "ئایگیستۆس"ی دەستگیرانی دایكیەوە وەستاوە و بەوپەڕی خوێنساردییەوە گاڵتە بە لاشەی مردووەكان دەكات و كردەوەكەی خۆشی بە ڕەوا دەناسێنێت. بۆ ئەوەش بە تەواوی هەم خۆی و هەم دڵی كۆرس و هەم دڵی ئەو خەڵكەی لەوێدا كۆ بوونەتەوە، سەبارەت بە تاوانی شاژن، ڕازی بكات، ئەو باڵاپۆشەیان پێشان دەدات كە هێشتا پەڵەی خوێنی جێشمشێرەكانی "ئایگیستۆس"ی پێوەیە، ئەو شمشێرەی پێشتر لاشەی پادشا "ئاگامێمنۆن"ی پێ لەتوپەت كرابوو. بەڵام لەو كاتەدا كە ئۆرێستێس لەوێدا- لەبەر ڕۆشنایی مەشخەڵ و بەڵام دەورەدراو بە تاریكی- وەستاوە؛ گۆڕانێكی بەسەردا دێت. تا چەند بەپەرۆشتر و چەند

جوانتریش بە وشەکانی باسی تاوانباریی ئەوان بکات و بەڵگەش بۆ ڕاستیی کردەوەکەی خۆی بهێنێتەوە، هێند زیاتر تووشی گومان و دوودڵی دەبێت. چاوی لە بالاپۆشەکەوە دەگوێزرێنەوە بۆ سەر لاشەی دایکی و لەوێشەوە بۆ سەر بالاپۆشەکە. قسەکانی دەشێوێن و تێکەڵوپێکەڵ دەبن و بە ئاسانی قسەی بۆ ناکرێت. هەست بەوە دەکات کە چیی تر ناتوانێت جڵەوی بیرە ترسناک و شێتانەکانی خۆی بگرێت و بیرەکانی وەکو ئەسپی بەڵەسەبوو لەگەڵ خۆیدا بەڵەسە دەبن. بەڵام جارێکی تریش خۆی کۆ دەکاتەوە. بەوپەڕی توانای خۆیەوە ڕوو لە خەڵکەکە دەکات و داوای ئەوەیان لێ دەکات شاهیدی بدەن کە ئەو نەیتوانیوە بە جۆرێکی تر ڕەفتار بکات و نەیتوانیوە سەرپێچیی فەرمانی خوداوەند بکات. دوای ئەمەش، سەرکەوتوو بەڵام بارگران بە تاوانی خوێن، پەنا بەرەو جێی پیرۆزی ئەپۆڵۆن دەبات، بۆ ئەوەی لەوێ خۆی لەو تاوانە پاک بکاتەوە و بە دوای ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوەدا بگەڕێت. بەڵام دوودڵی و هەست بە تاوان کردن، لێرەش، بە ڕاست لێی دەردەکەون، دیمەنگەلێکی ترسناک دەست بەسەر بیر و خەیاڵاتیدا دەگرن. ئێرینییەکان؛ ژنەخوداوەندانی ڕاستەقینەی تۆڵەسەندنەوەی خوێن، بە جلوبەرگی ڕەش و ماری ژەهراویی سەر سەریانەوە، دەبینێت و پشێو و ترساو خۆی لە دەستیان ڕزگار دەکات.

کۆرس گۆرانی دەڵێت: "باوبۆران، بۆ سێیەمین جار، بەسەر قەڵای "ئەتریدەکان"دا هەڵیکرد. ئەمە بە کوێ دەگات و چۆن کۆتایی دێت و کەی؟
کەی تووڕەیی نەفرەت کپ دەبێت؟ کەی؟" وەڵامی ئەم پرسیارانە، لە بەشی سێیەمی دراماکە کە نواندنی کۆتاییە وەردەگرین.

بۆ کەسێک کە لەو ڕۆژگارەدا نەژیابێت، سەرنەکەوتنی ئۆرێستێس لە باری ڕۆحییەوە کۆتاییەکی سروشتیی درامای بنەماڵەیی "ئەتریدەکان"ە. دوو چەمکی دژبەیەکی نێوان داوای بێبەزەییانەی تۆڵەسەندنەوەی خوێن، کە ئۆرێستێس بە کوشتنی دایکی ناچار دەکات و ڕێزی ئەو بۆ ژیانی دایکی و ئازاری ویژدانی ئەو سەبارەت بەو کردەوە ناخۆشە، گرژی و ئاڵۆزییەک لە ڕوحی ئەودا دەخوڵقێنن کە لە یەکەم سەیرکردندا وا دێنە پێش چاو کە هیچ چارەسەرێکیان نییە و لە دیمەنی کۆتایی نواندنەکەشدا سەرلەبەر بەرەو دیمەنگەلێکی ترسناک و شێتانە دەچن. ڕێزگرتن لە باوک، "ئۆرێستێس"ی بەرەو نامرۆڤانەترین تاوان بە کێش کردووە و توندوتیژترین حوکمی بەسەر ویژدانی ئەودا داوە کە هیچ دادگایەکی دنیایی ناتوانێت بیسەپێنێت.
بەڵام ئێسخیلۆس ناتوانێت بە کۆتاییپێهێنانێکی لەو جۆرە بیشکێنێتەوە، چونکە دەزانێت کۆتاییەکی وا دەبێت بە

هەڵگری کێشەیەکی چارەسەرنەکراو لەنێوان دوو دەسەڵاتی یەزدانیدا: ئەپۆڵۆن کە نوێنەرایەتیی بیروبۆچوونی کوێرانەی تۆڵەسەندنەوەی خوێن دەکات و "ئۆرێستێس"ی بەرەو دایککوژی بە کێش کردووە و ئێرینییەکان کە بە هەمان سەرسەختییەوە داوای تۆڵەی خوێنی ڕژێنراوی خزموخوێش دەکەن.

ئەپۆڵۆن، بەپێی داستانە کۆنەکە، "ئۆرێستێس"ی پاراستووە و بە تیروکەوانەکەی دەستی، ژنەخوداوەندانی تۆڵەسەندنەوەی ڕاوناوە و پاش هەندێک ڕێوڕەسمی پاکبوونەوە لە گوناهـ "ئۆرێستێس"ی تاوانبار دەتوانێت بۆ ماڵ بگەڕێتەوە و لەسەر تەختی پادشایەتیی باوکی دابنیشێت. ئێسخیلۆس، ئەم کۆتاییەشی نەویستووە و بە دڵی نەبووە و ڕاستگۆ لەگەڵ سەرجەمی بیروبۆچوونەکانی خۆیدا، ناچار بووە لەڕێی ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوەوە چارەسەر بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە. نەریتێک لە نەریتەکانی شاری ئەتێن ئەوە دەگێڕێتەوە کە گوایا ئۆرێستێس لە لایەن ئەنجومەنێک لە ئەنجومەنەکانی دادوەریی ئەو شارەوە ئازاد کراوە. ئێسخیلۆس ئا لەمەدا بیرۆکەیەکی دۆزیوەتەوە، پاشان پەرەی پێ داوە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ و خوڵقێنەرانە بە ئەنجامی گەیاندووە. تەنانەت ئەمیش لەوە تێگەیشتووە کە ئاڵۆزیی نێو ڕۆحی ئۆرێستێس و ململانێی ئەو لەگەڵ خۆیدا بە کۆتایی گەیشتووە و ئەم دواکەسەی بنەماڵەی ئەتریدەکان لە کەسی سەرەکییەوە

دەگۆڕێت و دەیکات بە کەرەستەیەکی بێ ویست و خواستی نێو کێشە دراماییەکانی خۆی. ئیتر لێرەوە ئەم کێشەیە چیی تر کێشەی نێوان خواست و کەسێتیی مرۆڤانە نییە، بەڵکو کێشەی نێوانی دەسەڵاتی خوداوەندەکانە.

پێشنواندنی تراژیدیاکە لە دێلفی نمایش دەکرێت. ئۆرێستێس، لێرەدا، پەنای بردووەتە بەر پەرستگای ئەپۆڵۆن، بەڵام ئێرینییەکان شوێنپێیان هەڵگرتووە، ڕۆڵی کۆرس دەبینن و لەو کاتەدا لە ئەنجامی ڕاونان و شوێنکەوتنی "ئۆرێستێس"دا تەواو ماندوو بوون و لە دەوری ئەو، بازنەیی، لێی خەوتوون. ئەپۆڵۆن، هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، خۆی دەردەخات و سۆز دەدات کۆمەکی "ئۆرێستێس"ی تاوانبار بکات، داوای لێ دەکات بەرەو ئەتێن ڕابکات، پەنا بۆ پاڵاس ئەتێنا ببات و بۆ خۆپاراستن خۆی بەو بسپێرێت. کە ئۆرێستێس لەسەر خۆدەربازکردن لە دەستی ئێرینییەکان بەردەوام دەبێت، کلیۆتایمێسترا خۆی لە شێوەی تارماییەکدا ئاشکرا دەکات، ئێرینییەکان لە خەو هەڵدەستێنێت و دنەیان دەدات سەرلەنوێ بە شوێن "ئۆرێستێس"دا، ئەو بکوژەی خۆی لە دەستیان دەرباز کردووە، بگەڕێن. ئەپۆڵۆن، ئەم گیانە تۆڵەستێنانە، لە پەرستگاکەی خۆی دەردەکات و ئەمانیش بەپەلە دەکەونە گەڕان بە دوای "ئۆرێستێس"دا و شوێنپێی هەڵدەگرن. دیمەنەکانی نواندن، لێرەدا، بە تەواوی و سەرلەبەر، دەگۆڕدرێن و ئەمەش لە تراژیدیای یۆنانیی کۆندا بە

دەگمەن ڕوو دەدات. دیمەنەکان، لە پڕێکدا، لە "دێلفی"یەوە دەگوێزرێینەوە بۆ شاری ئەتێن و ئۆرێستێس لە پاڵ پەیکەری "ئەتێنا"وە دەبینرێت. بەڵام ئێرینییەکان گەیشتوونەتە سەری، لەوێدا دەیبیننەوە و بە دەوریدا دەست بە سەمای دۆزەخییانەی خۆیان دەکەن. لەو کاتەدا ژنەخوداوەند؛ ئەتێنا، بانگکراو و داواکراو لە لایەن "ئۆرێستێس"ەوە، دەردەکەوێت. هێمن و بەبێ لادان لە بابەت هەم لە ئۆرێستێس و هەم لە ئێرینییەکان دەپرسێت. ئەمجا هەردوولا وەک دادوەر قەبووڵی دەکەن. بەڵام کاتێک بە نەگونجاوی دەزانێت لە کێشەیەکدا، کە شکایەتکار و شکایەتلێکراو و هۆ لە بەرانبەر هۆدا وەستاون، حوکم بدات؛ بڕیار دەدات کە بۆ ئەم حاڵەتە و ئەو حاڵەتانەی تریش کە لە داهاتوودا لە کێشەی تۆڵەسەندنەوەی خوێندا پەیدا دەبن، دادگایەکی تایبەتی سوێندخواردوو پێک بهێنرێت، تا بتوانرێت مافی یاسایی لە کێشەی خوێندا هەم پێڕەو و هەم جێبەجێ بکرێت. لێرە بە دواوە، بەپێی یاسا، دانوستانی دادگا دەست پێ دەکات کە لە چۆنێتیی بەڕێوەچوونی دادگا کەوناراکانی یۆنانەوە وەرگیراوە. ئەتێنا وەک دەمڕاستی ئەنجومەنی دادگا کار دەکات، ئێرینییەکان شکایەتکارانی دادگا و ئۆرێستێس شکایەتلێکراو و ئەپۆڵۆنیش وەک هاوتاوانبار و هاوکاتیش وەک بریکاری ئۆرێستێس تێیدا دەردەکەون. ئیتر دوای ئەوەی لایەنەکان قسەی خۆیان تەواو کردووە و لە هەموو ڕوویەکەوە پرسیار لە ئۆرێستێس

کراوه، کاتی دەنگدان دێت و بە هەمان ژمارەی دەنگ لە بەرژەوەندیی ئۆرێستێس و هەمان ژمارە لە دژی ئەو، کۆتایی بە دادگا دەهێنرێت، حوکمی ئۆرێستێس دەدرێت و بەو شێوەیە و لەبەر ڕۆشنایی یاسایەکدا کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە و لە دەستووردا جێگیر بووە، ئۆرێستێس ئازاد دەکرێت. پاشان ئۆرێستێس لەوێ دوور دەکەوێتەوە، بەڵام ئێرینییەکان دەست هەڵناگرن، توند و تووڕە دەبن و هەڕەشە دەکەن.

بەپێی ئەوەی ژمارەی دەنگەکان بەرانبەر و وەکیەک دەبن، ناتەبایی لە هەردوو ڕوانگە و بیروبۆچوونەکاندا جەخت لەسەر چارە بۆ دۆزینەوەی خودی کێشە یاساییەکە دەکەن. هەردوو لایەنی دادگا هەم ڕاستن و هەم چەوت. هەر یەکە و کوێرانە و یەکلایەنە نوێنەرایەتیی بیروبۆچوونەکانی خۆی دەکات. ئەمانەش لە سەرەتاکانی ڕووداوە دنەدەرەکانی گەشەکردنی مرۆڤایەتیدا گرنگی و ڕەوایی خۆیان هەبووە و بە شێوەیەک جێبەجێ کراون کە بووە بە هۆی سووکایەتیکردن بە سادەترین هەستی یاسایی. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئێرینییەکان دوای ئەو کەسە کەوتوون و دەستی لێ هەڵناگرن کە خوێنی کەسێکی لە بنەماڵەی خۆی ڕشتووە و وازیان لە کلیۆتایمێسترا هێناوە و لە بیریان کردووە. بێجگە لەمەش، هەر ئەوسا، هەستی مرۆڤانە لە بەرانبەر ناپەسەندیی ڕشتنی خوێنی دایکدا پەرچەکرداری خۆی هەبووە و "ئۆرێستێس"ی بە تاوانبار حوکم داوە، بەڵام

بۆ یەکەمین جار دەنگی "ئەتێنا"ی خوداوەند ژمارەی دەنگە ئەرێنی و نەرێنییەکان وەک یەک لێ دەکات و بەو شێوەیە ڕێ بۆ ئاشتبوونەوە و ڕێککەوتن خۆش دەکات. لێرەدا ئەوەش ڕوون و ئاشکرا باسی لێ دەکرێت کە تەنیا پەنابردنە بەر یاسا، یا کردەی تۆڵەسەندنەوە، بۆ خۆیان، لە پێڕەوکردنی یاسادا، بەس نین؛ بەڵکو بۆ پێڕەوکردنی یاسا دادوەرێکی بەرچاوڕوون و مێشککراوەش پێویستە کە بتوانێت لە سەرجەمی کردەوەکە بڕوانێت و بێلایەن سەرلەبەری هەلومەرجە پێکەوەگرێدراوەکانی ڕوودانی تاوانەکە لەبەر چاو بگرێت و خواستی ناوبژیکردن، ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوەش پێویستن. چەند ئازادکردنی ئۆرێستێس لە دراماکەدا یەکەیەکی گرنگە، هێندەش ئارامکردنەوەی ئێرینییەکان گرنگە؛ ئەگەرنا یاسا یەکلایەنە پێڕەو کراوە و بێلایەنیی خۆی لە دەست داوە. ئەگەر بڕیارە جارێک لە جاران دایککوژ بەبێ سزا دەرباز ببێت و ئازاد بکرێت- کەواتە مافی "ئێرینییەکان"یشە تووڕە ببن و بێ هۆیش نییە کە تووڕە دەبن. هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەتێنا، تەواو ئارام و باڵادەست، بە دانبەخۆداگرتنێکی تەواوەوە، جار لە دوای جار، وەڵامی تووڕەیی لەڕادەبەدەری ئێرینییەکان دەداتەوە. پێشنیازی ڕێککەوتن و قەرەبووکردنەوەیان بۆ دەکات، داوایان لێ دەکات کە وەک میوانانی ڕێزلێگیراو، بۆ هەمیشە،، لە ئەتێن بمێننەوە و دەسەڵاتی خۆیان لەپێناوی خەڵک و وڵاتدا بە کار بهێنن.

ئەمانیش دوای بەرگریکردنێکی توند و درێژخایەن، لە کۆتاییدا، ڕازی دەبن، بەدەم ئاشتبوونەوەوە پێشنیازی ئەتێنا قەبووڵ دەکەن و لە ئاسمان دەپاڕێنەوە خێر و بەرەکەت بەسەر شاری "ئەتێن"دا ببارێت.
لێرەوە دەسەڵاتە کۆنەکان خۆیان، لەبەر ڕۆشنایی هۆشیاریی سەردەمێکی نوێتردا سەبارەت بە یاسا، ڕاست دەکەنەوە. ئەمەش کرۆکی تراژیدیاکەیە. لەو ڕێیەشەوە کە شاری ئەتێن بە هۆی "ئەتێنا"وە ماڵێک بە ئێرینییەکان دەبەخشێت و جێیەک بۆ ڕەوشی ئایینیی ئەوان لەنێو ڕەوشە ئایینییەکانی تردا دەکاتەوە، دەست بەسەر ئەرکی تۆڵەسەندنەوەشیاندا دەگرێت، کە لە کۆنی کۆنەوە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەوان بووە، بەڵام هاوکات بە دادگایەکی ڕاست و ڕەوا و دەستپاکیشیان دەسپێرێت. تۆڵەی خوێن؛ یەکێک لەو بنەما سەرەکییانەی کۆمەڵە سەرەتاییەکانی لەسەر هەڵچنراوە، لێرەدا، دەخرێتە ژێر دەسەڵاتی دادوەرییەکی باڵاترەوە و تۆڵەسەندنەوەی تاکەکەس لەبەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی کۆمەڵی کولتووریدا پاشەکشە دەکات. دەوڵەت لەڕێی دامودەسگاکانییەوە چاودێریی دەکات و بەسەر ئەوەدا ڕادەگات کە چیی تر خوێن نەڕێژرێت، بەڵام ئەگەر خوێنڕێژیش ڕوو بدات سزای ئەوە دەخاتە ژێر دەسەڵاتی لایەننەگری خۆیەوە. هەر بەو جۆرەش درامای بنەماڵەی ئەتریدەکان کۆتایی پێ دەهێنرێت. تا بیروبۆچوونی تۆڵەسەندنەوەی خوێن بەو شێوەیە بەهێز و

باڵا بوو، نە دەتوانرا کۆتایی بەو زنجیرە ناپەسەند و نەگونجاوەی تاوان و سزا بهێنرێت و بە شێوەیەکی سروشتی هەر کوشتنێک وەک دەرئەنجامی کوشتاری پێش خۆی دەهاتە ئاراوە و بۆ یەکەمین جار لەژێر کاریگەریی دەسەڵاتی خوونەریت و یەکسانییەکی باڵاتردایە کە ئارامی و ئاشتبوونەوە، لەگەڵ "ئۆرێستێس"ێکدا کە دادگای ئەتێنا ئازادی کردووە، دەگەڕێنەوە بۆ نێو قەڵای پادشایەتیی ئارگۆس و جێگیر دەبن.

لە کۆتاییشدا، ئێسخیلۆس، ئێرینییە ئاشتکراوەکان، لەگەڵ ئەو ژنەخوداوەندانەدا پێناسە دەکات کە لەو ڕۆژگارەدا لە شاری ئەتێن دەپەرستران و زێد و بارەگایان بە لاپاڵێک لە لاپاڵەکانی چیای "ئارێس"ەوە بوو، ئەو ژنەخوداوەندانەی کە بە سێمنای، بە "باڵاترین"ەکان و "هێژاکان"یش، نێو دەبران. ئێرینییەکان بە ئاهەنگێک و لەبەر ڕۆشنایی ئاگری مەشخەڵی دەستی ڕیزبەستووانی ئاهەنگدا، بەدەم سروودچڕینی ئەوانەوە کە بەرەو ئەوێ پێشڕەوییان دەکەن، بەرەو جێی پیرۆزی خۆیان دەبرێن. بەڵام ئێستا ئێرینییەکان؛ خوداوەندانی تۆڵەسەندنەوە، خوداوەندانی دۆزەخ، دەگۆڕدرێن و دەبن بە ئێومێنیدەکان، دەبن بە خوداوەندانی چاکەخوازی و میهرەبانی و گفت و پەیمان بە خەڵکی لە لایەن خوداوەندەوە هەڵبژێردراوی شاری ئەتێن دەدەن، کە بۆ هەمیشە پارێزگارییان لێ بکەن و لە چاکە و بەهرەی خۆیان بێبەشیان نەکەن. ئەمەش خواستی

"زێوس"ە کە بەو جۆرە جێبەجێ دەکرێت و ئەوە کە بە دەنگی "ئەتێنا"ی کچی قسەی کردووە.

ڕەخنەیەکی زۆر، لەگەڵ ڕۆژگاردا، ئاراستەی درامای ئێومێنیدەکان کراوە و دەوترێت ئێسخیلۆس لەڕێی ئەوەوە کە "ئۆرێستێس"ی کردووە بە کەسایەتییەکی بێ ویست و خواست و بێهەستی کێشەی دادگا، تراژیدیاکە نێوەڕۆکی سایکۆلۆژیایانە و گرنگی خۆی لە دەست داوە. ئەوەش دەوترێت کە مانای قووڵی نێو ئەم کێشە پڕ لە گرێوگۆڵ و چارەسەرنەکراوە، لە مەیدانێکی پڕ لە خواست و گێرمەوکێشەی زەمینیەوە بۆ نێو هەڵقەیەک لە خوداوەندان و خوداوەندانی شەڕەنگێز گوێزراوەتەوە. ئەمانە بە جێی خۆیان و هەر چۆنێک بێت، ئەم درامایە، بە گشتی، زۆر لە دوای دراماکانی ئاگامێمنون و "خواردنەوەی قوربانی بۆ مردووان"ەوە دێت و زۆریش پەیوەستە بە کاتەوە و لەوانیش زیاتر مۆرکی ناوچەیی و نەتەوەیی پێوە دیارە. ئەگەرچی چارەسەری کێشەی نێو دراماکە لەخوداترسیی خەڵکی ئاسایی شاری ئەتێن تێر دەکات، بەڵام لەڕێلادان و ناتەبایی و لاوازییەکانی نێوی هێند ئاشکرا دیارن کە پێویست بە ئاماژە بۆ کردنیان ناکات. دیمەنی دادگاییکردنەکە کە بە دڵنیاییەوە سەرنج و تاموچێژی خەڵکی ئەو ڕۆژگارەی بۆ دەمەوەری بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕۆژگاری دوای خۆی نییە و ئەو گفتوگۆیانەش کە لە بارەی باوکایەتی و دایکایەتییەوە

تێیدا دەکرێن و بە بیروبۆچوونی باوی ئەو ڕۆژگارە سەبارەت بە وابەستەیی بە باووباپیران و بنەماڵەوە پێویست بوون، چەواشە و شێوێنراو دێنە بەر چاوی ئێمە و شتگەلێکی تریش.
بەڵام، لەگەڵ ئەمانەشدا، ئەم کەموکووڕییانە دەبێت بە هێندێک لایەنی زۆر چاک و شایانی باسی نێو دراماکە بگیردرێن. تراژیدیاکە بە هیچ جۆرێک دوور لە هەڵچوون و داچوونی درامایی نییە و وەک "نواندن" و "دیمەن"یش جوان و ڕازاوەیە. بۆ نموونە، تارمایی کلیۆتایمێسترا کە ژنەخوداوەندەکانی تۆڵەسەندنەوە لە خەو ڕادەپەڕێنێت و پەلەپەلیان پێ دەخات، دەرکەوتنی لەپڕی خوداوەندی خۆر و دەرکردنی گیانە دۆزەخییە ڕەشپۆشەکان لە پەرستگا، باڵای ڕووناکی ئەتێنا کە بە هەمان شێوەی چاوەڕواننەکراو سەمایان لێ تێک دەدات؛ کاتێک بە دەوری قوربانییەکەدا سەمای جادووگەرانەی خۆیان دەکەن، دادوەرە قڕوقەپلێکردووە پیرۆزەکان کە لە پشتەوە دانیشتوون و گوێیان بۆ قسەگۆڕکێی توورە و ناخۆشی لایەنەکانی دادگا شل کردووە، ڕیزبەندی ئاهەنگگێڕی کۆتایی کە ئێومێنیدەکان تێیدا بێدەنگ و ڕێزلێگیراو لەبەر ڕۆشنایی ئاگری مەشخەڵەکان و بەدەم دەنگی بەرزی سروودوتنەوە دەڕۆن، باسکردنی وەستایانەی ئێرینییەکان کە ڕۆڵی کۆرس دەگێڕن، تۆڵەسەندنەوەکان، خوداوەندە کۆنەکان، نوێنەرانی بێبەزەیی ڕێکوپێکڕاگرتنی دنیای کۆن، کچە

قێزەونەکانی شەو کە لە نێوەندی ئەرکی پێڕاسپێردراوی خۆیاندا بیر لە پاکژی و پاکیزەیی و ڕووناکی دەکەنەوە و خەون بە "کراسی سپی"یەوە دەبینن. گۆرانییەکانی ئەوان کە لە جوانیی ترسناک و بەدکاریی خۆیاندا نموونەیان لە شیعری کۆندا نییە.

بەڵام ئەم تراژیدیا یەزدانییە ناڕاستەقینە و ناوازەیە، هەروەها، درامایەکی ڕۆژگاری خۆی و نواندنێکی سیاسی و نیشتمانپەروەریش بووە. هەر بە تەنیا مۆرکی ئەبەدییەتی پێوە نییە و بەس، بەڵکو مۆرکی ڕۆژگاری خۆیشی هەڵگرتووە و پەیامی ئەوە بووە و هەر ئەوەیشی کردووە کە بەشدارییەک لە پرسە گرنگەکانی ئەوسادا بکات و هەر لەو کاتەشدا بووە کە دیمۆکراتەکانی شاری ئەتین لە دژی توێژە دەسەڵاتدارەکانی ئەوسا ڕا بوون و هەر ئەوساش بووە کە بەهێزترین پەناگەی ئەو توێژە دەسەڵاتدارانە کە دادگای کۆن بووە، بەرەو دارمان هەنگاوی ناوە و ئەو ئەنجومەنەی لەو توێژە دەسەڵاتدارانە پێکهاتبوو بەرەبەرە گۆڕدراوە و بووە بە حکوومەتێکی ناوەندی، کە تا سەردەمی سەرهەڵدانی جەنگ لەگەڵ فارسەکان و لە سەردەمی جەنگیشدا بە بەڵگەوە سوودمەندیی خۆی پاراستووە و لەگەڵ ئامانجەکانی خۆیدا یەکانگیر بووە. بەڵام، دواتر، بە ماوەیەک پێش دەرکەوتنی ئۆرێستێس، لە دەسەڵاتی کەم بووەتەوە و بەرەو کزی ڕۆیشتووە و بەرە بەرە، دەسەڵاتی سیاسیی بەرەو دەسەڵاتی ئەنجومەنانی خەڵک و شوراکانی

ئەوان گوێزراوەتەوە و دەسەڵاتی ئەو ئەنجومەنە کۆنە و یاسا کەوناراکانیشیان سنووردار کراوە و لە کێشەی خوێندا لەبریی ئەوان یاسای نوێ باڵادەست کراوە و جێی ئەوانیان گرتووەتەوە. شەڕوشۆڕ لە لووتکەی خۆیدا بووە، خوێنڕێژی هەر بەردەوام بووە و جەنگی نێوان هاووڵاتانیش شتێک نەبووە، هەروا ئاسان، بتوانرێت خۆی لێ لا بدرێت و پشتگوێ بخرێت.

بەشێکی زۆری ئێومێنیدەکان بەرگریکردنێکە لەو دادگاییکردنەی کە ئەوسا و بەو جۆرە پێڕەو کراوە، بەرگریکردنە لە هێز و دەسەڵاتی یاسایی دادگاییکردنەکە. ئێسخیلۆس، لەڕێی ئەوەوە کە ڕێ بە خوداوەند ئەتێنا دەدات کە خۆی بە دەستی خۆی ئەم دامودەستگایە دابمەزرێنێت و بە جێوڕێ و گرنگیی دادگادا بۆ پارێزگاریکردن لە کۆمەڵ هەڵبدات، دەیکات بە دەمڕاست و نوێنەری ئەم دامودەستگایە. بەمەش ڕۆڵی ئێسخیلۆس، لێرەدا، لە ڕۆڵی ناوبژیوان و ئاشتیخواز نزیک دەبێتەوە و هەم لەڕێی دەنگی ئەتێنا و هەم لەڕێی دواگۆرانییەکانی ئێرینییەکانەوە لە مەترسیی گیرخواردن و پیسترکردنی دەستوورێکی ناڕوون و ناکۆک و لە شەڕوشۆڕی نێوان هاووڵاتان ئاگادارمان دەکاتەوە. ئاماژەیەکی تری کێشە ڕۆژانەییەکانی ئەو ڕۆژگارە لەو وەڵامەی ئۆرێستێسدا دەبینینەوە کاتێک سۆز بە شار و دانیشتوانی ئەتێن دەدات بۆ هەمیشە دۆست و هاوڕێیان بێت و بیانپارێزێت.

دانیشتوانی شاری ئەتێن، ئەوسا، لە پلوپای خۆیاندا بۆ ڕێبەری و ڕاگرتنی بارودۆخی کۆمەڵ وەک خۆی و بەرگریکردن لە گۆڕانکاری، ئەو هاوپەیمانییەی خۆیان لەگەڵ "سپارتا"دا شکاندبوو کە لە سەردەمی جەنگی یۆنانی کۆنەوە لەگەڵ فارسەکاندا لە ئارادا بوو و پەیمانێکی تریان لەگەڵ ئارگۆس؛ ترسناکترین پێشبڕکێکەری سپارتاییەکاندا، بەستبوو. ئەو جەنگەی کە دیسان "ئەتێنا"ی خوداوەند چاوەڕێی ڕوودانی دەکات و وەک جێڕەوگەیەک بۆ پێشاندانی کاروکردەوە و بەدەستهێنانی شکۆمەندیی خوداوەندانی نوێ، پێشوازی لێ دەکات، ڕێک لەو کاتەدا واقعێک بووە کە خۆلێلادان و خۆلێنەبانکردن لێی لە تواناندا نەبووە. خەڵکی شاری ئەتێن، هەمان ساڵ کە ئەم درامایە پێشان دراوە، بە لانی کەمەوە لە پێنج بەرەی جەنگدا لە شەڕدا بوون. ئێسخیلۆس، یەکسەر، دوای پێشاندانی ئێومێنیدەکان، شاری "ئەتێن"ی بە جێ هێشتووە و دوو ساڵ دوای ئەوەش مردووە. کەواتە دەتوانرێت ئەم تراژیدیایە بە وەسێتنامەی سیاسی و نیشتمانپەروەریی ئەو دابنرێت. زۆریش نین ئەو نووسەرانەی کە لە دوای خۆیان لەم شانۆنامە ترسناکە جوانتر و ژیرتریان بە جێ هێشتبێت، کە تێیدا ترس دەبەزێنرێت و شەڕوشۆڕێکی گرژوتاڵ بە ئاشتبوونەوە و ئاشکراکردنی دیمەنی داهاتوویەکی ڕۆشنتر کۆتایی پێ دەهێنرێت. ئێسخیلۆس پێشنیازی نێوانەڕێیەک لەنێوان

دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر و ئازادییەکی سنووردار بۆ خەڵک دەکات، داوای ڕێزگرتن لە یاسا دەکات و خەڵک لە گۆڕانکاریی خێرا و چاوەڕواننەکراوی سیاسی ئاگادار دەکاتەوە و بۆ تەبایی و لێکتێگەیشتن هانیان دەدات و پێشبینیی داهاتوویەکی بەختەوەر و باشکۆ بۆ گەلی خۆی دەکات.

"پالاس ئەتێنا"ش لەم درامایەدا بە تەنیا هەر ژنەخوداوەندی ژیری و ڕوونی نییە، کە کردەی ئاشتبوونەوە دەهێنێتە ئاراوە و دەتوانێت چارەسەر بۆ کێشەیەکی بێچارەسەر ببینێتەوە، بەڵکو ئێسخیلۆس لە شێوەی ئەودا "ئەتێن"ی شار و زێدی خۆی دەکات بە هێما و بە جوانترین شێوە دەینەخشێنێت و لەوێوە دەبینرێت کە دەسەڵاتی نوێ لەم خوداوەندە جەنگاوەر و پیرۆزەدا بەرجەستە بووە و چاویشی بەسەر هەموو ئەو دەوروبەرە بەرفراوانەدا ڕادەگات کە یەک لە دوای یەک سەری بە هەموو هێزێکی چەکداری یۆنانی، هەر لە هەرێمەکانی باکوورەوە تا بە ڕووبارەکانی بیابانی لیبیا دەگات، نەوی کردووە. ئەو سەرلەبەری ئەو خەسڵەتانەی کە گەورە خوداوەندانی شاری "ئەتێن"ی پێ دەناسرێنەوە و تەواوی ئەو خەسڵەتانەش کە بە خەسڵەتی "ئەتێنی" دەناسرێن، لە دەوری یەکتر کۆ دەکاتەوە و باس لەوەش دەکات کە ئەو خەسڵەتانە کەمتر لەنێو خەڵکی ئەو ڕۆژگارە و سەروەرانی خەڵکدا لە ئارادا بوون و زیاتر خەسڵەتی خوداوەندان بوون.


بەشێک لەو خەسڵەتانەش بریتی بوون لە ژیرییەکی باڵادەست، هەستونەستی باڵا، هێزێکی ئارام و ئامانجپێک، پارسەنگی و هاوئاهەنگی، لایەننەگری، بەزەیی و چاکەخوازی. ئەتێنا، ناوی (پێیتۆ)ی خوداوەندی وشەی جوان و قایلکردنیشی، پڕ بە پێستی ناوی خۆی، لەسەر زمانە. کاتێکیش کە دەبێت بە دەمڕاستی لێکتێگەیشتن و ئاشتبوونەوە و لەڕیی چەند بەیتێکی ڕوون و ئاشکراوە کە بە تەواوی دەسەڵاتی بەسەریاندا دەشکێت، بە ڕووی کێشی چەواشە و هۆنراوەی گۆڕانییە پڕ لە ڕقوکینەکانی ئێرینییەکاندا دەوەستێتەوە، "ژنەئەتینییەک" دەردەکەوێت کە بەسەر هەموو پێوانە و سنوورە نەتەوەیی و ڕۆژەکییەکاندا دەرباز دەبێت و دەیانبەزێنێت. ئەو لە جێی خۆیدا وەک ئایدیایەکی سەرانسەری و گشتگر بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەردەکەوێت. وەک بەهرەیەک و وەک پارێزەرێکی ڕووناکی کولتوور، پەروباڵی هەموو دەسەڵاتە کەوناراکان دەکات و لە پێناو و خزمەتی گۆڕان و گەشەکردندا بە کاریان دەهێنێت.

ئۆرێستێس لە زۆر ڕووەوە ماناهەڵگر و نوێنەری باڵای نەک بە تەنیا بەرهەمەکانی ئێسخیلۆس، بەڵکو هیی سەرلەبەری تراژیدیای یۆنانی کۆنە و گەورەترین و گرنگترین بەرهەمی یۆنانییە کە لە یۆنانی کۆنەوە بە میرات مابێتەوە و ڕەنگە گەورەترین و گرنگترین دراماش بێت کە لەو ڕۆژگارەدا بەرهەم هێنرابێت و بە هەمان

هاوسازیی باڵا و ناوازەوە هەڵچنراوە کە بنەمای دروستکردنی ئەو کۆپەیکەرانە بوون کە ئەوسا بەردەرگای پەرستگاکانیان پێ ڕازێنراونەتەوە و ئاوازێک دەچڕێت کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و هاوئاهەنگ بەرز دەبێتەوە تا بە لووتکەی خۆی دەگات و بە هەمان ڕێکوپێکی و هاوئاهەنگیش نزم دەبێتەوە و خامۆش دەبێت. ئێمە ئەو هاوسازی و ناوازەییەی لەو کۆپەیکەرانەدا هەبوون، لێرەشدا دەیانبینین و دەستپێک و نیوەی یەکەمی ئاگامێمنون، بە ڕەوتێکی هێمن و نزیک بە ڕەوتی گێڕانەوەی داستان دەست پێ دەکات و دواتر بەرەبەرە و لە بەشی دواتری تراژیدیاکەدا و لەگەڵ کوشتنی پادشادا، دەگۆڕدرێت و بەرەو کردەیەکی درامایی پڕ لە هەست و سۆز هەڵدەکشێت. بەشی دووەمی تراژیدیاکەش، کە بەشی نێوەڕاستی سێیانییەکەشە، سەرلەبەر تۆکمە و چڕوپڕهەڵچنراوە و دەتوانرێت بە تەنیاش وەک درامایەک تەماشا بکرێت، تەنانەت ئەو دیمەنە دوورودرێژە شیعرییەی لای گڵکۆکەی ئاگامێمنون پڕە لە ژیانی درامایی و بە تەنیا خۆی کردەیەکی شانۆیی تەواوە، کە ڕاستەوڕاست و بێ هیچ دوودڵییەک بەرەو کارەساتە ترسناکەکە؛ کارەساتی دایککوژی، دەبێتەوە، کە کرۆکی هەموو زنجیرە دراماییەکەیە. هەمان کردەی خێرایش، پاشان، باڵ بەسەر بەشی سێیەمی تراژیدیاکەدا دەکێشێت و ڕاکردن و هەڵهاتنی ئۆرێستێس لە دەستی گیانە بەدکار و

تۆڵەستێنەکانی دایکی پێشاندەری ئەم کردەیەن، بەڵام هەڵچوون و داچوونە دراماییەکان، پاشان و بەرە بەرە، دەرەوێنەوە و بە هەمان شکۆیی لەسەرخۆ و هێواشی دەستپێکی سێیانەکە بەرەو کۆتایی خاو دەبێتەوە و بە کۆتاییەک دەگات کە هەڵگری ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوەیە.
ئۆرێستێیا، دوابەرهەمی ئێسیخلۆس و وەسێتنامەی ئەو بووە و باس لە بڕوای جوانی ئەو بە جیهان و گەشەکردنی مرۆڤایەتی بەرەو کولتوور و خوونەریتێکی باڵاتر دەکات و ئەو باسکردنە هەژێنەی ئەو بۆ کردەی ترسناکی خوێنڕێژی و تۆڵەسەندنەوەی خوێن بە هەموو بەرئەنجام و دەرئەنجامە ناخۆشەکانییەوە، هەروەها شەڕوشۆڕی نێوان خوداوەندان، بە ئاشتبوونەوە و پەیمانی داهاتوویەکی ئارام و بەختەوەر دەگەیەنێت.

## درەختی بنەماڵەی ئەتریدەکان



# ئۆرێستێیا

بەشی یەکەم

# ئاگامێمون

کەسەکان

ئاگامێمنون، پاشای ئارگۆس

کلیۆتایمێسترا: ژنی ئاگامێمنون

ئایگیستۆس: ئامۆزای ئاگامێمنون

کاساندرا: کچی پادشای پریامۆس

پەیامهێن

پاسەوان

کۆڕی پیرەکانی ئارگۆس

کارەکەران، پاسەوان و دەرگاوان و کەسانی تریش

*(لە پشتەوەی شانۆوە، قەڵای پادشای ئەتریدەکان لە ئارگۆس، لە گۆڕەپانی بەردەمی ماڵەکەدا قوربانیگە و پەیکەری خوداوەندان. پاسەوانێک لە سەربان ڕاکشاوە. شەوە.)*

**پاسەوان**

ئۆف خوداوەندان، ئەم ڕەنج و کۆششە کەی دوایی دێت! ساڵێک دەبێت، لێرە، وەک سەگ، دەمەوڕوو، لە سەربانی قەڵای ئارتێوس، لێی کەوتووم و پاسەوانی دەکەم. ئەستێرەکان؛ ئەو میرە درەوشاوانەی ئاسمان، کە تیشکە جوانەکانیان هەم سەرمای زستان و هەم گەرمای هاوینمان

بۆ دەهێنن، دەناسم و بینیومن، زۆرجار بینیومن، لە دەوری شتی شەوانە کۆ بوونەتەوە.
هەمیشە هەر چاولەڕێی هەمان نیشانم و بە دوایدا دەگەڕێم، ئەو نیشانی ئاگرەی کە پەیامی سەرکەوتن و خۆبەدەستەوەدانی "ترۆیا"مان بۆ دەهێنێت، ئەوەی کە ڕۆحی هەر پیاوێکی نەبەرد و هەر ژنێکی لێبڕاو هەمیشە بە ئاواتی دەخوازێت.
ئاخ، هەرگیز خەونێک لە خێوەتەکەم، کە بە شەونم داپۆشراوە و شەو و تاریکی دەوریان داوە، نزیک نابێتەوە، سووکەخەو لە تەختی نووستنەکەمەوە دوورە و تەنیا ترسی خەونێکی قورس، کە پێڵووەکانی هەڵنایەن، نزیک. ئەگەر بشمەوێت گۆرانییەک بچڕم و خەوی قورسی نێو چاوانم بەو بڕەوێتەوە، ئەوسا هەر بە تەنیا دەبێت بە ناڵەوگرین بەسەر ئەمماڵەدا کە چیی تر یاسا و ڕێسای ڕۆژانی ڕابوردوو تێیدا فەرمانڕەوا نییە.
ئاخ، خۆزگە کڵپەی شادیی شەو، بانگی کۆتایهاتنی دەردەسەرییە قورسەکانی دەدا و بۆ دوایین جار دەبڕانەوە!

*(بێشوو.)*

*(ئاگرێک لە ئاسۆوە کڵپە دەکات و سەر چیاکان ڕووناک دەکاتەوە. پاسەوان سەر بەرز دەکاتەوە.)*

سڵاوت لێ بێت ئاگر، کە لە تاریکیی شەودا ڕووناکیی ڕۆژ دەهێنێت و هەواڵی هەڵپەڕکێ و گۆرانیت بۆ خەڵکی ئارگۆس پێیە، تا ئاهەنگی سەرکەوتنی خۆیان بگێڕن.

*(لە جێی خۆی بەرز دەبێتەوە.)*

با گڕت بێت و کڵپەت دنیا ڕووناک بکاتەوە!
ئێستا دەچم هەواڵی تەواو بۆ ژنی ئاگامێمنون دەبەم، تا هەڵسێت و بە دەنگێکی بەرز لە هۆڵی قەڵادا پێشوازیی لەو کڵپەی ئاگرە بکات، کاتێک "ترۆیا" گیراوە و پەیمانی بەکڵپەی ئەو ئاگرە ئەم بانگەمان پێ ڕادەگەیەنێت.
*(نەختێک سەما دەکات.)*
منیش وەک یەکەم کەس ئارەزووی سەما دەکەم، نەردی بەختی سەروەرەکەم نەردی هات و نەهاتی منیشە و بەم خزمەتی پاسەوانییەم سێ جاران شەشم هێناوە. هەر ئەوەندە بەم دەستانەی خۆم دەستی سەروەرەکەمم بگرتایە، دوای گەڕانەوەی!
بەڵام بێدەنگ! چیی تر نا: زمانم بەستراوە.
ئەگەر دیوارەکانی قەڵای پاشام بیانتوانیایە بدوێن...
چونکە بۆ ئەوانەی دەزانن، وشەکانم مانایەکیان هەیە و بۆ ئەوانی تریش هیچم بە بیردا نایەتەوە و زمانم بەستراو و لاڵ.

*(پاسەوان بە پلیکانەیەکدا، کە لە بانەوە بەرەو نێو قەڵا دەبێتەوە و لە بینەرانەوە دیار نییە، دەڕواتە خوارەوە. دەستوپێوەندان لە قەڵا دێنە دەرەوە و لە قوربانیگەکان ئاگر دەکەنەوە و ڕۆن و بخور دەکەن بە قوربانی. کۆرس لە لایەکەوە دێن و لەسەر شانۆ ڕیز دەبن: پیرەمێردن، دارئاسایان بە دەستەوەیە و کالانی شمشێریان بە کەمەردا شۆڕ بووەتەوە.)*

## سەرۆکی کۆرس

ئێستا دە ساڵی تەواوە، ئاگامێمنون و شا مێلێناووس؛ ئەو دوو ئاتریدە سەرفرازە، ئەو دوو دوژمنە گەورەیەی پریامۆس، ئەوانەی زێوس یەکی خستوون، بە دوو دارئاسا و دوو تاجەوە، دوای کۆکردنەوەی کەشتیگەلێک لە هەزار کەشتی و بە جەنگاوەرە پڕچەکەکانیانەوە، چوون بۆ جەنگ و-
هاواری تووڕەییان لە هەموو لایەکەوە دەنگ دەداتەوە و گوێ کەڕ دەکات
وەک چۆن سیسارکان، کاتێک لانەی نێو چیاکانیان چۆڵ و تاڵان دەکرێن، لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێدا دەقیژێنن، بە دەوری یەکتردا هەڵقە دەبەستن، باڵەکانیان لە زەریای ئاسماندا وەک سەوڵ دەگەڕێن و ڕەنجیان دوای ئەو هەموو

چاودێری و ئاگالێبوونەوەی بەچکەکانیان لە هێلانەکانیاندا بە با چووە.
بەڵام لە سەرەوە، لە بەرزاییەکاندا، خوداوەندێک، کە لەوانەیە "ئەپۆڵۆ"، "پان" یا "زێوس" بێت، دەنگی دەستوپێوەندەکانی خۆی دەبیستێت و لە کۆتاییدا بەرەو خوداوەندی تۆڵەسەندنەوەی گوناهباران دەیاننێرێت.

هەر بەو جۆرەش خوداوەندی گەورە؛ زێوس،
کە یاسای پیرۆزی میوانداریێتیی دەپارێزێت، دوو شای ئەتریدەکانی،
بەرەو "پاریس" نارد، لە پێناوی ژنە ناپاکیزەکاندا،
ئەو ژنانەی چەند مێردێکیان هەیە.
بەرەو ئەوێ، کە پیاوەکانی ئارگۆس و ئیلیۆن، بە ڕۆژان و ساڵان، بە یەکدا دەهاتن و زۆرانبازییان دەکرد، لەوێدا دەست و پێیان دەتەزی و سڕ دەبوون، دەکەوتنە سەر چۆکان، ڕمەکانیان لە شەڕدا بە هەموو لایەکدا پەرش و بڵاو دەبوونەوە.
جەنگ لەو کاتەدا هەر چۆنێک بووبێت، بووە و-
چارەنووسیش بڕیارلەسەردراو، هەر ئەوەش ڕوو دەدات،
کە هەرگیز خواستی تووڕەیی چارەنووس، نە بە کردنی خواردنەوە بە قوربانی و نە بە بخور و نە بە دیاری و بەخششی بە خوێن پیرۆزکراو
نەرم ناکرێت.

بەڵام ئێمەی پیرەمێردان، بە خۆمان و لەشە شکستۆک و ماندووەکانمانەوە،
هیچ گرنگییەکمان پێ نەدرا و کاتێک لەشکر بە ڕێ کەوت لێرە بەجێهێڵراین.
هێزی منداڵانەی خۆمان بە دارئاساکانی دەستمان ڕاگرتبوو،
چونکە ئەو هێزی ژیانەی لەنێو سنگی منداڵدا دەگەڕێت،
وەک هیی پیرێک کز و لاوازە و
لەوێدا جێیەک بۆ خوداوەندی جەنگ نییە.
پیاوێک کە تەمەن باری گران کردبێت، درەختێکی سیس و وشکهەڵاتووە.
بە سێ قاچان و لنگاولنگ-
وەک منداڵێک بە خنەخن،
وەک خەونێکی سەرگەردان، دەگەڕێت و
بە ڕێ دەکەوێت-

کلیۆتایمێسترا، گوێ بگرە!
شاژنی ئێمە؛ کچی تیونداریۆس، بڵێ!
چیت دەوێت؟ چی تازەت بیستووە؟
چ پەیامێکە وات لێ دەکات کە ئەو هەموو قوربانییە
بە دەوری شارەکەماندا بنێریت؟

ئەو هەموو قوربانییە زۆرە؟

لەسەر هەر قوربانیگەیەک ئاگری قوربانییەک دەگرێت،
بۆ هەموو ئەو خوداوەندانەی شارەکەمان دەپارێزن،
ئەو خوداوەندانەی دەمێکە لە بەرازییەکان و لە ژێر زەمیندان،
بۆ نەوەکانی ئاسمان و بۆ ئەوانەش کە لە گۆڕەپانەکاندا تاجیان لەسەر دەنرێت.
لە هەموو لایەکەوە ئاگردانی کڵپەسەندووی
بە ڕۆنی پیرۆز پارێزراو، ڕوو لە ئاسمانن،
نەرم و بۆنخۆش بەو بۆن و بەرامانەی لە ژووره پادشاییەکانەوە هێنراون.

چی دەتوانیت، چیت پێ باشە، ئەوەمان بۆ بگێڕەوە!
ببە بە فریادڕەسی ڕوحی خوداوەندەکانمان کە جارجار لە پشێویدا دەترسێن و جارناجارێکیش بە تیشکی ئاگری قوربانییەکان گڕیان گرتووە و
بە هیوایەک کە تازە بەئاگاهێنراوەتەوە ترسمان لێ دەرەوێنێتەوە،
ئەو ترسە بێپایانەی، قرتەقرت، لە دڵە بە خەفەت بارکراوەکەمان دەخوات.

**کۆرس**

**بڕگەی شیعری**

هێشتا مافی خۆمانە ستایشی ئەو نیشانەی بەختەوەرییانە بکەین و
گۆرانییان پێدا هەڵبڵێین کە پاڵەوانان لە مەیدانی جەنگدا پێڕەویان کردن،
هێشتا تەمەنی لەسەر یەک کەڵەکەکراومان، خۆشی و
جوانیی ئەو گۆرانییە هەڵدەمژێت، کە بەخشندەیی و
بەزەییی خوداوەندەکانی بەسەردا بارییوە.
هەردوو پاشای ئێلاس، کە بە خواستی تەبا و بەهێزەوە، پێشڕەویی لەشکرەکەی خۆیان کرد، ئەو لەشکرەی کە بە تەنیا لە گەنجان پێکهاتبوو،
ئەمجا بەرەو دیوارەکانی ئیلیۆن بە ڕێ کەوتن،
بە ڕێ کەوتن و ڕمەکانیان بە دەستی تۆڵەستێن ڕادەوەشێنران و
لە دەمەدەمی ماڵئاوایدا دڵیان بۆ سەرکەوتن لێی دەدا و سەرکەوتنیان دەبینی.
هەردوو پاشای ئاسمان، دوو هەڵۆ، یەکێکیان ڕەش و
ئەوی تریان ئاماڵزەرد، لە دەستەڕاستەوە، دەست بە ڕمەوە،
لە پاڵ قەڵاوە دەرکەوتن،
بە جوانی دەبینران و
کەروێشکێکی ئاوسی هەناسەسوار و هەڵاتوویان
لەتوپەت کرد و هێز و تینی ژیانی ئەویان خوارد-
با دەممان سکاڵا بکەن سکاڵا، سکاڵا بکەن!

بەڵام با سەرکەوتن بۆ چاکە بێت!

**هاوبڕگەی شیعری**

پێشبینیکەری لەشکر سەروەرەکانی بینی، ئەو ئەتریدانەی شانازی بە خۆیانەوە دەکەن، لە یەکتر نەدەچوون، سەروڕووی ئەمیان جۆرێک و هیی ئەوی تریان جۆرێکی تر، هەڵۆ جەنگاوەرەکانی بینی و نیشانەکەشی هەڵهێنا و بەم جۆرەش لێکی دایەوە:
"ڕۆژێک دێت هێرش بۆ قەڵای پریامۆس بکرێت و چارەنووس بەوپەڕی هێزەوە هەرچی گەلەگیانەوەر و کەلوپەلێک خەڵکەکەی لەودیو دیوارەکانیەوە کۆیان کردوونەتەوە لەگەڵ خۆیدا ڕابماڵێت، هەر ئەوەندە هەوری تووڕەیی ڕەشی خوداوەندەکان هێزی لەشکرەکەمان دانەپۆشێت، ئەو هێزەی بۆ ئەوە کۆ کراوەتەوە لغاوی ئاسنینی خۆی لە ترۆیا ببەستێت.
ئارتێمیس ڕقی لە سەگە باڵدارەکانی باوکی دەبێتەوە
چونکە بەدەم ترس و لەرزەوە ئەو قوربانییانەیان لێستۆتەوە
کە هێشتا بەچکەکانی لە سکیدا بوون.
خاتوونیش ڕقی لە زمانی خوێناوی هەڵۆکان دەبێتەوە.-
دەمی ئێمە سکاڵا بکەن سکاڵا، سکاڵا بکەن!
بەڵام با چاکە سەر بکەوێت!

## پاشبرگەی شیعری

ژنەخوداوەندە جوانەکە،
ئەو ژنەخوداوەندەی لەگەڵ بەچکەشێران نەرم و نیانە،
ئەو شەپاڵانەی بە یاریکردنەوە خەریکن،
ئەو ژنە خوداوەندەی دڵی بە بەچکەی شیرەخۆرەی
گیانەوەری دارستان و بێشە و هەردان دەسووتێت،
بانگمان دەکات؛ بۆ ئەوەی خەبەرەکەی بۆ لێک بدەینەوە:
نیشانەکانی کەچ و خراپ نەبوون، بەڵام ترسهێنیش بوون.
یارمەتیمان بدە ئەپۆڵۆن
بۆ ئەوەی خوشکەکەت بە با ترسناکەکانی
ڕێ لە کەشتیگەل و گەشتەکەمان نەگرێت،
دیسان داوای قوربانییەکی قێزەون؛
داوای هەڵسانەوەی شەڕی نێوانمان، دەکات،
ئەو بەندی خوێنە دەپسێنێت کە پێکەوەی بەستووین.
ئەوساش کە ڕقوکینە، تۆقێنەر و سەرسەخت،
دەستی بەسەر لەشکردا گرت،
داوای تۆڵەسەندنەوەی ژیانی کچێکی دەکرد."
کلاشاس ئاوها خەبەری ماڵئاوایی لێک دایەوە:
ماڵی فەرمانڕەوا بەختەوەر دەبێت، بەڵام کارەسات
یەک لە دوای یەک
هەڕەشەی لێ دەکات.-

لەبەر ئەوە
سکاڵا بکەن سکاڵا، پڕ بە دەم سکاڵا بکەن!
بەڵام با سەرکەوتن بۆ چاکە بێت!

## بڕگەی شیعریی یەکەم

زێوس - ئەو هەر کەسێک دەبێت با ببێت -
بەم ناوە بە ئاگا دێتەوە و گوێڕایەڵ دەبێت،
بۆیە ئێمەش بانگی ئەو دەکەین.
کە بیرمان لە هەموو شت کردووەتەوە و،
هەموو شتێکیشمان هەڵسەنگاندووە،
بێجگە لەو کەسی ترمان نەدۆزیوەتەوە.
هەر ئەویشە کە قورساییی بیروبۆچوونە لووتبەرزەکان
لەسەر دڵمان هەڵدەگرێت.

## هاوبڕگەی شیعریی یەکەم

خوداوەندی گەورەی سەردەمە دێرینەکان،
خوداوەندی بەدەستەڵات، ئەو خوداوەندی بە سەرکەوتنەکانی خۆیەوە دەنازێت، ماوەیەکی تر ناویشی بە تەواوی لە بیر خەڵک دەچێتەوە.

تەنانەت ئەوەش کە پاشان هات و مەرگ و بەرەنگاریکەرە
لە خۆی بەدەسەڵاترەکەی دۆزیەوە.
ئەگەر تۆ ستایشی زیۆس و سەرکەوتنەکەی بکەیت
تاجەگوڵینەی حیکمەت دەبەیتەوە.

**بڕگەی شیعریی دووەم**

ڕێگای دانایی پێشان داوین.
پەیامی سەختی یاسای داناوە:
بۆ ئەوەی فێر بیت، دەبێت ئازار بچێژیت.
شەو ئارامی بە دڵ نابەخشێت.
برینی یادەوەری هەمیشە خوێنی لێ دەچۆڕێت،
ئەو دەستە یەزدانییەی جڵەوی دنیای گرتووە
بەخشندەیە، بەڵام ڕەق و توند.

**هاوبڕگەی شیعریی دووەم**

کە سەرداری لەشکرەکە
خۆی لەبەر بای چارەنووس و
قسەکانی پێشبینیکەردا چەماندەوە.
ئیتر کەشتیگەل نەیتوانی بە ڕێ بکەوێت و
خەڵکیش لە برساندا دەکەوتن،
لە چاوەڕوانیدا بێزار بوون،

ڕێک لە بەردەمی "چالکیس"دا
لەسەر کەناری "ئاولیس"
لەوێ کە شەپۆلی کەفچڕێن گرمەی دێت.

## برگەی شیعریی سێیەم

زریانە "تراکی"یەکان لە "ستریمۆن"ەوە
ڕێیان لە کەشتییەکانیان گرت،
خراپیش لەنگەریان تێکچووبوو،
مێزی کەشتی و پەت و گوریسەکانی دەڕنیەوە.
ئەوانەی لەسەر کەشتیش بوون
لە برساندا سەرگەردان بوون و
پەرێشان لەسەر کەنارەکە لێی کەوتن.
کات دەڕۆیشت.
گوڵی لەشکرەکەی "ئارگۆس" سیس دەبوو.
هەر ئەوساش پێشبینیکەر ناوی "ئارتێمیس"ی هێنا،
لە دژی زریانەکەش ناوی شتێکی تاڵ و ناپەسەندی هێنا.
ئیتر ئەتریدەکان دارئاساکانی دەستیان فڕێ دا و
دەستیان کرد بە گریان.

## هاوبڕگەی شیعریی سێیەم

ئاگامێمنون؛ پیرترینی سەروەرەکان،

دەنگی بەرز کردەوە:
"چارەنووسی من قورسە و
نامەوێت دوای پەیامی ئەو کەسە بکەوم کە داهاتوو
دەخوێنێتەوە.
قورسە ئەگەر ناچار بکرێم
کچەکەم بکەم بە قوربانی،
شادیی ماڵەکەم:
خوێنی خامایەک، کە بە دەستی باوکی خۆی ڕێژراوە!
بەڵام ئاخۆ دەتوانم بەترسەوە خیانەت لە کەشتیگەل و لە
گەلەکەم بکەم!
سەرپاکی لەشکرەکەم داوای ئەو قوربانییە دەکات کە
دەتوانێت
زریانەکان ئارام بکاتەوە و-
دەکرێت نکوڵی ئەمەی لێ بکەین؟
دەبا ئێستا بەختەوەری بێت و هەڵبژاردەی من بسەلمێنێت."

**بڕگەی شیعریی چوارەم**

کە ئەستۆی لەژێر کەڵەمەی چارەنووسدا نووشتانەوە،
ڕۆحی ڕەقوتەق بوو، پڕ بوو لە بەخۆوەنازین، خوانەناس و
ڕەق و پێداگر لەسەر ئەو بڕیارەی بوێرێت هەموو شتێک
بکات.
سەرلێشێوانێکی کوێرانە، ڕەگوڕیشەی هەر خراپەیەک،

بە ئامۆژگاریی نابەجێ و ناشیرین بنەماڵەکەمان دەجووڵێنێت.
ئەو بە خوێنی کچەکەی خۆی سەرکەوتنی جەنگ و تۆڵەسەندنەوەی کڕی، لە پێناوی ژنی پێشووی کەسێکی تر و گەشتی سەرکەوتووانەی کەشتیگەلەکەیدا.

## هاوبڕگەی شیعریی چوارەم

تکا و پاڕانەوەی شیرین و هاواری کچە لە باوکی،
کاری لە کۆڕی جەنگاوەران نەکرد،
جەنگاوەرانی تەیار و ئامادەی جەنگ.
بەڵام کە ئەو لە خوداوەندەکان پاڕایەوە،
خوداوەند دەستی بۆ درێژ کرد و
کچ بەرز کرایەوە و وەک کاریلەیەک
لەسەر بەردی قوربانی دانرا و
ئەویش بە باڵاپۆشە درێژەکەی خۆی داپۆشی.
دەستێک، قورس و ڕەق، کەوتە سەر دەمە جوانەکەی و بێدەنگی کرد،
تا نەتوانێت لە نیگەرانیدا نەفرەت لە ماڵی باوکی بکات.

## بڕگەی شیعریی پێنجەم

باڵاپۆشە زافەرانییەکە

خزی و کەوتە سەر زەوییەکە.
نیگا بێدەنگەکەی چاو
جەلادەکانی بینی و
داوای بەزەیی کرد.
دیمەنێکی جوان
کە بە زمانی بێدەنگی دەدوا-
ئەو کچەی لەپاڵ مێزی دەوڵەمەندی ماڵدا
بە دەنگێکی کچانەی شیرین و شەرمن
بۆ ئەوپەڕی ئاسوودەیی باوکێکی خۆشەویست
زۆرجار لە ڕۆژانی ڕابوردوودا گۆرانی و
سروودی شادیی خۆی بۆ ستایشی خوداوەند دەچڕی.

**هاوبڕگەی شیعریی پێنجەم**

پاشان هەرچییەک ڕوویدا و
هەرچییەکمان بینی، باسیان ناکەین.
پێشبینی ئەو کەسەش کە داهاتووی دەخوێندەوە
بە ڕاست دەرچوو.
حیکمەت تەنیا لەڕێی ئازارچێشتنەوە بە دەست دەهێنرێت.
ئەوەی کە دەبێت ڕوو بدات،
کاتێک ئاشکرا دەبێت؛
کە ڕوو دەدات.
لەگەڵ بوولێڵی بەیاندا دەدروشێتەوە.

بەڵام پرسەی پێشوەخت کەڵکی چی دەگرێت.
با بەختەوەری مل بۆ دەنگی ئەو کچە کەچ بکات،
ئەو کچەی شاژنی ئێمەیە، ئەوەی لە هەموو کەس لە ئێمەوە نزیکترە و
تاکە پشتوپەنا و قەڵغانی "ئارگۆس"ـە.

*(کلیۆتایمێسترا لە دەروازەی قەڵاوە دەردەکەوێت. بەیانییە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

بە ڕێزەوە لێت نزیک دەکەومەوە خاوەنشکۆ،
ئۆو کلیۆتایمێسترا، ژنی پادشایەک، کاتێک کورسیی فەرمانڕەوایی
چۆڵە، شایانی خۆیەتی و هەر لە خۆی دێت ستایش بکرێت.
ئەوە پەیامی شادییە؟ ئاخۆ ئەوە هەر بە تەنیا هیوایەکە
کە قوربانییەکان گڕ دەدرێن؟
بە خۆشییەوە گوێم لە وەڵامێک بوو،
بەڵام بێدەنگیش بێت
لە ڕێزم کەم نابێتەوە.

**کلیۆتایمێسترا**

با منداڵ لە دایکی بچێت،
بەیان پەیامی سەرکەوتنی خۆشی شەومان بۆ بهێنێت.
ئۆو ئاسوودەیی، ئۆو بەختەوەریی چاوەڕواننەکراو!
گوێ بگرە! لەشکری "ئارگۆس" پەلاماری "ئیلیۆن"ی داوە!

**سەرۆکی کۆرس**

ئەوە چی دەڵێیت؟ باش گوێم لێ نەبوو.

**کلیۆتایمێسترا**

کە "ئیلیۆن" هیی خۆمانە. تێناگەیت؟

**سەرۆکی کۆرس**

چاوم بە فرمێسکی شادی تەڕ دەبێت.

**کلیۆتایمێسترا**

ئەوە شاهیدێکی چاکە بۆ هەستونەستێکی ڕاست.

**سەرۆکی کۆرس**

بەڵام بۆ ئەمە، بەڵگەی تەواوت هەیە؟

**کلیۆتایمێسترا**

بێگومان، ئەگەر خوداوەندێک فریوی نەدابێتم.

**سەرۆکی کۆرس**

باوەڕی تەواوت بە دیمەنی هەڵخەڵتێنی خەون هەیە؟

**کلیۆتایمێسترا**

گومان لە هەموو شت دەکەم کە هەستی بە خەون قورسبوو دەیبینێت.

**سەرۆکی کۆرس**

هەر تەنیا بە بەندوباوێک برسێتیی خۆتت ئارام کردەوە؟

**کلیۆتایمێسترا**

وەک ئەوەی منداڵێک بم گاڵتەم پێ دەکەیت.

**سەرۆکی کۆرس**

لە کەیەوە پەلاماری شارەکە دراوە؟

**کلیۆتایمێسترا**

ئەمشەو، ئەو شەوەی ئەمڕۆی لێ لە دایک بووە.

**سەرۆکی کۆرس**

کێ هێندە خێرا ئەم پەیامەی گەیاندووە؟

**کلیۆتایمێسترا**

"هێفایستۆس"؛ خوداوەندی ئاگر. لە کێوی "ئیدا"وە
بڵێسەی ئاگری نارد و پاشان ئاگر کڵپەی سەند و
بڵێسە دوای بڵێسە، لەم لووتکەوە بۆ ئەو لووتکە، فڕی.
سەرەتا لە "ئیدا"وە بۆ کێوی "هێرمێس" لە "لێمنۆس"،
دوای ئەوانیش "ئاسۆس" کە خۆشەویستی "زێوس"ـە،
پڕی کرد بەو مەشخەڵە گەورەیەدا و بەرەو قووڵاییی ئاسمان،
وەک پردێک لە ئاگر، بەسەر زەریادا، هەڵیدا،
وەک ئەوەی یاریی بکات، بەو شێوەیە خۆری شەوێک و

پەیامی خۆی وەک درەوشانەوەیەکی زێڕین
بەرەو لووتکەی "ماکیستۆس" نارد.
لێرە پاسەوان نەنووستبوو، هەر زوو بەسەر گێژەنەکانی "ئێوریپۆس"دا ئەوانەی ئاگادار کردەوە کە لەوێ، زۆر دوور لێرەوە،
تەماشای "مێساپیۆن"یان دەکرد و زانیارییان کۆ دەکردەوە،
ئاگرێکی گەورە لە چڵوچێوی کەڵەکەکراو و وشکەوەبووی بەر خۆرەتاویش وەڵامی دانەوە و کڵپەی ئاگری بەرەوپێش نارد.
بەڵام کڵپەی ئاگر بێتین بووبوو – نەخێر، بە هێزێکی تازەلەدایکبووەوە
زەنگی ئاگر وەک ڕووبارێک لە تریفەی مانگ
تا "کیسایرۆن" بەسەر سەرزەمینی "ئاسۆپۆس"دا هەڵیکرد و لەوێ ئەو پیاوەی خەبەر کردەوە کە پاسەوانی دەکرد.
ئەویش پەیامی لەدوورەوەهاتووی ئەو ئاگرەی وەرگرت و بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک ئاگرێکی زۆر لەو گەورەتری کردەوە.
ئاوی "گۆرگۆپیس"یش گڕ و ڕووناکیی ئاگری لەگەڵ خۆیدا بە لای بەرزاییەکانی "ئایگیپلانکتۆس" برد و فەرمانی بەسەردا کرد
کە هیچ ئارامی و پشوویەک بە ئاگر ڕەوا نەبینێت.
هەر لەوێش، لەسەر کێوەکە، ئاگرێکی زۆر گەورە کرایەوە.
ئەمجا لە هەموو لایەکەوە بەرەو ئاسمان کڵپەی سەند و

سەرلەبەری ئەو گاشەبەردانەی ڕووناک کردەوە کە بەسەر شەپۆلەکانی
"سارۆنگۆلفێنس"دا دەڕوانن.
ئەمجا ڕووناکیی ئاگر گەیشتە "ئاراخنایۆن"،
گەیشتە قەڵای "ئارگۆس" کە پاسەوانیی لێوە دەکرێت و لەوێشەوە
- نەوەیەکی ڕاستەقینەی ئاگری "ئیدا"-
گەیشتە دوائامانجی خۆی، کە لووتکەی قەڵای "ئارتێوس"ـە.
ئاوها پێشبڕکێی مەشخەڵەکەی من کە دەبوو نەکوژێتەوە و
بە زووترین کاتیش بگاتە جێ، کۆتایی پێ هات؛
ئاگر دەستاودەست و بەبێ وەستان گەیشتە جێ و
یەکەم پیاو و دواسەرکەوتنمان بردیانەوە.
ها ئەوە بەڵگەیەک کە دڵت دەیخوازێت،
ئەو پەیامەی کە مێردەکەم لە "ئیلیۆن"ەوە ناردوویەتی.

**سەرۆکی کۆرس**

نەختێکی تر سوپاس و پێزانینی خۆم بە خوداوەندان دەگەیەنم.
بەڵام جارێکی تریش دەمەوێت گوێ بۆ سەرلەبەری قسەکانت بگرم و
تووشی سەرسووڕمانم بکەن.

**کلیۆتایمێسترا**

ئەمرۆ "هێلاس" لێرە، لە "ئیلیۆن" ڕاوەستاوە!
پێم وا بێت، لەوێ، ئەو سندوقانەی نابن بە یەک، دەزرنگێنەوە.
سرکە و ڕۆن بکەرە یەک دەفرەوە:
بە جیا دەڕۆن و تێکەڵ نابن.
دەنگی سەرکەوتوویش لە دەنگی بەزیو ناچێت و
چارەنووسیشیان هەروەها.
هەندێکیان خۆیان بە لاشەی مردووی ژنەکانیان
یا براکانیانەوە هەڵواسیوە، لەوێشدا منداڵێکی بچووک
لە تەنیشت لەشی باوکێکی پیرەوە دەبینرێت و
ئەو دەمەش کە دەناڵێنێت و هاوار دەکات،
ئێستا دەمی کۆیلەیەکە.
بەڵام برسێتی، کە پشێویی شەڕی ئەمشەو بە ئاگای هێناوە،
ئەوانی تر لە دەوری بەرچایی کۆ بوونەتەوە و
وەک شارێکی خۆگر دەتوانێت بانگهێشتی
ئەو سەروەرە بکات کە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە-
بەپێی نەخش و پلان و فەرمانێک نا، نەخێر، وەک ڕێککەوت،
لە ماڵە "ترۆیانییەکان" دامەزراون و جێی خۆیان کردووەتەوە.
تەڕی و تووشی ژیانی مەیدانی جەنگیش بە سەر چووە؛

ئێستا شەوێکی خۆش و ئارام، خەوێکی خۆشیش، چاوەڕێیان دەکات،
ئەگەرچی بۆ چاودێریی هیچ پاسەوانێکیان دانەناوە.
بە تەنیا جەنگاوەرەکانی ئێمەن ڕێز لە خوداوەندەکانی وڵات و
ئەو شوێنە پیرۆزانە دەگرن کە لە شارێکی هەڵمەت بۆ کراودا هەن،
ئەوەی کە خەڵکی زیندانی کردووە، نابێت خۆی زیندانی بکرێت.
دەبا پڕخۆریی چاوچنۆکی، لەشکر بەرەو دزینی شتی پیرۆز هان نەدات: هێشتا لە نیوەڕێی پێشبڕکێ درێژەکەداین.
هێشتا تاوانی گوناهێکی لەو جۆرە، بەبێ ئەو خوێنەش
کە ڕژێنراوە، بە دەنگێکی بەرز هاواری تۆڵەسەندنەوە دەکات،
ئەگەرچی تۆڵەکردنەوە پەلەی نییە.
ئێستا گوێت لەوە گرتووە، من، منی ژن، دەیڵێت.
بەڵام با ئەوەی چاکە و بە هیچ شتێک ناشاردرێتەوە، سەر بکەوێت،
ئەوسا، لە ئاکامدا، بە ئامانجی بەختیاریی خۆم گەیشتووم.

**سەرۆکی کۆرس**

قسەکانت، وەک قسەی پیاوێک، پڕ لە حیکمەتن.

ئێستا کە ئیتر گوێم لەو بەڵگەیەت بووە
کە دەبێت هەمووومان پێوەی وابەستە بین
دەچم و قوربانییەکەی خۆم
بۆ خوداوەندان دەهێنم.
ئەو ئاسوودەییەی بە دەستم هێناوە،
شایانی ئەو ڕەنجەیە کە لە پێناویدا کێشاومە.

*(کلیۆتایمێسترا دەڕواتە نێو قەڵاوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

ئۆهـ "زێوس"، ئەی فەرمانڕەوای من! ئۆهـ شەوی پیرۆز،
چەند ڕازاوە بە سەرکەوتن دەدرەوشێیتەوە!
تۆ بە تۆڕی گەورەی کۆیلەیەتیی چڕوپڕچێنراوی خۆت،
دەوروبەری بورج و گومبەزەکانی "ئیلۆن"ت داپۆشی،
تا هیچ کەسێک،
چ پیاو و چ منداڵ،
نەتوانێت لە چارەنووسی خۆی ڕزگاری ببێت،
بەڵکو هەموویانت پێکەوە گرت.
پڕ بە دڵ ڕێز لەوەی لە خەمی پاراستنی مافی میواندایە
ڕێز لە "زیۆس" دەگرم، کە ئەمەی بە جێ گەیاند،
کە بۆ ماوەیەک و بە چاکی ژێی کەوانەکەی
ڕووەو "پاریس" ڕاکێشابوو،

بە جۆرێک کە تیرەکەی لە بەردەمیدا نەکەوتەوە و
هێندەش بەرز بەسەر نیشانەکەدا نەیهاویشت،
تا بەرەو هەورەکان بڕوات.

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی یەکەم**

"زێوس" دەستی وەشاند و
ئەوانەی لێیان درا دەتوانن شایەتیی ئەمە بدەن.
دەتوانرێت شوێنەواری خواست و دەستی خوادەوەند ببینرێت.
هێندەی پێوەندی بە نەوە بەرزەکەی ئاسمانیشەوە هەبێت،
- چونکە ئەوان بەوە ناویان براوە - پیاوەکانی سەرزەوین،
هەرچییەک پیرۆزە دەیخەنە ژێر پێیانەوە.
ئاخۆ ئەم قسەیە کفرە!
ببینە، ئاخرێکەی حوکم بەسەر ئەوانەدا دەدرێت
کە دەوێرین بە کاری خوانەناسانە هەڵبستن،
حوکم بەسەر ئەوماڵەشدا دەدرێت،
کە بە شانازییەوە وەک گوڵ گەشاوەتەوە و
تا ئەوپەڕی خۆنواندن خۆی دەنوێنێت.
بژێوییەک کە سەرڕێژ نییە و لێیشی کەم نییە
دەبێت بەس بێت بۆ ئەو کەسەی

فێری دانبەخۆداگرتن بووە.
زێڕی کۆکراوەی نێو گەنجینەکان
ناتوانێت ئەو کەسە بپارێزێت
کە بە لەخۆباییبوون مەست بووە و
پەلاماری قوربانیگەی دادوەری دەدات.

## هاوبڕگەی شیعریی یەکەم

ئەو بە زۆری زۆردارەکی
بەرەو لەنێوچوون پەلکێش دەکرێت.
لەوێدا هیچ چارەیەک نییە و
کوێرانە لێی دراوە.
خراپە چیی تر ناتوانرێت بشاردرێتەوە،
بە شەوقێکی ترسناک و نەهامەتیهێن
بڵێسەی پڕ لە کارەساتی تاوان دەگرێت.
چۆن ڕەنگی زیوینی دراوێکی خراپ
کاڵ دەبێتەوە و لە دەست دەچێت؛
هێندە نابات ئەویش لەبەر چاوی دادوەرەکان ون دەکرێت.
هەوڵ و پلوپای ئەو وەک هیی منداڵێکن،
وەک مەلێک کە باڵەکانی بە خێرا لێک دەدا و
دەیەوێت نێچیر بگرێت.
ئەو ئابرووی شارەکەی، ئابرووی گەلەکەی، دەبات،
داوا و پاڕانەوەشی دڵی هیچ خوداوەندێک نەرم ناکات،

بەڵام سزای ئەو کارەی پێی هەڵساوە وەردەگرێت.
بەو جۆرە بوو "پاریس"
کاتێک هات بۆ لای کوڕەکەی "ئاترێوس" و
خاوەن زەویوزارەکان، بەو جۆرە بوو
کە تا سەر ئێسک ماڵی هاوڕێ خانەخوێکەی خۆی
سووک کرد و ژنەکەی؛
شاژنەکەی ئەوی،
دزی.

**بڕگەی شیعریی دووەم**

بەخششی ماڵئاوایی ئەو ژنە ئەمە بوو،
تیژکردنی ڕمەکان، پڕکردنی کەشتییەکان و سکاڵای چەک.
لەنێوچوونیش ئەو جیازییە بوو کە ئەو
بەرەو "ئیلیۆن"، لەگەڵ خۆیدا، هەڵیگرتبوو؛
بەدەم سەماوە لە دەروازە دەرکەوت و
ئەوەی کرد کە کەس نەیدەوێرا بیکات.
ئەوسا پێشبینیکەری چاوتیژی ماڵ سکاڵای کرد:
"حەیف بۆ قەڵای پادشایان و حەیف بۆ فەرمانڕەوای شایانەی!
بۆ تەختی نووستنی ڕاستەقینەی بەجێهێڵراو حەیف و
حەیف بۆ ئەو هەنگاوەی دۆستەکەی دوای کەوت!
مێردی ناوزڕاو و سووککراویش

لە بێدەنگییەکی پڕ لە دوودڵیدا ماوەتەوە،
بەبێ ئەوەی کفرێکی لە دەم بێتە دەر.
تاسەوئارەزووی بۆ زەریا دەلەرزێت و
هێشتا هەر تارماییەک،
ژنەفەرمانڕەوای ماڵە.
جوانیی پەیکەرە مەڕمەڕییەکان
قێزیان لە دڵی پڕ لە ئازاری خۆیان دەبێتەوە.
نیگای چاو
کوێر و
ئارەزووی خۆشەویستیش دامرکاوەتەوە.

**هاوبڕگەی شیعریی دووەم**

دیمەنی تاڵ و چاوڕفێنی خەون
تەنیا دڵدانەوەی پڕڕوو و
ئاسوودەییەکی هەڵخەڵتێن دەبەخشن.
کاتێک پێی وایە باوەشی بە بەختەوەریدا کردووە
بینین باڵ دەگرێت و بەسەر بەرزاییەکانی خەوندا،
هەمان ڕێ کە لێوەی هات،
باڵ دەگرێت و لە دەستی هەڵدێت.
ئەو جۆرە ڕەنج و دڵتەنگییانە
میوانی بەر ئاگردانی ماڵە و
زۆر لەوەش خراپتر.

لە هەرماڵێکی وڵاتدا،
کە سەروەرەکەی بە کەرەسەی جەنگەوە
لەگەڵ گرۆکانی "هێلاس"دا و
دوور لە وڵاتی باووباپیران
بە جێی هێشتووە
ئێستا خەمگینی سەروەرە-
چونکە دڕکگەلی بیرە قورسەکان
دڵ بریندار دەکەن
کە هەرگیز نەتوانێت سەوز بێتەوە.
یادەوەریی بەوەفا ئەو کەسە دەپارێزێت
کە لە زێدی خۆی دوور کەوتۆتەوە.
بەڵام چییە ئەوەی بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە؟
تەنیا خۆڵەمێش و کەرەسەی جەنگ.

**بڕگەی شیعریی سێیەم**

لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر خۆی دەگۆڕێت، خوداوەندی جەنگ.
تەرازووی نێوانگریی خۆی لە مەیدانی جەنگدا،
لەوێدا کە ڕمەکان چەپوڕاست بەر یەک دەکەون، دادەنێت.
لاشەی بەتورکەبێژراوی پاڵەوانەکانی، لە "ئیلۆن" کۆ دەکرێنەوە و

خۆڵەمێشی لەئاگربەجێماویش، کە بە فرمێسک تەڕ بووە و قورس،
بەرەو ماڵ دەنێردرێتەوە.
بۆ هەر جەنگاوەرێک گۆزەیەک وەردەگرێت و،
لێوانلێو، لە خاکی لەپاشبەجێماوی هەر یەکێکیان، پڕی دەکات.
ستایش و سکاڵاش دەڵێن:
ئەمیان جەنگاوەرێکی چاک بوو،
ئەوی تریان بەشکۆوە لە شەڕدا کوژرا ـ
لە پێناوی ژنێکی نامۆدا.
بەو جۆرە بە دزییەوە بە گوێی یەکتردا دەچرپێنن و
تاڵی و گرژییەکی کپیش بەو نێوەدا دەگەڕێن،
بەرەو کوڕەکانی "ئارتێوس" و
ڕیزی تۆڵەسەندنەوەیان
دەڕۆن.
هەندێک لە هەڕەتی جوانییاندا
لە خاکی "ترۆیا"دا نێژران.
وڵاتی دوژمنان، لە خاکێکی بەزیودا،
ئەو کەسەی زیندانی کردووە
کە سەرکەوتنی بە دەست هێنا.

**هاوبڕگەی شیعریی سێیەم**

دەنگی تووڕەیی وڵات قورس و
دوابڕیاری دادگای خەڵکیش بێبەزەیی.
ڕۆحمان لە نیگەرانیدا لە چاوەڕوانیی پەیامی تاریکیدایە،
پەیامی تاریکیش سەختە و تۆقێنەر.
چاوی خوداوەندانیش، هەمیشە،
لەسەر ئەو کەسەیە کە خوێنێکی زۆری ڕشتووە و،
چاودێریی دەکات.
جارێک لە جاران،
کە ساڵان هاتن و ساڵان چوون،
شەیتانەکانی تۆڵەسەندنەوە،
بەو بەختەوەرییە دەگەن کە بەناهەق بە دەست هێنراوە.
ئەوەش کە جارێک لە جاران،
لەبەر نەتوانستی و بەهەڵەداچوون،
لە شەودا گلاوە،
هیچ شتێک بە هانایەوە نایەت و
ڕزگاری نابێت.
کە ئاوازەی ئەم دەنگۆیەش
بەرز بووەوە و گەیشتە تاقی ئاسمان،
نابووتی و لەناوچوون نزیکە و؛
برووسکەی خوداوەند،
لە بەرزترین لووتکەی چیاکانەوە
بەسەر هەموو لایەکدا دەبارێت.
داوای چارەنووسێکی شەرمن دەکەین.

نامانەوێت شاران داگیر بکەین،
ناشمانەوێت لە ژێر بارێکی گرانی تردا
ژیانی کۆیلەیی بژین.

**دوابڕگەی شیعری**

*(سێ لە ئەندامانی کۆرس، یەک لە دوای یەک:)*

**ئەندامی یەکەم**

پەیامی شادیی ئاگر، ئێستا،
بەپەلە، ماڵ بە ماڵ دەگەڕێت.
بەڵام ئایا ئەمە ڕاستە؟
ئایا ئەمە هەر بە تەنیا خەیاڵبڵاوییەکی خوداوەندەکانە؟

**ئەندامی دووەم**

هیچ کەس هێند منداڵانە نییە
کە ڕووبەڕووی تیشک و کڵپەی
پەیامەئاگرێکی وا ببێتەوە و کاتێک بزانێت
پەیامێکی ساختەیە، نائومێد، دڵی لە لێدان نەکەوێت.
لەوێدا کە ژنان فەرمانڕەوان،
بە هاوار و قیژەی خۆشییەوە

پێشوازی لە دەنگوباسێکی نەسەلەمێنراو،
دەکرێت.

**ئەندامی سێیەم**

دڵی ژنێک خاکێکە و لەوێدا
هیوا بەسەر ڕێگا خێراکاندا دێت و دەچێت.
بەڵام قسەوباسێک کە لە دەمی ژن بەر دەبێتەوە
بە هەمان خێرایی کز دەبێت و
ئەنجامیش کپ و خامۆش.

**سەرۆکی کۆرس**

هێندە نابات و بۆمان دەردەکەوێت کە ئاخۆ ڕیزی ئاگرەکان،
ئاخۆ زنجیرەی نەپچڕاوەی بڵێسەکان،
ڕاستییان وتووە یا تیشک و ڕووناکایی ئەوانیش
وەک چۆن خەونێکی خۆش فریومان دەدەن،
فریویان داوین.
لە تابگەوە پەیامهێنێک دەبینم بەپەلە بەرەو ئێرە دێت و
دارزەیتون سێبەری لەسەر نێوچەوانی کردووە.
باڵاپۆشەکەی بە تۆز و پیسی داپۆشراوە،
دوو هاوڕێیش کە شاهیدی ئەوەن ئەو پەیامەی ئەو
لە دووکەڵی چڵوچێوی چیاکانەوە دەیهێنێت

بێدەنگ نییە، بەڵام ئەو وشانەی هاواری ستایشکردن
بەرزتر دەکەنەوە، یا هەروەها
بەڵام نا، قێزم لەوە دەبێتەوە ناوی ئەوی تریان بهێنم.
با خۆشیی تازەتر بچنە سەر خۆشییەکانی پێشوو!
ئەوەش کە شتێکی تر بۆ شارەکەمان دەخوازێت
با ئەوە بدروێتەوە کە لە چەواشەیی خۆیدا چاندوویەتی.

*(پەیامهێنێک بەپەلە دێتە ژوورەوە، تۆز و پیسی جلوبەرگیان داپۆشیوە.)*

**پەیامهێن**

"ئارگۆس"، ئەی خاکی باووباپیران! سڵاوت لێ بێت.
ئەو دە شەووڕۆژەی لێرە نەبووم، زۆر هیوامیان تێکشکاندووە،
بەڵام یەکێکیان هاتە دی: من تەنانەت چاوەڕێی ئەوەش نەبووم،
جارێک لە جاران کە دەمرم، لەم خۆڵ و خاکەدا بنێژرێم.
سڵاوت لێ بێت زێدی باووباپیران، سڵاو لە تۆش، تیشکی خۆر،
لە تۆش "زێوس"؛ فەرمانڕەوای وڵات و لە تۆش "ئەپۆڵۆن"،
کە تیرەکانت ئیتر ئاراستەی ئێمە ناکرێن!
تۆ لەسەر کەنارەکانی "سکاماندرۆس" دوژمنی ئێمە بوویت،

ئێستا، تۆ ئەی سەروەری "پیوسۆس"، بوویت بەو دەسەڵاتەی
فریامان دەکەویت و چاکمان دەکاتەوە.
گشت خوداوەندانی شارەکەم بانگ دەکەم و
لە پێش هەمووشیانەوە "هێرمێس"، ئەو خوداوەندەی دەمپارێزێت،
ئەوەی بۆ خۆیشی پەیامهێنە و پەیامهێنەکان دەیپەرستن.
ئێوەش پاڵەوانان، باوکانی هەموومان، بە بەزەییەوە
پێشوازی لەو کەسانە بکەن، ئەگەرچی زۆریش نین،
کە لە دەست ڕمەکان ڕزگاریان بوو.
ئۆهـ کۆشکی پادشایەتی، ئۆهـ قوربانیگە و بورجەکان و
ئەو پەیکەرانەی لەوێدا هەن و تیشکی خۆر ڕووناکی کردوونەتەوە،
لە هەر جارێکی پێشوو زیاتر و دەمبەخەندەوە
پێشوازی لە گەڕانەوەی سەروەرەکەتان بکەن.
پادشا "ئاگامێمنون" لە تاریکیی شەوەوە،
ڕووناکیی ڕۆژ، بۆ هەمووتان دەهێنێت.
بە جۆرێک پێیدا هەڵبڵێن کە هەر لە خۆی بێت،
ئەو کە "ترۆیا"ی ڕووخاند و خاکەکەی بە پاچی تۆڵەسەندنەوە
هەڵگێڕوداگێڕ کرد، ئەو پاچەی "زێوس"ی تۆڵەستێن
دابوویە دەستی. هەرچی قوربانیگەیەک هەیە ڕمێنراوە،
هەرچی پەرستگایەک هەیە سووتێنراوە،
تەنانەت هێزی شینبوونەوەی زەوی و

دانەوێڵەی خەڵکیش، بنبڕ کراوە.
بارێکی وا گرانی خستووەتە سەر شانوملی "ترۆیا".
پادشایەک بەرەو ئێرە دێت، لێرە نزیک دەبێتەوە،
کوڕەگەورەی "ئارتیۆس"، دەستەبژێری بەختەوەری و،
لە هەر کەسێکی زیندوو زیاتر شایانی پەرستن. "پاریس"
ناتوانێت
نکوڵی لەوە بکات کە تۆڵەی کردەوەی ئەو کراوەتەوە.
بە دزی و ژنفڕاندن تاوانبار کرا و نێچیرەکەی لە دەست
دەرهێنرا؛
ئەویش ماڵی باوان و خاکی باووباپیرانی خۆی وێران کرد.
نەوەکانیشی دوو هێندە باری گرانی
ئەو تاوانەیان کەوتە سەر شان و
دەبێت بیژمێرن.

**سەرۆکی کۆرس**

بە خێر بێیت، پەیامهێنی لەشکر، دڵخۆشیش بە!

**پەیامهێن**

دڵخۆشم و ئامادەم لە خۆشیدا بمرم.

**سەرۆکی کۆرس**

کەواتە تاسەوئارەزووت بۆماڵەوە هێند سەخت و هێند بەهێز بوو!

**پەیامهێن**

خۆت دەیبینیت چاوم بە تەنیا بەو خۆشییە تەڕ بوون.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەم خەم و کوڵەش هەست پێ دەکەیت؟

**پەیامهێن**

ئەوە چی دەڵێیت؟ ڕوونی بکەرەوە، مەبەستت چییە.

**سەرۆکی کۆرس**

تۆ بیری ئێمەت کردووە و ئێمەش هیی تۆ.

**پەیامهێن**

خاکیش هیی ئێمە، وەک چۆن ئێمە تاسە و ئارەزووی ئەومان کردووە!

**سەرۆکی کۆرس**

زۆر کاتیش لەتاو ئازاری ڕوح، بە توندی ئاخی هەڵکێشاوە.

**پەیامهێن**

چ ترسێک بوو دەست و پێی ئێوەی بەستبوو؟

**سەرۆکی کۆرس**

بێدەنگیی پێشوەخت، چارەسەری سکاڵا و خەمگینیم بوو.

**پەیامهێن**

کێ بوو، کاتێک فەرمانڕەوامان لێرە نەبوو، دەیترساندن؟

**سەرۆکی کۆرس**

منیش بە تەنیا وەک تۆ دەڵێم: دەمویست بمرم!

دەی، بەو ئامانجە گەیشتین کە دەبوو پێی بگەین. بەڵام کات لەگەڵ خۆیدا، هەر بە تەنیا شتی باش نا، زۆر شتی خراپیش دەهێنێت.
هەر بە تەنیا نەوەکانی خوداوەندن کە تا هەتاهەتایە خۆشی
لە ژیانێکی بێ ئێش و ئازار دەبینن.
باسی دەردەسەرییەکانی خۆمانم بۆ کردن!
کەشتیی پڕ و سیخناخ بە جێگای نووستنی شلوشەوێق و ڕەقوتەقەوە،
تێکترنجان و بەسەر دەست و پێی یەکتردا کەوتن بە درێژایی ڕۆژ.
کاتێکیش زەریامان بە جێ هێشت و گەیشتینە سەر خاک لەو خراپتر.
بنەوبارگەمان لەبن دیواری دوژمنانەوە خست و،
باران و ئاونگ و نەرمەشێی خاکیش بەربوونە گیانمان،
جلوبەرگیان تەڕ کردین، لەوێش کرم و خشۆکان
بە لەشماندا هەڵزنان.
ئەمجا زریانە زستانییەکان بە بەفرەوە لە "ئیدا"وە،
کە مەلەکانی ئاسمانیان بە مردوویی لەگەڵ خۆیاندا بەر دەدایەوە و،
دوای ئەویش هەوای گەرم و خنکێنەری هاوین،

لە گەرمەی وەک پشکۆ داگیرساوی نیوەڕۆدا،
کاتێک زەریا، لەگەڵ با و شەپۆلاندا، ئارام بووبووەوە!
بەڵام بۆ دەبێت سکاڵا بکەین؟ ڕەنج و دەردەسەری بڕانەوە،
تەنانەت بۆ ئەوانەش کە مردن و چیی تر
پێویستیان بەوە نییە خۆ بە زیندووبوونەوەوە خەریک بکەن.
بە دەردی ئێمە ناخوات و چ سوودێکی هەیە
ئەوانە بژمێرین کە کوژران، ئەوانەی کە مردن؟
ئەمە تەنیا ئێش و ئازاری نێو دڵ و دەروونمان بە ئاگا دەهێنێتەوە.
من ئێستا ڕۆژێکی خۆش بە هەموو دڵتەنگییەکان دەبەخشم!
بۆ ئێمەش، ئەوانەی لەبەر لەشکر ماوینەتەوە،
دەستکەوتەکەمان بەرانبەر و قورستریشە،
لەو هەموو ڕەنج و دەردەسەرییەی کێشامانن.
دەتوانین شادی ببینین، خۆشی بنۆشین ـ
ئەی ئەوە نییە خۆری ئەمڕۆ
پەیامی سەرکەوتنی ئێمەی
بەسەر خاک و زەریادا هەڵگرتووە:
"لەشکری "ئارگۆس"، ئەو لەشکرەی پەلاماری"ئیلۆن"ی داوە،
بۆ شوێنە پیرۆزەکانی خوداوەندانی "هێلگاس"
نێچیری سەرکەوتنی پڕ لە پیت و بەرەکەتی خۆی هەڵواسیوە."
ئەوەش کە گوێی لەمە دەبێت، ستایشی شارەکە و

سەروەرانی لەشکر دەکات و پەیمان بە "زێوس" دەداتەوە،
ئەو "زێوس"ـەی سەرکەوتنی پێ بەخشین.
ئیتر چ قسەیەکی ترم نەماوە.

**سەرۆکی کۆرس**

باوەڕم بە قسەکانت هەیە، هیچ کەس هێند پیر نییە
نەتوانێت پێشوازی لە پەیامێکی شادیهێن بکات.
ئاسوودەیی بۆ شاژن و ئەوانەی لە دەرباری ئەودان
لە هەموو شادییەک گەورەتر دەبێت، بەڵام تەنانەت منیش
بەختەوەرم.

*(لەگەڵ ئەم دواوشانەدا کلیۆتایمێسترا لە دەروازەکەوە هاتووەتە دەرەوە.)*

**کلیۆتایمێسترا**

زۆر پێش ئێستا هاواری خۆشی و شاییی من دەنگی دایەوە،
کاتێک یەکەمین شنەبای شەو پەیامەکەی خۆی گەیاند،
کە ئیلیۆن پەلامار دراوە و وێران کراوە.
ئەوسا لە یەک کەس زیاتریش لۆمەیان کردم؟ "ئاگرێک
وات لێ دەکات باوەڕ بە فەوتان و لەنێوچوونی ترۆیا
بهێنیت؟

دڵی ژنێک چەند ئاسان گڕی تێ بەر دەبێت!"
ئاوهایان دەوت و منیان وەک سەرلێشواوێک دەبینی.
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاگری قوربانییەکانم کردەوە و،
لە دەوری "ئارگۆس"یش هاوار و قیژەی شادی و خۆشی،
ژنانە، بەرز بوونەوە، لە شوێنە پیرۆزەکانی شار و،
بەسەر ئاگری قوربانیگەشدا بەرامەیەکی بۆنخۆش ڕژێنرا.
خوازیاری هیچ وەڵامێکی زیاتر نیم لە تۆ:
هێندە نابات و هەموو شتێک لە دەمی سەروەرەکەی خۆمەوە دەبیستم.
ئێستاش پەلە دەکەم و هێندەی بتوانم شایی گەڕانەوەی مێردەکەم؛ ئەوەی شایانی هەموو ڕێزلێگرتنێکە، ڕێک دەخەم.
هیچ ڕۆژێک هەیە هێندەی ئەو ڕۆژە، بۆ ژنێک، خۆش
کە تێیدا دەرگای ماڵەکەی بۆ پیاوێکی خۆشەویستی خۆی،
کە خوداوەندانی جەنگ بۆیان پاراستووە، بکاتەوە؟
داوای لێ بکەن پەلە بکات! گشت خەڵکی شار
بە تاسە و ئارەزووی ئەوەوەن. لێرەش هەمان ژنی دڵسۆز و داوێنپاک،
ڕێک وەک چۆن ئەوسا بە جێی هێشت، لە چاوەڕوانیی ئەودایە،
سەگێکی بێدار، بەرانبەر بەو زێڕی پاک، بەڵام بەرانبەر نادۆست تووڕە.

ساڵان هاتن و ڕۆیین، کەچی هیچ مۆرێک، لە هەر جێیەکی ئەم ماڵە درابێت، نەشکێنراوە. ئاسوودەیی خۆشەویستییەکی یاساغ و ناووشۆرەتی لەکەداربوو، وەک هونەری ڕەنگکردنی برۆنز بە من نامۆن. ژنێکی نەجیبزادە، بە تەنیا هەر ئەوەندە خۆی بناسێت، خۆی شەرمێون ناکات.

*(کلیۆتایمێسترا دەگەڕێتەوە و دەچێتەوە نێو قەڵاکەوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

ئێستا ئەو قسەی خۆی کرد. هیچ وەرگێڕێکی بەئەزموون
نازانێت لەوە چاکتر وشەکانی دابڕێژێت. بەڵام پێم بڵێ،
پەیامهێن،
مێنێلاووس، ئەو سەروەرە گەورەیەی ئێمە، کە ئەم خاکە
خۆشی دەوێت،
لەگەڵ ئەو گرۆیەدا کە لە دوای تۆوە دێنەوە، دەگەڕێتەوە،
بێ ئەوەی لە جەنگدا هیچ زیانێکی پێ گەیشتبێت؟

**پەیامهێن**

باوەڕ ناکەم، هاوڕێیان، درۆیەکی جوان،
تا سەر بتوانێت بەروبوومێکی گونجاو هەڵبگرێت.

**سەرۆکی کۆرس**

با چاک و ڕاست لەنێو پەیامەکەی تۆدا یەک بگرن!
ئەگەر لێکتر جیا بن، ناتوانرێت بشاردرێنەوە.

**پەیامهێن**

ئەو و کەشتییەکەی ـ ڕێک وەک ئەوەی کە ڕوویداوە ـ
لە ئێمە، لە چاوی ئێمە، بزر بوون.

**سەرۆکی کۆرس**

لە "ئیلیۆن"ـەوە بە تەنیا بەرەو زەریا بە ڕێ کەوت؟
ئەی زریانێک بڵاوەی بە گەلەکەشتییەکە کرد؟

**پەیامهێن**

ئەوەتا، تۆ ئەی نیشانەشکێنی کارامە، تیرەکەتت لە
نێوەڕاستی نیشان دا.
بە چەند وشەیەک باسی زۆر شتی ناخۆشت، زۆر
بەدبەختییت، کرد.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەی ئەوانەی تر، ئەوانەی کە لە زەریادا بوون، ئەوان سەبارەت بە چارەنووسی ئەو لەسەر چ باوەڕێک بوون؟ پێیان وا بوو کە ڕزگاری بووە، یان خنکاوە؟

**پەیامهێن**

بێجگە لە خۆر، کە ژیانی سەر ئەم زەوینەی ڕاگرتووە،
هیچ کەسێک ئاگای لەوە نییە و ناتوانێت وەڵامێک بداتەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەو تووڕەییەی خوداوەندەکان بەرەو کەشتیگەلەکەیان نارد
چۆن دەستی پێکرد، ئەی زریان چ کۆتاییەکی هەبوو؟

**پەیامهێن**

با ڕۆژێکی پیرۆز و پڕ لە خۆشی و شادی بە پەیامی بەدبەختی
بارگران نەکەین، هەر خوداوەند و جۆری پەرستنی تایبەت بە خۆی هەیە.

کە بە چاوی پڕ لە ترس و نیگەرانییەوە پیاوێک جاڕی تێکوپێکشانی لەشکرەکەی دەدات ـ مستێکی کوشندە، قورس بۆ هەموو خەڵکی شار و
بۆ ئەو هەزاران ماڵانەش کە هەزاران پاڵەوانی لە وێنەی "ئارێس"ی
تێدا کوژرا، ئەو جووت ڕمانەی وێران دەکەن و ئەوەش کە لە مەرگ خۆی دەچێت و وەک ئەو دەکوژێت ـ ئەمجا با ئەو پەیامهێنەی پەیامی کارەساتی پێیە ئەو سروودە بخوێنێت کە تەنیا هەر گیانی تۆڵەسەندنەوەیە و هیچی تر.
بەڵام من کە بە پەیامی سەرکەوتنەوە لە شارێکی بەختەوەر نزیک دەبمەوە، لە شارێک کە جەژنی سەرکەوتن دەگێڕێت، ئاخۆ دەتوانم تاڵیی گژوگیایەک تێکەڵی ئاسوودەییتان بکەم و باهۆز بڕەوێنمەوە، ئەو باهۆزەی بە تووڕەیی خوداوەندان هەڵیکردووە؟ بەڵێ، ئاگر و زەریا، خوێنخوارانی کەونارا، پەیمانیان بەست و پێکەوە بە هەڵمەتێک لەشکری دەستوپێبەستراوی "ئارگۆس"یان لە ناو برد. شەپۆلە بڵند و تووڕەکانی شەوانەش وێرانبوونیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا. بایەکی باکووریی "سراکی"ش هەڵیکرد و کەشتییەکانی بە یەکدا دا و کەشتییەکان سەریان، زۆر خراپ، یەکانگیر بوو، ئەمجا بەپەلە بە ڕێ کەوتن و لە چاوان بزر بوون، هەر ئەوساش بوو کە زریان؛ ئەو شوانە بەدکارە، قامچییەکەی خۆی، کە لە برووسکە و ڕێژنە و گێژەن و شەپۆل بوو، ڕاوەشاند. کاتێکیش خۆر لە

کازیووەوە سەری دەرهێنا، چاومان بە گوڵی زەریا کرایەوە و گوڵی زەریاش پارچەی تێکوپێکشکێنراوی کەشتی و لاشەی "هێلینی"یەکان بوو.
کەشتییەکەی ئێمەش بەبێ ئەوەی تیغەی بنەوەی هیچ زیانێکی لێ کەوتبێت لە باوەشی مەترسی ڕزگاری بوو - ئەمە کردەی هیچ کەسێک نەبوو، خوداوەندێک بە دزییەوە پڕی بە کەشتییەکەی ئێمەدا کرد. ئیتر بەخت بووە فەرمانڕەوا: کاتێکیش لەنگەرمان هەڵدا، هیچ شەپۆلێکی بڵند و تووڕە بەرەو ڕوومان نەبووەوە و لە گەشتەکەماندا تووشی هیچ گاشەبەردێک نەهاتین.
بەڵام هەر ئەوسا، ئەگەرچی هەڕەشەی مەرگهێنی زەریامان لە کۆڵ بووبووەوە و دنیاش ڕووناک، چیی تر بڕوامان بە بەخت نەما و پێمان وا بوو کەڵکی هیچمان بۆ ناگرێت، بەڵام خەم و پەژارەی تازەمان لێ پەیدا بوون و لەشکرەکەمانی خستە تەنگانەوە و هەڕەشەی لەناوبردنی گەشتیگەلەکەمانیان دەکرد. ئەگەر ئێستا کەسێک لەو لەشکرە بە زیندووی مابێتەوە، بۆ مەرگی ئێمە دەگرییێت و ناهەقیشی نییە، هەر هەمان مەترسیشە ئێمەی خستۆتەی سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە لە مەترسیی مان و نەمانی ئەوان.
بەڵام با ئەوەی لە هەر شتێکی تر چاکترە ڕوو بدات!
بەر لە هەر شتێکی تر بڕوا بەوە بکەن کە هێندە نابات و "مێنێلاووس" دەگەڕێتەوە.

هەر ئەوەندەش تیشکێک لە تیشکەکانی خۆر، لە جێیەکدا، ئەو تەندروست و لەسەرخۆ ببینێت، هیوای ئەوە هەیە بۆ ماڵ بگەڕێتەوە، بە یارمەتیی زێوس، کە هێشتا نایەوێت مافی فەرمانڕەوایی ئێمە لە ناو بەرێت.
ئیتر من قسەی خۆمم کرد و زمانم لاڵ، ئەگەر درۆیەکم کردبێت.

*(پەیامهێن بە هەمان ڕێگادا کە لێوەی هاتبوو دەڕوات.)*

**کۆرس**
**بڕگەی شیعریی یەکەم**

کێ ئەم ناوە دوابڕاو و
پڕمانایەی لێ ناوە؟
چ دەسەڵاتێکی یەزدانیی نادیارە
لە تاریکیی داهاتووی ڕوانیوە و
ئەو وشە ڕاستەی دۆزیوەتەوە؟
هێلێنا، وێرانکەر،
بووکی ڕمبەدەست، بووکی جەنگ!
کەشتیی نوقومکراو، شارانی وێرانە و،
پیاوانی کوژراوی بەرەکانی جەنگ،
ناوی ئەون.
لە سەرینە پڕ و ڕەنگینەکانی تەختی نووستنێکی ڕازاوەوە

بەرەو کەشتییەکە ڕۆیشت،
چارۆکەی هەڵکرد،
بایەکی بەهێزیش لە ڕۆژئاواوە هەڵیگرت و
بە ڕێ کەوت.
گرۆیەک لە ڕاوکەرانی قەڵغانبەدەستیش،
دوای شوێنەواری خێراونبووی کەشتییەکە کەوتن.
بەڵام هەر ئەوسا نێچیر بە دزییەوە خۆی گەیاندبووە
سەر کەنارە سەوز و پڕ لە چڵوچێوەکانی "سیمۆیس" و
هەر لەوێش دەبوو خوێنێکی زۆر بڕێژرێت.

## هاوبڕگەی شیعریی یەکەم

تووڕەیی خوداوەندان، کە هەرگیز لە پلوپا ناکەوێت،
ئەوی وەک بووکێکی ڕاستەقینەی تۆڵەستێن
بەرەو ئیلیۆن نارد، وەک سزایەک بۆ گاڵتەپێکردنێکی دڵپڕوێن،
گاڵتەکردن بەماڵی باووباپیرانمان،
ئەو ماڵەی زێوس دەیپارێزێت.
برایانی زاواش دەبوو بە تاڵترین شێوە
باجی ئەو گۆرانییە بدەن کە بەدەم خۆشی و شاییەوە
لە ستایشی بووکێدا دەیانچڕی و
قەڵای کەونارای "پریامۆس"یش
نەفرەت لە ئۆردووی پڕ لە کارەسات و

ناوی بەدبەختی "پاریس" بکات.
شار دەبێت فێری ئاوازی نوێ بێت.
هەر ئێستا سروودە خۆشەکان بێدەنگن و
لە گریاندا نوقووم بوون ـ
بوون بە گریان و خەمینی و ڕەنج و دڵتەنگیی ژیان دەچڕن،
بەو گۆرانییە پڕ لە سکاڵایانەی خوێنی ڕژاوی
کوڕانی شار دەلاوێننەوە.

## بڕگەی شیعریی دووەم

شوانەکە شەپاڵێکی بردەوە ماڵ،
خواردنی پێ دا و چاودێریی کرد.
لە ماڵدا خۆشەویستی هەمووان،
بەخۆشییەوە یاریی لەگەڵ منداڵان دەکرد و،
پیاوانی بەرەو گاڵتەوگەپ ڕادەکێشا.
زۆرجاران "کلێمادێس" وەک ساوایەک
لە باوەشدا ڕادەژێنرا.
چاو ڕوون و ساو بەو نێوەدا دەهات و دەچوو،
کلکەسووتێی دەکرد و لە برساندا، ئارام و میهرەبان،
دەستی خانەخۆیی دەلێستەوە.

## هاوبڕگەی شیعریی دووەم

بەڵام کە شەپاڵ گەورە بوو،
بەزوویی هەستی زگماکی دەرکەوت،
مگێزی وەک دڕندەیەک بە دیار کەوت و
ڕەنج و کۆششی بەخێوکەریش
لە ئاست ڕنینی مێگەلی کۆزدا
لە جێی هیچ بوو،
قەپۆزی خوێناویی ئەو
هەموو شتێکی پیس دەکرد.
مەرگ و ترسی خستە نێو دڵی
خەڵکی تۆقیوی ماڵ.
ئەو لە خوداوەندێکەوە نێردرابوو،
وەک ڕۆحێکی بەدکار و ترسهێن
لەوێ و لەو ماڵەدا دەژیا.

**بڕگەی شیعریی سێیەم**

ئەو ژنە جارێک لە جاران بۆ ترۆیا هات ـ
زەریاچەیەکی دوور لە با، ڕوون و درەوشاوە،
خشڵێکی جوان و بەنرخ،
نیگایەک لە چاوێکی پڕ لە تامەزرۆوە،
گوڵێکی ئەوینی بۆنخۆش.
بەڵام لەپڕێکدا گۆڕرا و،
کۆتاییی ئاهەنگیش ناخۆش و تاڵ.

لەنێوچوونە ژیان لەگەڵ بووکێکدا
وەک گۆرانیی بووکێنیی خۆی،
تەنیا هەر فرمێسکی هەبێت.
ئەو، لە "زێوس"ـەوە کە ئاگای لە مافی میوانداربیە،
وەک تۆڵەئەستێنێک بەرەو قەڵای کوڕەکانی پریامۆس نێردرا.

### هاوبڕگەی شیعریی سێیەم

پەندێک لەسەر زاری خەڵکە،
پەندێکی شایان و دێرین:
کە بەخت یار بوو،
ئەو ژنە بە نەزۆکی نامرێت،
بەڵام بەدبەختییەکی بێپایان
لە دوای خۆی بە جێ دەهێڵێت.ـ
بەڵام من لەگەڵ ئەوانی تردا یەک نیم،
بۆچوونی تایبەتی خۆم هەیە.
توخمی نوێ تەنیا هەر لە کردەی خوانەناسانە دەکەوێتەوە،
نەوەی تاوانێک کە لە دایکی خۆی دەچێت.
لە ماڵێکدا کە دادوەری باڵادەست بێت
کوڕانی کامڕەوا پێ دەگەن و
بەخت، هەمیشە، بە میرات دەمێنێتەوە.

## بڕگەی شیعریی چوارەم

بەخۆوەنازینی کۆن و لەخوانەترسانە،
کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە، درەنگ یا زوو، دێت،
لە گیانە بەدکارەکاندا بەرەبابێکی نوێی لێ دەکەوێتەوە،
بەرەبابێک کە شەرم لە هیچ شت و هیچ کەسێک ناکات.
لە ماڵیشدا تۆوی تاوانێک،
کە کەس ناتوانێت بەری پێ بگرێت و،
کەس ناتوانێت سەری پێ نەوی بکات،
چەکەرە دەکات؛
ئەو گیانە بەدکارە ڕەشانەی
کە کتومت لە باووباپیرانی خۆیان دەچن.

## هاوبڕگەی شیعریی چوارەم

بەڵام لە بن لاپاڵێکی نەوی و دووکەڵگرتوودا
دادوەری دەدرەوشێتەوە و
ئاکاری ئەو کەسەی کاری چاکەی لە دەست دەبێتەوە
ڕێزی لێ دەگیرێت.
کەچی لە کۆشکە بەرزە زێڕینەکاندا
دەستی بە خوێن سووربوو فەرمانڕەوایە و
ئەو ژنەش سڵ لەوە دەکاتەوە و
بە دوای کۆختی کەسێکی میهرەبان و

لەخواترسدا دەگەڕێت.
ئەو دەسەڵاتی ماڵوسامان، کە بەناهەق ستایش دەکرێت،
بە هێند ناگرێت، بەڵام هەموو شتێک
بە ئامانجی خۆیەوە گرێ دەدات.

*(ئاگامێمنون بە سواری گالیسکەیەک دێتە ژوورەوە. "کاساندرا"ی لەگەڵدایە، وەک پێشبینیکەرێکی ئەپۆلینی قژی خۆی بە پەڕۆی قوربانی بەستووە و داراسایەکی لە داری خاری بە دەستەوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

پادشام؛ ئەی وێرانکەری ترۆیا، سڵاوت لێ بێت!
ئەی کوڕی ئارتیۆس، دەبێت چۆن بەخێرهاتنەوەت بکەم؟
چۆن ڕێزت لێ بگرم تا وشەکانم، ئەوانەی بەرەو بەرزایی و
ئەوانەش کە بەرەو نزمایی ئاراستەیان دەکەم،
بتوانن ئەو سوپاسگوزارییەت پێ ڕەوا ببینن
کە لە شانوباهوی خۆت دێن،
ستایشێک کە سەرت پێی بەرز دەبێتەوە؟
چونکە زۆرن ئەوانەی بەر شەوارە کەوتوون و
لە ئاست یاسا ڕاست و هەرزانەکاندا شوێنەون بوون.
هەر کەس، لەگەڵ ئەو کەسەدا کە کەتووەتە تەنگانەوە،
ئامادەیە ئاخ هەڵبکێشێت،

ئەگەرچی جزووی خەمگینییش تا سەر دڵ ناسمێت.
ئەوەی بەختیاریشە، کاتێک دەمە داخراوەکان ناچارن بە خەنین،
بە دووڕووییەوە، پێشوازیی لێ دەکرێت.
بەڵام ئەو شوانەی خەڵک کە مێگەلی خۆی دەناسێت،
ڕێ بە خۆی نادات نیگای نەیاران فریوی بدات،
ئەو نیگایانەی هاوڕێیەتییەکی پڕ لە چاووڕاویان لێ دەتکێت،
شەرابێکی بە ئاو ڕوونکراوە،
کە خیانەتکارانە پێدەکەنن و ستایش دەکەن.
با زۆری لەسەر نەڕۆین، کە هێزی لەشکرەکەتت لەبەر خاتری هێلێنا کۆ کردەوە، ـ چی بێت لە تۆ نهێنی ـ لە چاوی مندا، تۆ لەبەر ڕووناکیی شێتیدا وەستابوویت و، جڵەوی بیروڕاکانیش لەنێو دەستەکانتدا شلوشەوێق،
کاتێک بە قوربانییەکان دڵدانەوەیەکی نوێژەنت
لەنێو دڵی ئەو پیاوانەدا دادەڕشت کە بەرەو پیری مەرگ دەچوون.
بەڵام ئێستا لە قووڵاییی دڵمەوە، کە لێوانلێوی باوەڕە،
بە شانوباڵی ئەو پیاوەدا هەڵدەڵێم جەنگی بە کۆتایی گەیاند.
ڕۆژان دێن و دەڕۆن و
تۆش بەو نیگایانەت کە لە هەموو شت دەکۆڵنەوە

ئەوەت بۆ دەردەکەوێت، لەوانەی کە لە خاکی باووباپیراندا مانەوە،
کێ بوون بە باوەڕ و ئابڕووەوە ڕەفتاریان کرد و
کێش بێئابڕوو و بێباوەڕ.

**ئاگامێمنون**

سڵاو لە ئارگۆس، سڵاو لە خوداوەندەکانی وڵات!
ئەمەش یەکەمین ئەرکی سەر شانمە: ئەوان بوون لە گەڕانەوەیەکی بەختەوەردا بۆ خاکەکەم یارمەتیان دام و لە تۆڵسەندنەوەیەکی دادوەرانەشدا دژ بە شاری پرییامۆس، هەر ئەوان بوون پشتوپەنام. ئەوان گوێیان بە هۆ و دژەهۆ نەدا. نا، هەر یەکە و هەموو پێکڕا یەکدەنگ و تەبا، بۆ لەنێوبردنی ترۆیا، دەستی خۆی بەنێو کوپەڵەیەکی خوێناویدا کرد و دەنگی خۆی تێخست، هیچ لەو دەستەشیاندا نەمابوو کە بردیان بۆ دەمی کوپەڵەکەی تر.
ئێستا چەڕەدووکەڵێک پێشانمان دەدات شارەکە لە کوێ بوو،
بای مەرگیش بەسەر خۆڵەمێشی خەفەبوودا هەڵیکردووە،
خۆڵەمێشێک کە هەناسەی خنکاویی سەروەت و
سامانی سووتێنراو هەڵدەمژێت.
با بۆ هەمیشە سوپاسی خوداوەندەکانمان بکەین،
تۆڵەی ئێمە بێبەزەیی و بێسنوور بوو،

چون لەبەر ژنێک دەبوو شارەکە،
لەنێو قەپی گیانەوەری دڕندەی "ئارگۆس"دا،
لەتوپەت بکرێت،
لەشکرێکی قەڵغانبەدەست لە زگی ئەسپەکەوە.
گیانەوەرە دڕندەکە خۆی گرمۆڵە کرد. نیوەشەو،
چڵێس و بە خوێنی نێچیر تینوو
بەسەر دیوارەکەدا بازی دا و
خۆی لە خوێنی پادشایانەی ترۆیا تێر کرد.

ئێستا ستایشی خۆمم بە خوداوەندەکان گەیاند.
هێندەش کە پێوەندی بە قسەکانی تۆوە هەبێت، لە بیرمن،
لە سەرلەبەریشیان تێدەگەم و منیش هەر لەسەر هەمان باوەڕم.
بێگومان زۆر نەبوون ئەو پیاوانەی کە تەنیا هەر بە شادییەوە
بە پیری کامەرانیی ئەوانەی ترەوە بچن و دڵیان بە خۆشییان بکرێتەوە.
کاتێکیش تیری ژەهراویی ئێرەیی لە دڵ هەڵبچەقێت،
باری گرانی نەخۆشەکە دوو هێندە گران دەبێت و:
بێدەستەڵاتانە لە ژێر خەمگینییەکانی خۆیدا دەلەنگێت و
بە بەختەوەربوونی کەسێکی تر ئازار دەچێژێت.
من ژیان و ئەو شتانەش کە ژیان تێیدا ڕەنگ دەداتەوە دەناسم.

ئەو هاوڕێتییەی کە من پێم وا بوو بەهێز و بێ چەندوچۆنە،
تەنیا تارماییەکی هەڵخەڵتێن و زریوەزریو بوو و هیچی تر.
هەر بە تەنیا ئۆدیسیۆس نەبوو کە بڕوا و پەیمانی شکاند.
ئەو لەناچاریدا بە دوامان کەوت، بەڵام جارێکیان گرژ و تاڵ،
وەک هەمیشە کە دەیویست، گالیسکەکەی منی ڕاکێشا.
ئەمجا شاهێدیی ئەمەش دەدەم – لەوەیە لەبارەی مەرگێکیشەوە بێت.
بۆ ئەم شارە و خوداوەندەکانی ئەم شارە دەمەوێت،
بۆ ئێوە کە لە کۆڕێکی خەڵکدا کۆبوونەتەوە، ئەم ئامۆژگارییەتان بکەم،
هەموو شتێک کە لە ئێستادا باشە با هەروەها بمێنێتەوە.
لەوێشدا کە لە تەنگانەدا دەرمانێک پێویست بێت،
ئاگر و چەقۆ پێش خۆمان دەخەین و
خراپە دەربەدەر دەکەین.
ئێستاش دەچمەماڵەوە و لە بەردەم ئاگردانی ماڵدا
دەست بۆ ئاسمان هەڵدەبڕم و سڵاو لە خوداوەندەکان دەکەم؛
ئەو خوداوەندانەی بەرەو دوور ڕێنوێنییان کردم و
بەرەو ماڵەوەش پێشڕەوی.
با ئەو سەرکەوتنەی لەگەڵمدا بووە،
بۆ هەمیشە لێرە بمێنێتەوە و
نیشتەجێ بێت.

*(ئاگامێمون خەریکە لە گالیسەکەکە دێتە خوارەوە، بەڵام کە چاوی بە کلیۆتایمێسترا دەکەوێت لە قەڵاکەوە دەردەکەوێت، دەستوپێوەندەکانی بە دوایەوەن و فەرشی ئەرخەوانییان هەڵگرتووە، لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە.).*

**کلیۆتایمێسترا**

ئۆهـ پیاوانی ئارگۆس، باوکانی شایانی ڕێز و خۆشەویستی،
من شەرمم لەوە نەکرد بە ئاشکرا لە ڕووی ئێوەدا باسی خۆشەویستیی خۆم بکەم، چون شەرمیش لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا دەڕاکێت.
ئێستاش ئەوەی کە دەیڵێم شتێک نییە لە بەرم کردبێت و بیڵێمەوە ـ
نا، بەڵکو باسی ژیانی خۆم، ژیانی هەژارانەی خۆمە،
ئەو ساڵانەی ئەو لە دەوروبەری ترۆیا بوو.
ئاهـ لە بەختی بەدبەختی ژنێک کە بە تەنیا دەمێنێتەوە،
دوور لە مێرد، لە ماڵێکی بەجێهێڵراودا کە بەردەوام بەندوباوی
تازەی لێ هەڵدەستێت و لێی دەچێتە دەرەوە،
یەک لە یەکتر تۆقێنەرتر.
ئەگەر ئەم پیاوە، وەک پەیامە ناخۆشەکان دەیانگێڕایەوە،

ئەوەندە جاران بریندار بووبێت، دەبێت ئێستا هێندەی کونی تۆڕێک
برین بە لەشیەوە بێت. ئەگەر ئەوەندە جاریش مردبێت کە دەیانوت، ئەوە دەیتوانی، وەک "گێریۆن"ێکی تر شانازی بە هەر سێ لەشی خۆیەوە بکات، کە هەموویان مردن و هەر یەکەیان بۆ خۆی و
لەنێو کفنی خۆیدا، کە لە خاک و خۆڵ بوون، پێچرانەوە!
ئا بەم بەندوباوانەوە بەرەو نائومێدی بە کێش کرام و
زۆرجار دەستی ئەوانی تر ئەو پەتەیان شل کردەوە
کە لە ملمم گرێ دابوو.

*(ڕوو لە ئاگامێمنون دەکات.)*

هەربۆیە، کوڕەکەمان؛ ئۆرێستێس، بەڵگەی خۆشەویستییە پاکەکەمان،
کە دەبوو لێرە بووایە، ئێستا لێرە نییە. بەڵام سەرت سووڕ نەمێنێت!
ئێستا ئەو لە لای میوانە خۆشەویستەکەمان، سترۆفیۆس لە فۆکیس،
پەروەردە دەکرێت. سترۆفیۆس، کە منی لە مەترسییەکی دووچەندانە ئاگادار کردەوە، کوڕەکەمانی لەگەڵ خۆی برد:
مەترسییەکیان کە لە ئیلیۆن هەڕەشەی لە تۆ دەکرد و

ئەوی تریان یاخیبوونی خەڵک لێرە، ئاشوبێک کە دەیتوانی ببێت
بە هۆی ڕووخانی شورەکەمان؛ ئەوە دابونەریتی خەڵکە
کە کەسێک کەوتبێت تێی هەڵبدەن.
هیچ چاوبەستێکیش لە ئاگادارکردنەوەیەکی ئاوهادا نییە.
کانیی ڕەوانی چاوی من وشکی کرد و،
لە چاوەڕوانی، چاوەڕوانییەکی خۆبینینانەی، گڕی مەشخەڵەکەی تۆدا،
نیگام بە گریە و بێداریی شەوانە لێڵ و نیوەتاریک بوو.
پرتەپرتی باڵی مێشوولەیەک لە خەونەکانم بە ئاگای هێنامەوە،
لەو خەونانەدا کە تۆم تێیاندا دەبینین و چەندین مەترسیی تۆقێنەر
هەڕەشەیان لێ دەکردیت، کە کاتی کورتخایەنی خەونبینینیش
نەیدەتوانی لە خۆیان بگرێت.
ئا بەو جۆرە ئازارم چێشتووە، بەڵام ئێستا کە ئازار لە کۆڵم بووەتەوە،
وەک سەگێکی بەوەفای مێگەل پێشوازیت لێ دەکەم،
تۆ ئەی ڕیزەلەنگەری دڵنیا کە کەشتییەکە ڕزگار دەکەیت،
ئەی ئەو کۆڵەکەیەی بانی ماڵت ڕاگرتووە؛
تۆ بۆ من چون منداڵێکی ساوایت بۆ باوکی،

تۆ ئەو کەناری زەریایەی، ڕۆژێکی خۆشی بەهار، دوای زریانی زستان،
بەبێ ئەوەی هیچ کەس پێشتر چاوەڕێی بووبێت،
لە جێی خۆیەوە بەرز دەبێتەوە و خۆی پێشانی کەشتی دەدات،
تۆ قوڵپی ئاوی کانیت بۆ گەڕۆکە تینووەکان.
ئاهـ چەند خۆشە خۆدەربازکردن لەو هەموو بارگرانییە!
بەڵێ، ئەو شایانی ئەوەیە بەم قسانە بەخێرهاتنەوەی بکرێت.
با ئیتر ئێرەیی لەم دەوروبەرە بە دوور بێت! ئەوەندەم چەشتووە بەس بێت و لەوەش زیاتر. ئێستاش، خۆشەویست، لە گالیسکەکەت دابەزە،
بەڵام نەهێڵیت پێیەکانت کە "ئیلۆن"یان تێکوپێک شکاند، بەر زەوی بکەون.
خێرا وەرن، ئەی ئەو بەربووکانەی فەرمانم پێداون
فەرش لەسەر خاکیی ڕێی ئەودا ڕابخەن!
تا بەر دەرگای ماڵ، ڕێڕەوێکی ئەرخەوانی بۆ بخەملێنن
تا بەنێودا، بە پێشڕەویی دادوەری، بەرەو ڕێکخستنەوەی ماڵ،
هەنگاو بنێت.
وەک چۆن چارەنووس داوا دەکات، هەروا خەمینیی بەئاگای منیش،

بە یارمەتیی خوداوەندەکان، هەموو شتێک دەگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی.

*(دەستوپێوەندەکان لە گالیسکەکەوە تا بەر دەروازەی قەڵا فەرشی ئەرخەوانی ڕادەخەن. ئاگامێمنون لە جێیی خۆی ناجووڵێت.)*

**ئاگامێمنون**

ئۆو کچی لێداس، پاسەوانی ماڵ،
قسەکانت نەختێک لە قسەکانی من دەچوون، ئەو کاتەی لێرە نەبووم و:
چاکت هۆنیبوونەوە. بەڵام خۆزگە ستایشی دادوەرانەشم لە دەمی کەسێکی ترەوە وەردەگرت. ناشمەوێت وەک ژنێک خۆ تەسک بکەمەوە و نازونووز بکەم.
ئایا ئەگەر وا نەکەم، ئیتر من "بەربەر"ێکم، ئەوەی بە دەمی داچەقاوەوە ستایش دەکرێت و مەرایی و کلکەسووتێی خۆی پێشان دەدات؟ ئەو ڕێیە بە فەرش مەڕازێنەوە بۆ من کە ئێرەیی بە ئاگا دێنێتەوە. ئەمە شایانی خوداوەندەکانە. بەڵام من، منێک کە دەمرم، ناتوانم نەترسێم و بەسەر ڕشتەی ڕازاوەی فەرشی ئەرخەوانیدا هەنگاو هەڵهێنم. من دەمەوێت وەک کەسێک کە دەمرێت، نەک وەک خوداوەندێک، پێشوازیم لێ بکرێت و تەنانەت شکۆی ڕازاندنەوەیەکی

ڕەنگینیش دەنگی خراپە و بەندوباوی خۆی هەیە. هەستێکی میانڕەو باشترین دیاریی یەزدانییە. با تەنیا ئەو کەسەی کە بە بەختەوەری دەمرێت،
بەختەوەرانە ستایش بکرێت.
ڕەفتارێکی ئاوها ئومێدەواریم پێ دەبەخشێت.

**کلیۆتایمێسترا**

نابێت ئاوها بدوێیت، بە دژی خۆزگە و خواستی من.

**ئاگامێمنۆن**

پێت وا نەبێت پشت لە بڕیارەکەم دەکەم.

**کلیۆتایمێسترا**

هیچ گفتێکت، لە ترساندا، بە خوداوەندەکان داوە؟

**ئاگامێمنون**

دەزانم، سەبارەت بە کەسێک، پەیامێکی ژیرانەم داوە.

**کلیۆتایمێسترا**

پێت وایە، ئەگەر پرییامۆس سەرکەوتنی بە دەست بهێنایە، چی دەکرد؟

**ئاگامێمنون**

بە دڵنیاییەوە بەسەر ڕێگا ئەرخەوانییەکەدا دەڕۆیشت.

**کلیۆتایمێسترا**

لە چی دەترسێیت؟ لە لۆمەی خەڵک؟

**ئاگامێمنون**

دەستەڵاتێکی زۆر لە دەنگی خەڵکدا هەیە.

**کلیۆتایمێسترا**

هەر ئەو کەسە شایانی ئێرەییە، کە ئێرەیی بە ئاگا دەهێنێتەوە.

**ئاگامێمنون**

لە ژن نایەت بە دوای شەڕدا بگەڕێت.

**کلیۆتایمێسترا**

بەڵام سەرکەوتنیش لەگەڵ شیری لە کالان دەرهاتوودا دێتەوە.

**ئاگامێمنون**

بردنەوەی ئەم بەرابەرکێیەت هێند بە لاوە گرنگە؟

**کلیوتاێمێسترا**

کەواتە تۆ کە دەستەڵاتداریت، دەست هەڵبگرە.

**ئاگامێمنون**

باشە، ئەگەر تۆ ئەوەت دەوێت ـ بەپەلە پێڵاوەکەم بکەوە، ئەو کۆیلە دەستوپێبەستراوەی کەوتووەتە ژێر پێمەوە!

*(ژنەخزمەتکارێک پێڵاوەکانی ئاگامێمون شل دەکاتەوە و دایاندەکەنێت.)*

با نیگای بەدکارانەی دوور لێرەوە، لە کاتێکدا بەسەر ئەم ئەرخەوانییە پیرۆزەدا ڕێ دەکەم، پەیم پێ نەبات: دەترسێم ئەو ڕشتە گرانبەهایە پیس بکەم، کە بەرانبەری کێشی خۆی بە کەستەکی زیوین خەملێنراوە.

*(ئاگامێمنون لە گالیسکەکە دادەبەزێت.)*

ئەمیان بە جێی خۆی. بەڵام بە ڕووخۆشییەوە پێشوازی لەم ژنە بیانییە بکە. خوداوەند بە نەرمونیانییەوە لەو کەسە دەڕوانێت کە دەسەڵاتی خۆی نەرمونیان بە کار دەهێنێت، چون هیچ کەس بە خواستی خۆی ناچێتە ژێر باری گرانیی کۆیلەییەوە. ئەوە، وەک دیاریی شەرافەتمەندیی لەشکر لەگەڵ مندا هاتووە، جوانترین گوڵی ڕاووشکارێکی تێروپڕ.
ئێستاش – دوای ئەوەی گوێم لە قسەکانت گرتووە – بە ڕێی ئەرخەوانیی خۆمدا، بەرەو ماڵ دەبمەوە.

*(ئاگامێمنون بە هێواشی بەسەر فەرشە ئەرخەوانییەکەدا بەرەو دەرگای ماڵ دەڕوات، کلیوتامێستراش، بەبێ ئەوەی پێی لێ بنێت، دوای دەکەوێت. دەستوپێوەندەکان فەرشەکە لوول دەکەن، هەڵیدەگرن و دەیبەنە دەرەوە.)*

**کلیۆتایمێسترا**

زەریا لەوێیە – کێ دەتوانێت چۆڕبڕی بکات؟
لەوێ، بۆ هەتاهەتایە، خۆشاوی ئەرخەوانیی بەڕێژەو بۆ لە ڕەنگهەڵکێشانی جلوبەرگ، بەرهەم دەهێنرێت؛ کە هێندەی کێشی خۆی بەنرخ بەرانبەر بە زیو دەخەمڵێنرێت.
بە یارمەتیی خوداوەندەکان، قەڵا؛ماڵی ئێمە، لەو جلوبەرگانە پڕە،
ئۆهـ گەورەم، هەست ناکەم لە هیچ شتێکم کەم بێت.
ئەگەر ئیلهامبەخشی خودایی، وەک بەرانبەرێک بە ژیانی بەنرخی تۆ داوای لێ بکردمایە، ئاخۆ چەند دیواربەندی ڕەنگاوڕەنگی ترم نەکردە قوربانی تا پێیان پێدا بنێیت.
کە ڕەگوڕیشە توند و پتەو بوو، چڵوچێوی پۆپی درەخت سەوز دەبێت و
لە گڕەی خۆری هاوین دەمانپارێزێت.
کە تۆ بۆ نێو ماڵ و زێدی خۆت گەڕایتەوە، گەرمیی بەهار لە سەرمای زستانەوە سەری دەرهێنا. گەڕانەوەی تۆ، ئەی ئەو فەرمانڕەوایەی سەرکەوتنت بە دەست هێناوە، ئەو شنەبایەیە کە پێشوەخت ئەو پشکۆیە فێنک دەکاتەوە کە زێوس تێیدا لە تریێ تاڵەوە شەراب پێ دەگەیەنێت.

*(ئاگامێمنون چووەتە ژوورەوە، بەڵام کلیۆتایمێسترا نەختێک لەبەر ئاستانەی دەرگاکەدا خۆی دەخلافێنێت.)*

زێوس، زێوس، تۆ کە هەمیشە شت بە کۆتا و ئەنجام دەگەیەنیت، گوێ لە نزا و پاڕانەوەم بگرە! ئەوە بە ئەنجام بگەیەنە، کە دەبێت بە ئەنجام بگات و کۆتایی بێت!

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی یەکەم**

بۆ ئەم نیگەرانییە،
هەمیشە لەبەر نیگای ڕۆحماندا،
پرتەپرت دەکات؟
لە کاتێکدا ڕۆحی پێشبینیکەر،
بێ ئەوەی ناچار کرابێت،
یا تاوانەیەکی لێ داوا کرابێت،
گۆرانیی دەچڕێت.
بۆ، وەک دیمەنی خەونێکی لێڵ و
بە زەحمەت هەڵهێنراو،
لە بیرمان ناچێتەوە؟
بۆ هیوا، وەک هەردەجاران،
وەک ڕۆژانی ڕابوردوو،
نەرمونیان، لە کانگای دڵماندا،
جێی شایانی خۆی ناگرێت؟
کات، لەو کاتەوە لمی ئاولیس،

بە دەوری لەنگەرە شلوملەکانی کەشتییەکاندا،
وەک گەردەلوول دەگەڕا،
پیر بووە.

### هاوبڕگەی شیعریی یەکەم

ئێستا بە چاوی خۆمان بینیمان
کە هێزی لەشکرەکەمان گەڕاوەتەوە.
بەڵام لە پەناگاکانی ڕۆحماندا،
گۆرانیی تۆقێنەری ژنەخوداوەندی تۆڵە،
دەنگ دەداتەوە، سروودی وێرانی و نابووتییەک،
کە بێ چەنگ دەژەنرێت، نەیار و دوژمن بە هەموو دڵنەواییەک.
دڵیشمان درۆ ناکەن، کە بە خێرایی لە سنگماندا لێ دەدەن و،
باوەڕیان بە سەرکەوتنی دادوەری هەیە.
با ترسی ئێمە،
- بە هەموو هەستەکانمانەوە دەپاڕێینەوە و نزا دەکەین –
خەیاڵبڵاوییەک بێت کە هەرگیز بە ڕاست ناگەڕێت.

### بڕگەی شیعریی دووەم

تا دێت هێز خوێناویتر پێشوازی لێ دەکرێت،

مەترسیش فریو دەدات: نەخۆشی دیوار لە دوای دیوار دەترنجێنێت.
کەشتییەک، کە بە بەختەوەری بار کراوە و،
تا دێت ڕاستەوڕاست بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆی هەوڵ دەدات،
زۆرجار بەرەو گاشەبەردێکی نەبینراو دەڕوات.
بەڵام کەشتی، ئەگەر بیر و ئەندێشە فەرمانڕەوای بن،
گوم نابێت و بەشێک لە بارەکەی خۆی،
ڕێک وەک لێی چاوەڕوان دەکرێت،
فڕێ دەدرێتە زەریاوە و،
دانەوێڵەی ئاودراو بە بارانی ئاسمان
کە بە نەرمونیانییەوە لە کێڵگە بچووکەکاندا دەشنێتەوە،
دەتوانێت لە برسێتی و تەنگانە ڕزگارمان بکات.

## هاوبڕگەی شیعری دووەم

بەڵام کە چۆڕی ئەرخەوانیی خوێن
بە مشتێکی کوشندە دەڕژێت،
هیچ گۆرانییەکی سیحراوی چارەسەر لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت.
تەنانەت ئەوەش کە خۆی بە تەنیا توانی خەڵکی هادێس لە یەکتر کۆ بکاتەوە، لە لایەن "زێوس"ـەوە، بە زۆری زۆردارەکی، ڕێی پێ گیرا.

ئەگەر پەیامی بەدەسەڵاتی خوداوەندەکان
بۆ هەر چارەنووسێک سنووریان دانەنایە،
دڵ پێش زمان پێڕادەگەیشت
گۆرانییە پێشبینکەرە ئازادەکەی خۆی بچرێت.
بەڵام ئێستا، دەورگیراو بە دڵتەنگی و تاریکی، دەناڵێنێت؛
هەستێکی ڕزگاریبەخشیش، بەڵام هەستێکی درەنگگەیشتوو،
لە سنگە گڕگرتووەکەمدا لە دایک دەبێت.

*(کلیۆتایمێسترا لە دەرگای قەڵاوە دەردەکەوێت.)*

**کلیۆتایمێسترا**

تۆش، کاساندرا، وەرە ژوورەوە بۆ لای ئێمە!
ئەگەر زێوس، جارێک لە جاران، بەزەییەکی وای پێ بەخشیویت
کە لە نزیک قوربانیگە و لەگەڵ کۆیلەکانی تردا
بەشی خۆت لە ئاوی پیرۆز بخۆیتەوە،
گالیسکەکەت بە جێ بهێڵە و
بەخۆوەنازینیشت.
ئەوەتا خەڵک دەڵێن تەنانەت "هێراکلیس"یش
وەک کۆیلە فرۆشرا و لە کۆیلەیەتیدا ژیانی بەسەر برد.
کەواتە، لە تەنگانەیەکی وادا، بەختەوەرییە
بێیتە ماڵێکەوە کە خۆشگوزەرانی بە میرات بۆ ماوەتەوە،

چونکە دەبێت وا دابنێین ئەوەی زێڕی چنیبێتەوە
لە هەموو شتێکدا توندوتیژە و لەگەڵ کوێلەکانیشیدا
بێبەزەیی.
تۆ لای ئێمە بە شێوەیەک کە شایان و لەباری خۆتە
هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکرێت.

**سەرۆکی کۆرس**

ڕوون و ئاشکرا، قسەی بۆ کردیت.
ئەگەر بیر لەوە دەکەیتەوە لە کاتێکدا داوی چارەنووست
تێئالاوە بە قسەی بکەیت. بە قسەی بکە!
یا ناتەوێت گوێڕایەڵ بیت؟

**کلیۆتایمێسترا**

هیچ زمانێکی تر تێدەگات، بێجگە لە زمانی بەربەرەکان،
کە لە جریوەجریوی بێمانای پەرەسێلکان دەچێت،
ئەی دەتوانرێت بە وشە هۆشی بە بەردا بهێنرێتەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

بە قسەی بکە! ئامۆژگارییەکانی ژیرانەن.
لە گالیسکەکە دابەزە و بۆ ژوورەوە دواى بکەوە.

**کلیۆتایمێسترا**

چیی تر کاتم نییە لەپاڵ ئەم دەرگایەوە بمێنمەوە.
قۆچی قوربانی لە دەوری قوربانیگەکەی نێوەڕاستی ماڵ،
بۆ سەربڕین ئامادە کراون.
ئەگەر دەتەوێت بە قسەم بکەیت، دەبێت پەلە بکەیت.
ئەگەر لە نێوەڕۆکی وشەکانیش ناگەیت،
بە وشە وەڵام مەدەرەوە: با دەستت قسە بکات.

**سەرۆکی کۆرس**

پێموایە وەرگێڕێکی وریا و زرنگمان پێویست بێت.
ئەو لە نێچیرێک دەچێت کە نەختێک لەمەوپێش دەستگیر کرابێت.

**کلیۆتایمێسترا**

لەوەیە تووڕە بێت و هەر بە تەنیا شێتیش جڵەوی گرتووە.
لە شارێکەوە دێت، نەختێک لەمەوبەر هێرشی کرایە سەر و داگیر کرا،
بەڵام نایەوێت، پێش ئەوەی دەمی بە کەفی خوێن سوور بێت،

لغاوی لە دەم بکرێت.
منیش نامەوێت ببم بە مایەی پێکەنین و: ئیتر قسەکردن بەسە!

*(کلیۆتایمێسترا دەڕواتە قەڵاوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

من زیاتر بەزەییم پێیدا دێتەوە، لەبریی تووڕەبوون.
دابەزە، کلۆڵ، کەللەڕەقیت دادت نادات و بەرەنگاری مەکە،
بەڵام سەرت لەبەر کۆیلەبوونێکی نائاساییدا دانەوێنە.

*(کاساندرا ئەو کۆڵەکە بەردینە دەبینێت کە لە دەرەوەی قەڵادا بۆ پیرۆزیی ئەپۆڵۆن هەڵچنراوە.)*

**کاساندرا**

ئۆف! ئۆف! ئای لە من! داخ لە من!
ئەپۆڵۆن! ئەپۆڵۆن!

**سەرۆکی کۆرس**

بۆ بە شیوەن و ناڵینەوە ناوی خوداوەندی دێلفی دەهێنیت؟
ئەو ئەوە نییە گوێ بۆ شیوەن و سکاڵا ڕابگرێت.

**کاساندرا**

ئۆف! ئۆف! داخ لە من! وای لە من!
ئەپۆڵۆن! ئەپۆڵۆن!

**سەرۆکی کۆرس**

دیسان خوانەناسانە هاوار لە خوداوەندێک دەکات
کە چڕینی گۆرانیی خەمگینی پەیدای ناکات.

**کاساندرا**

ئەپۆڵۆن! ئەپۆڵۆن!
ئەی ڕێنوێن! ئەی لەنێوبەری من!
ئێستا، بۆ دووەمین جارە، لە ناوت بردووم!

**سەرۆکی کۆرس**

پێ دەچێت پێشبینیی بەدبەختی و لەنێوچوونی خۆی بکات.
هێشتا گیانێکی یەزدانی لەنێو ڕوحی کوێلەکەدا دەژی.

**کاساندرا**

ئەپۆلۆن! ئەپۆلۆن!
ڕێپێشاندەر! لەنێوبەری من!
بەرەو کوێ ڕێنوێنیت کردووم؟ بۆ چماڵێک؟

**سەرۆکی کۆرس**

بۆ قەڵای نەوەکانی ئارتێوس. ئەگەر نازانیت، ئەوەتا گوێت لێ دەبێت و جەخت لەسەر ڕاستیی قسەکانی منیش دەکەیت.

**کاساندرا**

ئۆف! ئۆف!
بەڵێ، بۆ ماڵێکی خوانەناس،
شاهیدی ترسی بێسنوور:
لاشەی هاوڕێ هەرە نزیکەکان،
ئەو قوڕگانەی هەڵدڕاون.
کوشتارگەی مرۆڤان،
ئەوێ کە خوێن داپپۆشیوە و
پێ لەنێو خوێندا هەڵدەهێنرێتەوە!

**سەرۆکی کۆرس**

لە تانجییەک دەچێت، تاژییەکی ڕەسەن.
چاك بۆن دەکات و شوێنی خوێنی ڕژاوی تاوان دەکەوێت.

**کاساندرا**

بەڵگەی ئاشکران و
ڕۆحم ڕازی دەکەن.
گوێت لە گریانی منالآن نییە
لەژێر چەقۆی جەلاددا؟
ئەو باوکە نابینیت کە گۆشتەکەیان دەخوات؟

**سەرۆکی کۆرس**

هەموومان بەباشی کاری تۆ وەک پێشبینیکەرێک دەناسین،
بەڵام هیچ پێویستییەکمان بە هونەری پێشبینی نییە.

**کاساندرا**

داخم ناچێت! بەتەمای چییە؟ خۆی لە چی مەڵاس داوە؟
چ کارێکی ناخۆشە کە دیسان هەڕەشە لە ماڵەکە دەکات-

چ دەردێکی کارییە کە ناتوانرێت چار بکرێت؟
هیچ دەستێکی فریادڕەس
لە دوورەوە درێژ ناکرێت.

**سەرۆکی کۆرس**

نیاز لەم پێشبینییە چییە، نازانم.
پێشبینییەکەی تریانم- وەک ناسینی سەرلەبەری شارەکەم،
دەناسی.

**کاساندرا**

حەیف و خەسار، ئەی ژنی کڵۆڵ!
ئاو گەرم دەکەیت بۆ ئەوەی پیاوەکەت
خۆی تێدا بشوات و نەختێک بێتەوە سەر خۆی،
ئەو پیاوەی تەختی نووستنی لەگەڵدا بەش کردوویت...
بەڵام پاشان، پاشان!
هێندە نابات و ڕوو دەدات.
ئەوەتا هەر لە ئێستاوە
دەستت بەرز کردۆتەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

لەنێو مەتەڵانەوە کەوتوومەتە نێو زمانی سرووش و
پێشبینکردنەوە و
سەرلێشێواو و شوێنەون بەم نێوەدا دێم و دەچم.

**کاساندرا**

ببینە! ئۆهـ! ئۆهـ! بڕوانە!
داخم ناچێت، ئەوەی دەیبینم چییە؟
تۆڕی لەدەستوپێیئالاوی مەرگە؟
بەڵام ئەو، ئەو ژنەی تەختی نووستنی لەگەڵ بەش کردووە
و
تاوانیش پەتی خنکاندن.
ئەوانەی شوێن ڕق کەوتوون و کوێرانە
بە خوێنی ئەم خانەوادەیە تینوون،
بەسەر کارێکی بێناودا
دەقیژێنن.

**سەرۆکی کۆرس**

گیانی چ تۆڵەسەندنێکت تووڕە کردووە و
وەک گۆرانیی سەرکەوتن، بەرت داوەتە ئەم ماڵە؟ دەترسم.

**کۆرس**

خوێنمان کاڵ و ڕوون
بەرەو دڵ دەگەڕێتەوە و تەوژم دێنێت،
ژیان، وەک برینێکی بەڕمپێکراو،
بە درەوشانەوەی کوژاوەوە بەرەو نەمان دەچێت و
مردنیش نزیک.

**کاساندرا**

ئۆهـ! ئۆهـ! ببینە! سەیرکە!
ئەو گایە لە مانگاکە دوور بخەرەوە!
بالاپۆشێک ناپاکانە تێی ئالاوە،
قۆچی ڕەشی بێوەفایی کوناودەر دەیسمێت و
بە پشتدا دەکەوێتە نێو ئەو ئاوەوە
کە بۆ خۆشتن بۆی گەرم کراوە.
لە قسەکانم تێناگەیت؟
خۆمەلاسدان بۆ کوشتن،
خۆمەلاسدان، لەنێو وانێکی بەخوێنسووری خۆشتندا،
بۆ کوشتن.

**سەرۆکی کۆرس**

من وشەکانی پێشبینیکردن ناناسم،

بەڵام ئەمە تەنیا بە ڕوودانی کارەسات لێک دەدەمەوە.

**کۆرس**

کەی زمانە سروشبەخشەکان
پەیامێکی سەرکەوتوویان لەگەڵ خۆیان هێناوە؟
هونەری پڕگۆ و سەرشاری پێشبینیکەر،
تەنیا بە ترس و تۆقاندن
دڵی مرۆڤیان لێوڕێژ کردووە.

**کاساندرا**

حەیف بۆ بەختی ناخۆشی من،
منێک کە بۆ بەدبەختی لە دایک بووم!
تەنانەت پەژارە و دڵتەنگیشم
لەنێو هەموو ئەوانەدا کە پێشبینی دەکەن
دادەڕێژرێت.
ئاخ، منی کڵۆڵ بۆ بۆ ئێرە هێنرام،
ئەگەر بۆ مردن نەبێت-
مردن لەگەڵ تۆدا؟

**کۆرس**

ڕۆحت دیوانەئاسا وڕێنە دەکات،
وەک ئەوەی خوداوەند داگیری کردبێت، دادەڕمێت.
بەسەر خۆتدا، گۆرانیی بەرگەشتەی پڕ لە کارەسات دەچڕیت،
وەک چۆن بولبول
قەت لە چەهچەهەی خەمگینی خۆی تێر نابێت و
بە درێژایی ژیانی پڕ لە کوڵ و پەژارەی خۆی
بەچکەکەی خۆی دەلاوێنێتەوە:
ئیتوس! ئیتوس!

**کاساندرا**

ئەی بولبولی دەنگخۆش
بەختی تۆ مایەی ئێرەییپێبردنە!
خواوەندەکانی ئاسمان پەڕوباڵیان پێ بەخشیویت.
ژیانی خۆش و دڵڕفێنت،
دوورە لە فرمێسکەکانی دڵتەنگی.
منیش نووکی تیژی چەکی دەستی جەلاد چاوەڕێم دەکات.

**کۆرس**

ئەم گۆرانییە ترسناکەت،
ئەم گورانییە تاریک و لە یەزدانەوە نێردراوەت،

لە کوێوە هەڵدەقووڵێت؟
ئەم گۆرانییەت کە هێند ترسناک دەنگ دەداتەوە،
پڕ لە سکاڵا و لەگەڵ ئەوەیشدا بەرز.
ئەم وشە کڵۆڵانەت چۆن هێند ترسناک
شانبەشانی ڕێگای پێشبینیکردنت
ڕێی خۆیان کردۆتەوە؟
بیڵێ؟ بیڵێ؟

**کاساندرا**

حەیف، حەیف و خەساری بۆ تۆ، پاریس،
بۆ زەماوەندی تۆ، ئەو زەماوەندەی کە مەرگی بۆ خێڵەکەت هێنا!
حەیف بۆ تۆش؛ سکاماندرۆس،
ڕووباری زێدی باووباپیران!
خۆشبەخت، جارێک لە جاران،
منی کڵۆڵ لەپاڵ شەپۆلەکانتەوە گەورە بووم.
بەیانی، لە کەنارەکانی ئەکێرۆنس و کۆکیتۆس،
گۆرانیی پێشبینیکەری خۆم دەچڕم.

**کۆرس**

قسەکانت تەواو ڕوون و ئاشکرا بوون.

تەنانەت منداڵێکی ساواش،
بە ئاسانی تێیان دەگەیشت.
وەک جێگازی کوڵەوەیبابێک
بە قووڵی بەنێو ڕۆحماندا ڕۆ چوون و،
ژەهری خۆیان ڕژاندە نێو دڵمانەوە-
سکاڵای تاڵ و تاریکی تۆ،
چارەنووسی بەدبەختی تۆ!

**کاساندرا**

داخ بۆ تۆ؛ ترۆیا، کارەساتی تۆ،
بۆ هەمیشە و هەتاهەتایە، دیار کراوە!
داخ بۆ ئێوە، ئەی ئەو هەموو گیانەوەرانەی لە بڕۆێنان دەلەوەڕین،
ئەوانەی باوکم، جارێک لە جاران،
دەیکردن بە قوربانی بورج و قەڵایان!
بەڵام تۆ بەزیت، لەوەشدا هیچ چارەیەک نەبوو.
هێندە نابات و منیش شەوق و
کوڵی خۆم بەسەر شوێنەوارەکەتدا دەڕێژم.

**کۆرس**

ئەم زمانی پێشبینیکردنەت،

ئەوانەی پێش ئێمە دوای کەوتن.
بێگومان تارمایی خوداوەندێکی قینلەدڵت،
بە سەرەوەیە و لەنێو سنگە پڕ لە ناڵینەکەتدا،
کوڵ و پەژارەی تاڵ و گرژی گۆرانیی مەرگ دادەڕێژێت.
بەڵام کۆتایی بە چی دەگات و چۆن دەبێت،
ئێمە نایزانین.

**کاساندرا**

چاکە، دووربینیی من، چیی تر، وەک تازەشووکردوویەک
لە سەرپۆش و تاراوە نەئالاوە. وەک شنەبای بەیانی
بەپرتاو لەگەڵ هەڵهاتنی ڕۆژدا دێت، وەک زەریایەک
کە هێشتا شەپۆلی بەدبەختیمان بەسەردا قلْپ دەکاتەوە.
چیی تر مەتەڵ ناڵێم. ئێوەش؛ ئێوە دەتوانن شاهیدی ئەوە بن
کە توانای شوێنهەڵگرتنی من جێهەنگاوی خوێناوی تاوانە
کۆنەکەی دۆزیوەتەوە. لەم قەڵایەدا کۆڕێک لە دەنگ زایەڵەی دێت،
هاوئاهەنگ بەڵام بە گوێ ناخۆش و بارکراو بە کارەسات.
گەلەیەکی دڵخۆش لە ڕۆحی تۆڵەستێنی نەوەی خانەوادە
هاتوونەتە نێو ماڵ و دەرپەڕاندنیان لە ماڵ زەحمەت،
لەو بێباکی و دلێرییە دەخواتەوە کە لە خوێنی مرۆڤدا هەیە،

گۆرانییەکەی خۆی لە بارەی سەرەتای تاوانەوە ڕێک دەخات،
لە بارەی بنەچەی گوناهەوە، بە گۆرانیش ڕقی خۆی
لە بارەی ئەو کەسەوە دەچڕێت کە سووکایەتیی بە جێگەی نووستنی
ڕەسەنی براکەی کردووە. نیشانم نەپێکا؟ بڵێیت من ئەو کچە بم کە
دەرگا بە دەرگا بە پێشبینی ناڕاستەوە دەگەڕێت؟
کەواتە سوێند بخۆن کە تاکە وشەیەکیشتان لە گوناهی دێرینی
نەوەی خانەوادەوە نەبیستووە.

**سەرۆکی کۆرس**

سوێندێکی وا، با ڕاستگۆیانەش سوێند خورابێت، چ کەڵکێک دەگرێت؟
بەڵام من سەرم سووڕ دەمێنێت لەوەی تۆ، نامۆیەک، گۆشکراوی ئەودیو زەریا، هەموو شتێک، وەک ئەوەی بە چاوی خۆت بینیبێتت، دەگێڕیتەوە.

**کاساندرا**

ئەپۆڵۆن؛ ئەوەی پێشبینی دەکات، ئەو هێزەی پێ بەخشیوم.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەو کە خوداوەندێک بوو بە تاسەوئارەزووی تۆوە دەسووتا؟

**کاساندرا**

من پێشتر شەرمم دەکرد ددان بەوەدا بنێم.

**سەرۆکی کۆرس**

هەرکەس لە ڕۆژانی بەختەوەریدا زیاتر هەست بە شانازی دەکات.

**کاساندرا**

چاکە، ئەو گەرمداهاتوو بە حەز و ئارەزوو، پەلاماری دام.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەوەش ڕوویدا کە دەبێت ڕوو بدات: بوویت بە هیی ئەو؟

**کاساندرا**

پەیمانێکم پێدا، بەڵام پەیمانم شکاند و قسەم نەبردە سەر.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەوساش توانای پێشبینیکردنت هەبوو؟

**کاساندرا**

هەموو چارەنووسە پڕ لە بەدبەختییەکانی شارم پێشبینی دەکرد.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەی بەر سزای تووڕەییی ئەپۆڵۆن نەکەوتیت؟

**کاساندرا**

دوای ئەم پەیمانشکێنییە، کەس بڕوای پێ نەدەکردم.

**سەرۆکی کۆرس**

تۆ لە چاوی ئێمەوە تا بڵێیت ڕاست و ڕەوان پێشبینیی دەکەیت.

## کاساندرا

وای لە منی کڵۆڵ! منی بابانوێران! ئۆف تۆ ئەی بەختی ڕەق و تووش!
دیسان گێژەنی خەم و پەژارەی دووربینیم هەڵمدەمژێت و خەریکە دەنگی تووڕەییی لێ هەڵدەستێت. پاشان ئێوە؛ ئێوەی منالّە ساواکان، لەوێدا،
لەبەر دەرگای ماڵدا، وەک چەند تارماییەکی تاڵ و تاریکی نێو خەون، دادەنیشن؟
منالانێکی بچووک کە خزمێکی خۆیان سەری بڕیون... گۆشت لەنێو دەست... گۆشتی خزموخوێش... چنگێک بە هەناو و ڕیخۆڵە خویناوی... ژەمێکی قێزەون... کە لە لایەن باوکەوە خوراوە!
بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئەمەش، ئێستا، شێرێک خۆی مەلاس داوە،
شێرێکی نەوێر کە لە جێگای نووستنەکەیدا تەپاوتلی کردووە و
چاوەڕوانیی گەڕانەوەی فەرمانڕەواکەیە، فەرمانڕەواکەی من-
بەڵێ، باری گرانی ئەو بەسەر شانی منەوەیە.

فەرمانڕەوای کەشتییەکانیش، فەرمانڕەوای سەرکەوتن بەسەر "ترۆیا"دا،
هیچ ئاگایەکی لە نیاز و ئامانجی ئەو دەڵەسەگە دڕە نییە.
ئەو دەستی فەرمانڕەوای بە زمانێکی بێفیز لێستەوە،
بە دڵێکی پڕلەقین و پەیمانشکێنیشەوە، بۆ پیاوکوشتن-دۆستانە گوێیەکانی شۆڕ کردبووەوە.
ئەو ژنە بێشەرمە دەوێرێت لە پیاوێک بدات!
دەتوانم بە چ دێوودرنجێکی بچوێنم؟
بە کوڵەوییابێکی سێسەر، یا بە "سکیولا"؛ ئەوەی کەشتییەوانەکان بەرەو کونەکەی خۆ ڕاپێچ دەکات، بە دایکی مەرگی بچوێنم، کە بێبەزییانە ژەهری ڕق بەسەر کەسە هەرەنزیکەکانی خۆیدا دەرشێنێتەوە.
ئەو ژنە چ قیژەیەکی نەکرد، قیژەیەکی تا بڵێیت بێشەرمانە-
قیژەی سەرکەوتن لە جەنگدا، بە شادییەکی ڕیاکارانەوە،
بۆ گەڕانەوەی مێردەکەی بۆ ماڵ!
هەر چۆنێک بێت، بڕوام پێ بکرێت یا نا.
ئەوەی دەبێت ڕوو بدات، ڕوو دەدات.
هێندە نابات و خۆت بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە
دەبیت بە شاهیدی ئەوەی ڕاست و دروست
پێشبینیم کردووە.

**سەرۆکی کۆرس**

ژەمەخواردنی "تیوێستێس"، لە گۆشتی منداڵان دروستکراو،
ئەمەم ناسییەوە و ترسم لێ نیشت،
ڕاستیی نەشاردراوەی ئەوە، هێشتا، لەرزم لێ دەهێنێت.
وەکو تر، ڕێم لێ هەڵە بووە و شوێنەوین دێم و دەچم.

**کاساندرا**

تۆ دەبیت بە شاهیدی مەرگی ئاگامێمنون.

**سەرۆکی کۆرس**

بوەستە، کڵۆڵ، بوەستە و قسەیەک مەکە کارەسات لەگەڵ خۆیدا بهێنێت.

**کاساندرا**

بۆ ئەوەی دەیڵێم هیچ چارەیەک نییە.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەگەر ڕوو بدات، هیچ چارەیەک نییە.
بەڵام نابێت ئەوە، هەرگیز، ڕوو بدات!

**کاساندرا**

تۆ دەپارێیتەوە و نوێژ دەکەیت- ئەوانیش پلانی کوشتن دادەنێن.

**سەرۆکی کۆرس**

کێیە ئەوەی ئەم کردەوەیەی لە دەست دەبێتەوە؟

**کاساندرا**

ئەوەندە کەم لە قسەکانی من گەیشتوویت!

**سەرۆکی کۆرس**

تێناگەم تاوانێکی وا چۆن ئەنجام دەدرێت.

**کاساندرا**

لەگەڵ ئەوەشدا کە بە زمانی خۆت لەگەڵت دەدوێم.

**سەرۆکی کۆرس**

زمانی "هێلێنی"ش، زمانی "دێلفی"ـە، بەڵام لێکدانەوەی گران.

**کاساندرا**

وای لە من! منی بەدبەخت! منی کڵۆڵ!
وا دیسان ئاگر بەسەرمدا هەڵدەکات!
وای لە منیماڵوێران! ئۆو "ئەپۆڵۆن"ی لیوکیسک!
ئەو ژنە، ئەو دەڵەشێرەی لە بەرگی مرۆڤدا،
کاتێک شێر لەوێ نەبوو، لەگەڵ کوندەپەپوان دەنووست،
خەریکە ژیانم دەبات. پادداشتەکەم تێکەڵ بە ژەهراوی ڕق دەکات و
بۆ ئەوی ڕادەگرێت؛ شمشێر بۆ کوشتنی پیاوەکەی تیژ دەکات و
هەر لەبەر ئەوەی من بۆ ئێرە هێنراوم،
هاوار لە تۆڵەسەندنەوەیەکی خوێناوی دەکات.
ئەم شتانەی خۆمم بۆ چ گاڵتە و گەپێک هەڵگرتووە،
چێوی دەستم و ئەو پارچەپەڕۆیانەی قژم پێ بەستوون؟

*(چێوەکەی دەستی دەشکێنێت و پڕ بە پەڕۆکانی قژیدا دەکات، فڕێیان دەداتە سەر زەوییەکە و بە پێڵەقە دەچێتە سەریان.)*

دەتشکێنم، پێش ئەوەی خۆم لە نێو بچم!
ئەوەتا ئێوە لەوێدا کەوتوون و- منیش بە نەفرەتتان دەکەم!
ئیتر ببن بە دیاریی بەدبەختی و کڵۆڵیی کەسێکی تر!
ئەپۆڵۆن خۆیەتی کە بەرگی ڕازاندنەوەی پێشبینکردنم
لە بەر دادەکەنێت، ئەو کە بە هەمان جلوبەرگەوە بینیومی
چۆن دۆست و دوژمن هاوئاهەنگ و پێکەوە
گاڵتەیان پێ کردووم. وەک ئەو کەسەش کە پەلوپۆ دەکوتێت
و
سواڵ دەکات، منی کڵۆڵی ناچار بە هەڵگرتنی ناوێکی
ناچیز،
ناوی سواڵکەرێکی برسی و ڕووت و ڕەجاڵ کردووە.
من، ئەوەی پێشبینی دەکات، لە لایەن خوداوەندی
پێشبینیکردنەوە
بۆ ئەم مەرگستانە هێنراوم. قوربانیگەی باوکم چاوەڕێی من
ناکات-
ئەو کۆتەرەدارەی کوشتاری لەسەر دەکرێت و
بە تەنیا هاڵاوی خوێنە گەرمەکەی منی لێ هەڵدەستێت.
بەڵام من نامرم بۆ ئەوەی خوداوەندان لە بیرم بکەن.
ڕۆژێک دێت، تۆڵەستێنی من، ڕا دەبێت، کوڕێک
کە بە کوشتنی دایکی تۆڵەی باوکی دەکاتەوە.
هەڵبڕاو لە زێدی خۆی، بۆ خاکی باوباپیران دەگەڕێتەوە و
تاج لەسەر نابووتیی نەوەکانی ئەم خانەوادەیە دەنێت،

لاشەی باوکیشی بۆ ئێرە بانگی دەکات.
کەواتە، لێرە، خەمگین و پرسەکێشی چیم و بۆچ دەناڵێنم؟
ئەگەر من جارێک لە جاران بینیومە، ڕێک بەو جۆرەی کە ڕوویدا،
ئیلیۆن چۆن وێران کرا و فەرمانڕەوایانی لە دادگای خوداوەنداندا چۆن
بەو کۆتاییە سزا دران- ئەوا، وەک چۆن سوێندی پیرۆزی خوداوەندەکان بڕیاریان لەسەر داوە، دەمەوێت ڕووبەڕووی چارەنووس ببمەوە.
هەر لەنێو ئەم دەرگایەشدا پێشوازی لە دۆزەخ دەکەم.
لەوەش زیاتر داوا ناکەم کە بە جۆرێک لێم بدرێت یەکسەر بمکوژێت:
با خوێنەکەشم بە ئاسانی لە دەمارەکانمەوە بچۆڕێت و
بێ گیانەلاَیش چاو لێک بنێم!

**سەرۆکی کۆرس**

کلۆڵێت بێپایان و ژیریشت هەروەها.
قسەکەت درێژ بوو. بەلاَم ئەگەر بەڕاستی چارەنووسی خۆت دەزانیت،
بۆ وا، بێفیز، وەک گیانەوەرێک بۆ سەربڕین بەرەو بەردی قوربانی دەڕۆیت؟

**کاساندرا**

هیچ شتێک ڕزگارم ناکات و کاتیشم تەواو.

**سەرۆکی کۆرس**

بەڵام باجی دواساتەکانی ژیان گرانە.

**کاساندرا**

منیش هێندەم نەماوە. هەڵهاتنیش چ سوودێکی هەیە؟

**سەرۆکی کۆرس**

هەڵوەستەی تۆ شاهیدی بوێرییەکی سەربڵندە.

**کاساندرا**

ئەوەی بەختەوەر بێت، گوێی لە ستایشێکی وا نابێت.

**سەرۆکی کۆرس**

بەڵام مردنێکی شایانیش دیارییەکی یەزدانییە.

**کاساندرا**

ئۆو باوک، تۆ! ئۆو برا نەجیبزادەکانی من!

*(کاساندرا بەرەو دەرگای قەڵا دەڕوات، بەڵام لەپڕێکدا بەرەودوا دەگەڕێتەوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

ئەوە چییە؟ بۆ لە ترساندا دەگەڕێیتەوە؟

کاساندرا

ئۆهـ! ئۆهـ!

**سەرۆکی کۆرس**

ئەم قیژەیە بۆ؟ وەک ئەوەی لە بەردەم دیمەنی تۆقێنەری ڕۆحدا بیت.

**کاساندرا**

هالاوی خوێن لەم قەلایەوە دەردەچێت.

**سەرۆکی کۆرس**

بێگومان، بۆنی قوربانییەکە لە قوربانییەکانی لەشکری ماڵ.

**کاساندرا**

نا، نا- بۆگەنێک وەک ئەوەی لە گۆڕێکی هەڵدراوەوە بێت!

**سەرۆکی کۆرس**

تۆ باسی هالاوی بۆنخۆش ناکەیت.

**کاساندرا**

ئێستا دەچمە ژوورەوە. لەوێ، هێشتا، دەتوانم هەم بۆ خۆم و هەم بۆ ئاگامێمنونیش بگریم. ئیتر ژیان بەسە!

*(دیسان بەرەو دەرگاکە دەچێت، بەلام جارێکی تریش دەگەڕێتەوە.)*

ئۆف، هاوڕێیان، هاوڕێیان-
من وەک ئەو مەلەی لە دەوری دەوەن باڵەفڕێ دەکات،
لەبەر ترسێکی پووچ ناسڵەمێمەوە.
ببن بە شاهیدی ئەمە لەبارەی منەوە کاتێک،
ژیان ڕووبەڕووی ژیان دەبێتەوە، بۆ من کە ژنێکی ترم،
بۆ ئەو پیاوەش دەبێت ڕووبەڕووی لەناوچوونێکی تر ببێتەوە.
ئەمەش دوا نزا و پاڕانەوەی منە لەبارەی ئەم میواندارییەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

ئاخ، چارەنووسی پێشبینیی تۆ چ سۆیەک دەکاتە دڵمەوە.

**کاساندرا**

وشەیەکی تریش-گۆرانیی خەمگینیی تایبەتی خۆم.
لە خۆر دەپاڕێمەوە، ئەو خۆرەی کە ئێستا تیشکەکانی بۆ دوایین جار
لە چاوەکانم دەڕوانن: با تۆڵەستێنان، ڕێک لە ڕۆژی تۆڵەسەندنەوەدا،
داوای سزا بۆ ژنەکۆیلەکەش؛ ئەم شتە کلۆڵ و بەستەزمانە، بکەن.

ئۆهـ لە بەختی تۆ مرۆڤ! بەختەوەریمان لەبەر هەرەشەی سێبەرێکدا بەر دەبێتەوە و ئەو هەموو ئازارەش کە چێشتوومانە بەپەلە دەرژێتە نێو بیرچوونەوەوە، نووسینێک کە کەرووی شێدار لە ناوی دەبات.
ئەمەش لە هەموو شت تاڵ و ناخۆشترە.

*(کاساندرا دەڕواتە ناو قەڵاوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

تینوێتیی مرۆڤ بۆ بەختەوەری ناشکێت.
ئەگەر بەختەوەری بەرەو قەڵایەکی ڕازاوە دەڕوات،
ئەگەر ئەو لەماڵێک نزیک دەبێتەوە کە بۆ پێشاندان دەستی بۆ ڕادەکێشرێت، ئەوا هیچ کەسێک دەرگای خۆی لەسەر ئەو ژنە داناخات و هاوار ناکات: بەرۆکمان بەردە و بە ڕێی خۆتدا بڕۆ!
ئەوانەی ئاسمان چاویان لە پادشای ئێمە پۆشی.
ئەو هێرشی کرد و شاری "پرییامۆس"ی تالان کرد؛
وەک خۆشەویستی خوداوەندەکانیش بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە.
بەڵام ئاخۆ ئێستا لەو خوێنەی، لە دەمێکەوە، ڕژاوە خۆش دەبێت،
ئاخۆ، ئێستا لە پێناوی مردووەکاندا دەمرێت و
وەک سزایەک بۆ مەرگی خۆی،

داوای دەرکەوتنی مردن دەکات-
کەواتە ئەو پیاوەی گوێی لەم قسانەیە، لە کوێیە؛
ئەو پیاوەی کە هێشتا هێند بوێرە بتوانێت باسی خۆیمان
وەک بەختەوەرییەکی بێخەوش لە ژیاندا بۆ بکات؟

**ئاگامێمنون**

*(لەناو قەڵاوە.)*

لێیان دام! ئۆف! لێدانێکی کوشندە.

**سەرۆکی کۆرس**

بێدەنگ! ئەوە کێیە لەوێ، لە ماڵەکەدا، هاوار دەکات؟
کێیە دووچاری برینێکی کوشندە بووە؟

**ئاگامێمنون**

ئۆف! ئۆف! جارێکی تریش لێیان دام! دەمرم!

**سەرۆکی کۆرس**

ئەگەر ئەو کردەوەیە لە هاواری پادشامانەوە هەڵسەنگێنین کردەوەیەکی بە تەواوی ئەنجام دراوە. کەواتە با ئێستا هەمووومان پێکەوە کۆ ببینەوە و گوێ لە ئامۆژگاریی یەکتر بگرین، تا بزانین دەبێت چی بکرێت.

**یەکێک لە پیرەکان**

من پێشنیازی ئەوە دەکەم هاوار لە خەڵک بکرێت:
وەرن، وەرن بۆ قەڵای پادشامان! ڕا بن! بۆ یارمەتی، ڕا بن!

**یەکێکی تر**

نا، باشترە هێرش بەرین و ئەوانە بگرین کارەکەیان ئەنجام داوە،
بە شیری لە کالان دەرکێشراوەوە.

**سێیەمین**

منیش لەسەر هەمان ڕاوبۆچوونم.
کات کاتی کردەوەیە، نەک دڵەڕاوکێ و دوودڵی.

**چوارەمین**

بێگومان. چون ئەمە سەرەتایەکە،
نوقلانەی سەرهەڵدانی توندوتیژی و ستەمگەرییە.

**پێنجەمین**

ئەگەر پەلە نەکەین. ئەوان پڕبەدڵ ڕقیان لە دوودڵییەکی وا دەبێتەوە.
ئەوان نانوون.

**شەشەمین**

من لێرەدا دەستەوەستان وەستاوم، هیچ ڕاوبۆچوونێکم نییە.
بە تەنیا ئەوەی دەتوانێت ئامۆژگاری بدات، دەزانێت دەبێت چۆن بکرێت.

**حەوتەمین**

منیش لەگەڵ ڕای ئەوم، چونکە تێناگەم مردوویەک،
چۆن بە وشە، زیندوو دەکرێتەوە.

**هەشتەمین**

چی؟ هەر لە پێناوی ژیانێکی درێژتردا مل، بۆ ئەوانەی سووکایەتییان بەم قەڵایە کردووە، دانەوێنین!

**نۆیەمین**

نا، مردن باشترە! چارەنووسێک، نەرمتر، لە مردن، نەک ڕۆژگاری کۆیلەیەتیی ستەمکار.

**دەیەمین**

ئێستا گوێمان لە هاواری بەدەنگەوەچوونی پادشامان بووە- ئایا بە تەنیا ئەوە بەسە بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە مردووە؟

**یانزەیەمین**

دەبێت توورەییمان لە خۆڕا نەبێت.
بەگومانبوون لەگەڵ ژیریدا ناگونجێت.

**دوانزەیەمین**

ئەم ڕاوبۆچوونەیان هەموو شتێک دەڵێت.

ئێمە دەبێت بزانین کوڕەکەی ئارتێوس چۆنە و چی بەسەرهاتووە.

*(پیرەکان بەهەڵەداوان بەسەر پلیکانەکاندا سەر دەکەون. بەڵام لەو کاتەدا دەرگاکان دەخرێنە سەر پشت و ناوەوەی قەڵا دەبینرێت. ئاگامێمنون بە مردوویی لە وانێکدا کەوتووە، باڵاپۆشێکی ئەرخەوانی گەورەی پێدا دراوە، لە تەنیشت ئەوەوە، لەسەر زەوییەکە، لاشەی کاساندرا کەوتووە. کلیۆتایمێسترا بەسەریانەوە وەستاوە، تەورێکی بە دەستەوەیە و خوێن لە نێوچەوانی پرژاوە.)*

## کلیۆتایمێسترا

ئێستا ئیتر شەرم ناکەم بگەڕێمەوە بۆ ئەوەی پێش نەختێک،
بەوپەڕی زیرەکی و وردەکارییەوە، دەرمبڕی.
ئەگەرنا چۆن دەتوانرێت دەستت بە دوژمنێکی ناحەزدا بگات،
کە دەمامکی هاوڕێی هەڵگرتووە و تۆڕی نابووتبوونی پەیمانشکێنی
هێند بەرز ڕابهێڵیت، کە نێچیرەکەت نەتوانێت بازی بەسەردا بدات؟
ئەو شەڕەی، ئەو سەرکەوتنەی کە دەمێکە پلانیم دارشتووە،

دوای ماوەیەکی درێژ چاوەڕوانی، بوو بە ڕاستی و هاتە دی.
ئێستا، لێرەدا، وەستاوم، لەو جێیەدا کە کردەوەکەمم بە ئەنجام گەیاندووە و،
هەر چۆنێکیش ڕووی دا، نکوڵی لێ ناکەم.
ئەوم لە قوماشێکی گەورەوە پێچا، باڵاپۆشێکی ڕازاوەی نەفرەتلێکراو،
وەک تۆڕێکی ماسیگرتن، تا نە ڕێی هەڵهاتن و نە شەڕ بدات.
دوو جاران پێمدا کێشا. دوو جاران قیژاندی و،
دوای هاوارکردنیش ئەندامەکانی لەشی خاو بوونەوە.
کە کەوتیش، وەک سوپاس و پێزانینێک بۆ "زێوس"ی ژێرزەوی،
بۆ جاری سێیەم پێمدا کێشا.
ئیتر، بەدەم ناڵەناڵەوە، لە جێی خۆیدا کەوت و گیانی دەرچوو.
ئەوجا ورژمی خوێن لە دەمیەوە دەرپەڕی و چەند دڵۆپەخوێنێکی
تاریکی بەسەر نێوچەوانمدا پرژاند-
ئۆهـ هەرگیز بارانی ئاسمان بەسەر دانەوێڵەی کێڵگەدا،
کاتی پەلوپۆ و گوڵ گرتن، هێندە خۆش نەباریوە،
وەک ئەم پرژەئاونگەی مردن بەسەر پێستی منەوە.
ئا بەو جۆرەیە، ئێوە باوکانی شایانی ڕێز و ستایش،
هەروەها شایانی ئاسوودەییش، ئەگەر بتوانن!،

بە خۆمەوە دەنازم. ئەگەر جارێک لە جاران بۆ ئێمە لەبار
بێت
قوربانییەکی شادی بەسەر کەسێکدا کە مردووە بڕژێنین،
دەبێت بە هەموو هەقێک و لە هەقیش زیاتر، لێرەدا بێت.
بەو کردەوە تۆقێنەرە لە ماڵەکەی خۆیدا جامێکی لێوانلێو
کردبوو،
کە ئێستا خۆی چۆڕبڕی کردووە.

**سەرۆکی کۆرس**

بە سەرسووڕمانەوە گوێ لە زمانی شڕت دەگرین.
کە بەو جۆرە شاییت بە مەرگی مێردی خۆت دێت!

**کلیوتاییمێسترا**

ئێوە وەک ژنێکی بێعەقل منتان تاقی کردووە،
بەڵام دڵ ناترسێت. جارێکی تر گوێ بگرن:
سەرزەنشت یا پەسندانی ئێوە، بۆ من، وەک یەکن.
لێرەدا، مێردەکەم؛ ئاگامێمنون، کەوتووە،
لاشەیەکی بێگیان، شاکارێکی تۆڵەسەندنەوە
بەم دەستەڕاستەم. ئەمە و هیچی تر نا.

**کۆرس**

**برگەی شیعری**

چ گیایەکی خاپینۆک،
کە لە قووڵایی ژەهراوی خاکەوە سەری دەرهێناوە،
چ خواردنەوەیەکی سەرلێشێوێن،
دەرهێنراو لە شیلاوی قووڵایی زەریا،
ئەم بوێریی شێتییەی پێ بەخشیت؟
کەنارنراو و نەفرەتلێکراو،
دەبێت، ئیتر، باری گرانی ڕق و قێزی خەڵک هەڵگریت.

**کلیۆتایمێسترا**

بۆ نا، ئێستا سزای لە وڵات دەرکردنم بەسەردا دەدەیت،
وەک شتێک لەبریی ڕق و قێزی خەڵک،
بەڵام سەبارەت بەم پیاوە، کە هێند بێپەروا و بێبەزەییانە،
وەک ئەوەی بەرخێک بێت لەنێو مێگەلێکی زۆروزەوەندا،
کچەکەی خۆی کرد بە قوربانی، هیچ قسەیەکت نەکرد.
کچەکەم، کە بەری شایانی پەرستن و ژانی منداڵبوونی من بوو-
تا بایەکانی سراکییێنس هێمن ببنەوە! ئەی نەدەبوو ئەوە ئەو بێت

که وەک چارەسەرێک بۆ تووشبوون بە دەردەخوێن دەرپەڕێنرێت؟
هەر بە تەنیا سزای من بەپەلە و بێبەزەییانە ڕادەگەیێنیت.
بۆ نا، هەڕەشە بکە!
من ئامادەم لە بەرانبەر دڵڕەقیدا دڵڕەق بم. ئەگەر سەرکەوتیت، ئەوا مل دەدەم و ئەگەر خوداوەندەکانیش بە جۆرێکی تریان ویست، ئەوا دوای چاوەڕوانییەکی درێژخایەن دەبێت عەقڵت بە بەردا بهێنرێتەوە.

### کۆرس

### هاوبڕگەی شیعری

بێباکیت.
کافرانە و توندوتووڕە دەدوێیت.
ڕۆحت نائارامە، وەک خوێنێکی ڕژێنراو،
بە پەلە لە بەری دەڕوات.
خوێنی ئەرخەوانیی سەر تەوێڵت
وەک خشڵێک هەڵگرتووە.
بێئابڕوو، بێهاوڕێ،
لێدان بە شمشێر،
بە لێدان بە شمشێر،

قەرەبوو دەکەیتەوە.

## کلیۆتایمێسترا

بەڵام تۆیش، گوێ لەو سوێندە بەنرخەم کە بۆ تۆی دەخۆم، بگرە،
لەپای سزایەکدا کە لە بەرانبەر مردنی کچەکەمدا دەدرێت،
سوێند بە گیانی تۆڵەسەندن، کە ئەوی بۆ کرا بە قوربانی:
تا ئایگیستۆس، وەک جاران بەوەفا و میهرەبان بێت،
تا ئایگیستۆس بەوەفاوە، ئاگردانی هەمیشە هەڵبووی ئەم ماڵە خۆشتر بکات، ترس ڕوو لەم ماڵە ناکات، چون ئەو قەڵغانی بەهێزی دڵنەوایی منە.
بەڵام ئەوەی سووکایەتیی بە ژنەکەی خۆی کردووە، لەوێدا کەوتووە، ئەوەی لەگەڵ یاری و ئارەزووی کچۆڵانی ترۆیادا خەریک بوو؛ ئەو کچۆڵانەی لە شەڕدا دەستگیر کرابوون. لەوێش نێچیرە جوانەکەی، ئەو ژنەکۆیلەیەی وەک پەیامبەرێک پەیامی ڕادەگەیاند، ئەو کچەی پێشبینی داهاتووی دەکرد و دۆستێکی بەوەفای نێو جێگای نووستنی ئەو بوو،
کە لە ئامێزی یەکتردا نیمکەتەکانی نێو کەشتییەکە لە ژێریاندا دەپووان.
ئەوان هەقی یەکاویەکی کاروکردەوەی خۆیان وەرگرت. بڕوانە، بڕوانە:

ئەوەتا لەوێدا کەوتووە و لە پاڵیشیەوە ئەو ژنە کەوتووە کە ئاوازی ماڵئاوایی، دوا سکاڵای خۆی، بۆ دەخوێند. ئەو گراوییەی وەک چەشەیەک
بۆ ڕۆژی سەرکەوتنی من بۆ ئێرە هێنرا.

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی یەکەم**

ئۆو، ئەگەر هەر ئێستا لە چارەنووسەوە،
خەوتنی ئەبەدیمان پێ ڕەوا دەبینرا،
دوور لە دەردی گران،
دوور لە ڕەنج، دوور لە ئازارکێشان!
مردن پارێزەری میهرەبانی ئێمەیە.
ئەو لە پێناوی ژنێکدا زۆر ئازاری کێشا و
بە دەستی ژنێکیش کوژرا.

وای لە تۆ، هێلێنای کوێراییهێن، وای،
کە هەر خۆت بە تەنیا هەزاران هەزار ژیانت
لە پاڵ دیواری ترۆیاوە لە ناو برد!
ئەو تاجەگوڵینەیەی ئێستا لە دەوری سەر چنیوتە،
هەرگیزاوهەرگیز ڕەنگی ناپەڕێت،
چون قەت خوێنەکەی ناشۆردرێتەوە.

لەوێ لە قەڵای پادشایەتیدا
گیانێک بە دوو بەرگی جیاوازەوە دەژیا
بۆ لەنێوبردنی مێردەکەی.

**کلێوتایمێسترا**

لە تووڕەییدا لە مەرگ مەپارێنەوە و
ناوی نەفرەتلێکراوی هێلێناش مەهێنن،
کە هەر خۆی بە تەنیا ژیانی هەزاران خەڵکی هێلێنای
تێک دا و قڕ کرد و بوو بە مایەی کڵۆڵییەکی بێپایان!

**کۆرس**

**هاوبڕگەی شیعریی یەکەم**

ڕۆحی بەد، تۆ ئەی ئەوەی دوای جووتەبراکەی
بنەماڵەی تانتالۆس کەوتوویت،
تۆقێنەرانە، لەڕێی ئەو ژنانەوە فەرمانڕەوایی بگرە دەست،
کە ڕۆحیان بەهێزە و ڕۆحمان بریندار بکە-
بەسەر لاشەکەدا، لاشەی فەرمانڕەوامان،
کە تۆ وەک مەلێکی شووم خۆت بەسەردا چەماندۆتەوە و

ئاوازی سەرکەوتنی خۆت دەقیرێنیت!

وای لە تۆ، هێلێنای کوێراییهێن، وای،
کە هەر خۆت بە تەنیا هەزاران هەزار ژیانت
لە پاڵ دیواری ترۆیاوە لە ناو برد!
ئەو تاجەگوڵینەیەی ئێستا لە دەوری سەر چنیوتە،
هەرگیزاوهەرگیز ڕەنگی ناپەڕێت،
چون قەت خوێنەکەی ناشۆردرێتەوە.

لەوێ لە قەڵای پادشایەتیدا
گیانێک، بۆ لەنێوبردنی مێردەکەی،
بە دوو جلوبەرگی جیاوازەوە دەژیا.

**کلێوتایمێسترا**

ئێستا، حوکمی زمانتان، بە ڕاست گەڕا،
کاتێک ناوی ڕۆحی بەدی بنەماڵەتان، بە ناوی خۆیەوە، هێنا،
کە سێ بەرانبەر تینووی خوێنە و ئارەزووی خوێنی زیاتر دەکات.
ئەو ئێستا زگی خەڵک بە ئاگری تینوویێتی بۆ خوێنڕشتن خۆش دەکات:
زۆر پێشتریش لەوەی برینێکی کۆن هەڵیدابێتەوە،

خوێن لە برینە تازەکانەوە پرژە دەکات.

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی دووەم**

گەورەیە ئەو ڕۆحە بەدەی تۆ لەبارەیەوە دەدوێیت؛
نەفرەتکردن لە بنەماڵە، لە تووڕەییشدا بێبەزەیی.
وای! وای! قسەت ترس بوو، نابووتییەکی بێپایانیش.
بەڵام ئەوە "زیۆس"ە ئەوەی دەوێت و کاری بۆ دەکات.
لەنێو خەڵکدا دژی خواستی ئەو چی دەکرێت؟
تەنانەت ئەمەش لە خواوە بڕیار درابوو.

وای لە تۆ، پادشام! ئۆو پادشام، وای!
چۆن وەک پێویستە بتوانین بۆت بگرین،
چۆن بە وشە خۆشەویستیی دڵمانت بۆ دەربڕین؟

لەوێدا لەنێو تەونی جاڵجاڵۆکەیەکدا کەوتوویت و
تەون تێت ئاڵاوە،
مردنیشت مردنێکی خوانەناسانەیە!
وای لە تۆ، وای!
لە جێیەکی سووکدا کەوتوویت.
بە لێدانێکی فێڵبازانە، بە تەورێکی دوودەمە،

ژنەکەی خۆت پێیدا کێشاویت و
کەوتوویتەتە سەر زەوی.

**کلیۆتایمێسترا**

تۆ ئێستا دەڵێیت ئەو تاوانە کاری من بوو.
بەڵام شوێنەونیت ئەگەر پێت وا بێت
لە مندا ژنی ئاگامێمنون دەبینیت!
من گیانی شەڕەنگێزی کارەساتی بنەماڵەم،
ئەو گیانەی لە ژنی مردووەکەدا تابگەی تۆڵەستێنیی خۆی
بە دەست هێنا و
داوای سزای تاوانی "ئارتێیوس"ی کرد،
ئاهەنگە ناخۆشەکەی ئەو.
پاڵەوانەکەش وەک قوربانییەک بۆ قەرەبووکردنەوەی
مناڵەکان کوژرا.

**کۆرس**

**هاوبڕگەی شیعریی دووەم**

ئەو دەستەی کوشتی، دەستی تۆ بووا!
هیچ کەسێک ڕانابێت تا بێتاوانیی تۆ بسەلمێنێت.

نا! نا! بەڵام تاوانی باووباپیرانیش کاتی تاوانەکە هێشتا کۆتایی نەهاتبوو.
خوداوەندێکی توندوتیژیش؛ بکوژە ڕەشەکەش،
لە تەوژمی خوێنی خزموخوێشدا،
دەردەپەڕێت و ڕوو لە هەر جێیەک بکات،
لە خزموخوێشی نوێمان دەکوژێت.

وای لە تۆ، پادشام! ئۆو پادشام، وای!
چۆن وەک پێویست بتوانین بۆت بگرین،
چۆن بە وشە خۆشەویستیی دڵمانت بۆ دەربڕین؟
لەوێدا لەنێو تەونی جاڵجاڵۆکەیەکدا کەوتوویت و
تەون تێت ئاڵاوە،
مردنیشت مردنێکی خوانەناسانەیە!
وای لە تۆ، وای!
لە جێیەکی سووکدا کەوتوویت.
بە لێدانێکی فێڵبازانە، بە تەورێکی دوودەمە،
ژنەکەی خۆت پێیدا کێشاویت و
کەوتوویتەتە سەر زەوی.

**کلیۆتایمێسترا**

مردنی ئەو بە مردنێک ناو مەبە کە سووکایەتیی پێ دەکرێت!

هەر ئەو خۆی بوو فێڵ و ماڵوێرانی هێنابووە نێو ماڵەوە.
ئەو بوو چەکەرە جوانەکەی سەر قەدی داری خۆی بڕییەوە،
ئەو "ئیفیگێنێیا"یەی بۆ ئەوم هێنابووە دنیاوە و
ماوەیەکی دوورودرێژیش بەسەریدا گریا بووم.
ئەو سزایەی ئێستا چەشتوویەتی پڕ بە پێستی خۆی بوو.
دەبا هەر لەبەر ئەوە لە ماڵی تارماییەکاندا بە خۆیەوە نەنازێت!
ئەو بە لێدانێک کەوت، بە برینێک مرد،
ئەوەی چاندبووی هەر ئەوەیشی چنییەوە.

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی سێیەم**

نازانین چی بکەین،
هیچ ڕێیەک نابینین،
کە ماڵەکە خەریکە دادەڕمێت.
لە ڕێژنەیەک دەترسێین؛ ڕێژنەی خوێن،
کە بەسەر دیوارەکانی قەڵادا دەبارێت-
هەر ئێستا دڵۆپەکانی دەبارێن.
چارەنووسیش لەسەر بەردە تازەکان
ئەو چەکە تیژ دەکات کە وەک سزایەک
بۆ تاوانی نوێ بە کار دەهێنرێت.

ئۆو خاک، ئۆو خاک، بۆ لەنێو ئامێزی دایکانەی خۆتدا نەتشاردینەوە،
پێش ئەوەی ئەو لەنێو جێگەی مردنەکەیدا ببینین، ئەو جێیەی وانێکی زیوینە!
کێ ئیتر گۆڕەکەی هەڵبەستێت و شیوەن بۆ مەرگی بکات؟
تۆ؛ تۆ کە پیاوەکەی خۆتت کوشتووە، دەوێریت
دەنگ هەڵبڕیت و گۆرانییەکی خەمگینی و دوامالْئاوایی بچڕیت،
قوربانییەک وەک دیاری، قوربانییەکی پڕ سووکایەتی، بهێنیت،
قێزەون، بۆ ڕۆحی پاڵەوانەکەمان؟
کێ بێت لەسەر گۆڕەکەی ئەو، بە سکاڵا و گریان،
پڕ بە دڵ و ڕاستگۆیانە، بتوانێت ئەو فەرمانڕەوا بەشکۆیە،
بلاوێنێتەوە و شیوەن بکات؟

**کلیۆتایمێسترا**

ئەمە کاری ئێوە نییە.
ئەو بە دەستی من کوژرا، بە دەستی من مرد،
بە دەستی منیش لە گۆڕ دەنرێت.
ئاوازی پڕ لە ناڵەوگرییەی خەڵکی ماڵ شوێن ئەو ناکەوێت،
بەڵام "ئیفیگێنێیا" لەپاڵ خوڕاوی ئاخهەڵکێشانەوە،

هێندەی لە کچێک بوەشتێتەوە، بە خۆشەویستی و نەرمونیانییەوە،
دەست لە ملی باوکی خۆی دەکات و
بە ماچوموچ پێشوازی لێ دەکات.

**کۆرس**

**هاوبڕگەی شیعریی سێیەم**

سووکایەتی لە بەرانبەر سووکایەتیدا.
حوکمدانێکی زەحمەت.
دز لێی دەدزرێت، بکوژ دەکوژرێت.
تا باوەڕی ئاسمان هیی "زیۆس" بێت،
داوای یاسا لە جێی خۆیدا جێگرە:
تاوانبار دەبێت ئازار بچێژێت.
کێیە ئەوەی ڕەگوڕیشەی تۆڵە لەماڵەکەدا هەڵدەکێشێت؟
بنەماڵە دەست و پا بەندی تاوان و نابووتییە.

ئۆو خاک، ئۆو خاک، بۆ لەنێو ئامێزی دایکانەی خۆتدا نەتشاردینەوە،
پێش ئەوەی ئەو لەنێو جێی مردنەکەیدا ببینین، ئەو جێیەی وانێکی زیوینە!
کێ ئیتر گۆڕەکەی هەڵبەستێت و شیوەن بۆ مەرگی بکات؟

تۆ؛ تۆ کە پیاوەکەی خۆتت کوشتووە، دەوێریت
دەنگ هەڵبڕیت و گۆرانییەکی خەمگینی و دوامالْئاوایی بچڕیت،
قوربانییەک وەک دیاری، قوربانییەکی پڕ سووکایەتی، بهێنیت،
قێزەون، بۆ ڕۆحی پاڵەوانەکەمان؟
کێ بێت لەسەر گۆڕەکەی ئەو، بە سکاڵا و گریان،
پڕ بە دڵ و ڕاستگۆیانە، بتوانێت ئەو فەرمانڕەوا بەشکۆیە،
بلاوێنێتەوە و شیوەن بکات؟

**کلیۆتایمێسترا**

ئەو قسەیەی کردتان، وەک ئەوەی پێشبینی کرابێت، ڕاست بوو.
من دەیکەم! من پەیمانێکی سوێندلەسەرخوراو لەگەڵ ڕۆحی تۆڵەسەندنەوەی خزموخوێشی نێو قەڵای "ئارتێوس" دەبەستم.
ئەویش با باری ئەوەی ڕوویداوە، چەندیش گران بێت، هەڵبگرێت،
با ئەو بۆ هەتاهەتایە لەم ماڵە بچێتە دەرەوە،
ڕوو لە ماڵی ئەو کەسانە بکات کە بە دەستی خزموخوێش تووشی کارەساتی خوێناوی هاتوون.

بەشێک لە گەنجینەی کۆوەبووی قەڵاش، بێگومان، دەبێت بە هیی من،
چون ئاشکرایە کە من دەبم بە فریادڕەسی شێتیی دایکانی نێوخۆمان.

*(ئایگیستۆس سەرکەوتووانە لە لایەکەوە دێت و پاسەوانێکی چەکداری بە دواوەیە.)*

**ئایگیستۆس**

هۆ تیشکی میهرەبانی ڕۆژ کە دادوەریت چەسپاندووە!
ئێستا دەتوانم باوەڕ بەوە بهێنم کە خوداوەندە گەورەکانی ئاسمان
بە چاوی دادوەرانەوە سەیری ڕەنج و دڵتەنگیی زەوی دەکەن،
کاتێک ئەم پیاوە- کە بۆ من دیمەنێکی شیرینە-
لە بالاپۆشێکەوە ئالاوە کە ڕۆحەکانی تۆڵەستاندنەوە چنیویانە و
ئاخرێکەی قەرەبووی بەدڕەفتاریی تاوانکارانەی باوکی دەکاتەوە.
چون ئەو باوکەی "ئارتێوس"، پادشای وڵاتمان،
ئەوەی لە لایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە هەڕەشەی لێکراوە-

بۆ ئەوەی هەموو شتێک بە یەکجاری بڵێین-
"تییێستێس"ی برای خۆی، کە باوکی من بوو،
لە ماڵ وەدەرنا و وڵاتبەدەری کرد.
ئەو کلۆڵە گەڕایەوە و خۆی لەپاڵ ئاگردانی ماڵدا پاراست و
پەناگایەکی زۆری پێدرا تا خوێنی دڵی نەڕێژرێت و
خاکی باووباپیران سوور نەکات. بەڵام "ئارتێوس"ی
خوانەناسی برای، وەک ئەوەی پێشان بدات ئاهەنگی
قوربانییەکی شادی دەگێڕێت،
بە پەرۆشییەکی بەد و پڕ لە ڕقوکینەوە پێشوازی لە باوکم
کرد:
گۆشتی برژاوی مناڵەکانی خۆی.
بەڵام پەنجە و کەڵەمستەکانی شکاند و
بە وریاییەوە لە ژێر گۆشتەکەدا شاردنیەوە.
خواردنەکەش، کە نەدەناسرایەوە، لەسەر مێزی "تییێستێس"
دانرا،
ئەویش لێی خوارد، وەک خۆتیش دەیبینیت،
بۆ نابووتی و وێرانی هەموو بنەماڵە.
بەڵام کە هەستی بەو کارە کرد، ئیتر دەناڵێنێت،
دەسڵەمێتەوە و ئەو شتە تۆقێنەرە دەرشێنێتەوە و
لە ئاسمان دەپاڕێتەوە کە چارەنووسێکی تاقەتپروێن
بەسەر بنەماڵەدا ببارێنێت؛
بە شەق مێزەکە قلێپ دەکاتەوە، بەوپەڕی تووڕەییەوە،
کە سەرلەبەری بنەماڵەی "پێلپۆس" قڕی تێ بکەوێت.

هەر بۆیەش ئا ئەوە لەوێدا بە ڕاکشاوی دەبینیت.
ئەوە هەقی من بوو ببم بە مایەی ئەم کوشتنە،
چونکە من، دواکوڕی باوکە کلۆڵەکەم،
مەلۆتکەیەک، لەگەڵ باوکمدا وڵاتبەدەر کراین.
بەڵام دادوەری وەک گەورەیەک بەرەو ئێرەی هێنامەوە.
ئەگەرچی لێرەوەش دوور بووم بەڵام دەستم پێی ڕاگەیشت،
چون هەموو ئەمە و هەرچییەک کە ڕوویداوە کاری منە.
ئێستا کە ئەم پیاوە لە داوی تۆڵەسەندنەوەدا دەبینم،
تەنانەت مردنیش بۆ من خۆشە.

**سەرۆکی کۆرس**

ئایگیستۆس، خۆهەڵکێشان لەپاڵ تابووتەوە لەگەڵ تۆدا نایەتەوە!
تۆ دەڵێیت، بە خواست و ویستی خۆت، ئەم پیاوەت کوشتووە
و
بە تەنیاش پلانت بۆ کوشتنەکەی ڕشتووە.
چاکە، سەرت لە دەست سزای خۆی دەرباز نابێت،
بڕوام پێ بکە: نەفرەتی خەڵک و بەردباران.

**ئایگیستۆس**

ئەم زمانە، زمانی ئەوانەن کە لە بەشی هەرە خوارەوەی کەشتیدا دانیشتوون و سەوڵ لێ دەدەن، کەواتە کەشتییەکە لە لایەن ئەوانەوە کە لەسەر کەشتییەکە ڕاوەستاون لێدەخوڕدرێت؟

پیرەمێرد، هێندە نابات و بۆت دەردەکەوێت کە لەو تەمەنەی تۆدا فێربوونی ملدان و گوێڕایەڵی چەند زەحمەتە.

بەڵام، هەرچۆنێک بێت، ناڵەی برسێتی و دەستوپێبەند بۆ هەستونەستی پیرەمێردێکی ملهوڕ وەک یەکن.

ئەی کوێراییت داهاتووە و نابینیت چاوت چی دەبینێت؟

کەواتە خۆت لە نووکی شمشێر هەڵمەسوو- دەئێشێت.

**سەرۆکی کۆرس**

تۆ ئەی ژن! تۆ لێرە، لەم ماڵەدا، بەوپەڕی تواناتەوە سووکایەتیت بەو کەسەمان کردووە کە گەڕاوەتەوە و ئێستا لێرەدا ڕاوەستاوە و هەروەها سووکایەتیش بە تەختی نووستنی پاڵەوانەکەمان کردووە،

پلانیشت بۆ ئەم کارە، دژی سەرلەشکرەکەمان، داڕشتووە.

**ئایگیستۆس**

تۆ هێشتا بە زمانی سۆز، بە زمانێک دەدوێیت خەڵک دێنێتە گریان.
تۆ لە "ئۆرفێوس" دەچیت، بەڵام بە پێچەوانەوە.
ئاوازی سیحرئامێزی ئەو دنیایەکی بە خۆوە بەندی کردبوو،
بەڵام تۆ کە بەو مڕەمڕە مناڵانەیەت ڕقی ئێمە هەڵدەستێنیت
خۆت بەندی دەکەیت و-لە بەندیکردنی خۆتداماڵی دەبیت.

**سەرۆکی کۆرس**

بڵێیت تۆ ببیت بە فەرمانڕەوا لە ئارگۆس؟
تۆ کە لە دەمێکەوە خۆت بۆ تاوان دژی ژیانی پادشاکەمان ئامادە کردووە
بەڵام بوێری و هێزی ئەوەت نەبووە کە خۆت تاوانەکە ئەنجام بدەیت!

**ئایگیستۆس**

فێڵبازتربوون و سەرکەوتن کردەوەی ژنەکە بوو،
لە کاتێکدا کە من وەک دوژمنێکی کەونارا گومانم لێ دەکرا.
ئێستا بە یارمەتیی گەنجینەی ماڵ دەمەوێت ببم بە فەرمانڕەوا.

ئەوەیش کە مل نادات یەکسەر لەژێر کەڵەوەی قورسدا دەبەسترێتەوە و
ڕێی نادرێت وەک جوانوویەکی بەرەڵا و خۆشرۆ بگەڕێت،
بەڵکو دەبێت لە تاریکایی تەویلەدا بمێنێتەوە و
لە برساندا مل نەوی بکات.

**سەرۆکی کۆرس**

ترسی دڵت ڕێی پێ نەدایت بە دەستی خۆت پادشامان بکوژیت!
ژنەکەی کردی، ناحەزییەک بۆ خاک و خوداوەندەکانمان.
بەڵام بڵێیت "ئۆرێستێس" مردبێت؟
بڵێیت چارەنووسێکی دنەدەر بۆ ئێرەی نەهێنێت
تا بە دەستە بەهێزەکانی ئەم دووانە بکوژێت؟

**ئایگیستۆس**

چاکە، هەر ئێستا دەبینیت، ئەم کردەوە و زمانەت چیت بەسەر دێنن!
ڕا بن، هاوڕێ جەنگاوەرە بەوەفاکان، کاتی فەرمانە و فەرمانیش لێمانەوە دوور نییە! ڕا بن!

*(پاسەوانەکانی ئایگیستۆس بە خۆ دەکەون و ڕمەکانیان ئامادە دەکەن.)*

**سەرۆکی کۆرس**

ڕابن، دەست لەسەر دەسکی شمشێرەکانتان دانێن و ئامادەی لە کالان ڕاکێشان بن!

*(کۆرسیش لە لای خۆیەوە بە خۆ دەکەوێت.)*

**ئایگیستۆس**

منیش، دەست بە شمشێر، لێرەدا ڕاوەستاوم و لەوە ناترسێم بمرم.

*(شمشێرەکەی هەڵدەکێشێت و لە پێشرەوی پاسەوانەکاندا دەوەستێت.)*

**سەرۆکی کۆرس**

ئێستا ناوی مەرگی خۆتت برد. دەبا ئەوەی گوتت بە ڕاست بگەڕێت!

*(پیرەمێردەکان شمشێریان هەڵکێشاوە. بەڵام کلیۆتایمێسترا بەرەو نێوان هەردوو ڕیزی ئامادەی جەنگ دەڕوات.)*

**کلیۆتایمێسترا**

نا، لە هەموو شت خۆشەویستتر لە دنیادا، با ئیتر کاری توندوتیژ و خراپ بەس بێت! هەر ئێستا باری گرانی هەرچییەک کە کەوتووەتە ئەستۆمان بەرهەمی بەدبەختییەکە کە دووچاری بووین.
خەم و دڵتەنگی ئیتر بەسە! چیی تر شەڕ مەکەن! هێشتا دەستمان خوێناوییە.
ئێوەش، باوکە بەڕێزەکان، هەر یەکە و بۆ جێی خۆتان بگەڕێنەوە، پێش ئەو خراپەیەی کردووتانە و چەشتووتانە. ئەوەی جارێک لە جاران ڕوویداوە، ڕوویداوە.
هەر ئەوەندە ئەو وێرانییەی تووشی بووین کۆتایی بێت، دەبێت بەددانبەخۆداگرتنەوە ئەوە هەڵبگرین کە دەکەوێتە ئەستۆمان، ملنەوی لەژێر پێی قورسی ڕۆحی بەدکاری بنەماڵەی ئارتێوس"دا.
ئەمە بیروڕای ژنێکە، ئەگەر دەتانەوێت ڕێزی لێ بگرن.

**ئایگیستۆس**

بەڵام ئاخۆ دەتوانم ڕێ بدەم ئەم بێشەرمییە لەبەر چاوی مندا گوڵ بکات؟
دەکرێت ئەوان دژی چارەنووس بن، دەکرێت ئەو جۆرە وشانە لە ڕووی مندا بڵێن و بەبێ ئەوەی بتوانن خۆ هێور بکەنەوە قسەی ناشیرین بەو کەسە بڵێن کە دەسەڵاتی لە دەستدایە؟

**سەرۆکی کۆرس**

خوونەریتی پیاوانی "ئارگۆس" نییە کە بێچارە لە ئاست ترسنۆکێکدا گاگۆڵکێ بکەن.

**ئایگیستۆس**

بەڵام ئەو ڕۆژەش دێت کە بکەویتە بەر جنگی تۆڵەسەندنەوەی من.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەو ڕۆژە هەرگیز نایەت، ئەگەر "ئۆرێستێس" لەگەڵ خوداوەندێکدا لێرە نزیک بکەوێتەوە.

**ئایگیستۆس**

دەزانم خۆراکی ئەوەی لە زێدی خۆی دەرکراوە، هیوایەکی پووچ و بێبەرە.

**سەرۆکی کۆرس**

چاکە! کەواتە بەردەوام بە و خۆت بە بەخۆوەنازین هەڵئاوسێنە! کاتێکیش دەتوانیت، سووکایەتی بە دادوەری بکە!

**ئایگیستۆس**

ئەمەت بەسەرەوە ناچێت و ڕۆژێک دێت باجی ئەم شێتییەی ئەمڕۆت بدەیت.

**سەرۆکی کۆرس**

سەرحاڵ وەک ئەو کەڵەشێرەی لە تەنیشت مریشکەوە وەستاوە، خۆت گیف بکەرەوە!

**کلیۆتایمێسترا**

چیی تر گوێ بە مرەمرِی بێمانای ئەوان مەدە، چونکە من و تۆ پێکەوە وەک دوو فەرمانڕەوا هەموو شتێک، لەم ماڵەدا، دەهێنینەوە جێی خۆی.

(کلیۆتایمێسترا، ئایگیستۆس بەرەو دەروازەی قەڵا دەبات. پێکەوە دەچنە ژوورەوە، ئایگیستۆس لە پێشەوە و کلیۆتایمێستراش لە دوایەوە. دەروازەکان دادەخرێن. کۆرس بەبێدەنگی لەوێ دوور دەکەوێتەوە. پاسەوانەکانی ئایگیستۆس لە جێی خۆیان دەمێننەوە.)

# ئۆرێستێیا

بەشی دووەم

# قوربانی بۆ مردووان

کەسەکان

ئۆرێستێس؛ کوڕی ئاگامێمنون و کلیۆتایمێسترا

ئێلێکترا؛ کچی ئاگامێمون و کلیۆتایمێسترا

کلیۆتایمێسترا

ئایگیستۆس

پێلادێس؛ هاوڕێی ئۆرێستێس

کیلیسا؛ دایەنی ئۆرێستێس

پاسەوان

خزمەتکار

کۆرسی ژنەکوێلەکانی قەڵای پادشایەتی

کەسانی قەڵای پادشایەتی و خەڵکی ئارگۆس

(پشتەوەی شانۆ هەر هەمان دیمەنی بەشی یەکەمی زنجیرەکەیە؛ قەڵای پادشای ئەتریدەکان لە ئارگۆس. بەڵام لە پێشەوەی شانۆ، لە نێوەڕاستی شوێنی نواندندا، کڵگۆیەک؛ گۆڕی ئاگامێمنون، دەبینرێت. بەشی یەکەم لە تراژیدیایەکە لە تەنیشت ئەم کڵگۆیەوە بە ڕێوە دەچێت، لەم کاتەدا بۆ ئەوانەی خەریکی کاری نواندنن قەڵای پادشایەتی دیار نییە و بەشی دواتریش لە بەردەم قەڵای پادشایەتیدا بەڕێوە دەچێت و ئەوسا گۆڕەکە دیار نییە.
دوانیوەڕۆیە. ئۆرێستێس، جلوبەرگی گەشتی لە بەردایە و شمشێرێک بە لایەکی کەمەریدا شۆڕ بووەتەوە، لەسەر گڵکۆی باوکی ڕاوەستاوە، "پێلادێس"ی لەگەڵدایە و ئەویش هەمان شێوە خۆی پۆشیوە و شمشێرێک بە لایەکیدا شۆڕ بووەتەوە.)

تۆ "هێرمێس"ی ژێرزەوی، گوێ بۆ نزا و پاڕانەوەم بگرە!
ببە بە فریادڕەسم و لەگەڵم بە،
تۆ کە دەسەڵاتی باوکە مردووەکەم بە ڕێوە دەبەیت،
ئەوەتا گەڕاومەتەوە، ئێستا لەماڵەوەم.

---

وەک پەیامهێنێک، لەسەر گڵکۆی باوکم وەستاوم.
ئاخ، با گوێی لێم بێت و گوێ بۆ ئەو پەیامە ڕادێرێت،
کە دەمەوێت بیگەیەنم.

---

---

*تێبینی: سەرەتای تراژیدیایەکە - لە دەستنووسەکەدا دیار نییە و چەند مۆنۆلۆگێکی ئۆرێستێس- خراپ بووە. لای نووسەرانی تری دوای ئێسخیلۆس خۆی، ئەو بەیتانەی بۆ ئەو جێیانە گەڕێنراونەتەوە، بە هیی ئێسخیلۆس خۆی نازانرێن و وەک قسەی کەس/کەسانی تر، چاویان لێ دەکرێت.*

وەک سوپاس و پێزانین، پرچێکی خۆمم بۆ ئیناخۆس،
ڕووباری ئەو زێدەی لێی گەورە بووم و ئەو ساڵانەش کە لەوێ بووم،
کردە قوربانی.

ئەوی تریشم پێش نەختێک بڕی و ئەوەتا ئێستا،
وەک کۆمەکی قوربانیی خەمگینییەک،
لەسەر ئەم گۆڕە دایدەنێم.

*(پرچێک لەسەر گۆڕەکە دادەنێت.)*

---

ئەوسا لێرە نەبووم و نەمتوانی شیوەن بۆ مەرگت بگێڕم،
کاتێکیش بەرەو گۆڕ هەڵیانگرتیت، نەمتوانی بە دەستی درێژکراوەوە
ستایشت بکەم.

---

*(کە لە گڵکۆکە دێتە خوارەوە، دەبینێت کۆرس نزیک دەبێتەوە و کۆرسەکە تا ئەوسایش لە بینەرانەوە دیار نییە.)*

لەوێ چی دەبینم؟ ڕیزێک ژنی سەراپا ڕەشپۆش بەرەو ئێرە دێن.
مانای چییە ئەمە؟ ئاخۆ دیسان ئەم ماڵە تووشی نەهامەتی، تووشی ئێشوئازاری نوێ بووە؟ یا بڵێیت ئەم گەلەژنە ئەو خواردنەوەیەیان، بۆ باوکم، هەڵگرتووە کە ئەوانەی ژێرزەوی ئارام دەکاتەوە؟
بێگومان، هەروەهایشە، چون خوشکەکەی خۆم؛ ئێلێکترا،
لەنێویاندا دەبینم، وێنەیەک لە خەمگینییەکی تاڵ.

ئۆهـ لێم گەڕێ، تۆڵەی باوکم دەکرێتەوە، زێوس، بەخشندانە لەگەڵم بە!-

وەرە، پێلادێس، با لێرە دوور بکەوینەوە و

بزانین ئەم کاروانی قوربانییەی بەڕێوەیە بۆ چییە.

*(ئۆرێستێس و پێلادێس لە یەکێک لە دەرگاکانی تەنیشتەوە دەڕۆن. لە دەرگاکەی ترەوە کۆرس، کە لە ژنەکوێلەکانی ماڵ پێکهاتووە و ئێلێکترا پێشرەویانە، دێتە ژوورەوە. هەموویان رەشپۆشن، هەندێکیان گۆزەیان هەڵگرتووە و، وەک خێر بۆ مردووان، خوردانەوەی قوربانییان تێدایە و ئەوانی تر، وەک لە دەستەی شینگێڕان چاوەڕێ دەکرێت، لە سنگی خۆیان دەدەن، خۆیان دەڕننەوە.)*

**کۆرس**

## بڕگەی شیعریی یەکەم

دەست بە خواردنەوەی قوربانییەوە، وەک خێری مردوو، لە قەلاوە،

بەرەو ئێرە نێردراوین و بە توندی لە سنگی خۆمان دەدەین.

نێنۆکمان وەک کێڵگەیەکی تازەکێڵڕاو، شێوەردی

لە ڕوومەتماندا هەڵکەندووە و ڕوومەتمان بە خوێن ئاڵ.

ژیانمان، دەمێکە، هەر بە تەنیا ناڵەوگرین دەرخواردی دڵمان دەدات.
چنگی ئازار لە کراسی ئاودامانی بەرمان گیربووە و
وەک پەڕۆوپاتاڵ بەسەر سنگماندا شۆڕ بووەتەوە و
دەشەکێتەوە، سنگیشمان بە دڵتەنگی بارگرانە و
بە مست لێدراو.

**هاوبڕگەی شیعریی یەکەم**

قیژەیەکی نیگەرانیی شەوەکی هاتە بەر گوێ و دڵی دەتۆقان،
هاوارێکی بەئاگاهێن، لە دیمەنی خەونێکی ترسناکەوە،
هەڵسا و مووی لەشی ڕەق دەکرد.
پەیامی خەوێک سەبارەت بە ڕق و تۆڵەسەندن،
خۆی ترنجاندە نێو هۆڵی داخراوی قەڵاوە،
هۆڵی تایبەت بە ژنان.
ئەوانەش، کە بە یارمەتیی خوداوەندان،
توانیان ئەم خەونە لێک بدەنەوە،
وتیان لە قووڵایی ژێرزەوییەوە،
گیانە گرژوتاڵەکان زۆر لەو بکوژانە تووڕەن
کە خۆیان هەڵیانبژاردوون.

**بڕگەی شیعریی دووەم**

ئەو ژنە خوانەناسە، بۆ ڕێگرتن لە مەترسی،
بە دیارییەکی قێزەونەوە، من بەرەو ئێرە دەنێرێت،
-ئۆهـ خاک، ئۆهـ خاکی دایک!-
بە ترسەوە دەدوێم.
بڵێیت ئەو خوێنەی ڕژێنراوە قەرەبوو بکرێتەوە؟
حەیف و خەسارێ بۆ تۆ لەشکری پڕ لە ناڵەوگرین،
بۆ تۆش قەڵای پادشایەتیی سەرپێنەویکراو!
هەورێک، کە خۆر و خەڵک لێی دەسڵەمێنەوە،
تارایەکی شەوەکی بەسەر ئەوماڵەدا داوە،
کە فەرمانڕەواکەی مردووە.

## هاوبڕگەی شیعریی دووەم

بەسەرچوو، ئەو ڕێزە بەرفراوانەی، جاری جاران،
بێدەنگ و خۆڕاگر، باڵی بەسەر ئێرە و
سنگی پڕباوەڕی خەڵکدا کێشابوو.
ئێستا هەر بە تەنیا ترس فەرمانڕەوایە و
خوای خەڵکیش لەبیرکراو.
بەڵام، هێندە نابات و حوکم، بە ڕۆژی ڕووناک،
بە هەندێکیاندا ڕادەگات و بوولێڵی ئێوارەش
کۆتایی بەو کاتە دەهێنێت
کە بە مۆڵەت بە هەندێکی تریان دراوە،

ئەوانی تریش، ئەوانەی ون بوون،
شەو و تاریکی لە باوەشیان دەگرن.

### برگەی شیعریی سێیەم

هێندە نابات و ئەو خوێنەی خاکی دایک خواردیەوە، دەمەیێت،
نووسراوێکی تاوانباری کە هەرگیز پەڕە پەڕە ناکرێت و لە نێو ناچێت.
سزایش چاوەڕێی هاتنی کاتی خۆیەتی:
کە تاوانباریش تاجی گشت گوناهەکانی لە سەر نا،
بە سزای خۆی دەگات.

### هاوبرگەی شیعریی سێیەم

ئەگەر کەمەربەندی خاما شل بووەتەوە،
هیچ چارەیەک ناکات.
با ئاوی گشت ڕووباران بە وروژم بێن و
بڕژێنە سەر تەوژمی بەخوڕی هەمان ترەک:
بەڵام هەرگیز ناتوانێت ئەو خوێنە بسڕێتەوە
کە دەستی بکوژی پەڵاوی کردووە.

### دوابڕگەی شیعری

خوداوەندان سەریان بە شارەکەمان نەوی کرد،
ئێمە لە ماڵی باوکمانەوە، بۆ ئەم کۆیلەیەتییە، ڕاپێچ کراوین.
کۆیلەش دەبێت پەسنی هەرچییەک بدات،
کە فەرمانڕەوا دەیکات و دەیڵێت،
ئەمجا ڕاست بێت، یا ناڕاست.
قێز و ڕقمان،
لە دڵێکی شکێنراودا،
خۆی مەڵاس داوە.
بەڵام دەبێت، بۆ چارەنووسی سەروەرەکەمان،
بەسەر چمکی هەڵبڕاوی باڵاپۆشەکانماندا،
فرمێسکە تاڵەکانمان ببارێنین،
بە نەستێکەوە کە زوقمی ئازارێکی نهێنی نەخۆشی خستووە.

## ئێلێکترا

ئۆهـ خزمەتکاران، ئێوە کە ماڵتان بە ڕێوە دەبرد،
کە ئێستا دوای ئەم کاروانی قوربانییە کەوتوون،
ئامۆژگاریم بکەن.
بەدەم کام وشەی جوانەوە ئەم خواردنەوەی قوربانییە،
وەک خێری مردوو، بڕێژم؟

بە چ نوێژێک دەتوانم لە باوکم نزیک ببمەوە؟
"لە ژنێکی ئازیزەوە بۆ پیاوێکی ئازیز"-
سەبارەت بە دیارییەکەی دایکم؟ ناوێرم.
کە دەڕۆم و دەمەوێت ئەم قوربانییە
بەسەر گۆڕی باوکمدا بڕێژم،
هیچ وشەیەک نادۆزمەوە.
بەڵام هێشتا دەستوورێک باڵادەستە، کە بە نەریتێکی کۆنەوە دەدرێت:
"با بە هەمان شێوە قەرەبووی ئەوانە بکاتەوە
کە دیارییەکەیان ناردووە."- وەڵامی خراپە بە خراپە بدرێتەوە.
ئاخۆ منیش، هەروەک چۆن باوکم کوژرا، بە بێدەنگییەکی پڕ لە ڕیسواییەوە، بەبێ ئەوەی هیچ وشەیەک لە دەمم بێتە دەرەوە،
ڕێ بە خاک بدەم خواردنەوەی نێو گۆزەکەم هەڵمژێت،
ئەمجا ڕوو وەربگێڕم و گۆزەکەم فڕێ بدەم،
وەک چۆن ئاوێکی پیسکراو دەڕێژرێت و
ئەمجا بە ڕێی خۆمدا بڕۆم؟ ئاخ، ئامۆژگاریم بکەن؛
ئەوەتا ڕقێکی هاوبەش هەموومانی یەک خستووە.
هیچ شتێک، لە ترساندا، لەنێو دڵتدا مەشارەوە:
ئازاد بین یا کۆیلە، لە دەست چارەنووسی خۆمان، ڕزگار نابین.
ئەگەر ئامۆژگارییەکی باشتر دەزانیت، با گوێم لێی بێت.

**سەرۆکی کۆرس**

گۆڕی باوکی تۆ بۆ من قوربانیگە و جێی نزا و پاڕانەوەیە.
بەڕێزەوە گوێڕایەڵم و قسەی خۆم دەکەم.

**ئێلێکترا**

ئەو وشانە بڵێ کە پیرۆزیی گۆڕەکە پێت دەبەخشن.

**سەرۆکی کۆرس**

بەدەم ڕێوڕەسمی قوربانییەوە بۆ هاوڕێکانی بپاڕێوە.

**ئێلێکترا**

کەواتە، لە خەڵکی ماڵ، ناوی کێ بهێنم.

**سەرۆکی کۆرس**

ناوی خۆت، ناوی ئەوانەی ڕقیان لە ئایگستۆس دەبێتەوە.

**ئێلێکترا**

کەواتە هەر بە تەنیا بۆ ئێوە و بۆ خۆم دەپاڕێمەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

بیری لێ بکەرەوە و خۆت ڕێیەک بۆ ئەوە ببینەوە.

**ئێلێکترا**

ئەی دەتوانرێت کێی تر لە بەرەی ئێمە بژمێردرێت؟

**سەرۆکی کۆرس**

"ئۆرێستێس"ی دەربەدەرت لە بیر نەچێت.

**ئێلێکترا**

چاکت وت! ئەمیان سەرزەنشتێکی چاک بوو.

**سەرۆکی کۆرس**

پاشان ئەوانەت لە بیر نەچێت کە بەم کوشتنە هەڵساون-

**ئێلێکترا**

چۆن بپاڕێمەوە؟ یارمەتیی بێچارەییم بدە.

**سەرۆکی کۆرس**

کە خوداوەندێک، یا پیاوێک، بەسەر سەری ئەوانەوە بێت-

**ئێلێکترا**

بە ئەرکی دادوەرێک، یا تۆڵەستێنێکەوە؟

**سەرۆکی کۆرس**

بە ئاشکرا بڵێ: ئەوەی لەبریی ژیان، ژیان دەستێنێت.

**ئێلێکترا**

دەکرێت پاڕانەوەیەکی وا ئاڕاستەی خواکانی ئاسمان بکرێت؟

**سەرۆکی کۆرس**

بۆ نا؟ قەرەبووی خراپە بە خراپە دەکرێتەوە.

**ئێلێکترا**

*(سەر کڵگۆکە دەکەوێت و دەست دەکات بە خێرکردن.)*

تۆ، ئەی "هێرمێس"ی ژێرزەوی، گەورە پەیامهێنی
نێوان دنیای ڕووناکی و وڵاتی تارماییەکان،
یارمەتیم بدە و نزا و پاڕانەوەم بۆ خوداوەندەکانی "هادێس" ببە،
کە هێشتا کوشتنەکەیان لە بیر ماوە، بیبە بۆ خاکی دایکیش،
کە هەموو شتێکی لێ دەزێت، هەموو شتێک گۆش دەکات و
پاشان بە هەموو ئەوانەی لەو زاون، سەرلەنوێ دووگیان دەبێتەوە.
ئێستا قوربانییەکەم بەسەر گۆڕەکەدا دەڕێژم و
بەم جۆرەش بۆ باوکم دەدوێم: لەگەڵ من و "ئۆرێستێس"دا
بە بەزەیی بە. دەسەڵاتمان بەسەر ماڵی خۆماندا پێ ببەخشە.
ئێمە بێماڵین و دایکمان فرۆشتووینی. ئەویش ئێستا
لەگەڵ ئایگیستۆس، هاوبکوژەکەی خۆیدا، دەژی.
جێوڕێی من، جێوڕێی کۆیلەیەکە و ئۆرێستێسیش
لە میرات بێبەشکراو، لە دوورەوڵاتیدا شوێنەون بووە،

لە کاتێکدا ئەم دووانە بە لەخۆباییبوونەوە
لە بەرهەمی ڕەنجی تۆ دەچێژن.
ئاخ، ڕێ بدە با ئۆرێستۆس لە چرکەیەکی بەختەوەریدا
بەرەو ماڵ بگەڕێتەوە. گوێم لێ بگرە، باوکە!
ڕێش بدە با هەستونەستم ئارام بن،
دەستیشم لە دەستی دایکم پاکتر.
ئەمە نزا و پاڕانەوەی منە بۆ خۆمان و بۆ دوژمنانیش،
بۆ کەسێک دەپاڕێمەوە بتوانێت تۆڵەی تۆ بکاتەوە،
بۆ مردنێکی دادوەرانە دەپاڕێمەوە،
بۆ ئەوانەی خۆیان بە کوشتن هەڵساون.
بە خواستێکی ئاوهاوە، کە بەدبەختی بەسەر ئەوانەدا دەبارێنێت شایستەی ئەو بەدبەختییەن، کاروپیشەی خۆم بە جێ دەهێڵم.
بەڵام لە گۆڕەکەتەوە، بە یارمەتیی خوداوەندان و زەوی و دادوەری، کە پاڵپشتی ئەوانەن سەرکەوتن بە دەست دەهێنن،
داوای خێرمان بۆ بکە. بە نزا و پاڕانەوەیەکی ئاوهاوە،
قوربانییەکەم دەڕێژم. بەڵام ئێستا دابونەریت، هەستی پەسن و پێداهەڵدان،
تاجەگوڵینەیەک لە سکاڵا و سروودێکی خەمگینی لە تۆ داوا دەکات،
بۆ ئەو کەسەی لێرەدا دواپشوو دەدات.

**کۆرس**

با فرمێسک بڕژێنە سەر خاکی گڵکۆی فەرمانڕەوامان،
ئەوەی خاکی سەر گۆڕیشی شایانی ڕێزلێگرتن و
لە خۆشی و ناخۆشیدا پەناگەی ئێمەیە،
بۆ ئەوەی کاریگەریی قوربانییەکە بە کار بهێنرێت،
ئەو قوربانییە قێزەونەی ئێمە دەیڕێژین.
تۆ ئەی فەرمانڕەوای گەورە، گوێ بگرە،
لە قووڵایی ڕۆحی بە تارمایی داپۆشراوی خۆتدا،
گوێ بۆ نزا و پاڕانەوەی دڵلەرزێنی ئێمە بگرە!
حەیف و خەسارێ! حەیف!
بڵێیت، بەم زووانە، ئەو جەنگاوەرەی ماڵەکەی ئێمە ڕزگار دەکات،
ئەگاتە جێ؟ بڵێیت ئەگات و ڕمەکەی خۆی ڕانەوەشێنێت،
بە دەستێکی ئامادە بۆ شەڕەوە ژێی کەوانەکەی ڕانەکێشێت،
شمشێرەکەی لە شەڕێکی دەستەویەخەدا هەڵنەکێشێت،
مشتوو و کالان پێکەوە؟

**ئێلێکترا**

*(لەسەر گڵکۆکە دادەبەزێت و پرچێکی بە دەستەوەیە.)*

خاک ئەو خواردنەوەی قوربانییەی، بۆ باوکمم ڕشت، هەڵمژی.
بەڵام گوێ لە شتێکی نوێ و سەیر بگرن!

**سەرۆکی کۆرس**

قسە بکە! دڵ، لە ترساندا، تەپەتەپ لێ دەدات.

**ئێلێکترا**

ئەم پرچەم، لێرە، لەسەر گۆڕەکە دۆزیەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

پرچی پیاوە؟ یا بسکی جوانهۆنراوەی کچێک؟

**ئێلکترا**

هەر یەکێکمان بە ئاسانی دەتوانێت ئەم مەتەڵە هەڵبهێنێت.

**سەرۆکی کۆرس**

کەواتە ئەوەی پیر بووە، با لە گەنجیی تۆوە فێر ببێت.

**ئێلێکترا**

لە من زیاتر، چ کەسێک، دەیتوانی ئەمە بکات بە قوربانی؟

**سەرۆکی کۆرس**

ئیشی ئەوانەیە کە ڕقیان لێی بووە.

**ئێلێکترا**

سەیرکە، ڕاستییەکەی، ئەوەتا پرچەکان لە یەکتر دەچن-

**سەرۆکی کۆرس**

ئاخر لە کام پرچ؟

**ئێلێکترا**

لە پرچی خۆم دەچێت، بڕوا بە قسەکەم بکە.

**سەرۆکی کۆرس**

بڵێیت دیارییەکی نهێنی نەبێت لە "ئۆرێستێس"ەوە؟

**ئێلێکترا**

لەوە دەچێت لە قژی ئەو براBێت.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەی چۆن وێراویەتی بێت بۆ ئێرە؟

**ئێلێکترا**

دوور نییە، ئەو پرچە براوەی، وەک قوربانییەک،
بۆ باوکی ناردبێت.

**سەرۆکی کۆرس**

تۆ چاومان لە فرمێسک پڕ دەکەیت،
ئەگەر وا بێت و ئەو ئیتر جارێکی تر پێ نەنێتەوە سەر ئەم خاکە.

**ئێلێکترا**

شەپۆلێک لە تاڵی و گرژی دڵی منیشی شۆردەوە؛
هەستم کرد وەک ئەوەی شمشێرێک بێت و ئەمدیو و ئەودیو لە دڵم ڕاکرابێت.
کە ئەم پرچە دەبینم، فرمێسکی سوێر و بەخوڕ، وەک شەپۆلی ڕووبارێکی کەفچڕێن، لە چاومەوە هەڵدەقوڵێت.
ئاخۆ دەتوانم باوەڕ بەوە بهێنم کە ئەمە
پرچی کەسێکی تری هاوشاریمان بێت؟ تەواو دڵنیام، کە دایکم؛ ئەو ژنە بکوژە، ئەمەی نەکردووە بە قوربانی- بەڵام بەبێ هەستی دایکایەتی بۆ مناڵەکانی، ئەو بەدکار و خوانەناسە! ئەمجا، بۆ ئەوەیش بیسەلمێنێت کە ئەمە دیارییەکە لە "ئۆرێستێس"ەوە، ئۆرێستێس ئەوەی لە هەموو کەسێک خۆشەویستترە... بەڵام هیوادارم.
ئۆف،
ئەگەر هەر ئەوەندە دەنگی هەبووایە بۆ ئەوەی بتوانێت قسە بکات،
ئیتر ئەوسا ئاوها بە پەرێشانییەوە بەملا و ئەولادا نەدەلەنگیم.
ئەوسا ئەگەر لە قژی دوژمنێک ببڕایە، دەمتوانی بە قێزوبێزەوە فڕێی بدەم، بەڵام با پرچی هاوڕێکەم، سکاڵای من وەک دیارییەکی قوربانی،
لەسەر گۆڕی باوکمان بەش بکات.

بەڵام بێگومان خوداوەندان، ئەوانەی ئێمە لێیان دەپاڕێینەوە، دەزانن بە چ زریانێکی زستانە کەشتییەکەمان سەروژێر بووە و ئەگەر ڕزگاربوونی ئێمە جارێک لە جاران بڕیاری لەسەر دراوە، درەختێکی پتەو دەتوانێت لەسەر بچووکترین تۆو شین ببێت.

*(پیرچەکە لەسەر گڵکۆکە دادەنێتەوە، بەڵام لەگەڵ خۆدانەواندندا جێپێ لەسەر گڵکۆکە دەبینێت.)*

بەڵام بڕوانە! بەڵگەیەکی نوێ! لێرەدا جێپێ دەبینم کە بە ئاشکرا لە جێپێی خۆم دەچن. شوێنەواری دوو جێپێ دەبینم: جێپێی ئەو و هیی پیاوێکی تر، هیی هاودەمێک.
هێڵی پاژنە و هێڵی پێ، هەم بە شێوە و هەم بە پێوانەش، لەگەڵ جێپێیەکانی خۆمدا دێنەوە.
نیگەرانی دامدەگرێت و عەقڵم تاریک.

**ئۆرێستێس**

*(دەردەکەوێت و "پێلادۆس"یش بە دوای ئەودا دەردەکەوێت.)*

بۆ ئەوەی سەرلەبەری ئەوەی دەتەوێت بە دەست بهێنیت، لە خواکان بپاڕێوە ئەو بەشەپێکهێنەرانەت پێ ببەخشن کە

دڵت داوایان دەکات، لێیان بپاڕێرەوە با بڕیار بدەن وەک ئەوەی خۆت دەتەوێت بە دەستیان بهێنیت.

**ئێلێکترا**

بۆ؟ بەزەیی ئەوان، تا ئێستا، چی بە من بەخشیوە؟

**ئۆرێستێس**

ئەوەتا ئەو شتە دەبینیت کە بە تاسەوئارەزووەوە بوویت بۆی.

**ئێلێکترا**

بۆ تۆ دەزانیت بە تاسەوئارەزووی چییەوە بووم؟

**ئۆرێستێس**

ئەوەندەی بزانم، ئۆرێستێس، خۆشەویستییە گەورەکەی تۆ بوو.

**ئێلێکترا**

کەواتە بە چ جۆرێک گوێ بۆ نزا و پاڕانەوەی من ڕاگیراوە؟

**ئۆرێستێس**

ئەوەتا من لێرەدا ڕاوەستاوم، نزیکترین کەسێک لێتەوە.

**ئێلێکترا**

ئۆو نائاشنا، دەتەوێت بمکەیت بە داوی فریوخواردنەوە؟

**ئۆرێستێس**

ئەگەر وا بێت، نەخشەی پیلانگێڕانم لە دژی خۆیشم کێشاوە.

**ئێلێکترا**

پێم بڵێ، دەتەوێت گاڵتە بە کڵۆڵیم بکەیت؟

**ئۆرێستێس**

ئاخ، ئەگەر وا بێت، گاڵتەم بە کڵۆڵیی خۆم کردووە.

**ئێلێکترا**

ئاخۆ بەڕاستی دەتوانم وەک ئۆرێستێس پێشوازیت لێ بکەم؟

**ئۆرێستێس**

ئێستا کە دەمبینیت هێشتا باوەڕم پێ ناکەیت،
بەڵام کە چاوت بە بینینی پرچم کرانەوە و
لەسەر ئەم خۆڵە دوای جێپێیەکانم کەوتیت،
شادمانیت باڵی دەرکرد و منت بینی!
دە ئێستا، ئەم پرچە بنێرەوە بەو جێیەوە لێی بڕاوە.
ئەوەتا ڕێک لەگەڵیدا دەگونجێت.
سەیری ئەم باڵاپۆشەش بکە، بەرهەمی دەستەکانی خۆت،
بەرهەمی تەونچنیی خۆت و چواردەور بە نیگاری شێر چنراو.

*(ئێلێکترا باوەشی پێدا دەکات.)*

دان بە خۆتدا بگرە! لە خۆشییاندا سەرت لێ نەشێوێت!
چون ئەوانەی نزیکترین کەسانێکن لێمانەوە ڕقیان لێمان دەبێتەوە.

**ئێلێکترا**

تۆ ئەی گلێنەکەی ماڵەباوان،
ئەی هیوای بە فرمێسک تەڕبوو
بۆ تۆوێک کە ڕزگاربوون لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت،
تۆ بە هێز و توانای خۆت دەبیت بە سەروەری قەڵامان.
ئۆو ئەی جوانترین دیمەن، سڵاو لە دییارت کە سەراپام پڕ لە خۆشی دەکات!
دەبێت وەک چۆن پێشوازی لە باوک دەکرێت، وا پێشوازی لە تۆیش بکەم؛
ئەو خۆشەویستییەی کە دایکێک داوای دەکات و
بە هیی خۆی دەزانێت، خۆشەویستیی تۆیە،
چون بە هەموو مانایەک ڕقم لێیەتی،
هەموو ناز و خۆشەویستیی خوشکێکی بەقوربانیکراو بۆ تۆ،
تۆ برایەکی بەوەفا بوویت و بە ئابروو و دەسەڵاتەوە دێیت.
- هێز و هەق شایانی خۆتن و تۆیش، ئۆو زێوس،
کە بەسەر هەمووواندا فەرمانڕەوایت!

**ئۆرێستێس**

زێوس، زێوس، لەم تەنگانەیەماندا ئاگات لێمان بێت!
سەیری ئەم بەچکانەی هەڵۆکە بکە، ئەو هەڵۆیەی مارێکی دڵبەقین

پێچی بە دەوردا دا و کوشتی! ئەوانەی بەجێهێڵراون، بە دەست ئازاری برسێتییەوە دەناڵێنن، هێشتا هێند بهێزن کە بتوانن نێچیرەکەی باوکیان

بۆ هێلانە سەر بخەن. ڕەوشی ئێمە ئاوهایە ئێستا، ڕەوشی من و هیی ئێلێکتراش، بێ باوک، هەردوو لەماڵی خۆمان دەرپەڕێنراو.

ئاخۆ ڕێ بە لەناوچوونی ئێمە دەدەیت،

منداڵانی کەسێک کە تۆی پەرستووە و دیاریی گرانبەهای بۆ کردوویت بە قوربانی، ئەی ئیتر لە کوێ دەستێکی وا بەخشندە دەدۆزیتەوە؟

ئەگەر بیشهێڵیت نەوەکانی هەڵۆکە لە نێو بچن، ناتوانیت ئەو نیشانانەت بۆ خەڵک بنێریت کە لە ڕوودانی کارەسات ئاگاداریان دەکاتەوە. ئەگەر ئەم خێڵە دەسەڵاتدارە جارێک لە جاران نەمێنێت، ئەی کێ لە ڕۆژی قوربانیداندا لەپاڵ قوربانیگەوە بوەستێت؟

یارمەتیمان بدە، چون تۆ دەتوانیت ئەو خانووەی تەخت کراوە و تێکەڵ بە خاک بووە، دیسان بەرز هەڵچنیتەوە!

**سەرۆکی کۆرس**

بێدەنگ بن، ڕۆڵە خۆشەویستەکانم، ئەی تاکەهیوای ئێمە بۆ ڕزگاکردنی ئەم ماڵە! چونکە کەسێک دەتوانێت گوێی لێتان

بێت و لەبەر دەمەوەریی خۆی هەموو شتێک بۆ فەرمانڕەوایانی قەڵا بگێڕێتەوە.
ئاخ نەمردمایە و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوانم بە مردوویی لەنێو ئاگری لیژنەدارێکی تەڕوبڕی گڕگرتوودا ببینیایە!

**ئۆرێستێس**

پەیامی پێشبینیکەری بەهێزی ئەپۆڵۆن، لەگەڵ ئێمە، پەیمانشکێنی ناکات.
هەر بە دەنگێکی پێشبینیکەریش فەرمان بەسەر مندا دراوە کە بەرەنگاری ئەو مەترسییانە ببمەوە، بە هەڕەشەی بتۆقێنی تاڵ و تاریک و خوێنساردییەوە، ئەگەر سزای بکوژانی باوکم نەدەم و ژیان لەبریی ژیان نەستێنم، بەوپەڕی تووڕەییەوە، وەک چۆن هەموو زیانپێکەوتنێک لێت داوا دەکات.
ئەگەر وا نەکەم، دەبێت ژیانی خۆمی لەبریی دابنێم و خۆم تووشی دڵتەنگی و ئازارێکی بەسوێ بکەم. ئەپۆڵۆن پێی وتم کە چۆن هێزە تووڕە و گرژەکانی گۆڕ وەک دەرد و لاڕەشە دوامان دەکەون- کە چۆن کۆڕ و دەستەی گولان ددانی چڵێسی خۆیان لە گۆشتەکەمان گیر دەکەن و هێزی ژیانمان دەخۆن و بەژنوبالامان لە نێو دەبەن، بەو گەندەمووە سپییانەوە کە لە برین دەڕوێن.

ئەو باسی ئەو ژنەخوداوەندە تووڕانەی تۆڵەسەندنەوەی بۆ کردم کە لە خوێنی ڕژاوی باوک لە دایک دەبن؛ دیمەنی بەرچاوی بتۆقێن و ئاشکرای تاریکی.
تیرێکی نەبینراو، چەکێکی ژێرزەوینی بە دەستی مردوویەکەوە، بەڵام هەرگیز بە دەستی هاوڕێیەکەوە نا کە تۆڵەی ستێنراوە – هەڵچوونی تووڕەیی و مەترسیی شەوانی تاریک- بە سەرماندا هەڵدەکەن و سەرمان لێ دەشێوێنن.
بە قامچی لە مس دروستکراوی سزا، بە لەشێکی شێواوەوە، ڕاو دەنرێین.
هەر کەسێکیش جێشوێنی ئەو قامچییەی بە لەشەوە بێت، بەشی لە خواردنەوەی قوربانی و جامی ئاهەنگەکەدا نامێنێت.
تووڕەیی نەبینراوی باوک ڕێی هەموو قوربانیگە و هەموو ماڵێک دەگرێت.
لە کۆتاییشدا، ئابرووچوو، بێ هاوڕێ، تا سەر مۆخ وشک دەبێتەوە و مردنێک دەمرێت کە شایانی گاڵتەپێکردن بێت.
ئاخۆ دەتوانم متمانە بە زمانی پێشبینی بکەم؟
ئەگەر نەیشتوانم، هەر دەبێت ئەم کارە تاقی بکرێتەوە.
چون زۆرن ئەو شتانەی بۆ دەستبەکاربوون هانم دەدەن:
فەرمانی پێشبینیکەر و خەمگینیی قووڵی خۆم،
چنگی بێبەزەییانەی هەژاریی خۆم،
گەلە سەربڵندەکەم کە جارێک لە جاران، بەوپەڕی ئازاییەوە،

"ترۆیا"ی تێکشکان و، ئێستاش بووە بە کۆیلەی دوو ژن!
بەڵێ، هەستونەستی "ئایگیستۆس"یش هەستونەستی ژنانەن.
ئەگەرنا، با بێتە مەیدان و پێشانیان بدات.

**سەرۆکی کۆرس**

ئۆو ژنەخوداوەندەکانی چارەنووس، ئێستا دەپاڕێمەوە کە زێوس
وا پێکەوەی ببەستێتەوە کە ڕەوایی سەر بکەوێت.
قسەیەکی سووکایەتیهێن، وەڵامێکی سووکایەتیهێن هەڵدەگرێت،
لێدانیش بە نیازی کوشتن، هەر لێدان بە نیازی کوشتنی بە دوادا دێت-
ڕەوایی ئاوها بە دەنگێکی بڵند هاوار دەکات
کاتێک بێبەزییانە داوای نامەی کرداری هەر کەسێک دەکات.
پەندێکی ژیری کەونارای ئێمەش ئەمەیە:
دەبێت تاوانبار بە سزای خۆی بگات.

**ئۆرێستێس**

باوکە، باوکی کلۆڵم، پێم بڵێ:

چ وشەیەک، یا چ قوربانییەک،
دەتوانێت پەیامێکی دوورت بۆ بهێنێت؛
پەیامێک بۆ ئەو تەختی نووستنەی زیندانیت دەکات؟
دنیای ڕووناکی و دنیای تاریکی لێک جودان.
بەڵام سکاڵا و پیاهەڵدان، دڵی ئێمەی کلۆڵ،
دڵی ئێمەی نەوەکانی ئارتێوس دەداتەوە،
کە لە دەمێکەوە فەرمانڕەوایماڵین.

**کۆرس**

ڕۆڵەکەم، ڕۆحی مردوو بە قەپی چڵێسی ئاگر ناخورێت:
ئازایەتیی تووڕە و هەڵچووی خۆی دەپارێزێت.
تۆڵەستێن، بە سکاڵا و گریانی پاڵ دواجێگا کە مردووی تێدا ڕاکشاوە، پەیدا دەبێت.
شیوەنی بەرز و ڕەوای سەر گڵکۆی باوکیش،
دەگەڕێت و ڕێی خۆی دەدۆزێتەوە.

**ئێلێکترا**

گوێ بگرە، ئۆو باوکە، گوێ بۆ ئازاری قورس و
لەنێو فرمێسکدا خنکاوی منیش بگرە!
ئێمە؛ کچ و کوڕەکەت پێکەوە،
سکاڵای سروودی مەرگت بە یەک دەنگ دەچڕین.

بێ ماڵ، بەدەم پاڕانەوە و نزاوە،
پەنا بۆ گڵکۆ پیرۆزەکەی تۆ دەبەین.
ئاخۆ، بێجگە لە بەدبەختی و خەمگینی، شتێکی ترمان پێ دەبەخشێت؟
دەتوانین لە دژی چارەنووسمان بجەنگین؟

**سەرۆکی کۆرس**

بەلآم هێشتا، بەئاگاهێنانی ئاوازێکی تر و خۆشتر لەمە، لە دەسەلآتی خواوەندەکاندایە.
لەبریی سروودی مەرگی پڕ لە ناڵەوگرینی سەر گۆڕ
دەتوانرێت ئاوازی سەرکەوتن لە هۆڵی پادشادا دەنگ بداتەوە،
کاتێک جامی پێشوازیلێکردن لێوانلێو دەکرێن.

**ئۆرێستێس**

ئۆف، باوکە، ئەگەر بە ڕمێکی "لیوکی" و لە پاڵ دیوارەکانی "ئیلیۆن"دا بە مەرگی خۆت بگەیشتیتایە! ئەوسا ماڵەکەمان جێی شانازی دەبوو،
منداڵەکانیشت، هەمیشە ڕوو لە خەڵک و سەربڵند دەگەڕان.
ئەوسا گڵکۆکەت، لە کەناری ئەوبەری زەریاوە،
ڕوو لە ئاسمان و بەرز هەڵدەچوو،

ئێمەیش بە دڵخۆشییەوە باروبنەی خۆمانمان هەڵدەگرت.

کۆرس

ئەوسا، وەک هاوڕێیەک لەنێو هاوڕێیانیدا، ئەوانەی بە سەربڵندییەوە مردوون، لە هادێس، وەک فەرمانڕەوایەک، بەرز و پیرۆز، تاجی لە سەر دەنرا و، جێگایشی لەوێ دەبوو، لە تەنیشت نەجیبزادە گەورەکانی مەرگستانەوە.
چون ئەو لە ژیاندا پادشا بوو و،
ئەو گاڵۆکەی دەسەڵاتیشی هەڵگرتبوو،
کە ڕێز و مەترسی دەبەخشێت.

**ئێلێکترا**

نا- باوکە، ئەگەر گۆڕەکەی تۆ لەپاڵ دیوارەکانی ئیلیۆن و شەپۆلەکانی "سکاماندرۆس"ەوە نییە،
لەنێو ئەوانەی کە بە زەبری ڕم بە خاک سپێردران،
بەڵام ئەوانەی تۆیان کوشت،
خۆیان تووشی ئەم مەرگە هاتوون!
ئەوا ئەوسا هەموویان هەستیان
بە پەیامی لەدوورەوەهاتوو دەکرد،
بەڵام بەرانبەر بە هەرشتێک
کە ئێستا ئێش و ژانی لە دڵ کردووین،

لێیان خۆش دەبوون.

**سەرۆکی کۆرس**

ئۆف، ڕۆڵە، تۆ لە زێڕ زیاتر دەخوازیت و
لەو بەختەوەرییە درەوشاوەیەش زیاترت دەوێت،
کە لە وڵاتە بەختیار و دوورەدەستەکانی باکووردا هەیە-
خواست و تاسە و ئارەزووکردن ئاسانن.
بەڵام ئەی گوێت لە شیرەی قامچیی دووفاق نییە:
یارمەتیدەری ئێمە لە قووڵایی ژێرزەویدا ئازار دەچێژێت و،
دەستی فەرمانڕەواکانیش بە خوێن سوور.
ئەوان ڕقیان لە مردووەکە دەبێتەوە،
بەڵام هێشتا ڕقیان لە منداڵەکانی زیاترە.

**ئۆرێستێس**

قسەکەت، وەک ڕمێک، لەنێو گوێم هەڵچەقی.
زێوس! زێوس!
کەم کەم و لە بەرەوە، لە "هادێس"ەوە، تۆڵە و سزامان بۆ بنێرە،
تۆڵە و سزا بەسەر ئەو لووتبەرزەدا،
بەسەر ئەو دەستە بکوژەدا کە بە کوشتن خۆشە بووە-

ڕی بدە با ئەمە، لە پێناوی باوکمدا، ڕوو بدات!

**کۆرس**

هەر ئەوەندە بتوانم هاوارێکی شادی
بەسەر لاشەی پیاوە لێدراوەکەدا،
بەسەر لاشەی ژنە کوژراوەدا، بکەم.
بۆ دەبێت ئارەزووی نێو دڵی خۆم بشارمەوە؟
بیشیشارمەوە، ئەو وەک گێژەن سەر دەکەوێت،
وەک تەوژم هەڵمەت بۆ سنگی کەشتی دەبات،
قورس بە تووڕەیی،
تژی لە ڕق.

**ئێلێکترا**

کەواتە کەی زێوس، ئاخرێکەی،
دەستی بەهێزیی خۆی دادەگرێت و،
- هاوار! هاوار!-
تەوقەسەری تاوانباران دوو لەت دەکات،
کەی دڵنەوایی و دڵنیایی بە وڵات دەبەخشێت؟
داوای سزا بۆ هەر سەرکێشییەک دەکەم.
گوێم لێ بگرە، زەوی،
تۆیش ژێرزەوی،

گوێم لێ بگرە.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەو خوێنەی جارێک لە جاران ڕژێنرایە سەر زەوی،
داوای خوێنی زیاتر و زیاتر دەکات،
پەیامی نەگۆڕی یاسا وا دەڵێت.
چونکە کوشتن، بە دەنگی پڕ لە هاوار و
پڕ لە نیگەرانی ئەوانەی پێش هەر کەسێکی تر
دەبن بە قوربانی، پڕ بە دەم، هاوار لە تۆڵەسەندن دەکات
و کارەساتیش بە دوای خۆیدا کارەسات دەهێنێت.

**ئۆرێستێس**

وای لە ئێمە! وای لە ئێمە!
سەروەرە مەزنەکانی هادێس:
هاواری کوژراوان بۆ تۆڵەسەندنەوە،
هەڵگیراو لەسەر هێزێکی پتەو!
ئەمجا ئێمە، دوانەوەکانی ئارتێوس،
بێچارە، بێماڵ!
چ ڕێگایەک، ئۆو زێوس،
دەچێتەوە سەر ڕزگاربوون؟

**کۆرس**

کە هەست بەم سکاڵا خەمگینەت دەکەم
دڵم، لەنێو سنگمدا، دەلەرزێت،
سەرلەنوێ هیوام دەکوژێتەوە،
بە هەر وشەیەک تۆ دەریدەبڕیت،
تاریکی ڕۆحم دادەپۆشێت.
بەڵام کە هێزە خورتەکەت دەبینم،
خەمیگینم دەڕەوێتەوە؛
هەموو ئازایەتیم
لەنۆژەنرا بە ئاگا دێتەوە.

**ئێلێکترا**

چۆن داواکەم دابڕێژم؟
ئاخۆ دەبێت ئەوەش بڵێم کە دایکمان
بە چ جۆرێک سووکایەتیی پێ کردین؟
مەراییکردن و گوێڕایەڵی؟ نا!
ئەمەیش یەکمان ناخاتەوە.
میراتی دایکم،
هەستونەستێکی گرژوتووڕە و
دڕندەیە.

**کۆرس**

وەک ژنانی سکاڵاکەری ئارییا،
وەک ژنانی لە فرمێسکدا نوقوومبووی کیسییا،
بەدەم گریەوناڵینەوە لە سنگی خۆمان دەدا.
لە هەموو لایەکیشەوە، چەپۆک،
وەک تەرزە بە سەرماندا دەبارین و
لێیان دەداین، لە سەرەوە،
لە ژێرەوە، چڕ و خامۆش،
بەسەر سەری کلۆڵ و ئەشکەنجەدراوماندا دەبارین.

**ئێلێکترا**

ئاخ لە دەست تۆ، تۆ دایکە دڵڕەق و
سەختگیرەکە کە بە ڕقوکینە و سووکایەتیپێکردنەوە
پادشاکەی خۆت، مێردەکەی خۆتت، لە گۆڕ نا و،
ڕێت نەدا کەس بەدەم سکاڵا و گریانەوە،
دڵپەست و خەمگین، بەرەو گۆڕستان،
دوای تەرمەکەی بکەوێت!

**ئۆرێستێس**

هەرچییەکتان وتووە،

سووکایەتپێکردنێکی تاڵوگرژ بوو.
بەڵام ئەو دەبێت لە بەرانبەر ئەو شوورەی و
سووکایەتییەدا کە بە باوکمی کردووە،
سزای خۆی وەربگرێت،
بە یارمەتیی خوداوەندان و،
بەم دەستەی خۆم.
کە ئەمەیشم کرد،
خۆیشم چش!

**کۆرس**

دەبێت ئەوە بزانیت کە-
لاشەکەیان پارچە پارچە کرد،
بێڕێزیپێکراو، لەتلەتکراو،
وەک بارگرانییەکی دڵتەزێن
بەسەر هەموو ژیانی تۆوە،
لە گۆڕ نرا.
تۆ خۆیشت ئەو سووکایەتییەت
گوێ لێیە کە باوکت
پێیدا ڕۆیشتووە!

**ئێلێکترا**

چارەنووسی باوکمت گێڕایەوە.
بەڵام من دوورەپەرێزکراو، کەسنەویست و
گاڵتەپێکراو، هێڵرامەوە و لە سووچێک
لە سووچە نادیارەکانی ماڵدا،
وەک دەڵەسەگێکی دڕ،
لە هەموو کەس و
هەموو شتێکیان
دابڕیم.
دەگریام و دەگریام،
دەمناڵاند، شیوەنم دەکرد،
زیندانی بووم و
بێدەسەڵات.
ئەوەی ئێستا هەستت پێ کردووە
لەنێو دڵی خۆتدا بشارەوە!

**کۆرس**

باشە، با گوێت هەڵکۆڵێت و
بە پەناگا پەنهان و نادیارەکانی دڵت بگات!
ئێستا ڕووداوەکە دەزانیت.
ئەوەیش کە هێندە نابات و ڕوو دەدات
بە خۆت تاقی بکەرەوە.
خواست و بوێریی خۆیشت پێشان بدە!

**ئۆرێستیس**

کەواتە گوێم لێ بگرە، باوکە! پشت و پەنای کەسوکاری خۆت بە!

**ئێلێکترا**

منیش بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بانگت دەکەم.

**کۆرس**

ئێمەیش، هەموومان، بە یەک دەنگ لەگەڵ ئەوان دەڵێین.

**هەموویان**

گوێمان لێ بگرە و وەرە بەر ڕووناکییەکە!
یارمەتیمان بدە، دژی ئەوانەی ڕقمان لێیان دەبێتەوە!

**ئۆرێستێس**

ئێستا هێز دژی هێز و هەق دژی هەق دەجەنگێت.

ئێلێکترا

ئۆو خوداوەندان، با ئیتر تۆڵە بستێنرێت!

**کۆرس**

لەگەڵ ئەم نزا و پاڕانەوەیدا ترس دامدەگرێت.

**هەموویان**

دەمێکە لە چاوەڕوانی دادوەریداین.
ئایا ئێستا، کە دەپاڕێینەوە، دادوەری دێت.

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی یەکەم**

وای لە تۆ، میراتی نەفرەتلێکردن،
لێدانی ترسناکی وێرانی،
برینی کراوە و خوێناوی!
وای لە ئێوە،
ئەو خەمانەی هەڵگرتنیان گران و
وای لە ئێوەیش،

ئەو ڕەنج و دڵتەنگییانەی هەرگیز کۆتاییتان نایەت!

**بڕگەی شیعریی دووەم**

هیچ چارەیەک لە دەرەوە نایەت.
ماڵ دەبێت خۆی خۆی چاک بکاتەوە.
تەنیا دەستی هاوخوێنێک دەتوانێت چارەسەر بکات،
بە کوشتوبڕێکی ترسناک.
کەواتە گوێ بگرن، ئێوە ئەی خوداوەندەکانی هادێس!

**سەرۆکی کۆرس**

ئێوە دەسەڵاتە شادڕەوانەکانی ژێرزەوی،
ئێوە ئەی خاوەنبەزەییان، هەست بەم نزا و پاڕانەوەیە دەکەن
بۆ یارمەتیدانی ئەم منداڵانە و- سەرکەوتن!

*(ئۆرێستێس و ئێلێکترا دەچنە سەر گڵکۆکە، دەکەونە سەر چۆک و لەگەڵ نزا و پاڕانەوەدا بە دەست بە خاکی سەر گڵکۆکەدا دەکێشێن.)*

**ئۆرێستێس**

ئۆو باوکە، تۆ کە دووچاری مردنێکی پڕ لە سووکایەتی کرایت،
گوێم لێ بگرە و دەسەڵاتی ماڵەکەی خۆتم پێ ببەخشە!

**ئێلێکترا**

منیش داوای ئاوڕلێدانەوە و بەزەییەکت لێ دەکەم:
لە گوناهانم خۆش بە و تۆڵەسەندنەوە لە ئایگیستۆس بە من بسپێرە!

**ئۆرێستێس**

ئەوسا، وەک پێویست، لە ڕێی ئاهەنگکردنەوە دەپەرسترێیت.
ئەگەرنا لە بیر دەکرێیت، کاتێک ئەوانی تر تاموچێژ لە بەشی زۆری قوربانییەکانی وڵات دەبینن.

**ئێلێکترا**

منیش لە ڕۆژی زەماوەنددا، لە میراتی زۆروزەوەندی باوک، خواردنەوەیەکی قوربانیت، وەک خێری مردوو، بۆ دەهێنم و پێش هەر شتێکی تریش گۆڕەکەت دەڕازێنمەوە.

**ئۆرێستێس**

باوکمان ئازاد بکە، ئەی خاک، تا دوای خەبات و تێکۆشان بکەوێت!

**ئێلێکترا**

ئەی شاژنی مەرگ، تۆیش، هێز و درەوشانەوەی پێ ببەخشە!

**ئۆرێستێس**

ئۆو باوکە، ئەوەت لە بیر چووە کە لە کاتی خۆشتندا کوژرایت!

**ئێلێکترا**

ناپاکیی بێپایانی تۆڕی کوشتنت دێتەوە بیر!

**ئۆرێستێس**

ئەوان ڕشتەی ساختە نەبوون، بەڵام تۆیان بە گیر هێنابوو!

**ئێلێکترا**

بە فرتوفێڵی نەفرەتلێکراو لەنێو باڵاپۆشەکەتدا بەندکرایت!

**ئۆرێستێس**

ئۆو باوکە، ئاخۆ ئەم سووکایەتیپێکردنە بە ئاگات ناهێنێتەوە؟

**ئێلێکترا**

سەرورووە شیرینەکەت بەرەو رووی ئێمە هەڵبڕە!

**ئۆرێستێس**

تۆڵە ڕەوانەی ئێرە بکە یا شانبەشانی ئێمە بجەنگێت یا رێ بە ئێمە بدە هەمان شێوە دەستیان لێ گیر بکەین، بۆ ئەوەی تۆ، تۆی لێدراو، سەرکەوتوو بیت.

**ئێلێکترا**

ئۆو باوکە، نزا و پاڕانەوەیەکی تریش! گوێی لێ بگرە! ببینە، مناڵەکانت پەنایان بۆ گڵکۆکەی تۆ هێناوە.

بەزەییت بە کوڕ و کچەکەتدا بێتەوە،
مەهێڵە سەرلەبەری تۆوی پێلپۆس لە نێو بچێت-
ئیتر ئەوسا تۆ، بە مانای مردن، نەمردوویت.

**ئۆرێستێس**

چونکە ناوی ئەوەی مردووە لەنێو منالّەکانیدا دەژی و
ناووناوبانگ دەمێننەوە؛ ئەمانەیش ئەو شتانەن سەر ئاو
دەکەون و
ناهێڵن تۆڕەکە نوقوم بێت و بەسەر قووڵاییە تاریکەکانەوە
ڕایدەگرن.
گوێم لێ بگرە! چون بەسەر تۆوە دەگریم و دەناڵێنم؛
ئەگەر نزا و پاڕانەوەی من ببیستیت، ئەوەی ڕزگاری
دەکەیت، خۆتیت.

**سەرۆکی کۆرس**

ئاخاوتنی دووردرێژی ئێوە، هیچ ڕەخنە و سەرزەنشتێک
پێیدا ڕاناگات:
ئێستا، ئەو گۆڕەی هیچ کەس بەسەریدا نەگریاوە، دیاریی
خۆی وەرگرت و تینوویێتیی شکا. کە تۆ ئێستا خۆت بۆ
ئەنجامدانی کارێکی گەورە کۆ کردووەتەوە، دەستت توند لە
کارەکەت گیر بکە و

نیازپاکیی سەرکەوتنی خۆت تاقی بکەرەوە!

**ئۆرێستێس**

بێگومان. بەڵام ئاخۆ ڕێ هەڵە ناکەم ئەگەر بپرسم، ئەو ژنە بۆچی ئەو قوربانیی ئاشتبوونەوەیەی نارد بەرانبەر بە شتێک کە ئاشتبوونەوە هەڵناگرێت، دیارییەکی ساکار بۆ کەسێک کە مردووە، بۆ کەسێک کە ناخوازێت ئاشت بێتەوە. لەمەیان تێ ناگەم، دیارییەکی ناچیز لەبریی گوناهێکی وا گەورە.
هەرچییەکت هەیە بە تەنیا بە یەک کردەوەی ببەخشە کە خوێنی تێدا ڕژاوە- ئەمەیش بە بارگرانییەکی پووچ و لەخۆبایی ناو دەبرێت.
ئەگەر دەزانیت، ئەگەر ئاگات لێیە، ئەمە ڕوون بکەرەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

دەزانم، ڕۆڵەی خۆشەویست، دەزانم، چونکە من بۆ خۆم لەوێ بووم.
تۆقیوو بە خەونە ترسناکەکانی شەو، ئەو خوانەناسە، قوربانییەکانی بۆ ئێرە نارد.

**ئۆرێستێس**

ئـەی دەتـوانـن پێم بڵێن خـەونـی بـە چییـەوە دەبینـی؟

**سەرۆکی کۆرس**

خۆی گێڕایـەوە کـە خـەونـی بینیوە و
لـە خـەونـیدا مارێکـی ژەهراوی بووە.

**ئۆرێستێس**

ئـەی پاشان؟ بـە کوێ گـەیشت؟

**سەرۆکی کۆرس**

مارەکـەی، وەک منـاڵێک، لـە قوماتـەوە پێچا.

**ئۆرێستێس**

ئـەی یـەکـەم خۆراکـی ئـەو بـەچکـەجانـەوەرە چی بوو؟

**سەرۆکی کۆرس**

لـە خـەونیدا وەک دایکێک خۆی شیری بـەو مارە دابوو.

**ئۆرێستێس**

ئەی گۆی مەمکەکانی بە ددانی ئەو جانەوەرە ترسناکە بریندار نەبوون؟

**سەرۆکی کۆرس**

شیرەکە تێکەڵ بوو بە خوێن.

**ئۆرێستێس**

دیمەنەخەونێکی وا لەخۆڕا و بێمانا نییە.

**سەرۆکی کۆرس**

دەم بە هاوار و دڵ پڕ لە ترس، لە خەونەکەی ڕاپەڕی.
زۆر لەو مەشخەڵانەیش کە لەو شەوەدا کوژابوونەوە،
لەبەر خاتری ژنەفەرمانڕەواکەمان داگیرسێنرانەوە.
ئیتر ئەویش، خواردنەوەی قوربانییەکەی،
وەک دواچارەسەر بۆ ئەو دڵتەنگی و
نیگەرانییەی بە دەستیانەوە دەیناڵاند،
بۆ ئێرە هێنا.

**ئۆرێستێس**

کەواتە ئێستا لەم خاک و گڵکۆیە دەپاڕێمەوە
ئەم خەونە بە دەستی من بە ڕاست بگەڕێت و بێتە دی.
من ئەم خەونە لێک دەدەمەوە و دەبێت سەرلەبەریشی بە ڕاست بگەڕێت.
ئەگەر ئەم مارە لە هەمان دایک زاوە و
جارێک لە جاران، وەک من، لە هەمان قوماتەوە پێچراوە و،
یەکەم خۆراکی خۆی لە هەمان مەمکەوە هەڵمژیوە،
خواردنەوەیەکی خوێناوی تێکەڵ بە شیری دایک،
دایکیش لەو کاتەدا بەدەم ئازار و ترسەوە
هاواری کردووە، دەبێت ئەویش،
وەک چۆن شیری بە ئەژدیها داوە،
لەنێو خوێنی خۆیدا بگەوزێت و بکوژرێت،
بە دەستی منیش بکوژرێت.
من مارەکەم و وەک چۆن خەونەکە پێشبینی کردووە،
منم، کە دەیکوژم.

**سەرۆکی کۆرس**

سەرلەبەری لێکدانەوەکەتم بە دڵە. با بە دڵی تۆ بێت و ئەوەیش ڕوو بدات کە دەبێت ڕوو بدات! بەڵام ئێستا،

یەک یەک هاوڕێیەکانت فێر بکە دەبێت چی و چۆن بکەن.

**ئۆرێستێس**

سووک و ئاسان. با ئێلێکترا بگەڕێتەوە ماڵ و
ئەم هەواڵە تا ئەوپەڕی بە نهێنی بهێڵرێتەوە و کەس پێی نەزانێت.
ئەوان فەرمانڕەوای ئێمەیان بە فێڵ و تەڵەکە کوشت،
بە فێڵ و تەڵەکەش دەبێت خۆیان لە ناو ببرێن و
لە هەمان تۆڕدا بەند بکرێن. سەروەری دێلفی،
ئەپۆڵۆن خۆی، کە هەرگیز بە هەڵە پێشبینی نەکردووە،
وای دەوێت. منیش وەک غەوارەیەک، وەک گەڕۆکێک،
خۆم دەگۆڕم و لەگەڵ پیلادێس، هاوڕێی من و هاوڕێ و میوانی ماڵ،
لە دەروازەی قەڵا نزیک دەبمەوە. هەردووکیشمان لاسایی زمانی
"فۆکیس"ی دەکەینەوە و وەک ئەوانەی لە دەوروبەری پارناسۆس دەپەیڤن قسە دەکەین. لە کاتێکدا کە ماڵ لە لایەن سەروەرانی ئاسمانەوە سەردانی کراوە، هیچ پاسەوانێکی دەروازە پێشوازیمان لێ ناکات، ئەوسا لەوێدا دەمێنینەوە، تا ئەو کاتەی کەسێک بە لاماندا دەڕوات و بە سەرسڕمانەوە دەپرسێت: "ئایگیستۆس بۆ دەرگای ماڵەکەی بە ڕووی ئەم غەوارەیەدا ناکاتەوە؟ ئاخۆ لە ماڵ نییە یا

چی؟ ئاگای لەمە نییە؟" هەر ئەوەندەیش پێم نایە ئەودیوی ئاسانەی دەرگاکەوە و ئەوم لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی باوکم بینی، یا کە دواتر بەرەو ڕووم دێت و لە بەردەممدا، ڕووبەڕوو، ڕادەوەستێت- ئەوسا، باوەڕم پێ بکەن، پێش ئەوەی پێڕابگات و بڵێت: "خەڵکی کوێیت، گەڕۆک؟" بەم شمشێرە خێرا و لە مس دارێژراوە،

لە خوێنی خۆیدا دەیگەوزێنم و

وەک لاشەیەک لە بەردەممدا دەکەوێت.

گیانی تۆڵەسەندنەوەیش دەبێت، بۆ سێیەمین جار،

لە خوێنی خەست و پاکی خۆی هەڵقوڕێنێت.-

تۆیش، خوشکێ، دەبێت لە ماڵەکەدا ئاگات لەوە بێت،

هەرچییەک پلانمان بۆ داناوە، وەک خۆی و بەپێی پلان بە ڕێوە بچێت.

داوایش لە ئێوە دەکەم کە ددان بە خۆتاندا بگرن و بێدەنگ بن،

کاتی پێویستیش بێدەنگ بن و ژیرانە بپەیڤن.

وەکو تریش با خوداوەند بە بەزەیییەوە لە ئێمە بنوارێت و

لەو کاتەدا کە شمشێرەکەم دەگەڕێت،

ئاگای لە من بێت و

لەگەڵم بێت.

*(ئۆرێستێس و پیلادێس لێیان دوور دەکەونەوە. ئێلێکترا دەچێتە ناو قەڵاوە.)*

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی یەکەم**

خاک بژێویی
ترسێکی زۆر و،
گیانەوەری دڕندە و کێوی دەدات.
قووڵ لەنێو ئامێزی زەریادا
پڕ لە جانەوەرانی ترسناک
جانەوەران بە یەکدا دێن.
لەنێوان زەریا و ئاسماندا
برووسکە دەگرێت.
هەرچییەک کە دەفڕێت و دەڕوات،
دەتوانێت شاهێدی تووڕەیی
گێژەڵووکەکان بدات.

**هاوبڕگەی شیعریی یەکەم**

بەڵام کێ دەتوانێت
باسی ئازایەتیی نەبەردی ئەو پیاوە بکات؟
کێ دەتوانێت ئارەزووی بێڕووو و بەدبەختی دڵی ژنێک
ڤەگێڕێت، کە لەگەڵ خۆیدا، خەمینی و وێرانی،

بۆ منداڵانی کڵۆڵی زەوی دەهێنێت؟
ئازار؛ فەرمانڕەوای مێینە،
باڵی بەسەر ژنومێردایەتیی
نێوان مرۆڤ و
گیانەوەراندا کێشاوە.

## بڕگەی شیعریی دووەم

هەر کەسێک لە ئێمە
کە هەستونەستی بەئاسانی فریو نادرێن،
ددان بە ڕاستیی ئەو ئەفسانەیەدا دەنێت
کە لەبارەی بەدکارەکەوە،
لەبارەی "ئالتاییا"ی بکوژەوە،
دەگێڕدرێتەوە.
خیانەتکارانە و فێڵبازانە
ئەو ئاگرەی کردەوە
کە لە یەکەم چرکەی لەدایکبوونیەوە
چارەنووسی کوڕەکەی
پێوە گرێ درا.

## هاوبڕگەی شیعریی دووەم

بە قێزوبێزیشەوە ناوی "سکیولا"ی دەست بە خوێن سوور دەهێنرێت.
لە کاتێکدا کە بە خشڵی زێڕینی پادشای کرێتا کڕدرابوو،
بەوپەڕی بێشەرمی و سووکایەتییەوە ناپاکیی کرد و
باوکی خۆی بە دەستی خۆی کوشت.
کە باوکیش بە ئارامی چاوی لێک نا،
دەستی برد و پرچی بڕی،
ئەو پرچەی ئەوی لە مردن دەپاراست.
"هێرمێس"یش ڕۆحی ئەوی لەگەڵ خۆی برد بۆ هادێس.

## بڕگەی شیعری سێیەم

ناوی زۆر کاری ناڕەوا و نابەجێمان هێنا.
بەڵام، تاوانێک ڕووی لەم ماڵە کردووە،
تاوانێکی ناپەسەند و قێزەون:
ژنومێردایەتییەکی پڕ لە ڕقوکینە،
مەکری ژنێک،
دژی پاڵەوانێکی لەپۆڵادارێژراو،
جەنگاوەرێک کە خاوەنشکۆیی ئەو،
ترسی دەخستە نێو بەرەی دوژمنانەوە.
ئێستا ئێمە ناچار و دەستەوەستان،
دەبێت سەر بۆ ئاگردانێکی دامرکاو و
دارئاسای پادشایەتی، کە کەوتووەتە دەستی

ترسنۆکێکی بێدەسەڵاتەوە، دانەوێنین.

## هاوبڕگەی شیعریی سێیەم

بەڵام لە پێش هەر کارێکی خراپەوە
ناوی کاری خراپی ژنانی لێمنۆس دەهێنرێت:
ئەوانەی پیاوەکانی خۆیان کوشت.
ئەمە بوو بە پەندی سەر زاران.
کاری کلیۆتایمێستراش
کارێکی ترسناک و
"لێمنۆسانە" بوو.
بەرەیەکی وا خوانەناس،
بە ڕق و سووکایەتی
لە نێو دەچێت و
دەبڕێتەوە.
چونکە ئەوەی ڕقی لە خوداوەندان دەبێتەوە
هیچ کەسێک ڕێزی لێ ناگرێت.
ئاخۆ قسەیەکی کردوومانە،
ڕاست و ڕەوا نییە؟

## بڕگەی شیعریی پێنجەم

بەڵام نووکی بەتەواوی تیژی شمشێر

بە ناوی "داد و یەکسانی"یەوە،
بە قووڵایی بەنێو سنگدا ڕۆ دەچێت.
هەمیشەیش هەروەها بووە
بۆ هەر کەسێک
کە ڕێزی بێپایان و
بێگوناهی "زێوس"ی
شکاندووە،
کە پیرۆزترین پەیامی ئەو
لە ژێر پێ دەنێت.

## هاوبڕگەی شیعریی پێنجەم

بەڵێ، بناغەی داد و یەکسانی بەهێز و پتەوە و
"چارەنووس"یش هەر ئێستا دەمی تیغی بریقەداری خۆی تیژ دەکات.
گەورە ژنەخوداوەندی "تۆڵەسەندن"یش، کە هیچ کەس ناتوانێت ئاراستەی ڕۆحی دیاری بکات، بەرەو قەڵا، سەرئەنجام، منداڵێک دەنێرێت
کە داوای خوێنی بەناهەق ڕژێنراو دەکاتەوە و
بە تاوان بەرسڤی تاوان دەداتەوە.

*(تاریک بووە. ئۆرێستێس و پیلادێس خۆیان پۆشیوە و لەسەر شانۆ دەردەکەون، خزمەتکارانیش دوایان کەوتوون. بەرەو قەڵا دەڕۆن و لە دەروازەکەی دەدەن.)*

**ئۆرێستێس**

گوێ بگرە! پاسەوان! پاسەوان! گوێت لێیە لە دەرگا دەدەم؟
کەس لە ماڵ نییە؟ پاسەوان! پاسەوان! گوێ بگرە!
بۆ سێیەمین جار هاوار دەکەم: وەرە دەرەوە-
ئەگەر "ئایگیستۆس"یش، وەک خەڵکی تر،
ماڵی بە ڕووی میواندا کراوەیە،
وەرە دەرەوە.

پاسەوان

*(دەروازە دەکاتەوە.)*

گوێم لێیە. گوێم لێیە. تۆ کێیت؟ لە کوێوە هاتوویت؟

**ئۆرێستێس**

هەر ئێستا بڕۆ و سەرووەرانی ماڵ لە هاتم ئاگادار بکە؛
من لەوان دەگەڕێم و هەواڵێکم پێیە بۆیان.

بەڵام خێراکە! ئەوەتا "شەو" لەنێو گالیسکەیەکی تاریکدا نزیک دەبێتەوە و
کاتیش کاتی ئەوەیە گەرۆک لەنگەری خۆی لەو جێیەدا بگرێت کە شەوی تێدا دەکاتەوە. با کەسێک کە خاوەنی دەسەڵاتە بێتە دەرەوە،
ژنەفەرمانڕەوایەک، یا لەویش باشتر فەرمانڕەوایەک.
ئەوسا کەس بە ڕەچاوکردن ناچارم ناکات ئەو وشانە هەڵبژێرم کە لێکدانەوەیان ئاسان نییە. پیاو بێبەربەست لەگەڵ پیاودا دەدوێت و
بێ پێچوپەنا ئەو شتانە ئاشکرا دەکات کە بە نیازە بیانڵێت.

*(پاسەوان دەگەڕێتەوە نێو ماڵ. ئۆرێستێس و پیلادێس لە دەرەوە چاوەڕێ دەکەن. پاش نەختێک کلیۆتایمێسترا دەردەکەوێت و دەچێتە دەرەوە و کۆمەڵێک لە دەستوپێوەندانی ماڵی بە دواوەوەیە.)*

**کلیۆتایمێسترا**

چیتان دەوێت؟ هەرچییەک میوانێک دەتوانێت لەم ماڵەی چاوەڕێ بکات، پێشکەش بە ئێوەیش دەکرێت: حەمامێکی گەرم، جێگایەکی پشوودانی خۆشیش بۆ گەرۆکێک کە هیلاک و ماندووی ڕێیە و چاودێریی چاک و شایانیش.

بەڵام ئەگەر شتێکی گرنگتان هەیە، دەبێت پیاوان بیزانن،
چونکە ئەمیان کاری ئەوانە، نەک من.

**ئۆرێستێس**

من خەڵکی ئێرە نیم، بازرگانێکی خەڵکی "فۆکیس"م و
بە بارێک لە کەلوپەلەکانی خۆمەوە بەرەو ئارگۆس دەهاتم
و،
ئێستا لەوێ دەبێت پێڵاوەکانم شل بکەمەوە.
لە ڕێ تووشم بوو بە تووشی گەڕۆکێکەوە -
یەکترمان نەدەناسی، بەڵام دواتر دەرکەوت،
کە ئەو سترۆفیۆس بوو، کەسێکی بەناووبانگ و خەڵکی
فۆکیس.
دوای ئەوەی ناوی زمانی خۆی هێنا و لە زمانی منیشی
پرسی،
ئیتر وتی: "کە تۆ، هەر چۆنێک بێت، بۆ ئارگۆس دەڕۆیت،
لە بیرت نەچێت کە سەبارەت بە مەرگی ئۆرێستێس،
پەیامێک لەگەڵ خۆتدا بۆ دایکوباوکی ببەیت.
تکایە، لە بیرت نەچێت.
لە خواستی ئەوانیش ئاگادارم بکەرەوە،
ئاخۆ لاشەکەی بەرەو ماڵ بنێردرێتەوە،
یا بە خاکی نامۆ و، لە زێدی خۆی
بۆ هەتاهەتایە دەرکراو بسپێردرێت و

لەم دووره بنێژرێت.
ئێستا گۆزەیەکی مس، خۆڵەمێشی شیوەنبۆکراوی
ئەو کوڕە گەنجەی لە خۆ گرتووە."
ئەوە پەیامەکەتان بیست.
ئەمجا نازانم ئاخۆ بۆ ئەوانە قسەم کردووە،
کە دەبێت ئەو پەیامەیان پێ بگات یا نا!
بەڵام دەبێت دایکوباوکی بەم پەیامە بزانن.

## کلیۆتایمێسترا

هاوار بەماڵم! وا هێرش کرایە سەر دواسەنگەرم و داگیر کرا.
ئەی نەفرەت، تۆ کە لەم ماڵەدا دەژیت، کێ دەتوانێت بەرەنگاریت بکات؟
تۆ تیژ و دوور دەڕوانیت، تیرە دڵنیاکەت بەوەیش دەگات کە وا دێتە پێش چاوان لە دڵنیاییەکی دوور لێرەوە ڕاکشاوە، تۆ هەموو هاوڕێکانم، یەک لە دوای یەک، لێ داگیر دەکەیت و کڵۆڵیم لێوانلێو پڕ دەکەیت.
ئەمجارەیان نۆرەی ئۆرێستێس بوو.
ئەو ئاگای لە خۆی بوو، پێی لە زۆنگاوی وێرانی نەدەنا و
دواهیوای ئێمە بوو بۆ چارەکردن و بەختەوەری و ئاسوودەیی ئەم ماڵە.
ئەویشت کوژاندەوە!

**ئۆرێستێس**

بە خۆشحاڵییەوە دەمویست پەیامی شادی بۆماڵێکی وا نەجیبزادە بهێنم، خۆمی پێ بناسێنم و پێشوازیم لێ بکرێت، چونکە لە خانەخوێ زیاتر کێ دەتوانێت بەرانبەر میوانی خۆی بەخشندەیی بنوێنێت؟ بەڵام ئەگەر ئەو ڕاسپاردەیەم بەتەواوی بە کۆتا نەگەیاندایە، دەبوو بە دەست بێویژدانییەوە گیرم بخواردایە، لە کاتێکدا کە وابەستەی پەیمان و ئەرکێکم کە لە ئەستۆی میواندایە.

**کلیۆتایمێسترا**

تۆ لەبەر ئەوە کەمتر پێشوازیت لێ ناکرێت و
کەمتریش وەک میوانێکی بەڕێز لەم ماڵەدا سەیر ناکرێت.
تۆیش نەبوویتایە، کەسێکی تر، هەر چۆنێک بێت،
دەیتوانی بە هەمان پەیامەوە بێت.
ئێستایش کاتی ئەوەیە چاودێریی
نامۆیەک بکرێت کە ماندووی ڕێیە.

*(ڕوو لە یەکێک لە خزمەتکارەکان دەکات.)*

لەگەڵ کارەکەر و دەستوپێوەندەکاندا،

بۆ ژووری گەورەی میوانداریی قەڵای ببە و
با لەوێ لە هیچ شتێک کە لەمماڵە دەوەشێتەوە، بێبەش نەبن.
بەرپرسیی ئەمە لە ئەستۆی تۆیە.

*(ڕوو لە ئۆرێستێس)*

پەیامەکەی تۆیش دەبەم و بە سەروەری ماڵی دەگەیەنم.
ئێمە بێ هاوڕێ نین و دەمانەوێت ئەوەی ڕووی داوە لەگەڵ ئەواندا باسی بکەین.

*(خزمەتکارەکە هاوڕێ لەگەڵ ئۆرێستێس و دەستوپێوەندەکەی لە دەرگای نێوەڕاستەوە دەڕۆن. کلیۆتایمێسترا لەگەڵ دەستوپێوەندەکەی لە ڕێڕەوێکی تەنیشتەوە بەرەو ژووری تایبەت بە ژنان دەڕۆن.)*

**سەرۆکی کۆرس**

هەستن، خوشکانی باوەفا و خزمەتگوزار، هەستن!
بڵێیت ئێوە نەتوانن ئەو هێزە بە ئۆرێستێس ببەخشن کە داوای دەکات؟
ئەو هێزەی وشە ناتوانێت بیبەخشێت؟

**کۆرس**

ئۆو؛ تۆ ئەی خاکی پیرۆز و تۆیش ئەی گڵکۆی پیرۆز،
کە لەوێدا کەشتیی سەروەرەکەمان، تابگەی خۆی بینیوەتەوە و لەنگەری گرتووە، تۆ کە لەشی سەروەرەکەمانت، لەشی پادشاکەمانت، شاردۆتەوە،
گوێ بۆ دەنگمان ڕادێرە و یارمەتیمان بە!
ئیتر کاتی فێڵ و ئەو قسەوباسانەن کە وەک داو لە دەستوپێ دەئاڵێن،
تا پێشڕەوی بکەن و لەم تەنگانەیەدا پشتوپەنامان بن،
کاتی ئەوەیشە "هێرمێس"ی خوداوەندی قووڵایی و تاریکی،
دەست لە مشتووی ئەو شمشێرانە توند بکات،
کە بۆ کوشتن ڕادەوەشێنرێن.

*(کۆنەدایەنی ئۆرێستێس؛ کیلیسا، لە ژووری تایبەتی ژنانەوە، دێتە دەرەوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

لەوە دەچێت ئەو نامۆیە خراپە و بەدبەختیی ئێمەی بوویێت.
ئەوەتا، کیلیسا؛ کۆنەدایەنی ئۆرێستێس، چاوبەگریان، لە قەڵا دێتە دەرەوە.

چیت بیستووه کیلیسا؟ پێمان بڵێ چی ڕوویداوه؟

**کیلیسا**

ژنەفەرمانڕەواکەمان فەرمانی بەسەر مندا داوە،
کە هەر ئێستا ئایگیستۆس بۆ قەڵا بانگ بکەم،
تا خۆی وەک پیاوێک، لە دەمی پیاوێکەوە،
وەڵامێکی دڵنیاتر لەو بارەوە ببیستێت.
ئەو ژنە بە سەروڕووییەکی گرژوتاڵەوە،
لە بەردەم ئێمەدا؛ ئێمەی دەستوپێوەندانی ماڵدا،
وەستابوو، بەڵام شادییەکی شاراوە و نهێنی لە چاوەکانیدا
دەخەنی،
چونکە ئەمە بە هەر کوێ بگات، بە چاکەی ئەو دەشکێتەوە،
بەڵام، ئاخ، پەیامی ڕوون و ئاشکرای ئەو نامۆیانە بۆ ئەم
ماڵە
بە تەنیا مەرگە و هیچی تر.
"ئایگیستۆس"یش-کە ئەو پەیامە دەبیستێت،
بە چی دڵی خۆی خۆش بکات و چۆن ئاسوودە ببێت!
وای لە منی کلۆڵیش! کە ئەم هەموو خەم و پەژارە قورس و
کۆنانەی
بەسەر ماڵی "ئارتیۆس"ەوە کۆ بوونەتەوە، چۆن دڵیان داگیر
کردووم!

بەڵام ئەم خەمەیان؛ خەمی مەرگی ئۆرێستێس، لە گشت خەمان گرانتر.
ئەوانی تر هەر چییەک بووبن، بەرگەم گرتوون.
بەڵام ئۆرێستێس، ئەو ڕۆڵە خۆشەویستەی،
کە لەگەڵ لەدایکبوونیدا لە باوەشم گرت و پاشان شیرم پێدا...
قیژە و هاواری شەوانەی ئەو، ڕاکەڕاک و شەڕوشۆڕ و
هەرچییەک کە لەخۆڕا بە فیڕۆ چووە...
دەبێت، لە ساوایەکی وا کە لە هیچ شتێک تێناگات،
تێ بگەیت! چون منالێکی قوماتەکراو ناتوانێت
لە تینوێتی، لە برسێتی و لە هەر پێویستییەکی تری خۆی،
بدوێت و سکیش بە جێی خۆی و
منیش ئەوەی بۆم دەکرا، دەمکرد و
زۆربەی جارانیش وا نەدەبوو کە دڵ دەیویست،
زۆرجاریش پووشەکەکانیم دەشوشت و
لە یەک کاتدا کاری دایەنی و جلشۆرییم پێکەوە ئەنجام دەدان.
من هەردووکیانم پێکەوە ئەنجام دەدا،
من کە جارێک لە جاران، لەبەر خاتری باوکی ئۆرێستێس،
ئۆرێستێسم پێ سپێردرابوو.
منی کلۆڵ و بابانوێران، ئێستا دەبیستم کە ئۆرێستێس مردووە و

ئەم پەیامەیش بەو پیاوە دەگەیەنم کە پیرۆزیی ئەم ماڵەی پیس کردووە و،
ئەویش بە خۆشییەوە گوێی لێ دەگرێت.

**سەرۆکی کۆرس**

بۆ دەیەوێت ئایگیستۆس بێت بۆ ئێرە؟

**کیلیسا**

مەبەستت چییە؟ پرسەکەت دووبارە بکەرەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

پاسەوانی لەگەڵدان یا هەر خۆی بە تەنیا دێت؟

**کیلیسا**

ئەو دەیەوێت ڕمهاوێژەکانی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت.

سەرۆکی کۆرس

ناوی ئەمە، بۆ ئەو فەرمانڕەوایە کە ئێمە ڕقمان لێی دەبێتەوە، مەهێنە.
با بە تەنیا بێت، پاسەوانی چەکدار ترس دەخەنە دڵی ئەو کەسەوە
کە ئەو دەیەوێت لەگەڵیدا بدوێت.
بەڵام پەلە بکە و خۆت تێک مەدە.
پەیامهێن دەتوانێت، زۆربەی جاران،
پلانی نهێنی بە ئەنجام بگەیەنێت.

**کیلیسا**

سەرباری ئەوەی گوێمان لێی بووە، مەبەستت چییە؟

**سەرۆکی کۆرس**

بەڵام بیر لەوە بکەرەوە ئەگەر زێوس خراپە بە ڕووی چاکەدا بخاتەوە.

**کیلیسا**

بەڵام چۆن؟ تازە ئۆرێستێس، کە هیوای ئەمماڵە بوو، مردووە.

**سەرۆکی کۆرس**

هێشتا نا. ئەگەرنا دەبوو بە هونەری پێشبینیکردنێکی خراپ.

**کیلیسا**

چی؟ لەوە زیاتر دەزانیت کە تا ئێستا وتراوە؟

**سەرۆکی کۆرس**

پەیامەکەت ببە، ڕێک وەک ئەوەی فەرمانت پێکراوە و لێگەڕێ با خوداوەندەکانی ئاسمان خەریکی کاری خۆیان بن.

**کیلیسا**

دەڕۆم و گوێڕایەڵی ئەوەیش دەبم کە وتووتە.
با بە یارمەتیی خوداوەندانیش، ئەوەی بۆ هەمووان،
لە هەموو شت چاکترە، ڕوو بدات.

*(لە ڕێڕەوێکی تەنیشتەوە دەڕوات.)*

## کۆرس

### بڕگەی شیعریی یەکەم

زێوس، تۆ ئەی باوکی خوداوەندە مەزنەکان،
بەبەزەییەوە گوێ بۆ نزا و پاڕانەوەمان ڕادێرە،
حوکمێکی ڕەوا بدە و کۆتایی بەم ناهەقییە بهێنە!
با بەو جۆرە کۆتایی بێت ئێمە دەمانەوێت،
ئێمە کە هەمیشە لە ئاستی تۆدا سەرنەوین و
لە پەرستنت ناکەوین.

سەرکەوتن بەو پیاوە ببەخشە،
کە دەبێت، لە ژوورەوە، لەگەڵ ئەو دوژمنەدا بجەنگێت!
هێز و دەسەڵاتی بدەرێ!
ئەوسا ئەویش دووبارە و سێبارە
بە پێشکەشکردنی قوربانی
پاداشتت دەداتەوە.

### هاوبڕگەی شیعریی یەکەم

ببینن کوڕی پاڵەوانێکی خۆشەویست،
چۆن گالیسکەی ئازاری شەتەک داوە،
سەیری ئەو جوانووە بێباوکە بکەن!

ڕەوتی ئەو دوا مەخەن و لێی گران مەکەن.
لێگەڕێن، با ڕێگای خۆی بە خۆشڕەوی و
بەوپەڕی تواناوە ببڕێت و
بەرەو ئامانجی خۆی ببێتەوە و
بە ئامانج بگات.

سەرکەوتنی پێ ببەخشە،
سەرکەوتن بەو پیاوە ببەخشە،
کە لە ژوورەوە، لەگەڵ دوژمندا، دەجەنگێت!
هێز و دەسەڵاتی بدەرێ!
ئەوسا ئەویش دووبارە و سێبارە
بە پێشکەشکردنی قوربانی
پاداشتت دەداتەوە.

**هاوبڕگەی شیعریی دووەم**

خوداوەندەکانی ئەم بنەماڵەیە، ئێوە کە هێند میهرەبان
پاسەوانیی ئاگردانی ئەم ماڵەتان کردووە و،
ئاگاتان لە گەنجینەی زۆروزەوەندی ماڵ بووە،
گوێمان لێ بگرن!
ڕێ بدەن با خوێنی کەونبووی ڕژێنراو،
بە خوێنی تازە بشۆردرێتەوە.
ڕێ بدەن با کردەوەی خوێنینی کەونارا،

ئیتر کرداری خوێنینی نوێ،
بە دوای خۆیدا نەهێنێت.

تۆیش، ئەی ئەوەی لەوێدا، لەو کەلێنە ڕازاوەیەدا،
لەسەر تەخت دانیشتوویت، ڕێ بدە با کۆشکی پادشا،
سەر هەڵبڕێت و ببیینێت کە چۆن ڕۆژی ڕووناکی ئازادی،
لەژێر تارای تاریکییەوە سەر دەردەهێنێت.

## هاوبڕگەی شیعریی دووەم

ئەوەی لە دەستیشی دەبێتەوە بە "هێرمێس"ی ببەخشێت!
هێرمێس ئەو خوداوەندەی، لە هەموو خوداوەندان زیاتر،
هەوڵی بەپەرۆشی مرۆڤ لەگەڵ بادا دەهێنێت.
شتە تاروتاریکەکان بەرەو ڕووناکیی ڕۆژ هەڵدەبڕێت.
ئەویش، بەدزییەوە و پڕ لە ڕاز و نهێنی،
داپۆشراو بە تارای تاریکی شەو،
دەڕوات و لەبەر ڕووناکیی ڕۆژیشدا،
نابینرێت.
تۆیش، ئەی ئەوەی لەوێدا، لەو کەلێنە ڕازاوەیەدا،
لەسەر تەخت دانیشتوویت، ڕێ بدە با کۆشکی پادشا،
سەر هەڵبڕێت و ببیینێت کە چۆن ڕۆژی ڕووناکی ئازادی،
لەژێر تارای تاریکییەوە سەر دەردەهێنێت.

### بڕگەی شیعریی سێیەم

ئەوسا دەنگی شادی و خۆشیی ئێمە،
بەرز و ژنانە دەنگ دەداتەوە،
داهاتوو دەخوێنێتەوە،
پێشبینی دەکات،
خۆشگوزەرانی بە ئاگا دەهێنێتەوە و
وەڵامی ترس دەداتەوە.
سەرکەوتنی خاك و سەرکەوتنی ئێمە،
بەڵام چ سەرکەوتنێک!
سەرکەوتنێک،
کە دەبێت بە فریادڕەسی هاوڕێیانمان و
ئازادیان دەکات!

ڕۆڵە، کاتی فەرمان،
ئازا و بەهێز بە.
هەر ئەوسایش،
بە ناوی باوکتەوە و،
بە دەنگی باوکت،
بدوێ و
کارە ترسناکەکەت
ئەنجام بدە!

**هاوبڕگەی شیعریی سێیەم**

وەک پێرسێوس گورجوگۆڵ بە و ڕەق.
تۆڵەی خزموخوێش و هاوڕێیانی خۆت بستێنە،
ئەوانەی لە قووڵایی خاکوخۆڵ و
لەسەر خاک، داوای تۆڵە دەکەن و
تووڕەن-
تۆڵەسەندن و کوشتار!
ئەوانە بکوژە،
دەستیان بە خوێن سوور بووە!

ڕۆڵە، کاتی فەرمان،
ئازا و بەهێز بە.
هەر ئەوسایش،
بە ناوی باوکتەوە و،
بە دەنگی باوکت،
بدوێ و
کارە ترسناکەکەت
ئەنجام بدە!

*(ئایگیستۆس، لە تەنیشتەوە دێتە سەر شانۆ.)*

**ئایگیستۆس**

چونکە بۆ ئێرە بانگ کراوم، هاتووم؛ بەڵام بە خواستی خۆم نا.
دەڵێین چەند غەوارەیەک هاتوون و لەگەڵ خۆیان پەیامێکیان هێناوە،
پەیامێک کە بە هیچ جۆرێک بە تاسەوئارەزوویەوە نەبووین،
پەیامی مەرگی ئۆرێستۆس. دەبێت ئەوە بارگرانییەکی نوێ و
ترسناک بێت کە خراوەتە سەر باری گرانی ئەمماڵەی،
هەر ئێستا بەدەم ئازاری کۆنەبرینی خۆیەوە دەناڵێنێت.
بە چی بڕوا بکەم؟ بڵێیت ئەمە ڕاست بێت؟
بڵێیت دەنگۆیەک نەبێت لە نیگەرانیی ژنان کەوتبێتەوە،
یا چەند وشەیەکی ناچیز و بێکەڵک
کە بەئاسانی با بیانبات و بکوژێنەوە؟
دەتوانیت ڕاستییەکەیم پێ بڵێیت؟
دەتوانیت پێم بڵێیت چی ڕوویداوە؟

**سەرۆکی کۆرس**

ئێمەش ئەو هەواڵەمان بیست.
بەڵام بڕۆ و خۆت پرسیاریان لێ بکە.
پەیامی هێنراو، ڕێ لە گفتوگۆی نێوان پیاوان ناگرێت.

### ئایگیستۆس

منیش دەمەوێت بزانم و خۆم ئەو پیاوە تاقی بکەمەوە،
دەمەوێت بزانم ئاخۆ ئەو شاهێدی مەرگی "ئۆرێستێس"ە،
دەمەوێت بزانم ئاخۆ ئەو تەنیا دەنگۆیەکی نارەوا بڵاو دەکاتەوە یا نا.
ڕۆحێک کە بە چاکی ببینێت، چەواشە ناکرێت.

*(لە دەرگای نێوەڕاستەوە دەڕواتە ژوورەوە.)*

### کۆرس

دەبێت ئێستا چی بڵێین؟ چۆن بتوانین، ئۆف زێوس،
دەست بە نزا و پاڕانەوەی ئاگرین و پڕ لە بەزەیی خۆمان بکەین؟
پەرۆشیی پڕ لە خۆشەویستیی دڵی خۆمان چۆن دەربڕین؟
چونکە ئیتر کاتی ئەو شمشێرانەن کە دەکوژن.
ئێستا شمشێرەکان بە خوێن سوور دەبن و
ماڵی فەرمانڕەواکەمان، تاهەتایە، وێران دەکەن و
دیوارەکانی تێکەڵ بە خاک دەکەن-
یا ڕەنگە ئۆرێستێس لە ئاگردانی ماڵدا
ئاگرێکی کڵپەسەندووی ئازادی بکاتەوە و

داوای دەسەڵاتی پادشایەتی بۆماوەی خۆی و
گەنجینەی کەڵەکەبووی باووباپیرانی بکات.
شەڕە ئیتر! ئەو ئێستا بە کۆمەکی خوداوەندان
لەو شەڕەدا دەجەنگێت، یەک کەس لە بەرانبەر دوو کەسدا-
لە بەرانبەر دوو کەسدا کە جارێک لە جاران
شەڕیان بردووەتەوە.
با داوای سەرکەوتنی بۆ بکەین و
تاجی سەرکەوتنی لە سەر نێین!

**ئایگیستۆس**

*(لەنێو قەڵاوە.)*

ئۆف! هاوار بەماڵم، ئۆف!

**کۆرس**

گوێ بگرن! ئەوە چییە؟ گوێ بگرن!
هەروا زوو، بەو دەمودەستە ڕووی دا؟

**سەرۆکی کۆرس**

لە کاتێکدا ئەمە ڕوو دەدات، با خۆمان بە دوور بگرین،

ئەوسا گومان لە ئێمە ناکرێت، کە دەستمان لەو کارەدا هەبووبێت.
ئێستا دەبێت ئەم جەنگە بە کۆتایی خۆی بگات و ببڕێتەوە.

*(کۆرس دوور دەکەویتەوە و لە یەکێک لە ڕێڕەوەکانی تەنیشتەوە دەڕوات. بەرەبەرە دنیا تاریک داهاتووە. خزمەتکارێک، بەپەلە، لە دەرگای نێوەڕاستەوە دێت و بە دەرگای ژووری تایبەتی ژناندا دەماڵێت.)*

**خزمەتکار**

ئەی هاوار! هاوار بە ماڵم! فەرمانڕەواکەمان کوژراوە!
بۆ سێیەمین جار دەڵێم هاوار بە ماڵم! ئیتر ئایگیستۆس تەواو! هەر ئێستا دەرگا بکەنەوە! دەرگای هۆڵی تایبەتی ژنان بکەنەوە! لێرە داوای هێزە تەندروست و گورجوگۆڵەکان دەکرێت-
بەڵام داوای کۆمەکی ئەو کەسەی کە ئێستا کوژراوە ناکرێت.
دە کەواتە گوێ بگرن، گوێ بگرن!
هاوار بۆ ئەوانە دەبەم کە نابیستن و بۆ ئەوانەیش کە نووستوون، بێ هیچ شەرم و شکۆیەک، دەقیژێنم. کوا کلیۆتایمێسترا؟ کلیۆتایمێسترا لە کوێیە؟
خەریکی چییە؟ چی دەکات؟ وا پێدەچێت، ئێستا حوکم، حوکمی شمشێر بێت و

ها ئێستا ها نەختێکی بە ملی ئەویش بگات.

*(دەرگا دەکرێتەوە. کلیۆتایمێسترا بە تەنیا لە دەرگا دێتە دەرەوە.)*

**کلیۆتایمێسترا**

چییە ئەوە؟ بۆ ئاوها لەپاڵ دەرگاکەوە دەقیژێنیت؟

**خزمەتکار**

مردووەکان زیندووەکان دەکوژن.

**کلیۆتایمێسترا**

وای لە من! ماڵی وێرانی من! بەئاسانی پەردۆکی زمانی تۆ دەخوێنمەوە.
ئێمە بەوپەڕی فرتوفێڵەوە ئەوانمان کوشت و دەبێت لەبەر ئەو خیانەتە خۆیشمان بکوژرێین. تەوری بکوژ گەیشتووەتە ئێرە و ئێمەیش ملنەوی! بەڵام خێرابە!
با ئێستا بزانین سەرکەوتن لە ئێمەیە و لەگەڵ ئێمەیە یا لەگەڵ ئێمە پەیمانشکێن- تا ئێرەم هێناوە و دەزانم ڕێی بەدبەختیی خۆمم هەڵگرتووە.

*(کلیۆتایمێسترا بەرەو دەرگای نێوەڕاست دەڕوات. بەڵام دەرگا لەپڕێکدا دەکرێتەوە و ئۆرێستێس لە بەردەمیدا، بە شمشێری خوێناوی و دەستی خوێناوییەوە، دەوەستێت و پیلاداسیش لە دوایەوە.)*

**ئۆرێستێس**

ڕێک بە دوای تۆدا دەگەڕێم. ئەو بە جێی خۆی گەیشت.

**کلیۆتایمێسترا**

وەی ماڵی وێرانم! ئۆف بۆ "ئایگستۆس"ی بەخۆوەناز و خۆشەویستم.

**ئۆرێستێس**

خۆشت دەوێت؟ چاکە، کەواتە هاوڕێی گۆڕی بە و- باوەفا بە لەگەڵی.

*(دەست بە شمشێر، بەرەو ڕووی دەڕوات. کلیۆتایمێسترا باڵاپۆشەکەی دادەکەنێت و مەمکی پێشان دەدات.)*

**کلیۆتایمێسترا**

دەستت شل بکە کوڕم! لە پێناوی ئەم مەمکانەدا، دەست شل بکە،
ئەو مەمکانەی زۆرجاران بەدەم خەونەوە، بە لێوە ساواکانت،
شیری دایکت لێ هەڵمژیون!

ئۆرێستێس

*(شمشێرەکەی دادەگرێت و ڕوو لە پیلادێس دەکات.)*

ئۆو پیلادێس، تۆ چی دەڵێیت؟ لە دایکم خۆش بم یا نا؟

**پیلادێس**

ئەی زمانی پێشبینکەری دێلفی، فەرمانی ئەپۆڵۆن و ئەو سوێندانەی خواردووتن؟ چی دەکەیت بیکە، ببە بە نادۆست و ناهاوڕێی هەمووان، بەڵام هیی خواکان نا.

**ئۆرێستێس**

گوێڕایەڵتم. ئامۆژگاریت چاکە و لەسەر چاوان.

*(بەرەو کلیۆتایمێسترا.)*

تۆیش، لەگەڵم وەرە! لەگەڵ ئەوەدا بمرە کە لە ژیانتدا لە پێش باوکمت دادەنا!
بنوو و لەگەڵ ئەودا بمرە: لەگەڵ ئەودا کە خۆشت دەوێت، بەڵام ئەرکی تۆ خۆشویستنی کەسێک بوو کە ڕقت لێی دەبێتەوە.

**کلیۆتایمێسترا**

من تۆم گۆش کردووە. ڕێم بە با لەگەڵ تۆ و لە پای تۆدا پیر بم.

**ئۆرێستێس**

تۆ کە باوکمت کوشتووە- لەگەڵ من بژیت!؟

**کلیۆتایمێسترا**

بەڵام چارەنووس، چارەنووسیش کورم، لەمەدا گوناهێکی هەیە.

**ئۆرێستێس**

ئەگەر وا بێت، تۆیش بەر حوکمی چارەنووس دەکەویت.

**کلیۆتایمێسترا**

سڵ ناکەیتەوە لەوەی بەر نەفرەتی دایکێک بکەویت؟

**ئۆرێستێس**

دایک؟ تۆ کە منت بە کڵۆڵی سپارد؟ ئەو دایکە تۆیت؟

**کلیۆتایمێسترا**

من بووم تۆم بۆ ماڵەدۆستێک نارد، بیرت نەچێت؟

**ئۆرێستێس**

ئەی من نەبووم بەوپەڕی سووکایەتییەوە فرۆشرام، من؛ کوڕی پیاوێکی ئازاد؟

**کلیۆتایمێسترا**

ئەی کوا ئەو پارەیەی لەبریی تۆ وەرمگرتووە؟

**ئۆرێستێس**

شەرم دەکەم ناوی ئەو نرخە بهێنم.

**کلیۆتایمێسترا**

شەرم مەکە، بەڵام باسی گوناهەکانی باوکیشت لە بیر نەچێت.

**ئۆرێستێس**

بەڵام ئەو، کە تۆ دڵنیا و بێ هیچ گیروگرفتێک لە ماڵەوە بوویت، تووشی زۆر گێرمەوکێشە بوو.

**کلیۆتایمێسترا**

بەختی ژنێک، کە لە مێردی خۆی دابڕاوە، هەروا ئاسان نییە.

**ئۆرێستێس**

ژن لەماڵەوە لەسەر بارگرانییەکانی پیاو دەژێت.

**کلیۆتایمێسترا**

کوڕم! ئۆف کوڕم! دەتەوێت دایکی خۆت بکوژیت؟

**ئۆرێستێس**

من ناتکوژم. خۆت خۆت دەکوژیت.

**کلیۆتایمێسترا**

بیر لە گیانی تووڕە و پڕ لە تۆڵەسەندنەوەی دایکێک بکەرەوە.

**ئۆرێستێس**

ئەگەر پەیمان بشکێنم، ئەی چۆن لە چنگی باوکم ڕزگارم ببێت؟

**کلیۆتایمێسترا**

بەوپەڕی لەخۆبایبوونەوە سکاڵا دەکەم: بێویژدان و هیچنەبیستیت.

**ئۆرێستێس**

با وا بێت. مەرگی باوکمە حوکمی بەسەر تۆدا داوە.

**کلیۆتایمێسترا**

حەیف! لەم مارە ژەهراوییەی لە من زاوە و من پەروەردەم کردووە!

**ئۆرێستێس**

ئەوەتا، پێشبینیی دیمەنی ترسناکی خەونەکانت بە ڕاست دەرچوو.
ئەو کارەی کردت، خوانەناسانە بوو، سزایشت خوانەناسانە دەبێت.

*(لە دەرگای سەرەکییەوە بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێتە ژوورەوە. پیلادێس بە دوایاندا دەڕوات. کۆرس دێتە پێشەوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

منیش هەروەها بۆ ئەو دووانە خەمگینم.
بەڵام کاتێک ئۆرێستێس، ئاخرێکەی، دوای ئەو هەموو خوێنرشتنە، دەچێتە سەر تەختی پادشایەتی، پڕ بە دڵ دەخوازین گلێنەی ماڵ لە گشت بەڵایەک بە دوور بێت.

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی یەکەم**

وەک چۆن ئاخرێکەی حوکم بە خانەوادەی پریامۆس گەیشت و تۆڵەیان لێ کرایەوە- ئاوهایش دوو شێر و دوو مەرگ خۆی لە ماڵی سەروەرەکەمان ئاخنیوە.
ئەو ئێستا، بە ئامۆژگاریی خوداوەندان، بە ئامانجی خۆی گەیشتووە.
ئەو کە سەردەمانێک سەرگەردان و شوێنەون بووبوو و
لە لایەن پەیامبەرەکەی "دێلفی"ەوە بۆ ئێرە نێردرا.

لە خۆشیاندا هاوار بکەن و
بەسەر ماڵی سەروەرەکەماندا بقیژێنن،
لە تەنگانە و بەڵا بە دوور بێت،
زەبری قورس و زۆرەملێیی پیسی

دەستی خوێناوی و تاڵانکەر پێی ڕانەگات.

**هاوبڕگەی شیعریی یەکەم**

ئەوەی کە بەدزییەوە دەستی وەشاند،
ئاخرێکەی سزای خۆی پێ دەگات،
تۆڵە وەک داو لە دەستوپێیەوە دەئاڵێت.
بەڵام، کچێک لە کچەکانی زێوس،
ڕێنوێنی دەستی بکوژەکەی کرد،
ڕق و تاڵاوگرژی هەڵمژی و
ملی بە دوژمنەکەی خۆی نەوی کرد.
ئەو کچەی زێوس، لەنێو ئێمە و لەنێو خەڵکدا،
ناوی تۆڵەسەندنەوەی هەڵگرتووە،
ناوێک کە پڕبەپێست و شایانی خۆیەتی.

لە خۆشیاندا هاوار بکەن و
بەسەر ماڵی سەروەرەکەماندا بقیژێنن،
لە تەنگانە و بەڵا بە دوور بێت،
زەبری قورس و زۆرەملێی پیسی
دەستی خوێناوی و تاڵانکەر پێیدا ڕانەگات.

**بڕگەی شیعریی دووەم**

ئەوەی لە قسەکانی ئەپۆلۆن،
ئەو قسانەی لە کەندە قووڵ و گەورەکەی ژێر "پارناسۆس"ەوە،
ڕێکورەوان و بە وەفادارییەوە، پێشبینی کرا، بە پەیمانشکێنییەوە دەگات بە کۆتایی خۆی. تاوان، جارێک لە جاران، ئەنجام دراوە و
لە کۆتاییشدا تۆڵەی دەکرێتەوە.
خواستی خواوەندەکان یاسایە.
ئەگەر دەسەڵاتەکانی ئاسمان دەپەرستیت،
خواناسیت بە چاکە دەدرێتەوە.

ڕۆژ هەڵهاتووە.
باری گرانی سەرشان فڕێ دراوە،
ئەو بارە گرانەی دەستوپێی بەستبووین.
هەستە، ماڵی سەرووەرەکەمان، هەستە!
دەمێک بوو، زۆر دەمێک بوو،
تەخت لێی ڕاکشابوویت!

## هاوبڕگەی شیعریی دووەم

ئێستا ئیتر وەختە و ئەوەی کە دەبوو تەواو ببێت،
تەواو دەبێت و لە دەروازەوە دێت و قەڵا پڕ دەکات و
بە ڕووی ڕووناکیدا دەیکاتەوە،

ماڵ لە گوناهـ و دەرد،
لە نەفرەتێک کە دەمێک بوو باڵی بەسەر ماڵدا کێشابوو،
پاک دەکاتەوە.
ئەوسا ئیتر خۆشی لە هەموو شتێکدا دەخەنێت و
بە شاد و خەنی هاوار دەکات:
"هەموو ئەوانەی باسی ئەم ماڵە دەکەن،
ئەوە دەگێڕنەوە کە چۆن پاک بووەتەوە و
چیی تر دەستی دوژمن پێیدا ڕاناگات."

ڕۆژ هەڵهاتووە.
باری گرانی سەرشان فڕێ دراوە،
ئەو بارە گرانەی دەستوپێی بەستبووین.
هەستە، ماڵی سەروەرەکەمان، هەستە!
دەمێک بوو، زۆر دەمێک بوو،
تەخت لێی ڕاکشابوویت!

(دەرگای سەرەکی دەخرێتە سەر پشت. لاشەی کلیۆتایمێسترا و ئایگیستۆس دەبینرێن. ئۆرێستێس لە تەنیشتیانەوە ڕاوەستاوە و دەستوپێوەندی ماڵ دەورەیان داوە. خزمەتکاران ئەو بالاپۆشە ئەرخەوانییەیان هەڵگرتووە کە "ئاگامێمنون"ی تێدا کوژرا. خەڵکی ئارگۆس دێنە ژوورەوە و سەر شانۆ پڕ دەکەن.)

**ئۆرێستێس**

ببینن ئەو جووتە فەرمانڕەوایەی بە زۆری زۆردارەکی دەستەڵاتیان گرتبووە دەست، ئەوانەی باوکمیان کوشت و ئەم ماڵەیان سەروژێر کرد!
ئەوان بە شانازییەوە لەسەر تەختی پادشایەتی دانیشتبوون و
هێشتا، وەک دەبینن، خۆشەویستییەکی پاک یەکی خستوون.
ئەوان سوێندی خۆیان بردە سەر، ئەو سوێندەی کە هەردوو پێکەوە باوکە کلۆڵەکەی من بکوژن و پێکەوەیش بمرن.
ئێوەش کە ئێستا بە چاوی خۆتان ئەم ماڵوێرانییە دەبینن، ئەو بێوەفاییە ببینن کە چۆن دەستوپێ بەستراو باوکی کلۆڵمیان تێدا بە گیر هێنا.

*(ڕوو لە خزمەتکارەکان.)*

بڵاوی بکەنەوە، پێشانی بدەن و لەگەڵ خۆتان بیگێڕن، ئەو تۆڕەی کە بۆ ڕاوەمرۆڤ بە کار دەهێنرێت، بە جۆرێک کە باوکی هەمووومان- نەک هەر بە تەنیا باوکی من، بەڵکو (ڕۆژ)ی باوکی هەمووومان، کە هەموو شتێک دەبینێت- با لە کاری خوانەناسانەی دایکم بڕوانێت و ڕۆژی دادگاییکردن بێتە پێشەوە و شاهێدی بدات، کە تۆڵەسەندنەوەیەکی دادوەر منی بەرەو کوشتنی دایکم بە کێش کرد.

لەبارەی "ئایگیستۆس"ەوە هیچ شتێک ناڵێم:
ئەو کە ژنیماڵی لەکەدار کردووە، بە سزای خۆی گەیشتووە.
بەڵام دایکم کە بیری لەو کارە کردبووەوە دژی مێردەکەی،
ئەو دایکەی، جارێک لە جاران، مناڵی ئەوی هەڵگرتبوو،
-مناڵێک کە ئەوسا بارگرانیی خۆشەویستی بوو و،
ئێستاش، وەک دەیبینن، پڕ لە ڕق-
ئێستا ئەو چۆن دەبینن و بە چی دەزانن؟
مارماسییەکی زەریا، یا مارێکی ژەهراوی؟
بەڵام گیانەوەرێک کە بەبێ گازگرتن، هەر تەنیا بە خۆنزیککردنەوە،
لەڕێی ئازایەتییە پیس و پڕ لە ڕقوکینەکەیەوە،
دەتوانێت دەرد بڵاو بکاتەوە و دابرزێنێت.

*(دیسان چاو دەبڕێتە باڵاپۆشەکە، کە خزمەتکارەکان هەڵیانگرتووە و پێشانی خەڵکەکەی دەدەن.)*

ئەمە چییە، بە چی ناو دەبرێت، بەڵام بە وشەی نەرمونیان؟
تەڵەی گیانەوەری کێوی؟ یا کفنێکە و بەسەر لاشەی مردوویەکی نێو دارەمەیتدا دەدرێت؟ نەخێر، زیاتر لە تۆڕی نێچیرگرتن دەچێت، سەرلەبەری داو و دەزووە و لە پێی نێچیر دەئاڵێن. ئامرازی دەستی چەتەیەک، پیاوخراپێک کە

خەریکی چەتەیی و تاڵانکردنی خەڵکی گەڕۆکە؛ کە بە داوێکی لەو جۆرەوە ئامادەیە بەوپەڕی دڵخۆشییەوە خەڵک لە ناو ببات.

*(سەیری دایکی دەکات.)*

کەسێکی وا ژنت بێت! ئەوەم پێ خۆشترە بەر تووڕەیی خوداوەندەکانمان بکەم و بە وەجاخکوێری سەر بنێمەوە.

**کۆرس**

هاوار لە دەست ئەو کارە ترسناکە، هاوار!
مردنێکی ترسناکە ئەو مردنەی ئێستا لەبارەیەوە دوایت.
هاوار بەماڵمان و حەیف و خەسارێ!
درەنگ یا زوو، ئێشوئازار گوڵ دەگرێت.

**ئۆرێستێس**

کاروکردەوەی ئەو بوو یا نا؟ ئەوەتا ئەوە ئەو قوماشەیە کە بە شمشێرەکەی ئایگیستۆس سوور بووە. ئەوەش پەڵە کۆنەکان: خوێن و کات پێکەوە ڕەنگی خوێنیان کاڵ کردووەتەوە. ئێستاش، لەبەر ئەو قوماشەی باوکمی بە

کوژراوی تێوە پێچرا، دەتوانم شایان و شایستە پێیدا هەڵبڵێم و سکاڵا بکەم.
بەڵام کە بیر لەو کردەوەیە و سزاکەی و خانەوادەی کڵۆڵی خۆم دەکەمەوە، کاتێک لێرەدا ڕاوەستاوم و دەستم بە سەرکەوتنێکی وا لەکەدار بووە، لەشم دەلەرزێت.

**کۆرس**

بەداخەوە، هیچ نەوەیەکی مناڵانی سەر زەوی نەمری لە چارە نەنووسراوە تا بێ ئێشوئازار و بێ گوناھـ بتوانێت ژیانی خۆی بە سەر ببات. هەر ڕۆژە و ئازاری خۆی هەیە.
هاوار لە ئێمە و هاوار بە ماڵمان!
ئەمڕۆ ئازارێک و سبەینێ ئازارێکی تر.

ئۆرێستێس

بەڵام... با ئەوەش بڵێم... ئەمە چۆن کۆتایی دێت؟
خۆم وەک عەرەبانچییەک دەبینم، عەرەبانچییەک کە عەرەبانەکەی لە خەت دەردەچێت و هەڵدەگەڕێتەوە، چونکە بیروبۆچوونەکانم لە دەستم دەرباز دەبن و ترسیش ئامادەیە ئاوازی نەهامەتی پڕ لە تووڕەیی خۆی لەسەر سەمای دڵی من ڕێک بخات. بەڵام، هێشتا پڕ بە دڵ، هاوار لە هاوڕێیانم دەکەم کە هەقی خۆم بوو ئەو ژنەم کوشت،

ئەو ژنەی باوکمی کوشتبوو- دەردێک، کەسێک کە هەموو خوداوەندان قێزیان لێی دەبێتەوە.
ئەمجا گوێ بگرن! من لە لایەن خوداوەندی پێشبینیی "دێلفی"یەوە هاندرابووم بۆ ئەو کارە و پێی ڕاگەیاندبووم کە بەبێ هیچ هەست بە تاوان کردنێک بەو کارە هەڵبستم.
بەڵام ئەگەر ئەوەم نەکردایە- نا نەخێر، ناتوانم باسی ئەو سزایەتان بۆ بکەم، هیچ تیرێک ناگاتە لوتکەی ئەو هەموو ئێشوئازار و دڵتەنگییەی لەسەر یەکتر کەڵەکە بوون.
ئەمجا بڕوانن: من لێرە و لە بەردەمی ئێوەدا دەست بەم چڵەوە و هەرچییەک وەک قوربانی پێشکەش بکرێت وەستاوم و ئامادەم بەرەو چەقی زەوی، بەرەو پەرستگای دێلفی، لانەی خوداوەندی پێشبینی، بڕۆم،
ئەو لانەیەی کە گڕی ئاگری قوربانیگەکەی بۆ ئەبەد دەگرێت.
ئێستا دەست لە خوێنی خزموخوێش هەڵدەگرم و
خوداوەند خۆی، وەک پەناگەیەک بۆ دڵدەدانم،
بۆ ئەوێ بانگی کردووم.
بەڵام ئیتر، کە مێنێلاوس گەڕایەوە، با هەموو خەڵکی ئارگۆس ڕابن و
شاهێدی ئەوە بدەن کە ئەم نەهامەتییە چۆن سوار شان و سەری ئێمە بووە.
لە وڵاتی خۆ دەرکراو، دەرپەڕێنراو –بە مردوویی یا بە زیندووی-

ئەم یادداشتی دوای مەرگە لەگەڵ خۆمدا هەڵدەگرم.

**سەرۆکی کۆرس**

ڕاست و بەجێ ڕەفتارت کردووە. مەهێڵە لۆمە و سەرزەنشتی تاڵ و نابەجێ زمانت قورس بکەن. قسەی ناخۆشت بە دەمدا نەیەت!
تۆ، بە پەڕاندی سەری ئەم مارانە، هەموو شاری "ئارگۆس"ت ڕزگار کردووە.

**ئۆرێستێس**

*(ترساوە و چاوی بڕیوەتە پێش خۆی.)*

ئۆهـ! ئۆهـ!
چی دەبینم؟ ژنان لە شێوەی "گۆرگۆن"دا،
بە بالاپۆشی ڕەشەوە و سەریشیان بە توولەی ماری ژەهراوی پێچراو!
دەبێت ڕاکەم.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەی لە هەموو کوڕانی تر بەوەفاتر، ئەوە خەونێکە و هیچی تر.
لە جێی خۆت مەجووڵێ! مەهێڵە باڵت لێ بڕوێن.

**ئۆرێستێس**

ئەمە دیمەنی خەون نییە. نا، تۆڵەسەندنەوەیە و دایکم هانی داوە.

**سەرۆکی کۆرس**

هێشتا خوێن لە دەستت دەچۆڕێت.
هەر لەبەر ئەوەیشە ئاوها ترست لێ نیشتووە.

**ئۆرێستێس**

ئەپۆڵۆن، یارمەتی! سەرلەبەری ئەم ناوەیان تەنیوە.
خوێنیش- لە چاویانەوە خوێن دەڕژێت.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەمە لە گوناهان پاکت دەکاتەوە. ئەگەر دەستی "ئەپۆڵۆن"ت بەر بکەوێت،

لەو ڕەنج و ئازارانە ڕزگارت دەبێت.

**ئۆرێستێس**

ئێوە نایانبینن. بەڵام من دەیانبینم، لەوێن.
دوای من کەوتوون. ئیتر لەوە زیاتر ناتوانم بمێنمەوە و دەبێت بڕۆم.

*(ئۆرێستێس بەپەلە دەڕواتە دەرەوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

خوات لەگەڵ! با خواوەند چاوی بەزەیی لێت بێت و ئاگای لێت بێت.

*(خەڵک بڵاوە دەکەن. دەرگاکانی قەڵا دادەخرێن. کۆرس بەدەم چوونەدەرەوە دواگۆرانی خۆی دەچڕێت.)*

**کۆرس**

بۆ سێیەمین جار باووبۆران،
باووبۆرانێکی بەتاو و بەهێز،
بەسەر قەڵای پادشای ئێمەدا هەڵیکرد.

بە مەرگی دڵتەزێنی مناڵان و
ڕەنج و دڵتەنگیی بۆ تیێستێس.
ئەمجا، لە پیاوێک، لە پادشایەکی دا:
سەرۆکخێڵی بە شانوشکۆی هێلێنییەکان کوژرا و
لە حەمامەکی خۆیدا کەوت.
سێیەمین جاریش، ئەم جارەیان بوو-
ئاخۆ ناوی لێ بنێین ڕزگاربوون یا قڕتێکەوتن؟
ئەمە بە کوێ دەگات و چۆن کۆتایی دێت و کەی؟
کەی تووڕەیی نەفرەت کپ دەبێت؟ کەی؟

# ئۆرێستێیا

بەشی سێیەم

# ئێومێنیدەکان

کەسەکان

ئۆرێستێس

ئەپۆڵۆن
ئەتێنا
هێرمێس
تارمایی کلیۆتایمێسترا
ژنەقەشەی دێلفی ئەپۆڵۆن
کۆرسی ئێرینییەکان، ڕۆحەکانی تۆڵەسەندن
پەیامنێرێک، دادوەر، ژنەقەشەکان، مەشخەڵهەڵگران،
خەڵکی ئەتێن

*(پشتەوەی شانۆ، پەرستگای ئەپۆڵۆن لە دێلفی پێشان دەدات. لەبەر دەرگا داخراوەکەی پەرستگادا، "پیوتییا"ی ژنەقەشە، وەستاوە و جلوبەرگی کاروباری پۆشیوە.)*

**ژنەقەشە**

لەنێو هەموو خوداوەندەکاندا، نوێژی یەکەمی من، ڕوو لە خوداوەندەی خاکە، ئەو خوداوەندەی لەوەتی دنیا دنیایە پێشبینی دەکات و دوای ئەویش نوێژی من ڕوو لە "تێمیس"ـە، ئەو ژنەخوداوەندەی کە دواتر، وەک دەڵێن، لەسەر تەختی پێشبینیی دایکەخوداوەندنی خۆی دانیشت. بە خواستی ئەو، بەبێ هیچ چەندوچۆنێک، ئەویش وەک سێیەمین "فۆیبێ" هات و مینا ئەوان کچێک لە کچەکانی خاک و نەوەیەک لە نەوەکانی "تیتان" بوو.
ئەو وەک دیاریی لەدایکبوون سرووشی بەخشی بە "فۆیبۆس"، ئەو "فۆیبۆس"ـەی ناوی ئەوی هەڵگرتووە. ئەو زەریاچەی بچووک و قووڵیی نێو دارستانی خۆی بۆ کۆدوورگە بەردینەکانی "دێلۆس" بە جێ هێشت و بەرەو

کەنارەکانی زەریا؛ کەنارەکانی "پالاس" بە ڕێ کەوت؛ کە کەشتیگەلان لەنگەریان تێیدا دەخستن و پاشان بەرەو زێدی خۆیان و بەرەو "پارناسۆس" دەڕۆیشتن.
خەڵکی ئەتینا، لە خێڵی "هێفایستۆس"، بەدەم پەرستنێکی نەرمونیانەوە ڕێنوێنی ئەو دەکەن، ڕێی بۆ خۆش دەکەن و خاکێکی وێرانە و وشکبوو بە شینبوونەوە دەسپێرن. کاتێکیش دەگاتە ئەوێ، خەڵکی "دێلفۆس" و فەرمانڕەوا و سەروەری وڵات، ستایشی دەکەن.
زێوس، هێزی خوداوەندانەی خۆی و گیانی پێشبینیکەرانەی خۆی، دەڕژێنێتە ڕۆحیەوە و ئەپۆڵۆن، کە دەمڕاستی باوکی خۆی و خەڵکە، لەسەر ئەم تەختی فەرمانڕەواییە، دەبێت بە پێشبینیکەری چوارەم.
کەواتە من، بەر لە هەموو خوداوەندانی تر، لەم خوداوەندانە دەپاڕێمەوە.
بەڵام "پالاس"یش، کە پەرستگاکەی لەپاڵ دەروازەی پیرۆزییەوەیە، دەبێت بەڕێزەوە ناوی بهێنرێت.
هەروەها "نیومف"ەکانیش دەپەرستم، ئەوانەی لە قووڵایی ئەشکەوتەکاندا، لە پەناگە شاردراوەکانی زناری "کۆریک"دان و هێلانەی پەلەوەرانی لێیە و ڕۆحی خوداوەندان تێیاندا دەگەڕێن. شوێنێک -کە زۆرچاک پێی دەزانم- و لەژێر گالۆکەکەی "دیۆنیوسۆس"دا ئەو ڕۆژە دانرا کە ئەوی خوداوەندە پێشڕەوی دەستەی "باکانت"ەکانی کرد

و "پێنتێوس"یش، وەک کەروێشکێکی ڕاونراو، دووچاری مەرگی خۆی بوو.
هەروەها سڵاو لە سەرچاوەی ڕووباری "پلێیستۆس"، سڵاو لە هێزی خوداوەندانەی "پۆسێیدۆن" و لە "زێوس"یش؛ گەورەی خوداوەندان کە هیچ لە دەست و دەستەڵاتی ڕزگاری نابێت.
پاشان وەک ژنەپێشبینیکەرێک لەسەر تەختی پێشبینیکردنی پەرستگاکە دادەنیشم.
با ئیتر دەروازەکەم لە هەر جارێک لە جاران پیرۆزتر بێت.
ئەگەر خەڵکی دەوروبەری "هێلاس"یش لێرە هەن، با بەپێی پلەوپایەیان و بە دوای یەکتردا بێنە ژوورەوە و بەختی خۆیان بگرنەوە، منیش بە ڕێنوێنیی هێزی خوداوەند دەست دەکەم بە پێشبینیی خۆم.

*(دەرگای پەرستگاکە دەکاتەوە و دەچێتە ژوورەوە، بەڵام نەختێک دوای ئەوە بەپەلە، بەدەم ترسەوە و بە لەنگەلەنگ دێتە دەرەوە.)*

دیمەنێکی ترسناک- باسکردنیشی ترسناک-
دیسان لە ماڵی ئەپۆڵۆن دەرپەڕاندم.
سستی و دەستەوەستان پەلاماریان دام، ناتوانم ڕێکوقیت ڕاوەستم:
پەل دەکوتم، بەرەوپێش هەنگاو دەنێم و پێم سڕ.
پیرەژنێکی ترسێنراو، مینا مناڵێک، هیچ گوڕوتینێکی نییە.

چوومە ژوورێکی پیرۆزی خوداوەندەوە، کە هەمیشە ئاگری تێدا دەگرێت و قوربانی تێدا پێشکەش دەکرێن و لەپاڵ بەردی نێوەڕاستی ژووردا پیاوێکم بینی، پیاوێکی دەست بە خوێن سوور کە پەنای بەرەو خوداوەند هێنابوو. بە دەستی خوێناوییەوە شمشێرێکی هەڵکێشراوی هەڵگرتبوو، چڵێک زەیتوونی سەوز و بە پەڕۆوپاتاڵی لە خوری ڕازاوەیشی وەک ڕێز و ستایشی خۆی بۆ خوداوەند بە دەستەوە بوو، خوریی سپی وەک چۆری شیر، ڕوون و ئاشکرا ئەمەم بە چاوی خۆم دیت.

بەڵام لە بەردەمی ئەو پیاوە و لەسەر جێیەکانی پەرستگا، دەستەیەک ژنی سەیر، وەک ئەوەی خەویان لێ کەوتبێت، دانیشتبوون. نا، ژن نەبوون، بەڵکو "گۆرگۆن" بوون...

بەڵام لە شێوەی "گۆرگۆن"یشدا نەبوون.

جارێک لە جاران وێنەیەکم بینی: "هارپیوی"یەکان؛ ئەوانەی خواردنی "پینێوس" دەدزن... بەڵام ئەمان باڵیان نەبوو-

ئۆف، چ ڕەش و قێزەون بوون!

بە بەرزی و بە دەنگێکی ناخۆش دەیانپرخاند و

لینجاوی خوێناوی لە چاویانەوە دەچۆڕا.

جلوبەرگیشیان- لە جۆرێک کە ناتوانرێت لە پەرستگای خوداوەند یا ماڵی خەڵکدا لە بەر بکرێن. نا، هەرگیز لەو جۆرە خەڵکەم نەبینیوە.

ئاخۆ دەبێت چ خاکێک ئەوانی گۆش کردبێت و لەترساندا لە باری گرانی گۆشکردنی خۆی پەشیمان نەبوویێتەوە؟
ئێستا چی دەبێت و چۆن دەبێت، بۆ سەرووەری پەرستگا، بۆ ئەپۆڵۆن خۆی، بە جێی دەهێڵم. هونەری لێکدانەوەی هێمای ئەو؛ ئەو کە ماڵی خەڵک لە دەرد و بەڵا پاك دەکاتەوە، دەستەڵاتی چارکردنی هەیە.

*(ژنەقەشە دەڕوات. دەروازەکانی پەرستگا، دەخرێنە سەر پشت، بە جۆرێک کە نێوەوەی پەرستگا بە ڕووی بینەراندا دەکرێتەوە و دەیبینن. ئۆرێستێس لەپاڵ بەردە پیرۆزەکەی نێوەڕاستدا دانیشتووە، شمشێرێکی ڕووت بە دەستێکیەوە و بە دەستەکەی تریش چڵەزەیتوونە بە پەڕوپاتاڵای قوربانی ڕازەوەکەی هەڵگرتووە. "ئێرینی"ییە خەوتووەکان، چاوبەخوێن و ڕەشپۆش، ڕێک وەک ژنەقەشەکەی تەنیشتیان، دەوروبەریان داوە. ئەپۆڵۆن، کەوانێک بە دەستەوە و هەگبەیەکی هەڵواسراو بە شانەوە، لە تەنیشت "ئۆرێستێس"ەوە دەردەکەوێت.)*

**ئەپۆڵۆن**

بە جێت ناهێڵم. تا کۆتایی، دوور و نزیک، دەتپارێزم و ڕێ نادەم دوژمنانت خۆشی لە خۆیان ببینن.

ئەوەتا لێرە ئەو بوونەوەرە قێزەونانە دەبینیت کە خەو ڕامی کردوون،
ئەو ژنە سەرلێشێواوانەی کە لە کۆنی کۆنەوە هەن و خوداوەند و خەڵک و گیانەوەری کێوی ڕقیان لێیان دەبێتەوە.
ئەوانە بۆ خراپە لە دایک بوون، هەروەها لە تاریکایی ژێرزەویدا کە جێوڕێی بەدکارییە، ئەوان خەریکی بەدکاریی خۆیانن و لەسەر خراپە دەژین، لە قووڵایی "تارتارۆس"ی ژێرزەویدا، کە خەڵک و خوداوەندەکانی ئاسمان ڕقیان لێی دەبێتەوە.
بەڵام تۆ دەبێت، گورج و گۆڵ، بڕۆیت و لە دەستیان هەڵبێیت-
ئەوان دەستت لێ هەڵناگرن، دوات دەکەون و لە هەموو جێیەک ڕاوت دەنێن، لە هەر جێیەکدا بیت و بۆ هەر جێیەک بچیت، بێ ئەوەی پلان یا نەخشەیەکت هەبێت، لە زەریادا بیت یا لەو دوورگانەدا کە لەنێو زەریادان، بە دواتەوە دەبن و ڕاوت دەنێن.
بەڵام ماندوو مەبە، لە نەهامەتی و تەنگانەدا بەهێز بە.
کە جارێک لە جارانیش بە شاری "پاڵاس" گەیشیت،
ئەوێ بکە بە پەناگەت، لەوێ خۆت بپارێزە و
دەستت لە دیمەنە کۆن و پیرۆزەکەی ئەو بئاڵێنە.
لەوێ پیاوان هەن کە دادوەری دەکەن،
ئەو وشانەش کە دڵت دەدەنەوە، ئەمانەن:

لەوێ من لە گشت ڕەنج و دڵتەنگییەک ڕزگارت دەکەم.
چون من بووم فەرمانی دایککوشتنم دەرکرد.

**ئۆرێستێس**

ئەپۆڵۆن، ئەی سەروەری من، ئەی سەروەری هەمووان، ڕێگای ڕاست و هەرچییەک ڕاستە خۆت دەیزانیت. دەبا حیکمەتی تۆ یارمەتیدەر و مژدەدەری کاری چاکە و خێر بێت! هێز و دەستەڵاتی تۆ شاهێدن بۆ یارمەتی و کۆمەککردن.

**ئەپۆڵۆن**

لە بیرت دێت، چیم پێ وتویت: مەترسە و ئازا بە.
تۆ، کە خوێنی باوکی خۆتت لە لەشدا دەگەڕێت،
ببە بەو ڕێنوێنەی داوات لێ دەکرێت، ببە بە شوان،
ئۆو هێرمێس، ڕێنوێنی بکە و بیپارێزە.
پیاوێکی لە زێدی خۆ دەرکراو، بەڵام بە پاڵپشت و پەنای تۆ،
لە شوێنی نیشتەنیی خەڵک نزیک دەبێتەوە و
لە لایەن زێوسی مەزنیشەوە ڕێزی لێ دەگیرێت.

*(ئەپۆڵۆن دیار نامێنێت. هێرمێس، کە لەگەڵ قسەکانی ئەپۆڵۆندا دەرکەوتووە، ڕێنوێنی ئۆرێستێس دەکات لە*

*یەکێک لە ڕێڕەوەکانی تەنیشتنی پەرستگاکەوە بچێتە دەرەوە. تارمایی کلیۆتایمێسترا، لە بەردەمی "ئێرینی"یە خەوتووەکانەوە بەرز دەبێتەوە.)*

**تارمایی کلیۆتایمێسترا**

ئێوە هەر خەریکی نووستن بن! بنوون و دیارە نووستن پشت و پەنای هەمووانە و بە هانامانەوە دێت! منیش، ئا بەم جۆرە، لە ئەنجامی سووکایەتییەکەوە کە ئێوە پێتان کردووم، لە خاکی تارماییەکاندا ماومەتەوە و ناتوانم خۆم لە گاڵتەپێکردنی ئەوانەی کوشتمن بپارێزم و خۆم بە دوور بگرم.
سووک و ڕیسوا و بەدەم قسەی ناشیرینەوە بەم ناوەدا دێم و دەچم.
دڵنیاشتان دەکەم قورسترین بارگرانیم سەرزەنشتی ئەوانە، ئەوانەی کوشتمن.
بەڵام من، کە بە دەستی نزیکترین کەسێک لە خۆمەوە لە نێو براوم،
هیچ خوداوەندێک شک نابەم هێند تووڕە بێت سزای ئەو کەسە بدات کە خوێنی دایکی خۆی ڕشتووە.

*(سنگوبەرۆکی دەردەخات.)*

سەیرکەن، سەیری ئەم برینە کوشندەیە بکەن! ڕۆحتان دەتوانێت بیبینێت:
خەواڵوو و بەدەم خەوەوە چاوی ڕۆح تیژتر دەبینێت، بەڵام ڕووناکیی ڕۆژ، زۆربەی جار، چاو کوێر دەکات. چەند بەپەرۆشەوە شەربەتی خواردنەوەی قوربانیتان، بەبێ شەراب، هەڵنەقوڕاند و چەند جاران لەپاڵ ئاگردانی ماڵدا و بەدەم ساتە پیرۆزەکانی شەوەوە لە ژەمی قوربانیتان نەخوارد -
ئەو ساتانەی کە هیچ خوداوەندێکی تر نزیک نابێتەوە.
ئێستا دەبینم هەر هەموو ئەمانە لەژێر پێدا پلیشێنراونەتەوە،
چون ئەو وەک ئاسکێک ڕایکرد و گورجوگۆڵ بەسەر ئەو تۆڕەدا کە بۆی نرابووەوە، بەدەم گاڵتەپێکردنتانەوە، خۆی لە دەستتان ڕزگار کرد.
کەواتە ئێستا گوێم بۆ بگرن! من داوای ئاسوودەیی ڕۆحم دەکەم!
خۆتان لە دەستەڵاتی خوداوەندەکانی ژێرزەوی ڕاپسکێنن و ڕابن!
من؛ تارمایی کلیۆتایمێسترا، داواتان لێ دەکەم: ڕابن!

*(ئەندامانی کۆرس، خاووخلیچ و خەواڵوو، دەجووڵێنەوە.)*

ئێوە لە گریە و ناڵین زیاتر چیی ترتان لە دەست دێت!
بەڵام نێچیرەکەتان لە دەست دەرچووە و دوژمنەکەی من لە لایەن خوداوەندانەوە دەپارێزرێت و منیش هیچ کەس بە هاناماوە نایەت!

*(ئەندامانی کۆرس، خاووخلیچ و خەواڵوو، دەجووڵێنەوە.)*

خۆش نووستوون و هیچ هەستێکتان بەرانبەر بە ڕەنج و دڵتەنگیی من نییە.
کوڕەکەم، بکوژەکەم، ئۆرێستێس، لە دەستتان هەڵدێت.

*(ئەندامانی کۆرس، خاووخلیچ و خەواڵوو، دەجووڵێنەوە.)*

خەونی قورس و ماندوویی، هەردوو پێکەوە،
بەسەر هێزی ترسناکی ئەم مارە ژەهراوییەدا زاڵ بوون.

**کۆرس**

*(لە جێی خۆیانەوە دەجووڵێنەوە و دەناڵێنن. پاشان.)*

بیگرن! بیگرن! بیگرن! بە دوایدا بگەڕێن! بیگرن!

لە خەوندا، وەک تانجی پەلەپەلتان پێ دەکەوێت و نێچیرەکەتان ڕاو دەنێن،
تانجی تەنانەت لە خەونیشدا لە دەست پەرۆشیی ڕاوکردن ڕزگاری نابێت.
ئەی ئێوە چی؟ هەستن! خاووخلیچک مەبن. ئەم سووکایەتیپێکردنەتان، لەنێو شیرینیی خەودا، لە بیر نەچێتەوە. با دڵ لەبەر سەرزەنشتیی عادیلانەدا بلەرزێت، وەک لێدانی قامچی کە بەر کەسێکی هۆشیار و ئارام دەکەوێت.
بە دەمی پڕ لە خوێنەوە دوای ئەو نارەسەنە بکەون، ڕاوی بنێن،
ئاگری دەروونتان بە شوێنپێی ئەودا بنێرین و شوێنپێی هەڵگرن، تا بە تەواوی وشک دەبێتەوە، تا بە یەکجارەکی دەسووتێت.

*(تارمایی کلیۆتایمێسترا ون دەبێت. لە پێشدا سەرۆکی کۆرس لە خەو هەڵدەستێت و پاشان ئەوانی تر، یەک لە دوای یەک، هەڵدەستن و بەدەم گۆرانیوتنەوە لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە.)*

**ژنەسەرۆکی کۆرس**

هەڵیسێنە! ئەوی تریش، ئەوەی لەوێدا پاڵکەوتووە، هەڵیسێنە! لە خەو هەڵت دەستێنم. نووستوویت؟ هەستە! بڵێیت ئەم خەونەمان فریودانێک نەبووبێت و کڵاومان لە سەر نەنرابێت؟

**کۆرس**

*(ئەندامانی کۆرس، یەک لە دوای یەک، دەست بە قسەکردن دەکەن.)*

**برگەی شیعریی یەکەم**

وای لە ئێمە! وای لە ئێمە!
خوشکان، ئێمە سووکایەتیمان پێ کراوە.
سووکایەتییەکی تاڵ و- تازە هەموو شتێکمان لە دەست چووە!
ئێمە تووشی گاڵتەپێکردنێکی قورس و پڕ لە ئازار و ناخۆش بووین،
ڕەنج و دڵتەنگییەکی قورس.
نێچیرەکەمان خۆی لە تۆڕەکە دەرباز کرد و
ئێمەش نووستیبووین و لە دەستمان چوو.

**هاوبڕگەی شیعریی یەکەم**

تۆ ئەپۆڵۆن؛ کوڕی زێوس،
ئێستا بە دزی تاوانباریت!
تۆ ئەی خوداوەندی گەنج،
گاڵتەت بە ئێمەی پیر کردووە!
ئەو پەنابەرە، ئەو خوانەناس و نارەسەنە دەپارێزیت!
تۆ کە خوداوەندیت!- یارمەتیی کەسێک کە دایکی خۆی کوشتووە دەدەیت!
ئاخۆ کەس هەیە بتوانێت بڵێت تۆ ڕاست و دروست ڕەفتار دەکەیت؟

**بڕگەی شیعریی دووەم**

لە شیرین خەودا تووشی سووکایەتی بووین،
وەک گێژەنێکی بەهێز لوولی داین،
سوێی کردە دڵمانەوە و
قووڵ بەنێو جگەرماندا،
قووڵ بەنێو دڵماندا،
ڕۆچوو.
وەک ئەوەی لەژێر قامچیی جەلادێکی بێبەزەییدا بین،
دەلەرزین و دڵ دەلەرزێت.

**هاوبڕگەی شیعریی یەکەم**

کاروکردەی خوداوەندە گەنجەکان ئاوهان.
هێز لە پێش ڕەواییەوە دادەنێن.
تەختی پەرستگا، سەرتاپا، پیس بووە.
ئەوەتا بە چاوی خۆمان دەبینین
چۆن چەقی پیرۆزی زەوی
لەکەی ناشیرینی تاوانی خوێنی بەر کەوتووە.

## بڕگەی شیعریی سێیەم

خوداوەندی پێشبینیکەر، بە خواستی خۆی،
بە نیاز و مەبەست، کە دژی خواستی خوداوەندەکان بوو بە پشت و پەناگەی پیاوێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرێت و دنیا بە جێ دەهێڵێت، ئاگردانی پەرستگای خۆی پیس کردووە.
بەئاشکرا پیرۆزیی یاسا کۆنەکانی شکاندووە.

## هاوبڕگەی شیعریی سێیەم

ڕقوکینەمان دروێنە دەکات. ئەو پیاوە ڕزگاری نابێت.
ئەگەر بیشچێتە ژێر زەوی، لە گوناهان پاک نابێتەوە.
پەنا بۆ هەر کوێیەک ببات، بارگران بە تاوانێک کە کردوویەتی،
دەستی تۆڵەستێن بەڵام، بە سەریەوە ناچێت و

بە سزای خۆی دەگات.

**ئەپۆڵۆن**

*(دەردەکەوێتەوە، تیرێکی لە ژێی کەوانەکەی توند کردووە.)*

هەر ئێستا لە پەرستگاکەم بچنە دەرەوە و لە جێی پێشبینیکردنی پیرۆزیش دوور بکەونەوە، ئەگەرنا، لە ژێی ئەم کەوانە زێڕینەوە مارێکی باڵداری ژەهراویی زیوینتان تێدەگرم و کە ماریش نیشانی پێکا، ئەوسا بەدەم ئێشوئازارەوە ناچار دەبن هەر ڕەشاییەک، هەر تۆپەڵەخوێنێکی وشکهەڵاتوو کە لە لەشی خەڵکەوە هەڵتانقوڕاندووە، بیهێننەوە. ئێوە مافی ئەوەتان نییە لەم پەرستگایە نزیک ببنەوە.

جێوڕێی ئێوە تەنیا لەوێیە کە تەوری دەستی جەلاد دەگەڕێت و سەر دەپەڕێنرێن، لەوێیە کە چاو دەردەهێنرێن، کە هێزی پڕ گوڕوتینی لەشی گەنجان قڕ دەکرێن؛ لەوێ کە شمشێران لەتوپەت دەکەن و بەرد دەهاوێژرێن و لەوێیە کە خەڵکی بە پایەوە هەڵواسراو دەناڵێنن و بەدەم ئازارەوە سکاڵا دەکەن. گوێتان لە شادیی ئەو ئاهەنگە نییە کە کەسوکارتان دەیگێڕن و خوداوەندان قێزیان لێی دەبێتەوە؟ بێگومان، ئێوە ئەوە دەسەلمێنن کە پێشتر وتراوە. ئێوە شایانی ئەوەن لانەی شێرێکی بە خوێن سوور بکەن بە ماڵ

و جێی خۆتان. بەڵام بە نزیکبوونەوەتان پیرۆزیی شوێنی پێشبینیکردن پیس مەکەن.
ئێوە؛ ئەی مێگەلی کێوی، مێگەلی بێ شوان، لەم شوێنە پیرۆزە، بڕۆنە دەرەوە!
چون هیچ خوداوەندێک مێگەلێکی وەک ئێوە پەنا نادات و ناپارێزێت.
*(ئەپۆڵۆن، ئێرێنییەکان لە پەرستگا دەکاتە دەرەوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

ئەپۆڵۆن، ئەی سەروەری من، ئێستا گوێ لە من بگرە.
تۆ بە تەنیا لەم ڕووداوەدا هاوتاوان نیت، بەڵکو لە بەرانبەر هەر ڕووداوێکدا، تاکەتاوانبار تۆیت و گوناهـ لە ئەستۆی تۆیە.

**ئەپۆڵۆن**

چۆن؟ ئێستا کە نۆرەقسەی تۆیە، قسە بکە.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەنجامی دەنگی پێشبینیکردنی تۆ، بوو بەهۆی دایککوشتن.

**ئەپۆڵۆن**

فەرمانی من، فەرمانی تۆڵەسەندنەوەی مەرگی باوک بوو. ئەمجا چی؟

**سەرۆکی کۆرس**

بوویت بە پشت و پەنای ئەوەی کە خوێنی لێ دەچۆڕا.

**ئەپۆڵۆن**

بەرەو ئاگردانی پەرستگاکەشم پێشوازیم لێی کرد.

**سەرۆکی کۆرس**

بێڕێزیش بە ئێمە دەکەیت کە تا ئێرە دوای کەوتووین.

**ئەپۆڵۆن**

ئێوە شایانی ئەوە نین لەم شوێنە نزیک بکەونەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

کەچی هەر ئەمەش کاری ئێمە و ئەرکی ئێمەیە.

**ئەپۆڵۆن**

چ ئەرکێکی پیرۆزە، ئەرکی ئێوە! شایانی هەموو پەسن و ستایشێک!

**سەرۆکی کۆرس**

ئێمە ئەوانەی دایکی خۆیان دەکوژن ماڵبەدەر دەکەین.

**ئەپۆڵۆن**

ئەی بەرانبەر بە ژنێک کە مێردەکەی خۆی کوشتووە؟

**سەرۆکی کۆرس**

ژن و مێرد هاوخوێن نین!

**ئەپۆڵۆن**

ئەی ئەو پەیمانەی لەژێر چاودێریی زێوس و "هێراس"دا بەستراوە، چ نرخێکی هەیە؟ ئەو قسەیەت بێڕێزیکردنە بە

ئەفرۆدیت، کە گەورەترین شادمانی بە ژیانی خەڵک دەبەخشێت. ئەو جێی نووستنەی ژن و مێرد پێکەوە دەبەستێت لە سوێند و پەیمان بەهێزتر و پیرۆزترە. ئەگەر تۆ بەرانبەر بکوژان هێندە دەستەوەستان و نەرمونیانی کە بە تووڕەبوون سزایان نادەیت، کەواتە بەناهەق دوای ئۆرێستۆس کەوتوویت و دەستی لێ هەڵناگریت.
بەوپەڕی هێز و تواناوە دژی هەندێک تاوان دەوەستیتەوە، کەچی بەئاشکرا چاو لە هەندێکی تریان دەپۆشیت. بەڵام ئەم ناکۆکییە دەبێت بە دادگایەک کۆتایی بێت، دادگایەک کە ئەتێنا بۆ خۆی چاودێری و سەرپەرشتی بکات.

**سەرۆکی کۆرس**

هەرگیز دەست لە ئۆرێستێس هەڵناگرم.

**ئەپۆڵۆن**

دەست هەڵمەگرە! چیت لە دەست دێت، درێخی مەکە!

**سەرۆکی کۆرس**

بەم قسانەت بێڕێزی بە ئەرکی سەر شانم دەکەیت.

**ئەپۆڵۆن**

ئەرکی سەرشانت!

**سەرۆکی کۆرس**

جێی تۆ پیرۆزە و باڵادەست لەپاڵ تەختی باڵادەستترین خوداوەندەوە وەستاویت.
بەڵام ڕشتنی خوێنی دایکیش من بەرەو تۆڵەسەندنەوە هان دەدات و
وەک سەگێک بۆن بە شوێنپێی "ئۆرێستێس"ەوە دەکەم و شوێنپێی هەڵدەگرم.

*(کۆرس، بەپەلە، تێکەڵوپێکەڵ و نارێک، بە هەمان ڕێڕەودا کە ئۆریستێس لێوەی ڕۆیشتووە، دەڕوات.)*

**ئەپۆڵۆن**

بەڵام ئەوەی داوای پشت و پەنای منی کردووە،
چ خوداوەند بێت یا پیاوێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرێت و ئەم دنیایە بە جێ دەهێڵێت، جیاوازییەکی نییە و ئاگاداری دەکەمەوە:
ئەگەر یارمەتیی نەدەم،

ئاسمان و دۆزەخ و زەوی،
لە ڕقی من و
لەتاو باری گرانی کەسێک،
کە لە زێدی خۆی دەرکراوە،
بە یەکدا دێن و
دەڕمێن.

*(ئەپۆڵۆن لە پەرستگاکەدا ون دەبێت و دەروازەکان دادەخرێن.)*

*پێشوو*

*(شانۆ دەگۆڕدرێت. ئێستا پشتەوەی شانۆ پەرستگای ئەتێنا، لە ئەتێن، پێشان دەدات. پەیکەری کۆنی ژنەخوداوەند لە پێش پەرستگاوە دیارە. ئۆرێستێس لە تەنیشتەوە دێتە سەر شانۆ و بەرەو پەیکەرەکە دەڕوات.)*

ئۆرێستێس

ئەتێنا؛ ژنەفەرمانڕەوای فەرمانڕەوایان، من لێرەم و فۆیبۆس بۆ ئێرەی ناردووم. بە نەرمونیانییەوە پێشوازیی پیاوێکی تاوانبار و ڕاکردوو بکە، ئەگەرچی داوای پاکبوونەوە ناکەم. دەستم پاک بووەتەوە. دەردوبەڵایەک کە

تووشی بووبووم، لە کۆڵم بوونەتەوە: بە میوانی زۆر ماڵان گەڕاوم و زۆر کەسم لە گەشتەکەی خۆمدا، چ لەنێو زەریا و چ لەسەر زەوی، بینیوە.
دڵنەوا بە زمانی پێشبینیکەری فۆیبۆس بەرەو پەرستگاکەی تۆ هاتووم و بەدەم چاوەڕوانیی حوکمی تۆوە، لەپاڵ پەیکەرەکەی تۆدا دەمێنەوە.

*(باوەش بە پەیکەرەکەی ئەتێنادا دەکات. ئەندامانی کۆرس، کە شوێنپێی ئۆریستێیسیان هەڵگرتووە، بە دوای یەکتردا، دێنە ژوورەوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

بێ هیچ دوودڵییەک! ئەمانە شوێپێی ئەون.
ئاگات لەمان بێت و ئەمان هیچمان پێ نالێن و کەڵکی هیچ ناگرن.
وەک چۆن سەگ شوێنپێی ئاسکێکی بریندار هەڵدەگرێت،
ئێمەش شوێن دڵۆپی خوێنی تەڕوبڕی ئەو هەڵدەگرین.
دڵ بەتوندی بە دەست باری گرانی خۆیەوە دەناڵێنێت:
هەموو شوێنێک و سەرلەبەری وڵاتانمان پشکنیوە.
بێباڵ و بەوپەڕی تووڕەییشەوە زەریامان تەی کردووە و
هیچ کەشتییەک نەیتوانیوە بەسەرماندا زاڵ بێت.

هەبێت و نەبێت، دەبێت، لێرە، لە شوێنێک، خۆی شاردبێتەوە:
بۆن دەکەم، بۆنی خوێنی تەڕوبڕی مرۆڤ دەکەم.

**کۆرس**

ئاگادار بن! ئاگادار بن!
بگەڕێن، هەموو شوێنێک، بگەڕێن!
مەهێڵین، ئەوەی خۆی شاردووەتەوە،
ئەوەی دایکی خۆی کوشتووە،
لە دەستمان هەڵبێت،
تا بە سزای خۆی دەگات.
ببینن!
ئەوەتا دیسان ئەوێی کردووە بە پەناگەی خۆی:
لە چاوەڕوانیی حوکمی خۆیدا،
باوەشی بە پەیکەری ژنەخوداوەندی مەزندا کردووە.
بەڵام نابێت ئەوە ڕوو بدات! خوێنی دایکێک،
کە ڕژاوەتە سەر زەوی، هەرگیزاوهەرگیز،
هەڵناگیرێتەوە.
ئەوەی خاک هەڵیمژیوە،
تا ئەبەد ناگەڕێتەوە.
بەڵام تۆ ئێستا دەبێت لەبریی ئەوە،
خوێنێکی گەرم و زیندوومان پێ ببەخشیت.

هێندە نابات و لە دەمارەکانتەوە،
ئەو خواردنەوە خۆشە هەڵدەمژین و
پاشان لەڕولاواز،
وەک کەلاشێکی زیندوو،
لە قەرەبووی مەرگی دایکتدا،
بەرت دەدەینەوە سەر زەوی.
ئەوسا تێدەگەین کە هەر کەسێک
دژی خوداوەندەکانی ئاسمان بووبێت،
لە ئاست میوان، یا دایکوباوکدا،
هەقی ڕاستەقینەی کاروکردەی خۆی وەردەگرێت.
خوداوەندەکەی هادێس، دادوەرێکی مەزنە بەسەر پیاوانی زەویدا.
هەموو شتێک دەبینێت و تاهەتاهەتایە هەموو شتێک لەسەر تابلۆی مسینی بیرەوەری، وەک نەخشی بەرد، هەڵدەکۆڵێت.

**ئۆرێستێس**

تەنگانە فێری زۆر ڕێی خۆپاککردنەوەی کردووم،
قسەکردن پێویستە و بێدەنگبوونیش بە جێی خۆی.
لەم کێشەیەمدا ڕێنوێنێکی حەکیم و ڕووناکبین داوام لێ دەکات قسە بکەم.
سەیرکەن، ئێستا خوێنی دەستم وشک بووەتەوە و دەوەرێت.

دەردی دایککوشتنیش پاک بووەتەوە. هێشتا تەڕوبڕ بوو، کە لە ئاگردانەکەی پەرستگای "پۆیبۆس"دا، بە خوێنی یەکانەیەک کە لەوێ کرا بە قوربانی، لە دەستم بووەوە. زۆر بوون ئەوانەی کە لەوساوە بینیومن و لەگەڵیان هەڵساوم و دانیشتووم، بەڵام هیچ کامیان لە منەوە تووشی هیچ شتێک نەبووە. پیربوون و بەسەرچوونی کات هەموو شتێک کاڵ دەکاتەوە.

هەر لەبەر ئەوە چ کفرێکم نەکردووە، کە ئێستا بە دەموپلێکی پاکوپوختەوە داوای یارمەتیی لە ئەتێنا خۆی، کە فەرمانڕەوای وڵاتە، دەکەم. ئەو ئێستا، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ چەک بەرێت، سەرکەوتنم بۆ بە دەست دەهێنێت و سەرکەوتن بۆ خاک و گشت خەڵکی "ئارگۆس"یش بە دەست دەهێنێت تا پێکەوە هاوپەیمان بین، هاوپەیمانییەک کە هەرگیز ناپاکی بەرانبەر نەکرێت.

ئەگەر ئەو ئێستاکە لە "لیبیا"ی دوور نییە، ئەگەر لە نزیک تەوژمەکانی تریتۆن نییە کە شوێنی لەدایکبوونی خۆیەتی، ئەگەر بە ڕێوە نییە و لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی خۆی دانەنیشتووە، ئەگەر خەریکی پاراستنی خۆشەویستانی خۆی نییە، ئەگەر هێشتا بە نیگای پیاوانە و نەترسی سوپاسالارێکەوە دەشتی پلێگراس دەپشکنێت و لە جەنگی نێوان خوداوەندان و دێوودرنجان نارِوانێت، با بەپەلە بە هانای منەوە بێت و یارمەتیم بدات -خوداوەندێک نزا و پاڕانەوەیەکی دووریش دەبیستێت-

با بێت و لەم ڕەنج و دڵتەنگییەی دووچاریان بووم ڕزگارم بکات.

**سەرۆکی کۆرس**

نا، هەرگیز نە ئەپۆڵۆن دەتپارێزێت و نە "ئەتێنا"ی بەهێزیش.
بەجێهڵراو لە لایەن هەمووانەوە، لەوێدا کە چیی تر هیچ شتێک شادی بە ڕۆح نابەخشێت- دەمریت. مینا سێبەرێکی بێخوێن، کە خوێنەکەی لەشی گیانە بەدەکان هەڵیانمژیبێت، دەمێنیتەوە. هیچ ناڵێیت، وەڵام نادەیتەوە؟ تۆ بەدەم گاڵتەپێکردنەوە بێدەنگیت، تۆ، وەک دابەستەیەک، وەک گیانەوەرێکی قوربانی، بۆ من بە خێو دەکرێییت؟ بە زیندوویی، نەک سەربڕدراو، دەبیت بە خۆراکی من. ئێستا گوێ بۆ ئەو گۆرانییە ترسناکە بگرە کە دەستوپێت دەبەستێت!

*(ڕوو لە ئەندامانی کۆرس.)*

هەستن، با دەست بگرین و هەڵپەڕین!
ئێستا ئارەزووی ئەوە دەکەین
بە سروودێکی ترسهێن دەنگ هەڵبڕین و
ئەرکەکانمان بەیان بکەین و

باسی ئەو کاروبارانە بکەین
کە لەنێو خەڵکدا پێیانەوە خەریکین.
ئێمەین کە دەزانین یاسایەکی یەکسان بچەسپێنین.
چون ئەوەی دەستی بێگوناهـ و پاکە،
بەر تووڕەبوونی ئێمە ناکەوێت و
دڵنیا ژیانی خۆی بە سەر دەبات.
بەڵام هەر کە تاوانبارێک، ڕێک وەک ئەم پیاوە،
بیەوێت دەستی بە خوێن لەکەداربووی خۆی بشارێتەوە،
بە دەنگی بەرز شاهیدی بۆ ئەوەی مردووە دەدەین و
لەبەر چاوی بکوژدا قیت دەبینەوە و
بێبەزەییانە، لەبریی تاوانێک کە کردویەتی،
داوای دوادڵۆپەخوێنی دەکەین.

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی یەکەم**

دایە، دایکی خاک، تۆ کە وەک سزایەک بۆ ئەوانەی دەبینن
و
بۆ ئەوانەش کە کوێراییان داهاتووە،
ژیانت بە ئێمە بەخشی،
گوێ لە نزا و پاڕانەوەمان بگرە!
کوڕەکەی لێتۆ،

بێڕێزیمان پێ دەکات،
نێچیرەکەمان لێ دەفڕێنێت،
ئەو قوربانیی ئاشتبوونەوەیەمان لێ دەفڕێنێت،
کە هیی ئێمەیە و
بە خوێنی دایکی خۆی لەکەدار بووە.

گۆرانییەک
بەسەر قوربانییەکەی ئێمەدا
دەنگ دەداتەوە،
بارگران بە بێهێزی،
سەرلێشێوێن،
سەرلێتێکدەر،
سروودی ترسناکی
ژنەخوداوەندەکانی تۆڵەسەندنەوە،
گۆرانییەک؛ بێ ئاوازی چەنگ،
ئەگەر ڕۆح گیرۆدە بێت،
مۆخی مرۆڤ
وشک دەبێتەوە.

## هاوبڕگەی شیعریی یەکەم

چارەنووس ئەمەی بە ئێمە بەخشی،
کە تا ئەبەد پێوەی خەریک بین:

کاتێک ئەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرێت،
بەوپەڕی بێشەرمییەوە،
خوێنی ڕشتووە،
دەبێت دوای هەنگاوەکانی بکەوین،
تا ئەو کاتەی دەڕواتە نێو تاریکایی ژێرزەوییەوە.
تەنانەت لە گۆڕستانیشدا،
دەستی لێ هەڵنەگرین.

گۆرانییەک
بەسەر قوربانییەکەی ئێمەدا
دەنگ دەداتەوە،
بارگران بە بێهێزی،
سەرلێشێوێن،
سەرلێتێکدەر،
سروودی ترسناکی
ژنەخوداوەندەکانی تۆڵەسەندنەوە،
گۆرانییەک؛ بێ ئاوازی چەنگ،
ئەگەر ڕۆح گیرۆدە بێت،
مۆخی مرۆڤ
وشک دەبێتەوە.

**بڕگەی شیعریی دووەم**

لەگەڵ لەدایکبووندا ئەم ئەرکەمان پێ سپێردراوە.
بەڵام دەستمان بە نەوەکانی ئاسمان ڕاناگات.
کەس ئاسوودەیی ئاهەنگەکانمان لەگەڵ بەش ناکات.
هەرگیز بریقوباقی جلوبەرگە سپییەکانمان پێ ڕەوا نابینرێت.

ئێمە پەلاماردانی ماڵمان هەڵبژارد.
ئەگەر یەکێک لەوێ،
لەپاڵ ئاگردانی ماڵ،
لە خزموخوێشی خۆی بدات،
هەموو پێکەوە، شوێنپێی بکوژ هەڵدەگرین و-
هێرش دەکەینە سەر هەمووان،
بیگرن! بیگرن!
ئەگەر ئەو هێندە گورج و
هێند بەهێز نەبووایە،
بەڵام بارگران بە تاوانی خوێن،
درەنگ یا زوو،
هەر بە لادا دێت و
دەکەوێت.

**هاوبڕگەی شیعریی دووەم**

ئەم ئەرکەی سەرشانمان، بە خواستی خۆمان، بۆ کەسێکی تر پاشەکەوت دەکەین. داوای دادەستێن خوداوەندەکان خۆیان ناگرێتەوە. بەڵام زێوس، ئێمەی قێزەون و بە خوێن لەکەداربووی، لە ماڵە ئاسمانییەکەی خۆی، دەرکردووە.

ئێمە پەلاماردانی ماڵمان هەڵبژارد.
ئەگەر یەکێک لەوێ،
لەپاڵ ئاگردانی ماڵ،
لە خزموخوێشی خۆی بدات،
هەموو پێکەوە، شوێنپێی بکوژ هەڵدەگرین و-
هێرش دەکەینە سەر هەمووان،
بیگرن! بیگرن!
ئەگەر ئەو هێندە گورج و
هێند بەهێز نەبووایە،
بەڵام بارگران بە تاوانی خوێن،
درەنگ یا زوو،
هەر بە لادا دێت و
دەکەوێت.

## بڕگەی شیعریی سێیەم

کە ئێمە بە خۆمان و باڵاپۆشە ڕەشەکانمانەوە نزیک دەبینەوە و پێیەکانمان بە سەمایەکی پڕ لە ڕقوکینە گەرم

دەبن، ئابرووی مرۆڤ، کە هەردەجاران سەری لە ئاسمان دەسوو، وەک مێو دەتوێتەوە، سووک و بێئابروو بەر دەبێتەوە و تێکەڵ بە خاك دەبێت.

بازمان بەرز و
پێیەکانمان قورس.
ئەوەی هەڵهاتووە،
ئەوەی لە دەستمان هەڵهاتووە،
چەندیش گورجوگۆڵ بێت،
درەنگ یا زوو،
سەرسم دەدات و
دەکەوێت.
حوکمی چارەنووسیش
بێبەزەییانە دەستی خۆی دەوەشێنێت.

### هاوبڕگەی شیعریی سێیەم

تاوانی خوێن، خۆی لە تەمی تاریکییەوە پێچاوە و دێوانە و کوێر، خۆیشی نازانێت بە چ دەردێک دەچێت و چۆن دەکەوێت.
بەڵام خەڵک بەدەم ئاخهەڵکێشانەوە،
باس لەو هەورە ڕەشە دەکەن،
کە وەک شەوەزەنگ،

باڵی بەسەرماڵەکەیدا
کێشاوە و دەگرمێنێت.

ئەوەی هەڵهاتووە،
ئەوەی لە دەستمان هەڵهاتووە،
چەندیش گورجوگۆڵ بێت،
درەنگ یا زوو،
سەرسم دەدات و
دەکەوێت.
حوکمی چارەنووسیش
بێبەزەییانە دەستی خۆی دەوەشێنێت.

**بڕگەی شیعریی چوارەم**

چون جێگیرین و
هیچ شتێک باوەڕی ئێمە لەق ناکات:
ڕێی خۆمان دەبینین، بە ئامانجی خۆمان دەگەین و
هیچ تاوانێکی خوێن لە بیر ناکەین.
ئێمە ئەو سەختگیرانەین
کە هەرگیز ناچار بە نزا و پاڕانەوەی مرۆڤ نین.
ئەرکێک کە بە ئێمە سپێردراوە،
مایەی ڕقوکینە و قێزوبێزە.
ئێمە لە هاوبەشیی خوداوەندان

دەرکراوین و
لەنێو تەمتوماندا شوێنەون-
نزیکبوونەوەمان لەوانەی کە دەبینن سەخت و
هەروەها لەوانەش کە چاوشکێن کراون.

## هاوبڕگەی شیعریی چوارەم

بەڵام خۆش بە حاڵی ئەو کەسەی یاسای ئێمە دەبیستێت و
ناتۆقێت و لەترساندا دەست ناوەشێنێت،
یاسایەک کە بەخششی چارەنووس و
خوداوەندان، تا هەتاهەتایە، دانیان پێدا ناوە.
بانگی ئێمە کەونارایە و پیرۆزکراو.
بەڵام ڕێزی کەسێکیش کە دەمرێت دەگرین و
وەک خوداوەندان هەمیشە زیندوو نییە و
لە بەرانبەریشدا ڕێزمان لێ دەگرێت-
ئەگەرچی لە قووڵایی ژێرزەویدا دەژین و
تەمێکی قورس و تاریک دایپۆشیوین.

*(ئەتێنا لە تەنیشتەوە دێتە سەر شانۆ.)*

**ئەتێنا**

لەدوورەوە گوێم لە دەنگێک، گوێم لە نزا و پاڕانەوەیەک، بوو؛ دوور و لە کەنارەکانی ڕووباری "سکاماندرۆس"ەوە دەهات، لەو خاکەوە کە میر و سەروەرانی هێلاس، تا دنیا دنیایە، وەک موڵک وماڵی خۆم، پێیان بەخشیووم، بەشێکی گەورە و گران لە دەستکەوتی سەرکەوتن، خەڵاتی هەڵبژێردراو بۆ کوڕانی تێسێوس.
بەدەم ئەو دەنگەوە، بەرەو ئەو نزا و پاڕانەوەیە، هاتم و قەڵغانەکەم وەک با گڤەی کرد و وەک باڵ و وەک گالیسکەیەک کە جوانووی بەهێزی لێ بەسترابێت، بەرەو ئێرە هاتووم. بەڵام کە ئەمانەی لێرە کۆبوونەتەوە دەبینم، ئەمانە کە وەک میوان ڕوویان لەم خاکە کردووە، ترسم دەڕەوێتەوە، کەچی سەرسڕمانم نا.
ئێوە کێن؟ چاوەڕێی وەڵامم و ڕووی دەمیشم لە هەمووتانە:
لەو غەریبەی کە پەنای بۆ پەیکەرەکەی من هێناوە و لەوانەش کە نە کەس لە ڕەنگیان و نە لە ڕەنگی هیچ کەسن.
هیچ خوداوەندێک ئێوەی لەنێو بوونەوەرانی ئاسماندا نەبینیوە و
هیچ کەسێکیش لەسەر زەوی لە ڕەنگ و شێوەی ئێوە نییە.
بەڵام ئەوەی بێ هۆ گاڵتە بە کەسێک دەکات،
لە ڕێگای ڕاست دوور دەکەوێتەوە و
شوێنەون دەبێت.

**سەرۆکی کۆرس**

تۆ ئەی کچی زێوس، با هەموو شت بزانیت و ئاگادار بیت.
ئێمە کچانی ترسناکی شەوین و لە "هادێس"یش بە گیانەکانی تۆڵەسەندنەوە بانگ دەکرێین.

**ئەتێنا**

ئێستا ئەسڵوفەسڵتان دەناسم و ناویشتان هەروەها.

**سەرۆکی کۆرس**

هێندە نابات و لە ئەرکی سەرشانیشمان ئاگادار دەبیت.

**ئەتێنا**

بێگومان، ئەگەر ڕاستودروست بدوێیت.

**سەرۆکی کۆرس**

ئێمە، ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کولان، دوای بکوژ کەوتووین.

**ئەتێنا**

ئامانجتان؟ ئاخۆ کەس دەتوانێت لە دەستتان ڕزگاری ببێت؟

**سەرۆکی کۆرس**

مەگەر لەو جێیەدا کە هەرگیز خۆشی و شادی لێ نەبووە و نابێت.

**ئەتێنا**

هەر بەو جۆرەش دوای ئەم پیاوە کەوتوون؟

**سەرۆکی کورس**

بێگومان، چونکە ئەو دەستی لە دایکی خۆی وەشاندووە.

**ئەتێنا**

لەناچاریدا بوو، یا لە ترسی تووڕەیی کەسێکی تر؟

**سەرۆکی کورس**

کەس دەتوانێت کەس بە دایکی خۆ کوشتن ناچار بکات؟

**ئەتێنا**

لە قسەی دوو لایەن، تەنیا گوێم لە قسەی لایەنێکە.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەو نایەتە ژێر بار و نایەوێت سوێند بخوات.

**ئەتێنا**

تۆش دەتەوێت وەک کەسێکی عادل سەیرت بکرێت!

**سەرۆکی کۆرس**

مەبەستت چییە؟ تۆ کە ژیریت، ڕوونی بکەرەوە.

**ئەتێنا**

نابێت ناهەقی لەڕێی سوێندەوە دنە بدرێت.

**سەرۆکی کۆرس**

کەواتە خۆت تاقی بکەرەوە و حوکمێکی عادلانە بدە.

**ئەتێنا**

بڕیاری حوکم دەدەنە دەست من؟

**سەرۆکی کۆرس**

بێگومان. تۆ کە شایانی ڕێز و ستایشت، ئێمەش بە ڕێز و ستایشەوە لێت دەڕوانین.

**ئەتێنا**

ئەی تۆ غەریب، چ وەڵامێکت لە بەرانبەر ئەمەدا هەیە و چی دەڵێیت؟ بەڵام لەپێشدا ناوی وڵاتەکەت و خزموخوێشت بهێنە، ئەمجا باسی ئەوە بکە کە کردووتەوە و باسی ئەوەش کە چ ئازارێکت چێشتووە و چیت بە سەر هاتووە.
ئەگەر بۆ دڵنەوایی لە هەقی پاکی خۆت، پەنات بۆ پەیکەرەکەی من و ئاگردانی پەرستگاکەم هێناوە، وەک چۆن ئیسیۆن پێشتر پەنای بۆ من و پەرستگاکەی من هێنا، خۆت لەم شکایەت و سکاڵایانەی لێت دەکرێن بپارێزە و لەسەر خۆت بێرە دەنگ.

ئەی "ئەتێنا"ی فەرمانڕەوا، دەمەوێت، پێش هەموو شتێک، گرفتێکی گەورە لە کۆڵ تۆ بکەمەوە. من لە تۆ داوای پاکبوونەوە ناکەم، چون بە دەستی پیسەوە لە پەیکەرەکەت نزیک نەبوومەتەوە. ئێستاش، سەبارەت بەمە، گوێ لە بەڵگەیەکی بنجبڕ بگرە. بکوژێک، بەپێی یاسا، دەبێت بێدەنگ بێت، تا کەسێک کە مافی ئەوەی هەیە پاشان بێت و خوێنی گیانەوەرێکی ساوا، بۆ پاکردنەوەی تاوان و پاککردنەوەی دەستی بە خوێن سووربوو، بکات بە قوربانی. من دەمێکە ئەم دەردەم لە کۆڵ بووەتەوە و لە گوناهان پاک بوومەتەوە؛ بە میوانی زۆر ماڵان گەڕاوم و خاک و زەریاکانم لەگەڵ زۆر کەس تەی کردووە و کەسیش لە منەوە تووشی هیچ دەردێک نەبووە. کەواتە ئێستا تۆ پێویستت بەوە نییە لە خەمی ئەمەیاندا بیت. هەر ئێستاش باسی ڕەچەڵەکی خۆمت بۆ دەکەم. من خەڵکی "ئارگوس"م. تۆش زۆر چاک "ئاگامێمنون"ی باوکم؛ سەروەری کەشتیگەلان، ئەوەی کە بە یارمەتیی ئەو توانیت ئیلیۆن وێران بکەیت و داری بەسەر بەردیەوە نەهێڵیت. ئەو، دوای گەڕانەوەی، مردنێک مرد پڕ لە سووکایەتی و گاڵتەپێکردن. دایکم، دایکێکی ڕۆح و دڵ ڕەش، بە دەستی خۆی خوێنی ئەوی ڕشت، پاشان لە کاتێکدا کە خەریکی خۆشوشتن بوو، بە فێڵ، تۆڕێکی ڕازاوە لە لاشەکەیەوە پێچرا و بە مردووی لە

جێی خۆیدا بەجێهێڵرا. منیش، کە دەمێک بوو بێ ماڵ و دەربەدەر کرابووم، گەڕامەوە ماڵە باوان و دایکی خۆمم لە تۆڵەی باوکێکی خۆشەویستدا کوشت، ژیانێکم کرد بە قوربانی ژیانێکی تر و- ئێستاش ئەوەتا لەبەر بەزەیی تۆدا دان بەو تاوانەدا دەنێم. بەڵام "ئەپۆڵۆن"یش، لەو کارەدا، هاوتاوانی منە: ئەو بوو پێشبینی کردبوو کە دەبێت چی بکەم و پێی ڕاگەیاندم ئەگەر بێت و بەو کارە هەڵنەستم و تۆڵەی باوکم نەکەمەوە، تووشی چ دەرد و سزایەک دەبم و چ ئاکامێکی جەرگبڕ چاوەڕێم دەکات. ئێستاش بڕیار بڕیاری خۆتە و تۆ حوکم دەدەیت کە ئاخۆ ئازاد بکرێم یا نا و لە هەردوو باردا تەنیا هەر سەرنەویکردن بۆ بڕیاری تۆ داوا دەکرێت و هیچی تر.

### ئەتێنا

کارێکی سەخت و ئاڵۆز. کارێک لە سەروو دەسەڵاتی مرۆڤەوە و تەنانەت منی خوداوەندیش، ناتوانم لەم تۆڵەسەندنەوە ناخۆشەی خوێندا، بڕیار بدەم. بەتایبەت دوای ئەوەی بەتەواوی کاری خۆتت بەجێهێناوە و خۆت لە گوناهان پاک کردووەتەوە و هاتوویت و پەنات هێناوەتە بەر پەرستگای من؛ تۆ بۆت نییە ماڵی من پیس بکەیت، بێڕێزیت بە شارەکەشم نەکردووە و تۆ لەبەر چاوی مندا بێڕێز نیت.

بەڵام نرخ و بەهای ئەمانەش هی ئەوە نین بتوانرێت بەرپەرچ بدرێنەوە. ئەگەر بێت و پرسی خۆیان بە سەرکەوتن کۆتایی پێ نەهێنن، ژەهری ڕقوکینە لە دڵیانەوە دەڕژێتە سەر خاک و لاڕەشەیەکی ترسناک بە هەموو لایەکدا بڵاو دەکەنەوە کە هیچ کەس ناتوانێت خۆی لە بەردا بگرێت. ئاوهایە ئیتر. هەم پێشوازیکردنیان بەدبەختی و هەم نەکردنیشیان. نازانم چی بکەم. بەڵام کە ئێستا ئەم کێشەیە خراوەتە ژێر ڕکێفی من، دەڕۆم و دادوەرانی سوێندخواردوو دەستنیشان دەکەم تا بێن و بۆ هەمیشە داد بەسەر ئەم جۆرە کێشەیەدا بدەن، کە خوێن تێیدا کەوتووەتە نێوانەوە.

کەواتە ئێستا هەر لایەکتان بڕۆن و بەڵگە و شاهیدان بهێنن تا، بەپێی سوێندی پیرۆز، پرسی ئێوە بسەلمێنن. منیش، دوای ئەوەی باشترین کەسانێکم بۆ ئەم پرسە هەڵبژارد، دەگەڕێمەوە. با ئەوان، بەپێی سوێند و دەستەڵاتی خۆیان و بێ فرتوفێڵ و زۆرداری، حوکمی خۆیان بدەن.

*(ئەتێنا دەڕوات.)*

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی یەکەم**

ئێستا دەسەڵات بە یاسای نوێ دەبەخشرێت،
ئەگەر جارێک لە جاران ئەم پیاوە،
کە دایکی خۆی کوشتووە،
بیەوێت پرسەکەی،
بیەوێت پلانەکەی،
سەر بگرێت.
ئەم کارە
هەموو مناڵانی زەوی
بەرەو ڕێگا ئاسانەکانی بارگرانی
بە کێش دەکات.
زۆر ڕەنج،
زۆر برین،
تەنانەت ئەو برینەش کە لە دەستی کوڕی خۆت کەوتووەتەوە،
دەبێت بە یار و بەختی داهاتووی دایکوباوکان.

## دژەبڕگەی شیعریی یەکەم

ئێمە کە بە ڕقەوە،
کە بۆ تۆڵەسەندنەوە،
دوای کاروکردەی خەڵک کەوتووین،
ئیتر سزای کردەوەی وەها نادەین،
دەست لە پرسی کوشتن و

لێدان بە نیازی کوشتن هەڵدەگرین.
دەبا هەر کەس و
باسی نەهامەتیی ئەوی تر بکات و
لە تەنگانەدا داوای یارمەتیی بکات.
بێجگە لە هیوای پووچ و بێبەر،
هیچ چارەیەک و هیچ دڵدانەوەیەکیش
بۆ کلۆڵان نییە.

## **بڕگەی شیعریی دووەم**

ئیتر با کەس لەژێر زەبری گریانی چارەنووسدا بانگی ئێمە نەکات،
بەم وشانە هاوار بۆ ئێمە نەهێنێت: "یارمەتی! ئێوە؛ ئەی ژنەخوداوەندەکانی تۆڵەسەندنەوە، یارمەتیمان بدەن!
هەقمان بستێنن، یارمەتیمان بدەن."
چونکە هێندە نابات و داد و ناڵینێکی ئاوها لە باوکێکەوە،
لە دایکێکەوە کە بێڕێزیی پێ کراوە، بەرز دەبێتەوە و
شورەی هەق دەڕمێت.

## **دژەبڕگەی شیعریی دووەم**

جارنا ترس چاکە و
وەک پاسەوانی سەرکێشی دڵ

دەبێت لە جێی خۆیدا بمێنێتەوە.
ئارامی و ددانبەخۆداگرتنێکی ژیرانە
دەتوانرێت لەڕێی زۆرلێکردنەوە بە دەست بهێنرێت.
ئەگەر دڵی مرۆڤ، مرۆڤ کە نەمر نییە و
ڕۆژێک لە ڕۆژان بە لادا دێت،
ترسی تێدا نەماوە،
ئەی کێن ئەوانەی ڕێز لە هەق دەگرن؟

## بڕگەی شیعریی سێیەم

هیچ ئازادییەکی بێ جڵەو،
زۆرداریی هیچ میرێکی خونخوار،
نرخی تۆی نەبەخشیوە.
لە نیوەڕێی هەموو شتێکدا،
خوداوەند، بەپێی خواستی خۆی،
سەرکەوتنی بەخشیوە.
ڕاستی ئەمەشە: دلێری و چاونەترسی لە باوەڕێکی لەقەوە
لە دایک دەبن.
بەرهەمی هەستونەستێکی پاک و ئارامیش،
بەختیارییە کە هەمووبمان بە دوایدا دەگەڕێین.

## دژەبڕگەی شیعریی سێیەم

گرنگترین ئاگاداریمان ئەمەیە:
ڕێز لە دەستەڵاتی باڵای هەق بگرن!
بە سەرکەوتن فریو مەخۆن،
خوانەناسانە بە نووکەپێیەک،
تێی هەڵمەدەن و قڵپی مەکەنەوە،
چون ئەوسا بێبەزەییانە بەر سزا دەکەون.
لەبەر ئەوە، بەر لە هەر شتێک،
یادی دایک و باوک بکەرەوە و
ڕێزیان لێ بگرە.
ئابرووش هەروەها غەریبێک بوو،
ئێستا ئەوەتا ڕێی ماڵی تۆی دۆزیوەتەوە و
دەچێتە نێویەوە.

## برگەی شیعریی پێنجەم

ئەوەش، کە بێ زۆرلێکردن،
بە ڕێی هەقدا دەڕوات، بەشی خۆی لە بەختەوەری بەر دەکەوێت و هەرگیز بە یەکجارەکی لە نێو ناچێت.
بەڵام ئەوەی سەرپێچی ئەم پەیامە دەکات،
کەلوپەلی لەسەر یەک کەڵەکەکراو و بارێکی بە دزیوفزی کۆکراوەی لە کەشتییەکەی ناوە و بێشەرمانە کەشتی داوەتە دەم زەریا، ڕۆژێک لە ڕۆژان -بڕوا بکەن- کە ئیتر کەشتییەکەی لەژێر باری گرانی خۆیدا دەلەنگێت و وەک

چڵوچێویێکی دەم زریان دەشکێتەوە، ناچار دەبێت چارۆکەکەی لە کۆڵ خۆی بنێت و دەستبەتاڵ و ملنەوی بکەوێتە ڕێ.

**هاوبڕگەی شیعریی پێنجەم**

لە نێوەڕاستی گێژەندا، لەبەر هێرشی با و شەپۆلاندا،
پڕ بە دەم، لە جەنگێکی نائومێددا، هاوار دەکات،
بەڵام هیچ کەس نزا و پاڕانەوەی نابیستێت.
خوداوەندیش بەو بێشەرمە پێ دەکەنێت،
کە دەمێکە بێهوودە شەڕ لەگەڵ چارەنووسدا دەکات و بەسەریدا زاڵ نابێت.
بە باری گرانی بەختی خۆیەوە،
بارێک بە درێژایی تەمەنی هەڵیگرتووە،
کەشتییەکەی بەرەو زناری هەق دەبات و
کەشتی تێک دەشکێت و خۆشی نادیار،
بێ ئەوەی کەسێک دڵۆپێک فرمێسکی بۆ بڕێژێت،
لە نێو دەچێت.

*(بەدەم ئەم گۆرانییانەوە، سەر شانۆ وەک دادگایەک ڕێک دەخرێت: نیمکەت بۆ دادوەران دانراون و مێزێکیش دانراوە و دوو کوپەڵەی بۆ دەنگدان لەسەر دانراوە. ئۆرێستێس، لە*

*لایەکەوە، لە جێی شکاتلێکراودا، ڕاوەستاوە و ئەندامانی کۆرسیش، لە بەرانبەریدا، لە جێی شکاتکاراندا، ڕاوەستاون. پاشان ئەتێنا لە پێشەوەی ئەو کەسانەی خۆی بۆ دادوەری هەڵیبژاردوون و پەیامهێنێکیش لە دوایانەوە دێنە سەر شانۆ. خەڵکی ئەتێنیش وەک گوێگر لەسەر شانۆ کۆ دەبنەوە. ئەندامانی دادگا، لەسەر نیمکەتەکان، لە جێی خۆیان دادەنیشن و ئەتێناش لە جێی دەمڕاستی دادگا دادەنیشێت.)*

**ئەتێنا**

پەیامهێن دەست پێ بکە و پەیامت بگەیەنە! با خەڵک لە جێی خۆیان بمێننەوە و با شەیپوورە "تیورهێنی"یەکان پڕ بن لە گیانی بەهێزی خەڵک و تا ئەوپەڕی دەنگیان لێوە بێت و زایەڵەی بەهێز و ڕوونیان پەیام بە ئاپۆرەی خەڵک و بە هەموو لایەک بگەیەنێت. با، کاتێک ئەم ئەنجومەنە بۆ ڕاوێژ و تاووتوێکردن کۆ دەبێتەوە، خەڵک و سەرلەبەری خەڵکی شار بێدەنگ بن. من ئێستا دادگەیەک دەچەسپێنم و یاسایەک ڕادەگەیەنم تا ژیرانە بکۆڵێتەوە و حوکمێکی عادیلانە لەم کێشەیەدا و بۆ هەمیشە بدات.

*(ئەپۆڵۆن، لە لای ئۆرێستێسەوە، دەردەکەوێت.)*

**سەرۆکی کۆرس**

ئەپۆڵۆن، ئێرە جێی فەرمانڕەوایی تۆ نییە.
بەڵام لێرە چ کارەیت و چیت لەم کێشەیە داوە؟

**ئەپۆڵۆن**

من وەک شاهید لێرەم، چون ئەم پیاوە پەنای بۆ بەر ئاگردانی پەرستگای من هێناوە و منیش دەبێت، بەپێی یاسا، بیپارێزم و لە سەری بە دەنگ بێم، هەروەها لە دەردی کوشتنیش پاکم کردووەتەوە. وەک هاوتاوانیش: من لەم دایککوژییەدا گوناهبارم. ئێستاش با دەست پێ بکەین و با داوەریشمان ژیریی ئەتێنا بێت.

**ئەتێنا**

با دەست پێ بکەین. با لە ئێوەوە دەست پێ بکەین و با سەرەتا بەرەی شکاتکاران بە دەنگ بێت تا ڕوون و ئاشکرا بزانین چی و چۆن ڕوویداوە.

**سەرۆکی کۆرس**

ئێمە زۆرین، بەڵام کورت و پوخت قسەی خۆمان دەکەین.

تۆش، کورت و پوخت، وەڵامی هەر پرسیارێکمان بدەرەوە.
با لەمەوە دەست پێ بکەین: دایکی خۆتت کوشتووە؟

**ئۆرێستێس**

ئا کوشتوومە و- نکوڵیش ناکەم.

**سەرۆکی کۆرس**

لە سێ یەکیان، ئێمە براوەین.

**ئۆرێستێس**

هێشتا نەکەوتووم، دڵی خۆت خۆشە مەکە.

**سەرۆکی کۆرس**

لەوەیە وا بێت، بەڵام با بزانین چۆنت کوشت.

**ئۆرێستێس**

بە شمشێرەکەم قورگیم هەڵدڕی.

**سەرۆکی کۆرس**

کێ ئەم بیرەی خستە مێشکتەوە، کێ ڕێنوێنیی کردیت؟

**ئۆرێستێس**

شاهیدەکەم لێرە ڕاوەستاوە: سروش و ئیلهامبەخشم ئەو بوو.

**سەرۆکی کۆرس**

کەواتە خوداوەندی پێشبینیکردن بوو بۆ کوشتنی دایکت هانی دایت؟

**ئۆرێستێس**

ئەو بوو. ئێستاش کە لە بەردەمی ئێوەدا وەستام لە هیچ پەشیمان نیم.

**سەرۆکی کۆرس**

کە دادگا بڕیاری خۆی دا، ڕات دەگۆڕێت.

**ئۆرێستێس**

ئەم پشتم تێ ناکات و باوکیشم لە گۆڕەکەیەوە یارمەتیم دەدات.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەوەی کردت، بە ناوی مردووانەوە کردت و دایکی خۆت کوشت.

**ئۆرێستێس**

تاوانی ئەو دووبارە بوو، دوو باریش ئەوی دووچاری مەرگ کرد.

**سەرۆکی کۆرس**

چۆن؟ ڕوونتری بکەرەوە.

**ئۆرێستێس**

ئەو مێردەکەی خۆی و باوکی منیشی کوشت.

**سەرۆکی کۆرس**

بەڵام تۆ نەمردوویت، ئەویش قەرەبووی مەرگی باوکتی بە ژیانی خۆی کردەوە.

**ئۆرێستێس**

دوای ئەوەی باوکمی کوشت، ئێوە و دادوەریتان لە کوێ بوون؟

**سەرۆکی کۆرس**

بەڵام دایکت هاوخوێنی باوکت نەبوو.

**ئۆرێستێس**

ئەی خوێنی من، خوێنی دایکمە؟

**سەرۆکی کۆرس**

تۆ لەو بوویت و بە خوێنی ئەو گەورە بوویت، پیاوکوژ چۆن دەتوانیت نکوڵی لە خوێنی دایکی خۆت بکەیت؟

**ئۆرێستێس**

ئەپۆڵۆن، شاهیدی من بوو! ڕاستییان پێ بڵێ:
هەقی خۆم بوو کە کوشتم یا نا؟ من ناتوانم حاشا، لە کاروکردەی خۆم، لەوەی کە ڕوویداوە، بکەم. بەڵام ئەپۆڵۆن ئێستا تۆ بڕیار بدە کە ئاخۆ بە هەق بوو یا بە ناهەق ئەو خوێنە بە دەستی من ڕژێنرا.

**ئەپۆڵۆن**

ئەندامانی بەڕێزی ئەنجومەنی دادگای ئەتێنا، دەمەوێت لە پێش ئێوەدا داوەری لە پرسی ڕاستی و هەق بکەم و من وەک پێشبینیکەرێک ناتوانم نادروست شاهیدی بدەم، چون هەرگیز من لە تەختی پێشبینیکردنی خۆمەوە تەنانەت یەک وشەشم بەرانبەر پیاوێک، ژنێک یا شارێک، ئەگەر "زێوس"ی باوکی ئۆڵۆمپیا ڕێ پێ نەدابم، نەوتووە. خۆتان بیر بکەنەوە کە ئەو چ هەق و هێزێکمان پێ دەبەخشێت. من داواتان لێ دەکەم جێپێی نیاز و بڕیاری باوکم هەڵبگرن. هیچ سوێندێک هەیە بەهێزتر لەو سوێندەی بە "زێوس"ەوە وابەستەی کردووین؟

**سەرۆکی کۆرس**

چی؟ مەگەر زێوس ئەو زمانی پێشبینیکردنەوەی پێ بەخشیبوویت، کە ئۆرێستێس بەرەو سەندنەوەی تۆڵەی باوکی ببات، بەبێ ئەوەی هیچ ڕێزێک بۆ دایکی دابنێت؟

### ئەپۆڵۆن

کوشتنی پاڵەوانێک، کوشتنی پیاوێک کە لە سای ئەو گۆپاڵەدا کە خوداوەند دەیبەخشێت دەدروشێتەوە، شتێکی ترە؛ بەتایبەت ئەگەر بە دەستی ژنێک بکوژرێت- بەڵام نەک ئەو تیرە تیژپەڕەی کە لە مەیدانی جەنگدا لە ژێی "ئەمازۆنییەکان"ەوە دەهاوێژرێت.
نا، ئەتێنا گوێ بگرە، ئێوەش کە لێرە بۆ حوکمدانی ئۆرێستێس کۆ بوونەتەوە گوێ بگرن، تا بزانن چۆن کوژرا. ئاگامێمنون لە جەنگ گەڕایەوە، سەرکەوتوو لە هەموو شتێکدا کە لە ئەستۆی خۆی گرتبوو. ژنەکەشی پڕ بە دڵ لە ئامێزی گرت، بەڵام دوای ئەوەی لە خۆشوشتن بووەوە خاولییەکی گەورە و ڕازاوەی چنراوی تێوە پێچا. کە خاولیش وەک بەندییەک دەست و پێی بەستبوو، ژنەکەی پەلاماری دا و کوشتی. ئێستا دەبیستن کە پاڵەوانەکەمان، سەروەری باڵای کەشتیگەلەکەمان، چ مردنێک مرد، ئەو پاڵەوانەی دەیانپەرست و شایانی پەرستن بوو. ئێسا باسی مەرگی ئەوم بۆ کردن، دەبا چزووی تووڕەیی لەوانە

هەڵچەقێت کە لەسەر ڕێی حوکمدانی ئەودان و بەنیازن حوکمی بدەن.

**سەرۆکی کۆرس**

کەواتە زێوس لە مەرگی باوکێک زیاتر ڕێز دەگرێت-
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی "کرۆنۆس"ی باوکی خۆی زیندانی کرد!
بە بڕوای خۆت ئەمە چۆن دەبێت و چەندی بە چەند؟
ئێسا گوێتان لە قسەکانی بوو و دەتوانن حوکم بدەن.

**ئەپۆڵۆن**

ئێوە ئەی گیانەوەرە قێزەونەکان، ئەی ئەوانەی خوداوەندان قێزیان لێتان دەبێتەوە! گرێیەک دەتوانرێت بکرێتەوە، هەر لەبەر ئەوەش دەتوانێت چارەسەر بکات و زۆر ڕێگەش بۆ ئاشتبوونەوە هەیە.
بەڵام کە پیاوێک دەمرێت، کە خاک خوێنی دەخواتەوە، ئیتر ناتوانێت ڕابێتەوە. باوکم بۆ ئەمەیان هیچ چارەیەکی نەدۆزیەوە- ئەو باوکەی، بەبێ زۆرلەخۆکردن، دەسەڵاتی هەڵگێڕان و داگێڕانی ئاسمان و زەوی هەیە.

**سەرۆکی کۆرس**

چاکە، با بزانین چۆن ڕزگاری دەکەیت!
بڵێیت ئەوەی خوێنی دایکی خۆی ڕشتبێت بۆی هەبێت لە ئارگۆس، لە قەڵای باوکی خۆیدا بژی؟
ئەی لە کوێ ئاگردانی پەرستگایەک بە دەست بهێنێت و لە کوێ، لەنێو دۆست و هاوڕێیاندا، دەستی بە ئاوی زەریای پێپایان ڕادەگات؟

## ئەپۆڵۆن

با ڕوون و ڕەوان وەڵامت بدەمەوە.
دایکێک ژیان بەو منداڵە نابەخشێت کە بە منداڵی ئەو ناو دەبرێت. نەخێر، ئەو بە تەنیا چاودێریی ئەو تۆوە دەکات کە لەنێویدا چێنراوە. ئەوەش کە دەدروێتەوە، ژیان دەبەخشێت. دایکێک، ئەگەر خوداوەندان خواستیان لەسەر بێت، لە نامۆیەک زیاتر نییە کە نەمامەکەی دەپارێزێت، ئێستاش ڕاستیی قسەکانی خۆمت بۆ دەسەلمێنم. باوک دەتوانێت بەبێ یارمەتیی دایکیش ببێت بە باوک. بەڵگەش ئەوەتا و لە بەردەمی خۆتاندا ڕاوەستاوە: "ئەتێنا"ی کچی زێوسی سەرووەری ئۆڵۆمپیا. ئەو لە تاریکیی زایەندی دایکدا گەورە نەبوو، بەڵام بیبینە، وەک نەمامێکی جوان، کە هیچ ژنەخوداوەندێک نموونەی ئەوی لێ نابێت، هەڵدەدات و گوڵ دەگرێت. بە هەموو توانست و زانینی خۆمەوە لایەنگرتم

ئەتێنا، تۆ کە دەسەڵاتت بەسەر سەرلەبەری وڵاتدا دەشکێت: شارەکەت گەورە دەبێت و گەلیشت گەورە. من ئەم پیاوەم بەرەو ئاگردانی پەرستگای تۆ نارد تا ببێت بە لایەنگرێکی بەئەمەکی تۆ و تا نەوەکانی یەک لە دوای یەک و بۆ هەتاهەتایە ئەو لایەنگرییە پیرۆز ڕابگرن.

**ئەتێنا**

*(ڕوو لە ئێرێنییەکان.)*

قسەی خۆتان کرد؟ دەتوانم ئێستا ئەندامانی ئەنجومەن بۆ دەنگدان بانگ بکەم؟

**سەرۆکی کۆرس**

تیرێک لە تیردانمدا بۆ هاویشتن نەماوە.
تەنیا شتێک چاوەڕوانی بم بڕیاری دادگایە و هیچی تر.

**ئەتێنا**

*(ڕوو لە ئەپۆڵۆن و ئۆرێستێس)*

**ئەپۆڵۆن**

هیچی ترمان نییە، هەرچی پێویست بوو بیستتان، گوێتان لێی بوو.
کاتی دەنگدان، سوێندەکەتان لە یاد بێت و بەپێی سوێندێک کە خواردووتانە دەنگ بدەن.

**ئەتێنا**

خەڵکی ئێتیکا، ئێوە؛ ئەی ئەو پیاوانەی کە بۆ یەکەمین جار خەریکن لە کێشەیەکدا کە خوێن کەوتووەتە بەینەوە بڕیار دەدەن، گوێ لە پەیامی من بگرن. دوای ئەمەش و تا هەتاهەتایە ئەم ئەنجومەنی دادوەرانە لە شاری ئایگێوس، لەسەر ترۆپکی ئارێسکولێن، کە لەشکری ئەمازۆنێرەکان پێش ئەوەی بە تووڕەییەوە دژی سێسێوس بچنە مەیدانی جەنگەوە، ئۆردوویان تێدا هەڵدابوو، دەمێنێتەوە. لەوێ کە کۆشک لە بەرانبەر کۆشک و شار بە ڕووی شاردا بە گشت بورج و قەڵا بەرزەکانی خۆیانەوە وەستابوون و قوربانییان پێشکەش بە ئارێس دەکرد و- هەموو شاخ و گردەکانی ئەو ناوەش ناوی ئەویان هەڵگرتووە. لەوێ (ڕێزگرتن) لەگەڵ (ترس)ی براجمکەی خۆیدا، بە ڕۆژی ڕووناک و لە تاریکەشەودا، دەچێتە سەر تەختی فەرمانڕەوایی و ڕێ بە پیاوانی شار نادات یاسا بشکێنن. دەبا هەرگیز خەڵک دەستووری من بە ئاوی پیستی خۆیان لێڵ نەکەن. ئەوەی

ئاوی ڕوون و ڕەوانی سەرچاوە لێڵ دەکات، بە تینوویی سەر دەنێتەوە. نە دەسەڵاتی زەبروزەنگ و نە ئازادیی سنووردار، بەڵکو شورایەک کە پیرۆزی بەرز ڕابگرێت و بیپارێزێت. بەڵام هەموو شتێکی ترسهێنیشی لێ دەرمەکەن: ئەوەی لە هیچ ناترسێت، دوای یاساش ناکەوێت.

بەڵام ئەگەر ڕێز لە شکۆی دادگای من بگرن، دەبن بە خاوەنی پەناگەیەک کە هیچ شار و وڵاتێک نەتوانێت بە هیی خۆی بزانێت، نە "سکیوسەکان"ی باکوور و نە "دۆرەکان"ی وڵاتی "پێلۆس"یش.

شورایەک کە کەس نەتوانێت بە بەرتیل فریوی بدات و شایانی شکۆ و ڕێز، کە حوکمی خێرای هیچ بەزەیییەک نازانێت، پەنا و سەنگەرێک کە بە دیار خەونی شارەوە بێدارە. هەر ئەمەش، بۆ هەمیشە، داوای منە لە گەل و خاکی خۆم. ئێستا ڕابن، با هەر کەسە و بەردی دەنگدانی خۆی هەڵبگرێت و بەپێی سوێندێک کە خواردویەتی، حوکمی خۆی بدات. ئیتر من چ قسەیەکم نەماوە.

*(دادوەرەکان هەڵدەستن و بەرەو مێزەکە دەڕۆن. هەر یەک و بەردی دەنگدانی خۆی لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێت، بەپێی بڕیاری خۆی دەیخاتە نێو یەکێک لە کوپەڵەکانەوە.)*

**سەرۆکی کۆرس**

ئامۆژگاریتان دەکەم. ئێمە میوانی ئێوەین، وریا بن، زۆر توخنی ئێمە مەکەون، چونکە لەوانەیە سەردانی ئێمە لەسەر خۆتان و وڵاتتان زۆر بکەوێت.

**ئەپۆڵۆن**

داوای ڕێزگرتن لە زمانی پێشبینیکردنی خۆم، کە زمانی پێشبینیکردنی "زێوس"ە، دەکەم. ڕێی لێ مەگرن.

**سەرۆکی کۆرس**

تۆ، بەبێ ئەوەی داوات لێ کرابێت، خۆت لە کێشەیەک هەڵقورتاندووە کە خوێن تێیدا کەوتووەتە بەینەوە، کەواتە ئیتر زمانی پێشبینیکردنت پیس بووە.

**ئەپۆڵۆن**

باوکیشم ناپاک بوو کە "ئیسیۆن"ی یەکەمین پیاوکوژی پاراست؟

**سەرۆکی کۆرس**

ئەمە قسەی خۆتە و هیچی من نا!

بەڵام ئەگەر مافی خۆم وەرنەگرم،
دەبم بە میوانێکی ترسناک
بۆ ئەم خەڵک و
وڵاتە.

**ئەپۆڵۆن**

هیچ کام لە خوداوەندانی نوێ ڕێزیان بۆ تۆ نییە و خوداوەندانی کەوناراش هەروەها. پرسی منیشە کە سەر دەکەوێت، نەک هیی تۆ.

**سەرۆکی کۆرس**

هەر تۆش بوویت کە لای ئامێتۆس، "مۆیرێنەکان"ت ناچار کرد پیاوێکی مردوو لە چنگی مەرگ دەربهێنن و ڕزگاری بکەن.

**ئەپۆڵۆن**

ئەی پاداشتی پەرستنی خوداپەرستێک چۆن دەدرێتەوە، بەتایبەتی کە بە زۆری زۆردارەکی دەخرێتە تەنگانەوە؟

**سەرۆکی کۆرس**

تۆ بەوەی کە شەرابت دەرخواردی خوداوەندە کۆنەکانمان دا، ناپاکیت کرد و لە دژی خوداوەندە کۆنەکانمان وەستایت و بەرەنگاریت کردن.

**ئەپۆڵۆن**

تۆش هێندە نابات، کە حوکم بە دڵ و خواستی تۆ نەکەوتەوە، دەستێکت دەکەوێتە ئەملا و دەستێکت ئەولا و دژی ئەوانەی ڕقت لێیان دەبێتەوە، ژەهر دەڕشێیتەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

تۆ پێ بە منی پیردا، کە ناخی هێشتا گەنجە و دڵتەڕ، دەنێیت، بەڵام من لێرەدا ڕاوەستاوم و چاوەڕوانی حوکمی دادگام و هێشتا ڕێژنەی ڕق و تووڕەییم بەسەر ئەم شارەدا نەباریوە.

*(دادوەران، دوای دەنگدان، هەر یەکە و بەرەو جێیی خۆی دەگەڕێتەوە.)*

**ئەتێنا**

وەک بڕیارە دەبێت من لە دوای هەمووتانەوە دەنگ بدەم و ئێستاش دەنگی خۆم بە ئۆرێستێس دەبەخشم.
من لە هیچ دایکێک نەزاوم.
لە هەموو شتێکدا –تەنیا وەک مێرد نەبێت-
پشتگیریی پیاوانم و دڵم لای ئەوانە.
لە باوکیشم زیاتر،
هیی هیچ کەسێکی تر،
نەبووم و نیم.
کەواتە چارەنووسی ئەو ژنەی مێردەکەی خۆی، سەرورەری ماڵی خۆی، کوشتووە، هیچ پێوەندییەکی بە منەوە نییە.
ئەگەر دەنگەکان وەک یەک بن، ئۆرێستێس سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت. ئێستا ئێوە، ئەی ئەو دادوەرانەی بۆ ئەو کارە دەستنیشان کراون، کوپەڵەکان هەڵڕێژن.

*(کوپەڵەکان هەڵدەڕێژن و بەردەکان دەژمێرن.)*

**ئۆرێستێس**

ئەی خوداوەندی ڕووناکی، ئەی فۆیبۆس، ئاخۆ ئەنجام چی بێت؟

**سەرۆکی کۆرس**

شەو، ئەی دایکی تاریکی، دەمانبینیت؟

**ئۆرێستێس**

یا پەتی سێدارە، یا ڕووناکیی ڕۆژ چاوەڕێمە.

**سەرۆکی کۆرس**

ئێمەش یا قرتێکەوتن یا شکۆ و ئابڕووی بەردەوام.

**ئەپۆڵۆن**

بەردەکان، ڕێکوپێک، بژمێرن.
بە دەستپاکی و ویژدانەوە لە یەکتر جیایان بکەنەوە.
لەکیسچوونی یەک دەنگ، دەتوانێت ببێت بەهۆی نەهامەتی،
لەکیسنەچوونیشی دەتوانێت ماڵێک ئاوەدان بکاتەوە.

*(دەنگژمێرەکان بەردەکان پێشانی ئەتێنا دەدەن و ئەنجامی پێ ڕادەگەیەنن.)*

**ئەتێنا**

ئیتر ئۆرێستێس، چونکە ژمارەی دەنگەکان وەک یەکن، لە گوناهی خوێنڕشتن پاک بووەتەوە و ئازادە.

**ئۆرێستێس**

ئۆو پالاس، تۆ کە فریای ماڵەکەم و فریای خزموخوێشم کەوتویت، تۆ کە لە دەربەدەری و دوورەوڵاتییەوە بەرەو ماڵ دەمبەیتەوە! پەیامێک بەنێو "هێلاس"دا دەگەڕێت و دەماودەم دەکات: "دیسان ئۆرێستێس مافی بەسەر ماڵ و زێدی خۆیەوە هەیە و وەک سەروەرێک بۆ نێو قەڵا و کۆشکی پڕ لە سەروەت و سامانی باوکی دەگەڕێتەوە، بە یارمەتیی پالاس و فۆیبۆس و فریادڕەسێکی تر کە ئەویش "زێوس"ە و دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە و بە هەموو شتێک ڕادەگات."
ئەو بوو یارمەتی دام و فریام کەوت، چون ئەو بە مەرگی باوکم دڵی نەرم بوو، بەزەیی بە مندا هاتەوە و بە چاوی خۆی بینی کە چۆن ئەم پیس و نەگریسانە دەیانویست لەسەر دایکم بە دەنگ بێن. بەڵام من پێش ئەوەی بەرەو ئارگۆس بگەڕێمەوە، دەمەوێت بۆ ئەم گەل و خاکە سوێندێکی پیرۆز بخۆم، سوێندێک کە تا هەتاهەتایە بمێنێتەوە: ئەو پیاوەی کە لەمەودوا وڵاتەکەی من بەڕێوە دەبات، هەرگیز جارێکی تر شەڕ بە ئێوە نافرۆشێت و دەست بە ڕمەوە پەلاماری ئێوە نادات. تا دوا دڵۆپەخوێنیش

ئامادەم کە پارێزگاری ئێوە بکەم لە دژی هەر کەس و لایەنێک بیانەوێت سوێند و پیرۆزیی ئەم پەیمانە بشکێنن.
ئامادەم ڕێی لێ بگرم و ڕێی بگرم. تووشی ترس و دڵساردی بکەم، بە جۆرێک کە لە پەشیمانی زیاتر هیچی تری بۆ نەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر گەلەکەم چاو لە ڕێی ئەو سوێندە بێت کە لەم پەیمانەدا خواردوومە و دەست بە ڕم لە پێناوی شاری "پالاس"دا ئامادەی جەنگ بێت، ئەوە بەهرە و بەخششی خۆمی پێ دەبەخشم.
دروود بۆ تۆ خودا! دروود بۆ ئێوەش خەڵکی شار!
با ئیتر دوژمنان نەتوانن لەبەر ئێوەدا خۆ ڕاگرن و دڵنەوایی سەرکەوتن ببێت بە هاودەمی چەکتان!

*(ئۆرێستێس دەڕوات. ئەپۆڵۆنیش پێش ئەو ڕۆیشتووە.)*

**کۆرس**

نەفرەت لە ئێوە، خوداوەندانی گەنج، نەفرەت!
لە مافی پیرۆزی خوداوەندانی کۆن بێبەشتان کردین و
بێبەزەییانە پێتان لێ نابن. ئێستا ئێمە، ئێمەی کڵۆڵ،
دووچاری سووکایەتییەکی تاڵ بووین.
بەڵام زۆر بێبەزەییانە تۆڵە دەستێنین.
ژەهری خۆمان، ژەهری دڵی پڕ لە ڕقوکینەی خۆمان،
بە هەموو لایەکی ئەم خاکەدا دەڕێژین.

لە هەر دڵۆپێکەوە کە قورس و پڕ لە نەهامەتی دەکەوێتە سەر زەوی دەردی کاری بڵاو دەبێتەوە،
کە ئیتر لە هیچ جێیەک گەڵا سەوز نەبێت!
میوە پێ نەگات! مناڵ لە دایک نەبن!
تەنیا تۆڵە و تۆڵەمان دەوێت و هیچی تر.
دەبێت لارەشەیەک هەموو لایەکی وڵات بگرێتەوە،
خەڵک لە نێو ببات و وڵاتیش وێران.
دەناڵێنین و ئاخ هەڵدەکێشین.
چی بکەین و چیمان پێ دەکرێت؟
خەڵک گاڵتەمان پێ دەکەن.
قورسە ئەو ئازارەی چەشتمان.
زۆر خراپیش سووکایەتیمان پێ کراوە،
ئێمە کچە بەدبەختەکانی شەو.

**ئەتێنا**

نا، لەنێو خەمگینییەکی تاڵدا مەناڵێنن!
هێشتا نەتاندۆڕاندووە. دەنگەکان وەک یەک بوون و حوکمیش، ڕاست و دروست، بەپێی ئەوان درا و نیازیش سووکایەتی بە ئێوە نەبوو.
خواستی زێوس، ڕوون و ئاشکرا، لە ئێمە دەرکەوت و شاهیدیش ئەو خوداوەندە بوو کە پێشبینی کردبوو ئۆرێستێس، بێ ئەوەی تووشی تۆڵەسەندنەوە ببێت، بێ

ئەوەی سزا بدرێت، بەپێی خواست و داوای ئەو ڕەفتار بکات.
ئێوە دەتانەوێت، دڵ پڕ لە ڕقوکینە، ژەهر بڕێژن.
بیری لێ بکەنەوە، ددان بە تووڕەیی خۆتاندا بگرن!
ئەو ژەهری تۆڵەیەی گژوگیا لارەمل و سیس دەکات و ئەو ژەهرە تیژەی گشت تۆوێک لە نێو دەبات، بەسەر ئەم خاکەدا مەڕێژن.
بەرز و پیرۆز پەیمانتان پێ دەدەم کە جێیەکتان بۆ ژیان لەم خاکەدا بۆ دیاری بکەم، جێیەکی پیرۆز کە تێیدا لەسەر تەختی دەوڵەمەندی دابنیشن و قوربانیتان پێشکەش بکرێت و تێیدا بپەرسترێن.

**کۆرس**

نەفرەت لە ئێوە، خوداوەندانی گەنج، نەفرەت!
لە مافی پیرۆزی خوداوەندانی کۆن بێبەشتان کردین و
بێبەزەییانە پێتان لێ ناین. ئێستا ئێمە، ئێمەی کڵۆڵ،
دووچاری سووکایەتییەکی تاڵ بووین.
بەڵام زۆر بێبەزەییانە تۆڵە دەستێنین.
ژەهری خۆمان، ژەهری دڵی پڕ لە ڕقوکینەی خۆمان،
بە هەموو لایەکی ئەم خاکەدا دەڕێژین.
لە هەر دڵۆپێکەوە کە قورس و پڕ لە نەهامەتی
دەکەوێتە سەر زەوی دەردی کاری بڵاو دەبێتەوە،

کە ئیتر لە هیچ جێیەک گەڵا سەوز نەبێت!
میوە پێ نەگات! مناڵ لە دایک نەبن!
تەنیا تۆڵە و تۆڵەمان دەوێت و هیچی تر.
دەبێت لاڕەشەیەک هەموو لایەکی وڵات بگرێتەوە،
خەڵک لە نێو ببات و وڵاتیش وێران.
دەناڵێنین و ئاخ هەڵدەکێشین.
چی بکەین و چیمان پێ دەکرێت؟
خەڵک گاڵتەمان پێ دەکەن.
قورسە ئەو ئازارەی چەشتمان.
زۆر خراپیش سووکایەتیمان پێ کراوە،
ئێمە کچە بەدبەختەکانی شەو.

**ئەتێنا**

سووکایەتی بە ئێوە نەکراوە. ئێوە خوداوەندن، کەواتە بە تووڕەبوونی خۆتان، تووڕەبوونێک ناتوانن ڕکێفی بگرن، وڵاتێک وێران مەکەن، کە لە خەڵک زیاتری تێدا ناژی.
پارێزەری من "زێوس"ە و من تاکەخوداوەندی "ئۆڵۆمپیا"م کە دەزانێت کلیلی ژووری ڕازاوەی کۆشکی خوداوەندان لە کوێیە، ئەو ژوورەی تۆکمەوتۆڵ برووسکە تێیدا هەڵگیراوە. بەڵام ئێستا پێویستمان بە برووسکە نییە. گوێڕایەڵی ئامۆژگاریی من بن، لە دەمویلە تووڕەوترۆکانتانەوە تۆوێک

مەڕێژن کە تاکەبەرهەمی کڵۆڵی و نەهامەتییە بۆ هەموومان.
لێگەڕێن با شەپۆلە ڕەشەکانی ڕق ئارام ببنەوە.
شکۆ و پێشوازیی من، وەک میوان، قەبووڵ بکەن و کاتێکیش کە ئەم خاکە بەرفراوانە دیاریی نۆبەرەی خۆی پێشکەش کردن، کە نوخشەی بەختەوەری و ڕێژەویی هاوسەرێتییە، ئەوسا ستایشی ئامۆژگاریی من دەکەن و بە شانۆباهۆیدا هەڵدەڵێن.

## کۆرس

ئێمە بەرگەی ئەوە دەگرین!
بەڵام حەیف و خەسارێ، حەیف!
ئێمە، خوداوەندە کەوناراکان،
پەنامان بۆ ئەم خاکە هێناوە و
خۆمان وەک سەرچاوەی دەرد و تووشی دەبینینەوە.
سەراپای ڕۆحی تێکوپێکشکاومان،
تاڵی و گرژی و ڕق دایپۆشیوە.
ئۆو و حەیف، چ ئازارێکی بەسوێیە ئەمە
کە سنگ و دڵی هەڵکۆڵیوین!
گوێمان لێ بگرە، دایکی شەو!
فرتوفێڵی خوداوەندەکان
کە لە دەستوپێمان ئاڵاون،

لـه هـەموو مـافـه كـەونـاراكـانـمـان
بێبـەرییـان کـردووین و
لێیـان سـەنـدوین.

**ئـەتێنا**

وەک خـوداوەنـدێکـی گـەنـج، بـە ئـارامییـەوە، ڕووبـەڕووی تووڕەبوونـی ئێوە دەبمـەوە و ڕێزی لـێ دەگـرم. بـەڵام ئـەگـەر ئێوە لـە مـن ژیرتـرن، منیـش لـە "زێوس"ەوە ژیـریم وەرگرتووە. ئـەگـەر ئێوە بـەرەو وڵاتێکـی تـر بـە کێش دەکرێن، منیـش پێشبینـی ئـەوە دەکـەم کـە دواجـار بـەدەم تـاسـەوئـارەزووەوە بـەرەو ئێره دەگـەڕێنـەوە و دەتـانـەوێت لـەنێو ئێمـەدا بژین. چـون تێپـەڕبوونـی ڕۆژگـار نـاوێکـی مـەزنتـر و شکۆ و ئـابڕوویـەکـی گـەورەتـر بـەم خـەڵکـە دەبـەخشێت و ڕیزی بـەستووی پیاو و ژنـان بـەدەم ئـاهـەنگـەوە پێشوازی لـە ئێوەش دەکـەن و لـەپاڵ پـەرستگـای "ئێرێختێوس"ەوە جێیـەکتـان پـێ ڕەوا دەبینن کـە هیـچ خـاکێکـی تـر نـاتـوانێت پێتـان ببـەخشێت. بـەڵام لـەنێو خزموخوێش و گـەلـی منـدا ئـەو مـەشخـەڵـە فڕێ مـەدەن کـە تینوێتیـی خوێنڕشتن لـەنێو دڵـی گـەنجـانـدا دادەگیرسێنێت و بـە شـەرابـی بـەدبـەختـی و نـەهـامـەتـی سـەرخۆشیـان دەکـات.
نـاکۆکیـی نێوان برایـان بـە ئـاگـا مـەهێننـەوە و ڕق و تووڕەیـی لـەنێوان پیاوانـی ئـەم خـاکـە دا مـەچێنن تـا وەک کـەڵـەشێری

تووڕە لە ڕووی یەکتردا بوەستن و بە گژ یەکتردا بێنەوە. با جەنگ بێت، بەڵام لە نێوخۆدا نا، بەڵکو لە دەرەوە بێت و مەیدانی جەنگ و ئاگری شکۆ و ئابروومەندی بۆ جەنگاوەران خۆش بکات، ئەمیان لە ئاسایی ئاساییترە و کەسمان شتێکمان لە ئاستیدا پێ ناکرێت.
بەڵام جەنگی خوێناویی نێوخۆ و لەنێو ماڵ و خاکی خۆدا نا!
ئەمەش پەیامی من. بە دەست خۆتانە و هەر خۆشتان بڕیاردەرن کە چاکە بکەن و لەپای چاکەی خۆشتاندا پاداشت بدرێنەوە و شکۆ و ئابروومەندی بە دەست بهێنن و بە دەست خۆشتانە زێد و ماڵی خۆتان لەم خاکە لەخوداترسەدا چێ بکەن.

**کۆرس**

ئێمە بەرگەی ئەوە دەگرین!
بەڵام حەیف و خەساری، حەیف!
ئێمە، خوداوەندە کەوناراکان،
پەنامان بۆ ئەم خاکە هێناوە و
خۆمان وەک سەرچاوەی دەرد و تووشی دەبینینەوە.
سەراپای ڕۆحی تێکوپێکشکاومان،
تاڵی و گرژی و ڕق دایپۆشیوە.
ئۆو و حەیف، چ ئازارێکی بەسوێیە ئەمە

کە سنگ و دڵی هەڵکۆڵیوین!
گوێمان لێ بگرە، دایکی شەو!
فرتوفێڵی خوداوەندەکان
کە لە دەستوپێمان ئاڵاون،
لە هەموو مافە کەوناراکانمان
بێبەریان کردووین و
لێیان سەندوین.

**ئەتێنا**

من لە بەخشینی ئامۆژگاریی چاک ماندوو نابم، بە جۆرێک کە ئێوە؛ ئێوەی خوداوەندانی کەونارای ئێمە، هەرگیزاوهەرگیز نەتوانن بڵێن کە لە لایەن منی خوداوەندی گەنج و خزموخوێش و گەلی خۆمەوە بەدەم گاڵتەپێکردنەوە خاکبەدەرکراون. ئەگەر ڕێز لە پیرۆزیی بەرزی پێیتیۆس بگرن- خوداوەندی وشەی چاک؛ ئەو خوداوەندەی هێز و بڕستی نەرمونیان و پڕ لە ئاوازەی ئاشتەبایی بە قسەکانم بەخشیوە- لێرە دەمێننەوە و ئەم خاک و خەڵکە بە جێ ناهێڵن.
بەڵام ئەگەر ئەمەشتان نەوێت، مافی ئەوەتان نییە، ڕق و تۆڵە بەسەر شاردا بڕێژن و خەڵک تووشی خراپە بکەن.

بڕیار بڕیاری خۆتانە و بە دەست خۆتانە کە بەشی خۆتان لەم خاکە وەربگرن و چێژ لە شکۆ و ئابڕوومەندییەک ببینن، کە هیچ کەس نەتوانێت سووکایەتییان پێ بکات.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەتێنای فەرمانڕەوا - کواماڵەکەم، ماڵم لە کوێیە؟

**ئەتێنا**

ئەوەتا، جێیەکی ئارام و دڵنیا و جێیەک بۆ ژیان.

**سەرۆکی کۆرس**

ئەگەر قەبووڵی بکەم، ئەرکی من چی دەبێت؟

**ئەتێنا**

ماڵێک تەنیا بە بەهرە و خواستی چاکی خۆت ئاوەدان دەبێتەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

هێز و شکۆیەکی ئاوهام پێ دەبەخشیت؟

**ئەتێنا**

هەر کەسێک ڕێزتان لێ بگرێت، ڕێزی لێ دەگرم.

**سەرۆکی کۆرس**

پەیمان دەدەیت؟

**ئەتێنا**

هەرگیز پەیمانشکێن نیم و نەبووم.

**سەرۆکی کۆرس**

بەم قسانەت ئارامت کردمەوە و تووڕەیم ڕەوییەوە.

**ئەتێنا**

کەواتە، وەک هاوڕێیەک، لای ئێمە دەمێنیتەوە.

**سەرۆکی کۆرس**

دەتەوێت پەیامی گۆرانییەکی من بۆ ئەم خاکە چی بێت؟

**ئەتێنا**

هەرچییەک کە پێوەندی بە سەرکەوتنێکی پاک و بێگەردەوە هەبێت.
با شنەبایەکی گەرم، لە خۆڵ و شەونمی زەریا و ئاسمانەوە، بە سەرانسەری خاکدا هەڵبکات. داهات و بەرەوبوومی بەرێژەو بە خەڵک ببەخشە!
مێگەل و گارانی دەشت و هەردان زۆرتر بکە!
لێگەڕێ با تۆوی ژیانی خەڵک گوڵ بگرێت!
بەڵام ئەوەی خراپە لە رەگوریشەوە دەربێنە- من باخەوانێکم و دەخوازم نەمامی ڕاستگۆیی لەنێو ئالاخەوە سەر دەربهێنێت. ئەمە ئەرک و کاری تۆ دەبێت. بەڵام منیش ئەتێن؛ شارەکەی خۆم، لەنێو پێشبڕکێ پڕ لە شانازی و شکۆمەندەکانی جەنگدا ئابروومەند دەهێڵمەوە و خەڵکەکەشی لەنێو گشت خەڵکی دنیادا، سەرکەوتوو و سەرفراز.

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی یەکەم**

دەمانەوێت لێرە، لەگەڵ پالاس، بمێنینەوە و
کەمرێزیش بەم شارە ناکەین،
کە "زێوس"ی سەروەری دنیا و ئارێس
وەک قەلای خوداوەندانی هێلاس،
وەک سەنگەرێکی بەنرخ و خۆگر
بۆ پاراستنی قوربانیگە و پەرستگاکانیان،
رێزی لێ دەگرن.
بۆ ئەمەش پێشبینیی خۆشی دەکەین و داوا دەکەین کە بەختەوەریی ژیان،
پێشکەوتنی ژیان لە ئامێزی خاکەوە سەر دەربهێنن و
لەبەر تیشکی رووناکیی خۆردا بگەشێنەوە.

**ئەتێنا**

کە ئێستا زێدێک، لە نێوەراستی شاردا، بەو هێزانە دەبەخشم
رێککەوتن و ئاشتبوونەوە لەگەڵیان سەختە و گران، لە خۆشەویستیمەوەیە بۆ ئەم خەڵکە و هیچی تر.
کاروباری ئەمان پێکەوەبەستنی بەختی خەڵک دەبێت.
کەسێکیش کە نزیکیی پڕ لە گرفت و کێشەی ئەوانی نەناسیوە، نە هەست دەکات و نە دەزانێت مستی ئێسکشکێنی ئەوان چۆن و لە کوێوە دێت. ئەو کەسە لەپای

گوناهی باووباپیرانیدا ڕوو لەوان دەکات و چەندیش بە ڕکەبەری و بەخۆوەنازین ئاگادارمان بکاتەوە، بەڵام ئەنجام نابووتی، بێدەنگ و بەدزییەوە، تووڕەیی قرکەر و پڕ لە ڕقوکینەی خۆی بەسەردا دەبارێنێت.

**کۆرس**

**هاوبڕگەی شیعریی یەکەم**

با هەرگیز ژەهرەبا زیان بە داروەدرەختی وڵات نەگەیەنێت-
ئێستا ناوی سوود و شایستەیی خۆم دەهێنین.
ئەو پشکۆیەی بە چرۆی ساوای درەختاندا دەچزێت،
ئەو دەردەی چەکەرە و بەروبووم وێران دەکات،
نابێت سنووری خۆیان ببەزێنن.
خاک دەبێت ئەو مێیانە بەرهەم بهێنێت،
کە ساڵ لە دوای ساڵ و لە کاتی خۆیدا،
دوو کاریلە دەخەنەوە.
زیویش، لە پەناگە پڕ لە سامانەکانی زەویدا،.
دەبێت بە شاهیدی ئەبەدیی خواست و بەهرەی چاکی خوداوەندان.

**ئەتێنا**

ئێوە ئەی پاسەوانانی شار، گوێتان لێ بوو چ پەیمانێک دەدات؟
"ئێرینیس"ی بالادەست، هەم لای نەوەکانی ئاسمان و هەم لای ئەوانەی ژێرزەوی، خاوەن دەسەلاتێکی بێپایانە. ئاشکرا و پڕ دەسەلاتیش بەسەر دنیای ئەوانەدا ڕادەگات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەمرن و دنیا بە جێ دەهێڵن: یەکێک لە خوداپەرستیدا دەژی و ژیانی خۆی دەچڕێت و یەکێکیش چاو پڕ لە فرمێسک و کوێر بە جێی دەهێڵێت.

**کۆرس**

**بڕگەی شیعریی دووەم**

ئێوەش لە مەرگی ناگەهان،
کە لە دەستی گەنجان دەبێتەوە، دەپارێزین.
با ئیتر هەر خامایەکی خۆشەویست،
بژی و مێردی خۆی بدۆزێتەوە –
ئۆو خوداوەندانی چارەنووس،
خوشکە بەدەسەلاتەکانی ئێمە،
کە لە هەمان دایک زاون!
ئەی "مۆیری"یە دادپەروەرەکان،
کە بە ڕێزەوە سەیرتان دەکرێت و
لە هەر نەوەیەکی تری خوداوەندان زیاتر دەپەرسترێن،

ماڵی هەر پیاوێک، ماڵی ئێوەشە و
تا هەتاهەتایە دەسەڵاتیشتان هەمان دەسەڵات.

**ئەتێنا**

کە گوێم لە پەیمان و کۆمەکی پڕ لە خۆشیی ئەوان دەبێت، ناخی دڵم پڕ دەبێت لە شادمانی و ستایشی نیگای خوداوەندانەی "پێیسۆس"یش دەکەم، کە بە هێزی سیحراویی خۆی جڵەوی زمان و دەمی گرتبووم، کاتێک ژنەخوداوەندەکان دڕندە و سەرشێت نکوڵییان دەکرد و ئامادە نەبوون گوێ بگرن.
بەڵام "زێوس"ی خوداوەندی ئاشتی سەرکەوتوو بوو، پێشبڕکێی چاکەخوازی ئێمەش دەبێت سەر بکەوێت.

**کۆرس**

**هاوبڕگەی شیعریی دووەم**

گوێ لە تکای ئێمە بگرن:
با ئیتر کێشەی نێوخۆمان،
کە سەرڕێژی نەهامەتی و ماڵوێرانییە،
دەست لە بەرۆکی شارەکەمان و
لە خۆیشمان بەر بدات.

با ئیتر ئەو خاکەی لە خوێنی هاووڵاتانی خواردووەتەوە،
داوای تۆڵەسەندنەوە و پیاوکوژی نەکات و
شارەکەتان بەرەو وێرانی نەبات.
با ئیتر خەڵک،
ئاسوودەیی لە نێوخۆیاندا بەش بکەن،
یەک بن و یەکتریان خۆش بووێت،
ڕقێکیش پێشان بدەن،
کە یەکیان دەخات.
تەنیا ئەمەش،
بۆ ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان
دەمرن و دنیا بە جێ دەهێڵن
چارەسەر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

**ئەتێنا**

هەمیشە ڕێیەک لە بەردەمی حەکیمدا هەیە، کە بەرەو وشەی چاک و ئەو وشانەی خەڵک ئاشت دەکەنەوە، ڕێنوێنی دەکات. منیش لەم سەروسیمایانەدا کە نیگایان پڕ لە خۆشەویستییە، خۆشنوودییەک دەبینم کە لەپێناوی چاکە و خۆشیی گەلەکەمدا چەکەرەی کردووە. کەواتە بە لەخوداترسان و سنگفراوانی، چاکەی میهرەبانیی ئەوان بدەنەوە و بانگیش بە گوێی هەموو دنیادا بدەن، کە ئێوە

بەبێ زۆر لە کەس کردن و ڕاست و دروست، شار و وڵاتی خۆتان بەڕێوە دەبەن.

*(ئەتێنا دەبێت بە پێشڕەوی ڕیزەی ئاهەنگێک کە لە کۆرس، دادوەران، قەشە و گەنج و پیرەکانی ئەتێنا و مەشخەڵهەڵگران و زۆری تر پێکهاتووە. حەیوانی قوربانی دراونەتە پێش و دیاریی قوربانی لەنێو سەبەتە و کوپەڵاندا هەڵگیراون و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕیزی ئاهەنگدا بەڕێوەن.)*

**کۆرس**

بەختیاری بۆ ئێوە و ژیانتان خۆش!
سڵاوتان لێ بێت و پیرۆز بن خەڵکی ئەم شارە،
کە لە نزیک "زێوس"ەوە دەژین و
کچی ئەو دەتانپارێزێت،
ئەو کچە خۆشەویستەی کە تا دێت ژیرتر دەبێت.
با پالاس پەناگەی خۆیت پێ ببەخشێت،
تۆ کە بەرانبەر باوکی ئەو میهرەبان و
بەئەمەکیت.

**ئەتێنا**

سڵاو لە ئێوە و ئێوەش پیرۆز بن! ئیتر ئەرکی منە پێشڕەوی ڕیزەی ئاهەنگەکەمان بکەم و لەپاڵ گڕی پیرۆزی ئەو مەشخەڵانەی لەگەڵماندان، ڕێی خۆتان پێشان بدەم. دەورەدراو بە حەیوانی قوربانییەوە وەرن و بەرەو ئەو زێدە بڕۆن کە لە قووڵایی ژێرزەویدا چاوەڕێتان دەکات. هەرچییەکیش زیان بە وڵاتەکەمان دەبەخشێت لەوێ بیهێڵنەوە و دەستی بەسەردا بگرن و هەر لەوێشەوە، لە قووڵایی ژێرزەوییەوە، خێر و بەرەکەت بۆ سەرکەوتن و خۆشگوزەرانیی شارەکەمان بنێرن.

ئێوەش پاسەوانە بەئەمەکەکانی نەوەی کراناووس،
وەک چۆن میوانانی پێش ئێوە ڕۆیشتن،
ئێوەش بڕۆن.
چاکەش بۆ خەڵکی شار و
هیوادارم لە خراپە بە دوور بن.

**کۆرس**

**هاوبڕگەی شیعریی سێیەم**

داوا و خواستی ئێمە ئەمەیە- ژیانتان خۆش.
سڵاو لە هەمووتان، ئەمجا نەوەی خوداوەندان بن یا وەچەی مرۆڤ، کە لە شارەکەمان و لە قەڵا و کۆشکی "پالاس"دا دەژین!

که ئێوه بەو ڕێزەوە پێشوازیتان لە ئێمە کردووە و
زێدێکتان لەم خاکەدا پێ بەخشیوین،
ئێمەش بۆتان دەپارێینەوە،
که ئیتر بەدەم سکاڵاوە
ڕووبەڕووی هیچ شتێک نەبنەوە و
ژیانتان خۆش و باش بێت.

**ئەتێنا**

سوپاستان دەکەم کە خۆشگوزەرانیمان بۆ دەخوازن.
ئێستا لەبەر ڕۆشنایی مەشخەڵاندا لەگەڵ ئێوەدا بەرەو زێدەکەتان، کە کەوتووەتە قووڵایی ژێرزەوییەوە، دێم و خزمەتکارانی پەرستگاش کە لەپاڵ پەیکەرەکەمەوە لە پەرستگای پیرۆزدا بۆ پاسەوانی وەستاون، ئەوانیش لەگەڵماندان و شایانی ئەو ڕێزلێنانەشن. چون ئێستا ئیتر گوڵەکەی خەڵکی شاری "سێوسێوس"یش لەگەڵماندایە، لە ڕیزەی ئاهەنگێکدا کە کچانی پاک و بێگەرد و ژنانی قەیرە تێیدا بەشدارن و ڕێ دەپێوین و هاوکات تاجی شکۆمەندیی پیربوون لە سەر دەنێن. کەواتە ئێستا بە شانوباهۆی میوانەکانماندا هەڵ بدەن و بە ڕازاوەیی باڵاپۆشە ئەرخەوانییە شلوشۆڕەکانتان ڕێزیان لێ بگرن و لێگەڕێن با کڵپەی گڕی مەشخەڵانتان ئاسمان ڕووناک بکاتەوە و

ژنەخوداوەندانیش چاکە و خۆشنوودیی خۆیان بەم خەڵک و وڵاتە ببەخشن.

*(ڕیزەی ئاهەنگ دەجووڵێت و بەدەم گۆرانیی ئەوانەوە کە پێشڕەوی دەکەن دوور دەکەوێتەوە.)*

**کۆرسی پێشڕەوان**

**بڕگەی شیعریی یەکەم**

خوشکانی خاما و بەڕێز؛ خوشکانی شەو،
دەست لەنێو دەست و دڵ پڕ لە هاوڕێیی و ئاسوودەیی،
لەگەڵ ڕیزەی ئاهەنگدا بن-
ئێوەش خەڵکی وڵات،
لە خودا بترسن و
بێدەنگ!

**هاوبڕگەی شیعریی یەکەم**

ئەشکەوتە کەوناراکانی نێو قووڵایی ژێرزەوی
دەبێت بە زێدی ئێوە و هەر لەوێش
قوربانیی پیرۆز و ئاهەنگی قوربانیی دەدۆزنەوە.-
ئێوەش خەڵکی وڵات،

لە خودا بترسن و
بێدەنگ بن!

**بڕگەی شیعریی دووەم**

ئێوە ئەی باشکۆ، ژنەخوداوەندانی شادمانی
بەسەر گەشتی مەشخەڵانی کڵپەسەندووەوە،
میهرەبان و نەرمونیان بن و
لەگەڵ وڵاتیش بەبەزەیی-
ئەوەتا، لە وەڵامی گۆرانییەکەدا،
هاوار و قیژەی خۆشیی خەڵک دەبیستن!

*(خەڵک لەخۆشیاندا دەقیژێن و هاوار دەکەن.)*

**هاوبڕگەی شیعریی دووەم**

میوانانی شار، ئیتر تا دنیا دنیایە،
پەیمانی ئاشتی و یەکێتیان لەگەڵ خەڵکی شار بەستووە.
ئەمە خواستی زێوس و خواستی "مۆیران"یش بووە.-
ئەوەتا، لە وەڵامی گۆرانییەکەدا،
هاوار و قیژەی خۆشیی خەڵک دەبیستن!
*(خەڵک لەخۆشیاندا دەقیژێن و هاوار دەکەن.)*

## زانیاری دەربارەی هەندێک لەو ناوانەی لە "ئۆرێستێیا"دا هاتوون:*

**زێوس**، پادشای خوداوەندان و سەروەری ئاسمان بووە. هەندێک جار بە دیاس نێو براوە و دیاس لە وشەی "دیاوس"ەوە هاتووە، کە وشەیەکی سانسکریتی بووە بۆ ئاسمان. یوپیتەر و هەروەها یۆڤە، کە بە مانای ئاسمانە، لە میتۆلۆژیای ڕۆمیدا، لەگەڵ زێوس، بەرانبەرن.
نیشانەی زێوس برووسکە بووە و گوایا توانیویەتی بیگرێتە دوژمنەکانی، هەروەها هەڵۆ بووە کە هێمای هێز و بوێری و یەکسانی بووە. بێجگە لەمەش، زۆرجار، زێوس، لەگەڵ گوڵێکی لوتوس، گاڵۆکێک یا بە سەروبەندێکی لە گەڵای بەڕوو دروستکراوەوە نیگار و پەیکەری بۆ کێشراوە. گیانەوەری پیرۆزی ئەو هەڵۆ و گورگ بوون. ڕووەکە پیرۆزەکانیشی بەڕوو و کەرەوز بوون. کۆن پێیان وا بووە باڵندە پەیمابەری زێوسن، بۆیە پیاوە ئایینیەکان بۆ خوێندنەوەی داهاتوو سەیری باڵندەی ئاسمانیان کردووە.
زێوس، بۆ نموونە، بە خولق و خووی تووڕە و بە حەز و ئارەزووی بۆ ژنان، هەم ژنانی ئاسایی و هەم ژنەخوداوەندان، ناسراو بووە.

**هێرمێس**، پەیامبەری خوداوەندان بووە. کوڕی زێوس و مایا و کچی ئاتلاس بووە. مێرکوریوس، لە میتۆلۆژیای ڕۆمیدا، بەرانبەری "هێرمێس"ە. هێرمێس، زۆربەی جاران، بە گاڵۆکی پەیامبەری، بالاپۆش و کڵاوخود و پێڵاوی باڵدارەوە پێشان دراوە. هێرمێس خوداوەندی قسەکەران، بازرگاکان و دزان بووە. هەر ئەویش بووە کە ڕۆحی مرۆڤی، دوای مردنی، بەرەو دۆزەخ ڕێنوێنی کردووە. هەروەها، بە پێڵاوە باڵدارەکانیەوە، وەک خوداوەندی وەرزشوانانیش پێشان دراوە.
دەگێڕدرێتەوە کە هێرمێس لە پێشنیوەڕۆدا لە دایک بووە و دوای نیوەڕۆ، بە گاگۆڵکێ، لە بێشکەکەی هاتووەتە دەرەوە و پەنجا گوێلکی،

لەبەر ئێرەییپێبردن، لە "ئەپۆڵۆن"ی نیوەبرای دزیوە. ئەپۆڵۆن هەستی بەمە نەکردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ڕۆژی دواتر بۆ لێپرسینەوە چووە بۆ لای هێرمێس و دزییەکەی ئاشکرا بووە. "هێرمێس"یش، لەبەر ئەوەی ویستویەتی گوێلکەکان بۆ خۆی بهێڵێتەوە، چەنگێکی لە قاوغی کیسەڵ و ڕیخۆڵەی مەڕ دروستکراوی داوە بە ئەپۆڵۆن. "ئەپۆڵۆن"یش وەک سوپاسگوزاری گاڵۆکێکی پێشکەش کردووە. ئەم گاڵۆکە هێمای ئەوە بووە کە هێرمێس هەڵگری پەیامی "زیۆس" بووە. بەڵام ئەو دزییەی لە "ئەپۆڵۆن"ی کردووە بە تەنیا هەر یەکێک لە "بزێوی"یەکانی ئەو بووە و دزینی ڕمە سێ نوکدارەکەی "پۆسێدۆن" و برووسکەکانی زیۆس و زۆر شتی تریش لە بزێوییەکانی ئەو دادەنرێن.
هێرمێس باوکی "ئایوتۆلیکۆس"ی ڕێگر و "ئابدێرۆس"یش بووە. کوڕێکی لە "ئەفرۆدیت"یش هەبووە و ناوی "هێرمافرۆدیتۆس" بووە. هێرمافرۆدیتۆس، گوایا، کوڕێکی گەنج و جوان و گەڕۆک بووە. ڕۆژێک لە ڕۆژان پەرییەک چاوی پێی کەوتووە و حەزی لێ کردووە، پاشان لە خوداوەندان پاڕاوەتەوە لەشی هەردووکیان ببێت بە یەک و هەرگیز لە یەکتر جیا نەبنەوە. خوداوەندانیش بە دەنگ پاڕانەوەی پەرییەوە چوون و لەشی پەری و هێرمافرۆدیتۆس کراون بە یەک لەش و لەشێکی نێرەمووک لێیان پەیدا بووە.

**ترۆیا**، شاری "ترۆیا"ی کۆن، بە یۆنانیی کۆن ترۆیا یا ئلیۆن و بە لاتینی ترۆیا یا ئلیوم و بە تورکی تروڤا، جێگەیەکی ئەرکیۆلۆژیاییە لە ئاسیای بچووک؛ باکووری خۆرئاوای تورکیا، لە نزیک "دەردەنیل"ی نزیک بە تەنگەی "چاناق قلعە". ترۆیا زیاتر لە داستانەکانی "هۆمێرۆس"ەوە ناسراوە و لەوە دەچێت داستانەکانی ئەو پێشینەی مێژوویی خۆیان لەبارەی جەنگی ترۆیاوە لەو شەڕوشۆڕانە هێنابێت کە گوایا لەنێوان دەوڵەتە بچکۆلەکانی ئەوسای سەر کەناری تەنگەی "ئیجە" و لەنێوان 1300 تا 1200ی پێش زایین، ڕوویان داوە.

**ئێسخیلۆس،** لە 525ی پێش زایین، لە ناوچەی "ئێلێوسیس"ی نزیک شاری ئەتێن لە دایک بووە و لە 456ی پێش زاییندا لە "گێلا"ی سیسلیا مردووە، یەکێک لە گرنگترین درامانووسەکانی ئەتێن بووە.
ئێسخیلۆس، گوایا، نزیکەی نەوەد دراما و تراژیدیای نووسیوە و بە باوکی هونەری شانۆ دەناسرێت. بابەتەکانی لە داستانە گەورەکانی یۆنانی کۆنەوە، چ ئەوانەی لەبارەی خوداوەندان و چ ئەوانەی لەبارەی خەڵکەوە بوون، وەرگرتووە. جەنگی ترۆیا و داستانی ئۆرێستێیا و هیی تر لە بەرهەمە داستانییەکانی ئەون.
ئێسخیلۆس، لە هەوڵی ئەوەدا خەڵک فێری لەخوداترسی بکات، باسی خوداوەندانی وەک ڕێپێشاندەرانی خوونەریتی بەرز و خۆیشیانی وەک بەرزترین دەسەڵات ناساندووە. کەسایەتییەکانی ئەو خەڵکی ئاسایی نین، بەڵکو نوێنەرانی ئەو پێوەندییانەن کە تێیاندا دەژین، وەک پێوەندیی خزموخوێش و پێوەندیی سەرجەمی خەڵک پێکەوە و...
ئێسخیلۆس لە شەڕ لەگەڵ فارسەکاندا، ساڵی 490ی پێش زایین، لە نزیک ماراتۆن و ساڵی 480ی پێش زایین لە نزیک سالامیس، بەشداریی کردووە. چیرۆکان دەگێڕنەوە کە ئێسخیلۆس سیانزدە جار پێشبڕکێی نووسەرانی تراژیدیای لە شاری ئەتێن بردووەتەوە.

**ئێفایستۆس،** خوداوەندێک لە خوداوەندان بووە و گوایا بە کاری ئاسنگەری و سیحرەوە خەریک بووە و دەسەڵاتی تەواویشی بەسەر ئاگر و گڕکاندا شکاوە. نیشانەی ئێفایستۆس دەستگای ئاسنگەری بووە و لەبەر کارامەیی و سروشتی ئاشتیخوازانەی، خەڵک و خوداوەندان خۆشیان ویستووە. کوڕی هێرا و مێردی ئەفرۆدیتە بووە. گوایا، ئێفایستۆس، بە شێواوی لە دایک بووە و قاچێکی لە قاچێکی کورتتر بووە، لەبەر ئەوە "هێرا"ی دایکی، لە ترساندا، لە ئۆلۆمپیاوە بەری داوەتەوە و کەوتووەتە ئاوەوە، ئەمجا "تێتیس" کە پەریی زەریا بووە

هەڵیگرتووەتەوە و لە دوورگەی لێمنۆس بە خێوی کردووە. پاشان کە گەورەتر بووە، ئاسنگەرییەکی پێ بەخشراوە، بە کاری ئاسنگەرییەوە خەریک بووە و دەستی بە دروستکردنی زێڕ و چەک کردووە. گوایا برووسکەی بۆ زێوس و ڕمی سێ نووکی بۆ پۆسێیدۆن و خشڵێکی زۆریشی بۆ ژنەخوداوەندان دروست کردووە.

**ئەتریدەکان**، بریتی بوون لە ئاگامێمنون و مێنێلاۆوس؛ کوڕانی ئارتێوس.

**تانتالۆس**، باوکی پێلۆپس و نیۆبە و یەکێک لە کوڕەکانی زێوس بووە. چیرۆکان دەگێڕنەوە کە تانتالۆس ویستویەتی بزانێت ئایا ڕاستە خوداوەندان لە هەموو شتێک بەئاگا بوون و هەموو شتیان زانیوە. بۆ ئەمەش، ڕۆژێک لە ڕۆژان کە لای خوداوەندان لە ئۆڵۆمپیا میوان بووە، گۆشتی "پێلۆپس"ی کوڕی خۆی، کە پێشتر سەری بڕیوە، لەسەر مێزەکەی بەردەمیاندا داناوە، بەڵام زێوس یەکسەر پێی زانیوە، نهێنییەکەی "تانتالۆس"ی ئاشکرا کردووە و "پێلۆپس"ی زیندوو کردووەتەوە. هەر لە سزای ئەوەشدا "تانتالۆس"ی فڕێ داوەتە ژێرزەوییە و لەوێش بەدەم ئازارەوە برسی و تینوو هێشتوویەتیەوە و نەیهێشتووە نە لەو ئاوە بخواتەوە کە هەمیشە تا چەناگەی هاتووە و نە لەو میوە خۆشانەش بخوات کە بەسەر سەریەوە بوون.

**نیومف**، بوونەوەری ئەفسانەیی ژنن و ڕەنگە پەری، لە کوردی و فارسیدا، نزیکترین بەرانبەری بێت.

**ئاگامێمنون**، پادشای میوکێنە و ئارگۆس بووە. کوڕی پادشا ئارتێوس و شاژن ئاێرۆپێ بووە. برایەکیشی بە ناوی "مێنێلاۆس"ەوە هەبووە.

ژنەکەی ناوی کلیۆتایمێسترا بووە و خەڵکی سپارتا بووە. سێ منداڵیان هەبووە، ئۆرێستێس، ئێلێکترا و ئفیگێنییا. ئاگامێمنون پادشای هەموو یۆنان بووە و فەرماندەی جەنگی دژی ترۆیا بووە.
چیرۆکان دەگێڕنەوە کە ئاگامێمنون لەگەڵ دەسەلاتی سیاسیدا ناوی هێنراوە و بە کەسێکی ساردوسڕ و ترسناک ناسراوە، داوای سیاسی و سوپایی بەر لە داوای کەسەکی داناوە، بۆ نموونە ئیفگێنییای کچی کردووە بە قوربانی لەبریی هەڵکردنی با بۆ ئەوەی کەشتیگەلەکەی خۆشتر ڕێ بکات. وەک کەسێکیش، لە ئاست خوداوەندان دانراوە و پلەوپایەی ئەوانی هەبووە. ئاگامێمنون، وەک زۆر لە کەسانی تری نێو میتۆلۆژیای یۆنانی، گیرۆدەی نێوان چارەنووسی خۆی و ئەو بەرپرسییە بووە کە بەرانبەر بە ڕەفتارەکانی خۆی هەیبووە. "ئارتێوس"ی باوکی نەفرەتێکی بەسەر خێزانەکەی خۆیدا هێناوە و سەرلەبەر و نەوە لە دوای نەوەی بنەماڵەکەی خۆی تووشی کارەسات و دەردەسەری کردووە و گوایا لە سۆنگەی ئەوەدایە کە کلیۆتایمێسترای ژنی ئاگامێمنون لەگەڵ "ئایگیستۆس"ی دەستگیرانیدا، دوای گەڕانەوەی ئەو لە جەنگی ترۆیا، پلانیان داڕشتووە و "ئاگامێمنون"یان کوشتووە.

**پێلۆپس**، پاڵەوانێک لە پاڵەوانان و کوڕی دیۆنە و "تانتالۆس"ی پادشای لیودیێن و کوڕەزانی زێوس بووە. چیرۆکان دەگێڕنەوە کە تانتالۆس، بۆ تاقیکردنەوەی هەمووشتزانیی خوداوەندەکان، "پێلۆپس"ی کوڕی لەتوپەت کردووە و خواردنێکی بۆ خوداوەندان لێ دروست کردووە، بەڵام هەر بە تەنیا "دێمێتێر"ی خوداوەند، کە لە پرسەی کچە مردووەکەیدا بووە، خۆی تا ئەو ئاستە نزم کردووەتەوە لەو خۆراکە بخوات و گوایا شانێکی "پێلۆپس"ی خواردووە. بەڵام کە خوداوەندەکان، بە تایبەت زێوس، "پێلۆپس"یان زیندووە کردووەتەوە، شانەکەیان لە ددانی فیل بۆ دروست کردووەتەوە.

پێلۆپس، گوایا، دواتر، ڕۆیشتووە بۆ پیسا لە ئێلیس و لەوێ لە پێشبڕکێدا بەسەر پادشا "ئۆینۆمائۆس"ی زاڵمدا سەر کەوتووە. وەک پاداشتیش وڵات و کچە جوانەکەی ئۆینۆمائۆس؛ "ئیپۆدامێییا"ی بردووەتەوە. هەر هەمان چیرۆک دەگێڕێتەوە کە گوایا بۆ بەرزڕاگرتنی یادی ئەم پێشبڕکێیەش، هەموو چوار ساڵ جارێک، پێشبڕکێیەک ڕێکخراوە. ئیپۆدامێییا لە پێلۆپس دوو کوڕی بووە؛ ئارتێوس و تیوێستێس. پێلۆپس، گوایا، هەروەها، کوڕێکی تریشی لە پەرییەک بە ناوی "دانایس"ەوە بووە و ناوی کریسیپۆس بووە. ئارتێوس، کە دواتر "ئائێرۆپە"ی مارە کردووە، بووە بە پادشای میوکێنە و دوو کوڕی بە ناوی ئاگامێمنون و "مێنێلاووس"ەوە هەبووە.
تیێوتێس کوڕێکی بە ناوی "ئایگیستۆس"ەوە هەبووە. ئەمانە و نەوەکانیشیان کە بە پێلۆپێدییەکان ناسراون بە زنجیرەیەک کارەسات و تاوانی ناخۆشیشەوە دەناسرێن. بەپێی گێڕانەوەیەک بنەچەی ئەم کارانەیان دەگەڕێتەوە بۆ نەفرەتێک کە بۆ هەمیشە باڵی بەسەر پێلۆپێدییەکاندا کێشاوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم نەفرەتەش، گوایا، پێلۆپس بووە کە بێوەفایانە عەرەبانچییەکەی پادشا ئۆینۆماوس؛ "میورتیلۆس"ی کوشتووە و هەر بە هاوکاریی "میورتیلۆس"یش بووە کە توانیویەتی بەسەر "ئۆینۆماوس"دا سەر بکەوێت. میورتیلۆس، گوایا، بۆ هاوکاریکردنی پێلۆپس پێچکەیەکی شکاوی لە گالیسکەکەی ئۆینۆماوس بەستووە و بە هۆی ئەوەوە ئۆینۆماوس گلاوە و مردووە و پاشان میورتیلۆس داوای پاداشتی لە پێلۆپس کردووە و لەبریی پاداشتدانەوە، پیلپۆس کوشتویەتی.
پێلۆپس وەک دامەزرێنەری یارییە ئۆڵۆمپاییەکانیش ناسێنراوە و گوایا فەرمانڕەوایەکی بەدەسەڵات بووە و قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایی خۆی لە بەشێکی زۆری پێلۆپۆنێسۆس، نیوەدوورگەی یۆنانی کۆن، فراوان کردووە و وا باو بووە کە پێلۆپۆنیسۆس ناوی خۆی لە "پێلۆپس"ەوە وەرگرتووە.

**گۆرگۆن**، یا گۆرگۆنەکان، لە وشەی "گۆرگۆس"ەوە هاتووە بە مانای ترسناک، تۆقینەر. گۆرگۆنەکان، سێ دڵەدێو بوون و قژیان ماری ژەهراوی بووە و چیرۆکان دەگێڕنەوە، گوایا، هەر کەسێک سەیری چاویانی کردووە، یەکسەر ڕەق بووە و بووە بە بەرد. سێ گۆرگۆنەکان خوشک بوون و ناویان ستێنۆ، ئێوریوالە و مێدوسا بووە و کچانی فۆرکیوس و کێتۆ بوون.

لە گێڕانەوە نەریتییەکاندا، مێدوسا، وەک خوشکەکانی نەمر نەبووە و دواتر لە لایەن پاڵەوانی ئەفسانەیی "پێرسێوس"ەوە کوژراوە.

گۆرگۆنەکان لە کاری هونەریدا یا زۆر ناشیرین پێشان دراون، یا وەک لە هەندێک لە کارە هونەرییەکانی سەردەمی دواتری هونەری یۆنانی کۆندا هەن، جوان پێشان دراون، بەڵام بە سەروسیمایەکەوە کە بە ئێش و ئازار و شێوێنرابێت.

مێدوسا، لە خوشکەکانی زیاتر دیار بووە و دایکی پێگاسۆس بووە. ستێنۆ، گوایا لەوانی تر جوانتر بووە و بەوە ناسراو بووە کە بە درێژایی ڕۆژ لەبەر ئاوێنەدا دانیشتووە و "ئێوریولە"ش کەمتر لە خوشکەکانی دیار بووە.

**هادێس**، سەروەری ژێرزەوی بووە و بەسەر مردووان و کانە سروشتییەکاندا ڕاگەیشتووە. نیشانەی هادێس، گوایا، قۆچێکی پڕ لە سەروەت و سامان  و کڵاوێک بووە؛ کاتێک لە سەری ناوە خۆی دیار نەماوە. بەرانبەری هادێس، لە میتۆلۆژیای ڕۆمیدا، پلوتۆ یا "ئۆرسیوس"ە.

هادێس کوڕی کرۆنۆس و ڕهێیا و براگەورەی زێوس و پسێیدۆن و باوکی "ماسارییا"ی ژنەخوداوەندی مردنی پیرۆز بووە. گوایا لە یەکەم دروستبوون و ڕێکخستنی دنیادا کوڕەکانی کرۆنۆس دنیایان لەنێوان خۆیاندا بەش کردووە و زێوس ئاسمان و پسێیدۆن زەریا و هادێس ژێرزەوی وەرگرتووە.

هادێس، گوایا، ساردوسڕ، توندوتیژ و بێبەزەیی بووە، بەڵام وەک بەدکارێکیش چاوی لێ نەکراوە. عەباکەی، کە لە هەندێک گێڕانەوەدا وەک کڵاوخودیش دەناسێنرێت، هەر کەسێک لە بەری کردبێت دیار نەماوە و وا باو بووە کاتێک پێرسێوس ویستویەتی مێدوسا بکوژێت ئەو عەبایەی بە خۆیدا داوە و دیار نەماوە و بەو شێوەیە "مێدوسا"ی کوشتووە.

هادێس مێردی پێرسێفۆنە بووە و پێرسێفۆنەی لە "دێمێتێر"ی دایکی فڕاندووە و داگیری کردووە و پاشان لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی بۆ خاکی مردووان. دێمێتێریش، کە خوداوەندی پیت و بەرەکەت بووە، داوای لە زێوس کردووە یارمەتی بدات بۆ ئەوەی کچەکەی دەست بکەوێتەوە و "زیۆس"یش ئامادە نەبووە یارمەتی بدات. لەبەر ئەوە دێمێتێر، بە درێژایی مانەوەی پێرسێفۆنە لای هادێس، زستانی بەسەر زەویدا هێناوە، بەو جۆرە "زیۆس"ی ناچار کردووە لەگەڵ "هادێس"دا ڕێک بکەوێت، تا ڕێگە بدات و پێرسێفۆنە بگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی بۆ لای دایکی. بەڵام، گوایا، جۆرە نەفرەتییەک لە پێرسێفۆنە ڕوویداوە و پێی ڕاگەیاندووە ئەگەر لە بەرهەمی ژێرزەوی بخوات هەرگیز بەتەواوی ڕزگاری نابێت، بۆیە پێش ئەوەی خاکی مردووان بە جێ بهێڵێت، هادێس، دەنکی هەناری دەرخوارد داوە و ئەنجام بەوە گەیشتووە کە پێرسێفۆنە توانیویەتی لە سێ بەش دوو بەشی ساڵ لەسەر زەوی بێت و بەشەکەی تر لە ژێرزەوی و بەو شێوەیە کاتێک زەوی ساردە و هیچ شتێکی لێ ناڕوێت لەبەر ئەوەیە کە پێرسێفۆنە لە ژێرزەوی و لە لای هادێسە و کە بەهاریش دێت، نیشانەی ئەوەیە کە پێرسێفۆنە ژێرزەوی و خاکی مردووانی بەجێهێشتووە و هاتووەتە سەر زەوی.

**پارناسۆس**، ناوی چیایەکە لە زنجیرەچیاکانی پیندۆس لە نێوەڕاستی یۆنان، چەند کیلۆمەترێک لە خۆرهەڵاتی "دێلفی"یەوە. لیاکۆورا، بەرزترین لوتکەی ئەو زنجیرەچیایە و 2457 مەتر لە ڕووی زەریاوە

بەرزە و لەویش نزمتر لوتکەی "گێرۆنتۆڤراهاس"ە بە بەرزی 2435 مەتر لە ڕووی زەریاوە.
پارناسۆس، ئێستا، لەنێو یەکێک لەو دارستانانەی یۆناندا هەڵکەوتووە، کە کەمترین دەستکاری کراوە. چیرۆکان دەگێڕنەوە کە هەر دوو لوتکەکەی پارناسۆس لە لایەن "ئەپۆڵۆن" و "دیۆنیوسۆس"ەوە پیرۆزکراو بوون و ئەشکەوتی "کۆریکیۆ ئەندرۆ"ش کە لەو چیایەدا هەڵکەوتووە زێدی پەرییان، یا ژنەخوداوەندانی شیعر و ئاواز و مۆسیقا، بووە. وشەی پارناس، کە ناوێکی ترە بۆ هونەر و ئەدەبیات، لە "پارناسۆس"ەوە وەرگیراوە و پارناس وەک جێگای کارکردنی نووسەران و هونەرمەندان و زانایان چاوی لێ کراوە.

**دێلفی**، زۆر پێش "ئەپۆڵۆن" جێوڕێی خوداوەندانی وەک گایا و پۆێبە بووە، بەڵام "ئەپۆڵۆن" ئەو خوداوەندە بووە کە لە هەموو خوداوەندان زیاتر خۆی و ناوی بە "دێلفی"یەوە پێوەند بوون. ئەپۆڵۆن، گوایا، "پیوتۆن"ی، کە پاسەوانی ئەو ناوچەیە بووە، کوشتووە و ئەمجا یەکەم پەرستگای خۆی لەوێ دروست کردووە. پاشان بۆ پاککردنەوەی خۆی لەو کارە ئەوێی بە جێ هێشتووە و هەر بەو بۆنەیەشەوە بووە، گوایا، کە ئەو یارییانەی بە یارییە پیوتۆنییەکان ناو دەبرێن، هەر هەشتساڵ جارێک، بە بۆنەی ڕۆیشتنی "ئەپۆڵۆن"ەوە لەوێ، کراون و یادی ئەو بۆنەیەیان پێ کراوەتەوە. بەڵام پاشتر ئەمە گۆڕدراوە و ئەو یارییانە، هەر چوار ساڵێک کراون و بەر لە هەر شتێکی تریش، پێشبڕکێی مۆسیقا بوون و براوەی ئەو یارییانەش تاجێکی لە گەڵای درەختی خار دروستکراوی لە سەر نراوە، چون درەختی خار درەختی تایبەتی ئەپۆڵۆن بووە. چیرۆکان دەگێڕنەوە زیۆس، ڕۆژێک لە ڕۆژان، دوو هەڵۆی خۆی بەرداوە و دوای گەڕانی هەڵۆکان بە دەوری زەویدا و بە یەکتر گەیشتنەوەیان لە دێلفی، ئەپۆڵۆن دێلفی وەک چەقی دنیا دەستنیشان کردووە و ئەمجا فەرمانی داوە بەردێک لەو جێیەدا دابنرێت. ئێستا،

ئەو چەقە بە ئۆمفالۆس؛ چەق، دادەنرێت و تا ئێستاش ئەو بەردە لە مۆزەخانەی دێلفی ماوە.

**ئۆرفێوس**، بەر لە هەر کەس و شتێکی تر، نوێنەری هونەری مۆسیقا و چەنگ بووە. ئۆرفێوس، کوڕی "ئەپۆڵۆن"ی خوداوەندی خۆر و ڕوونی و گۆرانی و "کالیۆپە" بووە و لە تراکیا لە دایک بووە.
ئۆرفێوس مێردی ئێوریودیکە بووە. چەنگی ژەنیوە و زۆر جوان گۆرانیی چڕیوە، هێندە خۆش کە گوایا گیانەوەری کێوی ماڵی کردووە و ڕووباران ڕاوەستاون بۆ ئەوەی گوێی بۆ ڕادێرن.
گێڕانەوەکان دەڵێن کە: ئێوریدیکە لە دەستی ئاریستایۆس، کە زۆری خۆشویستووە و هەمیشە بە دوایەوە بووە، ڕایکردووە و بەدەم ڕاکردنەوە لە دەست ئەو پێی بە مارێکی ژەهراویدا ناوە و مردووە. "ئۆرفێوس"یش لە خەمینیی ئەودا، بە جۆرێک کە خوداوەندان و پەرییانیش بگرێنێت، دەستی بە مۆسیقالێدان کردووە. ئەمجا بڕیاری داوە بەرەو خاکی مردووان بڕوات و ئێوریدیکە بۆ نێو زیندووان بگەڕێنێتەوە. کاتێکیش گەیشتووەتە خاکی مردووان، لەڕێی مۆسیقاکەیەوە، هادێس و پێرسێفۆنەی ڕازی کردووە ڕێ بدەن بە ئیوریودیکە لەگەڵ "ئۆرفێوس"دا بگەڕێتەوە بە مەرجێک ئۆرفێوس، تا چاویان بە ڕووناکی شاد دەبێتەوە، ئاوڕ لە ژنەکەی نەداوەتەوە. هەر بەپێی ئەم گێڕانەوانە، ئێوریودیکە، یەکەم کەس بووە، کە توانیویەتی لە خاکی مردووانەوە بگەڕێتەوە و بەڵام نەختێک بەر لە گەیشتنەوەیان، گوایا، هەستێکی بەهێز پاڵی بە "ئۆرفێوس"ەوە ناوە ئاوڕ لە دەموچاوی جوانی ژنەکەی بداتەوە و ئیتر بەپەلە، ئاوڕی داوەتەوە و چاوی بەوە کەوتووە کە چۆن ئێورودیکە بەدەم قیژە و هاوارەوە بەرەو خاکی مردووان ڕاپێچ کراوەتەوە.
پاشان گوایا ئۆرفێوس، دڵشکاو و تێکوپێکشکێنراو، بەنێو دارستانەکانی تراکیادا هاتووە و چووە و بە گۆرانی شیوەنی بۆ ژنەکەی گێڕاوە. بەڵام، ڕۆژێک لە ڕۆژان، هەل بۆ "مێناد"ەکان، کە دوژمنی سەرسەختی

ئۆرفێوس بوون، ڕەخساوە و پەلاماریان داوە و لەتوپەتیان کردووە و سەری بەدەم ڕووبارەوە و بەدەم پێداهەڵدانی ناوی ئێوریودیکەوە بەرەو زەریا ڕۆیشتووە. دواجاریش، گوایا ، سەری لەسەر کەنارەکانی دوورگەی لێسبۆس گیرساوەتەوە و لەوێ لە گۆڕ نراوە. پاشان خوداوەندێک لەسەر گۆڕەکەی پەیدا بووە و چەنگەکەی بەرەو ئاسمان هەڵکشاوە و کۆئەستێرەی چەنگی لێ دروست بووە.

**ئێرینییەکان**، ژنەخوداوەندانی تۆڵەسەندنەوە بوون و لە میتۆلۆژیای ڕۆمیشدا بە "فورییەکان" ناو دەبرێن. بەپێی گێڕانەوەکان، لە ئێرینییەکان وا چاوەڕوان کراوە کە دوای بەدکار و شەڕەنگێزان بکەون و تا شێت و هاریان نەکەن دەستیان لێ هەڵنەگرن. ئەمانە دەستیان لە بکوژان، لەوانەی سوێندی درۆیان خواردووە، ڕێزیان لە دایکوباوکیان نەگرتووە و یاسای ڕێز لە میوان گرتنیان شکاندووە، هەڵنەگرتووە تا بە سزای خۆیانیان گەیاندوون و تۆڵەی ئەو کوژراوانەشیان کردووەتەوە کە خوێنیان بە فیڕۆ ڕۆیشتووە. ئێرینییەکان بە شێوەیەکی جوانتر بە "ئێومێنیدەکان"؛ واتە: باڵاکان، و بە سێمنای تێئای؛ "هێژاکان"یش، ناو بردراون. بەپێی تراژیدیای "ئێومێنیدەکان"ی ئێسخیلۆس ناوی ئێومێنیدەکان بەسەر ئێرینییەکاندا، دوای ڕێککەوتن و ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئۆرێستێس، دابڕاوە. دەگێڕدرێتەوە، کە ئێرینییەکان لە خوێنی ئورانۆس دروست بوون و گوایا کاتێک کرۆنۆس، "ئورانۆس"ی خەساندووە، خوێنەکەی ڕژاوەتە سەر زەوی و ئێرینییەکانی لێ پەیدا بوون. لەو نیگار و پەیکەرانەشدا کە ماونەتەوە، ئێرینییەکان باڵدار پێشان دراون و پرچیان مارە و مەشخەڵ و قامچییان بە دەستەوەیە.

**ئەتێنا**،یا، **پاڵاس ئەتێنا**، ژنەخوداوەندی ژیری و چەنگ بووە. نیشانەکانی بریتی بوون لە قەڵغان، ڕم، دارزەیتون و کوندەبەبوو.

چیرۆکان دەگێڕنەوە گوایا زێوس حەزی لە مێتیس بووە و سەرانسەری دنیا بە دوایەوە بوو و دەستی لێ هەڵنەگرتووە. "مێتیس"یش بۆ ئەوەی زێوس لە کۆڵ خۆی بکاتەوە و فریوی بدات، بەردەوام، خۆی لێ گۆڕیوە و لە شێوەی گیانەوەری جیاجیادا خۆی پێشان داوەتەوە، بەڵام لە دەستی زێوس ڕزگاری نەبووە و هەمیشە بە دوایەوە بووە. ئیتر گوایا ڕۆژێک لە ڕۆژان زێوس لە پێشبینییەک ئاگادار دەکرێتەوە و بەپێی ئەو پێشبینییەش یەکەم منداڵی مێتیس کچ دەبێت و پاشان کوڕێکی دەبێت کە دەیەوێت زێوس لەسەر تەخت لا بدات و خۆی لە شوێنی باوکی دابنیشێت. "زێوس"یش بۆ ئەوەی ڕێ لەمە بگرێت، بە زمانلووسی و کلکەسووتێ وا لە مێتیس دەکات لە ئاست و پلەی خۆی بێتە خوارەوە و پاشان دەیخوات.

بەڵام گوایا زێوس لەوە بێئاگا بووە کە مێتیس ئەوسا دووگیان بووە و دوای ئەوەی زێوس خواردوویەتی زرێیەکی بۆ پاراستنی کچەکەی دروست کردووە و لە کاتی چەکوشوەشاندن و دروستکردنیدا زێوس تووشی سەرئێشەیەکی قورس بووە و بە جۆرێک قیژاندوویەتی کە لە هەموو لایەکەوە بیستراوە. "هێرمیس"یش لەوە تێگەیشتووە کە شتێکی خراپ لە زێوس ڕوویداوە، بۆیە بڕیاری داوە سەری زێوس بکاتەوە، ئەمجا "ئێفایستۆس"ی ڕاسپاردووە و ئەویش بە چەکوشێک سەری "زێوس"ی شکاندووە و سەری کردووەتەوە و گوایا ئەتێنا لە سەری "زێوس"ەوە بە گەورەیی و زرێیەک لە بەریدا هاتووەتە دەرەوە.

ئەتێنا، گوایا، سەختگیر و لەو شەڕانەدا کە بۆ پاراستنی زێد و وڵاتی خۆی لە دژی دوژمنانی بەشداریی تێدا کردوون ئازا و بەجەرگ بووە. ئەتێنا ژنەخوداوەندی شاران، کاروپیشە، دارزەیتوون و ژیری بووە. هەر ئەویش بووە کەڕەنا، شمشاڵ، گالیسکە، هونەری دروستکردنی کەشتی، گاسن و زۆر شتی دیکەی دروست کردووە کە بۆ خەڵک و شارستانی بە سوود بوون. ئەتێنا هەمیشە کوندەبەبوویەکی لەگەڵدا بووە.

**لێمنۆس**، دوورگەیەکی یۆنانییە دەکەوێتە زەریای ئیجەوە.

**ئارتێمیس**، ژنەخوداوەندی ڕاو و پاکیزەیی و پارێزەری ژنانی سکپڕ بووە. گوایا زۆر بە دەنگ پاکیزەیی خۆیەوە بووە و کاتێک ئۆریۆن ویستیویەتی دەستدرێژیی بکاتە سەر، دووپشکی لە ئۆریۆن بەرداوە و خۆی و سەگەکەیان کوشتووە. پاشان بەرەو ئاسمان هەڵکشاون و خۆی بووە بە کۆئەستێرەی ئۆریۆن و سەگەکەشی بە کۆئەستێرەی سیریوس.
ئارتێمیس ژنەخوداوەندی ڕاو و دایکی هەموو زیندەواران بووە. ئەو نیگار و پەیکەرانەی ئارتێمیس پێشان دەدەن، وەک ژنێکی سکپڕ پێشانی دەدەن، بەڵام ئەم هەر دایک نەبووە، بەڵکو تۆڵەستێن و شەڕەنگیزیش بووە. بەپێی چیرۆکەکان گوایا ئارتێمیس و ئەپۆڵۆن بە یەک سک بوون.

**ئەپۆڵۆن**، خوداوەندی ڕووناکی و هونەرەکان بووە. لە نیگار و پەیکەردا وەک گەنجێکی جوان پێشان دراوە و نیشانەکانی بریتی بوون لە گەڵای خار، چەنگ، دەلفین و قەلەڕەش. ئەپۆڵۆن کوڕی زێوس و لێتۆ بووە. بە کارامەیی بەکارهێنانی تیرواکەوانەوە ناسراو بووە و گوایا نیشانپێکێکی لێهاتوو و کارامەش بووە. لە میتۆلۆژیای ڕۆمیدا بە ئەپۆڵۆ ناو دەبرێت.

**پرێیاموس**، پادشای ترۆیا و باوکی هێکتۆر و کاساندرا و پاریس بووە. هۆمێرۆس وەک کەسێکی ئاکارباش، کە لە کاتی ئابڵووقەدانی ترۆیادا تووشی زۆر کارەسات و دەردەسەری بووە، باسی "پرێیامۆس"ی کردووە. دەڵێن گوایا 50 کوڕ و 50 کچی لە "هێکابە"ی ژنی و ژنەدۆستەکانی تری هەبووە. بە قسەی "ترۆیان"ی کچی گوایا پرێیاموس باپیرەگەورەی ئاسارەکان بووە کە دواتر بەرەو باکووری ئەوروپا کۆچیان کردووە.

**هێراکلێس**، پاڵەوان و کوڕی زێوس و "ئالکمێنە"ی کچی پادشای مێوکێنە بووە. ناوی هێراکلێس بە یۆنانی بە مانای "ئابرووی هێرا" دێت و ڕۆمەکانیش بە "هێراکولێس" ناویان بردووە. هێراکلێس برایەکی جمکەی هەبووە ناوی "ئیفیکلێس" بووە، بەڵام ئەمیان وەک هێراکلێس نەمر نەبووە.

**هێرا**، ژنی "زێوس"ی برای خۆی بووە و شاژنی ئۆلۆمپیا و کچی کرۆنۆس و ڕهێیا بووە. لە زێوس، ئارێس، هێبە، هێفایستۆس، ئێریس و "ئێیلێیتیویا"ی بووە، لە دیۆنیوسۆس "پاسیتێیا"ی بووە و لە "ئیکسیۆن"یش کێنتاورەکانی بووە و زڕدایکی هێراکلێس بووە.
ڕێی کاکێشان، بەپێی گێڕانەوەکان، لە شیری مەمکی ئەو دروست بووە. نیشانەکانی بریتی بوون لە گوڵەسۆسەن، مانگا و تاوس. تاوس نیشانەی بەخۆوەنازین بووە.
هێرا وەک ژنەخوداوەندی تۆڵەسەندنەوە و سزا دژی ئەوانەی تووڕەیان کردووە و بەرانبەری ناپاک بوون ناسێنراوە. بەردەوامیش، گوایا، بە دوای ژنەدۆستەکانی مێردەکەیەوە بووە، یا کوشتوونی یا کردوونی بە گیانەوەر یا وایکردووە بۆ هەفتەیەک بەدەم ژانگرتنەوە بناڵێنن، بەڵام مناڵیشیان نەبێت.
هێرا پارێزەری هاوسەری و زایین بووە و هەروەها مانگا و شیری مانگای پاراستووە و گوایا زیاتر لە لایەن ژنانەوە پەرستراوە.
بەرانبەری هێرا لە میتۆلۆژیای ڕۆمیدا "ژیونۆ"یە.
**ئارگۆس**؛ لە سەردەمی میوکێنەکاندا، هاوتا لەگەڵ میوکێنێس و "تیریونس"دا کە لە یەکترەوە نزیک بوون، شورەیەکی بەهێز بووە و هەر زوو خەڵک تێیدا، بە تایبەت لەبەر بەپیتیی دەشتی ئارگۆلیس، نیشتەجێ بوون.

**ئاسۆپۆس؛** خوداوەندی ڕووبار و کوڕی ئۆکێیانۆس و تێتیوس و مێردی مێتۆپە بووە و دوو کوڕ و دوانزدە کچیان هەبووە. گوایا "ئایگینا"ی کچی ئاسۆپۆس لە لایەن "زێوس"ەوە فڕێنراوە و کە هەوڵیان داوە لێی بستێننەوە، بە برووسکەتێگرتن نێچیرەکەی خۆی پاراستووە. "سینۆپە"ی کچیشی لە لایەن "ئەپۆڵۆن"ەوە فڕێنراوە.
ئاسۆپۆس، لە کۆندا، ناوی زۆر ڕووباریش بووە لە یۆنان.

**سکیولا؛** دێوی گاشەبەری کەناری زەریاکان بووە و مەترسییەکی گەورە بووە بۆ زەریاوانان و گوایا بە یارمەتیی گێژەنێکی زەریا بە ناوی "کاریوبدیس"ەوە کەشتیی زەریاوانانی تێکوپێک شکاندووە. سکیولا کچی فۆرکیوس و هێکاتە بووە و گوایا لە سەرەتادا پەرییەکی جوان بووە و بە هیچ یەک لە داواکارانی ڕازی نەبووە و لەبریی ئەوە لەگەڵ کچەکانی نێرێوس، کە پەریی زەریا بوون، ژیاوە.
چیرۆکان دەگێڕنەوە کە خوداوەندێکی زەریا هەبووە و ناوی "گلاوسیوس" بووە و گوایا زۆر حەزی لە سکیولا کردووە، بەڵام سکیولا هیچ گرنگییەکی پێ نەداوە، ئیتر گلاوسیوس ناچار پەنای بۆ ژنەجادووگەرێک بە ناوی "سیرسێ"وە بردووە و ئەویش لەبەر ئەوەی خۆی حەزی لە گلاوسیوس بووە، بە دەنگیەوە هاتووە و ڕۆژێک لە ڕۆژان کە سکیولا خەریکی خۆشوشتن و مەلەکردن بووە، جادووی لێ کردووە و کردویەتی بە دێویکی ناشیرین و شەش سەری دزێوی سەگی لێ ڕواندووە.
دوای ئەمە، گوایا، سکیولا خۆی لە پەرییەکانی زەریا دابڕیوە و لە ئاوەڕۆیەکی باریکدا لە مێسینا خۆی شاردووەتەوە و لەوێ بووە بە هاوڕێی گێژەنێکی ترسناک بە ناوی "کاریوبدیس"ەوە و گوایا هەر کەشییەک لە "کاریوبدیس" نزیک بووبێتەوە یا گێژەن لوولی داوە یا ئەگەر لە دەست گێژەنیش ڕزگاری بووبێت، سکیولا پەلاماری داوە و هەڵیلووشیوە.

* تێبینی: هەندێک لە ناوەکان لە جێی خۆیاندا مانایان دیارە و مانای هەندێکی تریشیان لە "ویکیدپێدیا"ەوە وەرگیراون و وەرگێڕدراون.